# گزینگ ٣٥

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، هاوینی ٢٠٠٢(١٣٨١)


- کوردەکانت لەبەر چاو بێ!
- کوردستانت لە چاو جاران چۆن دی؟
- لابردنی سەددام
- کەرکووک لە دوو ڕۆماندا و چەند بابەتی تر
- سەلمان روشدی و حەقیقەت لە ئەدەبیاتدا (بەشی دووهەم و کۆتایی)
- ئامانجەکانی نووسین لە ژێر ڕۆشنایی زانستییانە و چەند هێڵێکی گشتی
- سابڵاغ دە بیرەوەرییەکانی «لیتن»دا
- با مێژووی ڕۆشنبیریمان بە ڕاست و دروستی بنووسینەوە
- چەپ لە ئێران بە ڕیوایەتی ساواک
- نەخشەیەکی کوردستان و چەند تێبینییەک
- یادی دە ساڵەی کۆچی دوایی «هاوار» و شێعری (جەللاد)
- گەشتێک لە ناو دۆزەخدا بۆ کوردستان
- شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ناساندنی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

**عەلی حەسەنیانی(هاوار):**

## جوانە کچ

ئەی جوانە کچی چەشنی گوڵی سووری موکریان
لەو ڕۆژەوە تۆم دیتـــووە شـــێـــواوە ژیانم
ڕۆیشـــتی لەگـــەڵ بۆنی هەڵاڵانی بەیانان
من مـــاوم و تەنیـــایی و فـــرمـــێسکی شـــەوانم

ئەی هـاوبەشی ڕۆژانی پڕ ئاواتی لە دەسچـووم
سەد خۆزگە بە ئەوساڵە کە دڵ گەرمی ئەوین بوو
ئەوڕۆکە ئەگەر چەشنی خەزەڵ زەردم و کەوتووم
ئەودەم خەمێکی نەمبوو بە مەرگت خەمی ژین بوو

ئەی بـووکی دڵم! پـڕ بە دڵم تـۆ دەپەرســـــتم
لەوکـاتە بە جـێت هێشـتـووم عـەزادارم و مـاتم
هـەرچەندە دەزانم کـــە ئیـــتـــر نایەوە دەســـتم
تا ڕۆژێ بـەشم دەبڕێ لە دونیـــا بە تـەمـــاتم

ئەی سـوێسنی بۆنخـۆشی لە ئاسـۆگی هەواران
کـــاری منـی ئاوارە لـە دووری تۆ کـــراوە
جـارێ بکە یادی منی دوورکـەوتوو لە شـاران
تا ڕایـەڵ و پۆی نیـــوە ژیانم نەپســـاوە

ئەی تاقـە سـتـێـرەی شـەوی بێ نووری ژیانم
هەوری ڕەشی بەختم بە خودا تۆشی لە من کرد
هـاوار و ســـەد هـاوارە لە من دەردی گـــرانم
تۆ ڕۆیی و مـن مـــردم و ئاواتی دڵم مـــرد

٥٣/١١/٢٠

* بە بۆنەی یادی دە ساڵەی کۆچی دوایی «هاوار»

✧ ✧ ✧

# گزینگ ـ ژمارە ٣٥

هاوینی٢٠٠٢(١٣٨١)

## نێوەرۆک

قـــەی ئەو ژمـارەیە: کـوردەکـانت لەبەر چاو بێ!......... س. چ هێـرش ٤
کوردستانت لە چاو جاران چۆن دی؟ .................................. ٦
............. چاوپێکەوتنێک لەگـەڵ: مـەلا ڕەسـووڵی پێـشنمـاز –
لابردنی سەددام: ............... وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: هێرش ١٢
کەرکووک لە دوو ڕۆماندا و چەند بابەتی تر: ........... حەمەسەعید حەسەن ١٦
سەلمان روشدی و حەقیقەت لە ئەدەبیاتدا: ....دوکتور «صادق جلال العظم» ٢٤
(بەشی دووهەم)............. وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەنوەر سوڵتانی –
ئامانجەکانی نووسین لە ژێر ڕۆشنایی زانستییانە و چەند هێڵێکی گشتی: ... ٢٩
.............................. ئەحمەدی مەلا –
سابلاغ دە بیرەوەرییەکانی «لیتن»دا: ......... وەرگێڕانەوە: ئەحمەد شەریفی ٣٦
با مێژووی ڕۆشنبیریمان بە ڕاست و دروسی بنووسینەوە: ........... جووتیار ٤٠
شێعر: ..... ........... مەهاباد قەرەداغی، ڕەسووڵ سەفەریانی، ڕوئیا، ٤٤
ئەسـعـەد ڕەشـیـدی (زاگـرۆس)، هیـوا شـەمـسی بورهان، ر. پ چەکـۆ ٤٦
کـورتە چیـرۆک: بریا .................................. مـەرزە ٤٨
کورتە چیرۆک: کچی وەنەوشەیی ..................... مەهاباد قەرەداغی ٥٠
تیاتری خێر و شەڕ: ......... ئیدواردۆ گالیێنانۆ، .....و: ..... ئەرژەنگ ٥٤
ناساندنی کتێب: چەپ لە ئێران بە ڕیوایەتی ساواک، ........... گزینگ ٥٦
نەخشەیەکی کوردستان و چەند تێبینییەک: ............... مەهاباد کوردی ٦٤
یادی دە ساڵەی کۆچی دوایی «هاوار» و شێعری (جەللاد): ........ هێرش ٦٦
گەشتێک بە ناو دۆزەخدا بۆ کوردستان: ..................... سیامەند ٦٨
خرمەی بارانی وشە و هەناسەی ژن: ............................ شیرین ٦٩
چاپەمـــــەنی: ............................................. ٧٠

**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326 / 070-2359687

ژمارەی پۆستگیرۆ:

**Postgiro**: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

ISSN 1104 - 3473
چاپی سوید، یولی ٢٠٠٢

قسەی ئەو ژمارەیە:

# «کوردەکانت لەبەر چاو بێ»

س. چ هێرش

لە تەواوی ماوەی شەڕی سارددا، واتە لە تەواوی ساڵەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، گەورەترین خەتەر و مەترسی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانی ڕۆژئاوا، خەتەری «کۆمونیزمی نێو نەتەوەیی» بوو. دوای لە ناوچوونی جیهانی دووجەمسەریی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) و، بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی ئەمریکا، ئێستا خەتەر و مەترسیی هەرە گەورە و سامناک ــ چ بۆ جیهانی ڕۆژئاوا و، چ بۆ تێکڕای بەشەریەت، خەتەری «تیرۆریزمی نێونەتەوەیی» یە.

ئەوەیکە کێ و کام سیستیمی سیاسی لە سەرەتادا، پێکهێنەر و هاندەر و پەرەپێدەری ئەو بەڵا لابەلایە بووە لێی تێدەپەڕین و، لێرەدا تەنیا ئاماژە بە (تەنز) ێک دەکەین کە زمانی حاڵی واقیع و دەرخەری بارودۆخی ئێستایە. گۆیا لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتامبر، سەرۆک بووشی باوک، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆک بووشی کوڕ دەنووسێ: «ڕۆڵەگیان! سەبارەت بەو تۆوەی کە بە دەستی خۆم چاندوومە و، ئێستا تۆی تووشی ئەو بەدبەختی و چەرمەسەرییە کردووە، لە کانگای دڵەوە داوای لێبووردنت لێدەکەم!». هەڵبەت لەو جێیەی ڕا کە «تیرۆریزمی نێونەتەوەیی» وەک بەر و بەرهەمی ئەو تۆوە داچێندراوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆمەڵی کوردەواری بە گشتی و، باشووری کوردستانی بەتایبەتی گرتووەتەوە کە تەنیا دوو نموونەی زیندووی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و ئەنفالی کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕەوتەن، زۆر بەجێ دەبوو کە سەرۆک بووشی باوک لە پێوەندی دەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو دواییانە (ئەگەر بە خاتری ئاسوودەبوونی ویژدانی مێژوویی خۆشی بووبا) ئەو قسەیەی بە سەرۆک بووشی لاو گوتبایە: «ئێستا کە لە هەموو بڕیارەکانی بەڕێوەبەرایەتی دامودەزگای تۆ و کۆشکی سپی و پێنتاگۆن، لەمەڕ پلان و عەمەلیاتی نیزامی لە دژی ڕێژیمی عێراق ئاگادار بووم، تکات لێدەکەم ڕۆڵە! کوردەکانت لەبەرچاو بێ، بابی خۆت دەبەرت مرێ، نەکەی وەک من پشتیان تێبکەی!».

شیاوی بیرهێنانەوەیە کە ئەمریکا، هەر لە ساڵانی دوای هەڵمەتی نیزامی عێراق بۆ سەر کوێت (١٩٩٠)، پلان و پڕۆژەی لابردنی سەددامی لە سەردا بووە، بەڵام کۆمەڵێک فاکتۆر لە ئارادا بوون کە ئەو پلانە وەدوابکەوێ و، تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا کە ئەرکی ڕاپەڕاندن و جێ بەجێکردنی ئەوپلانە نزیک دەبێتەوە، دیسانیش هێندێک فاکتۆر هەن کە خودی بەڕێوەبەرانی ناوەوەی دەسەڵات و لەویش گرینگتر بیروڕای گشتی ئەمریکاییەکانی تووشی دوودڵی کردووە. ڕەنگە تاقە فاکتۆرێک کە بتوانێ زیاتر لە هەمووان بۆ بەڕێوەبەرایەتی دامودەزگای سەرۆک بووش، ڕۆڵی گرینگ و کاریگەر بگێڕێ ئەوەیە: بەدەست هێنانەوەی حەیسییەتی سیاسی و سەروەرێتی جیهانخوازانەی ئەمریکای پێش کارەساتی ١١ی سێپتامبر. هەرچەند، ئەمریکا بە یارمەتی هاوپەیمانەکانی توانی تاڕادەیەک ئەو حەیسییەتەی بە پەلاماری نیزامی بۆ سەر ئەفغانستان و هێناسەر کاری نیزامێکی دڵخواز، بەدەستبێنێتەوە، بەڵام زۆر سەختە ڕەوتی گۆڕانی نیزامێکی وەک عێراقی بەعسی لەگەڵ ئەفغانستان بەراورد بکرێ.

ئەوەش بڵێین کە، گۆڕان و تێکدانی هەر «سیستیم» ێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی لەوانەیە بە ڕواڵەت هاسان بێتە بەرچاو، کەچی ڕاگرتنەکەی سەد ئەوەندە گران دەکەوێتەوە. هەربەو هۆیەشە، ساوەساو و خۆگنخانی بەڕێوەبەرانی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن تاڕادەیەک شیاوی سەرنجن.

لەو بارەیەوە دەکرێ کۆمەڵێک فاکتۆری جۆراوجۆر دەستنیشان بکرێ:

١) هەڵوێستی ئەندامانی هەمیشەیی شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN)، کە سێ ئەندامی ئەو شۆڕایە واتە چین و رووسیا و فەڕانسە، بە تێکڕایی لەگەڵ کەلاڵەی عەمەلیاتی نیزامی ئەمریکا و ئینگلیس لە دژی عێراق بە پێی گەلێک فاکتۆر ــ گرینگترینیان وەک مەسەلەی نەوت و قەراردادی نیزامی و سیاسی و ئابووریی ــ دژایەتی دەنوێنن. لەوانەیە ئەو دژایەتییە نەتوانرێ بە شێوەی کاربڕ، توندوتیژیی ئەو پڕۆسەیە ئارام بکاتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ، لە باری دیپلۆماسییەوە (وەک شەڕی ساڵی ١٩٩١ کە، بە هۆی نەبوونی هێزێکی شیاو و گونجاو، مانەوەی سەددام حوسێن دەستەبەرکرا) تەئسیری خۆی دادەنێ.

٢) هەڵوێستی دەوڵەتە ئەندامەکانی ئوڕووپای یەکگرتوو (EU) کە بە ئاشکرا، دژی کەلاڵەی نیزامیی پەلاماردانی عێراقن. ئەوان بە گشتی نەزەریان وایە نەکا ئەمنیەتی سیاسی ناوچەکە بە تەواوی بشێوێ و پاشان لە کۆنترۆڵ دەربچێ.

٣) هەڵوێستی وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی بە تێکڕایی کە هەرکام بە ڕوانگەی جیاجیا و بیروبۆچوونی جیاواز، شەرتومەرجی تایبەتی خۆیانیان هەیە کە لە هەمووی گرینگتر، پاراستنی سنووری جوغرافیایی و میللی وڵاتی عێراقە. بێ لەوەش، سەرەکیترین تەوەرەی ناکۆکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە لە گەڵ ئەمریکا، کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلە کە گەیشتووەتە قۆناغێکی زۆر مەترسیدار. ئەمریکا لەوبارەوە زۆری هەوڵدا کە هەرچۆنێک بێ پێش هەڵمەتی نیزامی بۆ سەر عێراق، ئەو کێشەیە چارەسەر بکا کە نەکرا. نابەجێ نابێ ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە تاڵووکە و خێرایی ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانی واشینگتۆن و بەڕێوەبەرایەتی سەرۆک بووش، بە نێوی «مافی دەستپێشخەری»ی پەلاماردانی عێراق، پێوەندییەکی زۆری بەو مەسەلەوە هەیە کە نەکا عێراق بتوانێ پڕۆژە و کەلاڵەی دروستکردنی جۆرەها چەکی ئەتۆمی، کیمیایی و بایۆلۆژی و کۆمەڵکوژیی خۆی کە ڕاستەوخۆ هەڕەشەیەک دەبن بۆ سەر ئیسرائیل، بە ئەنجام بگەیەنێ. هەروەها، ڕاستە ئێران لە زۆر مەسەلەی بنەڕەتی سەبارەت بە کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، دەگەڵ بیر و بۆچوونی وڵاتانی عەرەبی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، پشتیوانی و

پارمەتی ئێرانییەکان بە ڕێگای حیماس و حیزبوڵلاوە، دەتوانێ ڕەوتی چارەسەری کێشەکان ئاڵۆزتر بکا و، هەر بۆیەشە، ئەمریکا زۆر جار کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە ڕیزی وڵاتانی یارمەتیدەری «تیرۆریزمی نێونەتەوەیی» تاوانبار دەکا و، ئەگەر لە ڕووی بارودۆخی ناوچەیی و جیهانییەوە بۆی کرابا سیاسەتی «یەک تیرو دوو نیشانی» بەڕێوەدەبرد؛ هەرچەند ناکرێ لە سەر ئەوە سوور بین، بەڵام گریمانەی تێوەگلانی ئێران دە شەڕی داهاتوودا زۆریش دوور لە مەنتیق نییە.

ئەوەشمان لە بیر بێ، لە تەواوی ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق (١٩٨٠–١٩٨٨)، ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لایەنی عێراقیان دەگرت و، ئەگەرچی چەند ساڵ دواتر، عێراق بە پەلاماردانی کوێت (١٩٩٠)، ئەو بالانسەی تێکدا، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، لەنەزەر بەڕێوەبەرانی سیاسی ئەوکاتەی کۆشکی سپی، مانەوە و درێژەکێشانی تەمەنی ڕێژیمی عێراقی بەعسی (خاوەنی مەزهەبی ڕەسمیی سوننی) لە ئاست ئێرانی کۆماری ئیسلامی (خاوەنی مەزهەبی ڕەسمیی شیعە)، لە ناوچەکەدا تاڕادەیەکی چاوەڕواننەکراو بە پێویست لە قەڵەم درا. دیارە، ئەمریکا ماوەیەکی زۆر چاوی تەمای دە خەبات و گێرە و کێشەی نێو باڵەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی دوولایەنە بڕیبوو، بەڵام کاتێک لەو بارەیەوە هیچ دەسکەوتێکی ئەوتۆی بۆ بەدینەهات، لەو ئاوات و تەمابڕینەی خۆی پاش گەزبووەوە، کە ئەگەر ئەوە ڕوویدابا، لەوانەبوو، پرۆسەی لابردنی سەددام، خێراترهاتبایە ئاراوە؛ یان ئەگەر سەددام بەرزەفڕی نەکردبایە و سەری هاوکاری بۆ ڕاسپێرییەکانی لیژنەی چاوەدێریی (UN) دانواندبایە، لەوانەبوو مەسەلەکە بەپێچەوانە داشکابایەوە.

لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکاندا، بۆ هەردووک ڕێژیمی ئێران و تورکیا، گریمانەی پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی جێی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی یە. هەربۆیەش زۆرجار تورکیا، بە گوێرەی دەرفەتی ڕەخساو و بە هەبوونی هێندێک هۆ و بیانووی مێژوویی و جوغرافیایی و پاراستنی سنوور، دەستی لە کاروباری باشووری کوردستان وەرداوە. بە کورتی، ئەو دوو وڵاتە دراوسێیە ئەگەر نەشتوانن شتێکی ئەوتۆ بکەن، لانیکەم دەتوانن بە هۆی دەستە و گرووپی دیاریکراوی سەر بەخۆیان، ئاگری ناکۆکی و ناتەبایی خۆشتر بکەن و، ڕەوتی چارەسەرکردنی کێشەکان بشێوێنن. ڕاستە، تورکیا وەک ئەندامی ناتۆ و دۆستی نزیکی ئەمریکا، بە تێکڕایی بە دەم وژەبای ڕووداوەکانەوە دەڕوا، بەڵام هەرچی بێ، بۆ چەت تێخستنی مەسەلەی گەلی کورد، دەتوانێ لە بزووتنەوەی تورکمانەکانی کوردستان ئەوپەڕی کەڵک وەربگرێ. تورکیا لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی ساڵی ١٩٩١، لەمەڕ هەڵمەتی نیزامیی ئەمریکا، نارەزایەتی نیشان دا، بەڵام پاشان بە هیوای داواکردنەوە و گرتنەوەی (ویلایەتی موسڵ) کە بە گوێرەی پەیمانی میللیی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٢٣ بە نابەدڵی دابووی بە عێراق، هەڵوێستی خۆی گۆڕی و، هەر بەو تەمایەش بنکە و فرۆکەخانەی (ئینجر لیک)ی دە ئیختیار ئەمریکا نا.

لە پاڵەوە ئەوەش بگوترێ، کە ئێرانییەکان زۆریشیان پێناخۆش نابێ ئەگەر دراوسێیەکی یاغی و سەرەڕۆی وەک ڕێژیمی بەعسی عێراقیان لە کۆڵ بێتەوە، بە مەرجێک: یەکەم، تەواویەتی ئەرزی و جوغرافیایی عێراقی دوای سەددام حوسێن پارێزراو بێ و دووهەم، شیعەکانی باشووری عێراق وەک مەجلیسی ئەعلای شیعە و.. لە حکوومەتی داهاتوودا، حیسابێکیان بۆ کرابێتەوە.

٤) هەڵوێستی هێز و گرووپە بەرهەڵستکار(ئۆپۆزیسیۆن)ەکانی عێراقی کە لە سێ گرووپی گەورەی وەک: بەرەی میللی عێراقی، شیعەکانی باشووری عێراق و کوردەکان (پدک: بە ڕێبەرایەتی مەسعوود بارزانی و ینک: بە ڕێبەرایەتی جەلال تاڵەبانی) پێکدێن.

ئەوەی ڕاستی بێ، هەرچەند ئەمریکا تا ئێستا بە شێوەی ڕەسمی و ناڕەسمیی لەگەڵ هەرکام لەو هێزانە جیا جیا، چەند دانیشتن و کۆبوونەوەی هەبووە، بەڵام هێشتا ڕێکەوتنێکی شیاوی سەرنج لە نێوانیاندا پێکنەهاتووە. ڕەنگە، داهاتوو و داهاتی نەوتی کەرکووک وەک ناوچەیەکی حاشالێنەکراوی کوردستان، پێکهاتنی دەوڵەتی فیدێراڵیی کورد (لە چوارچێوەی عێراقێکی دیمۆکراتیکدا) و زەمانەت و دەستەبەرکردنی ئەو دەوڵەتە بە هۆی لایەنێکی سێهەمەوە کە هەم ڕێبەرایەتی پدک و هەمیش ڕێبەرایەتی ینک جەختیان لە سەر کردووەتەوە، گرینگترین تەوەرەی کۆبوونەوەکان بووبێ. بێ لەوەش، بەشداریی ڕاستەوخۆی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە عەمەلیاتی نیزامیی ئەمریکادا، بە گوێرەی تەجروبەی ڕابردوو (کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩١، دوای هورووژاندنی کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانەوە پشتی تێکردن)، جۆرە مەترسی و دوودڵییەکی بۆ سەرجەمی وان پێکهێناوە. هەروەک لە سەرەوەش جێ جێ ئیشارەی پێکرا، خودی ئەمریکاش لەوانەیە، دوای لابردنی سەددام دەگەڵ کۆمەڵێک مەسەلەی چاوەڕواننەکراو ڕووبەڕووبێتەوە. مەترسییەکی دیکەش، بەتایبەتی سەبارەت بە کوردستان، هەبوونی کۆمەڵێک دەستە و گرووپی تیرۆریستین کە، بە گوێرەی سیاسەتی (حەواڵە بە گەواڵە)، گەلێک لەو تاقمە تیرۆریستە ئیسلامییانەی کە لە پێشدا لە ئەفغانستان ئەرکی نۆکەرایەتییان بە ئەستۆوە بوو، ئێستا لە خزمەت ئەربابگەلی تازە، بە مەبەستی تێکدان و گێرەشێوێنی کەڵکیان لێوەر بگیرێ!

ئەوەیکە شەڕ و عەمەلیاتی نیزامیی ئەمریکا لە دژی عێراق، چی بێ و چۆن بێ و، ئاخرسەر چ ئاکامێکی بە دوادا بێ و، بەتایبەت داهاتووی کوردان لەو پێوەندییەدا چی بەسەر دێ، باسێکە کە زۆربەی چاودێران و لێزانان و پسپۆڕانی بواری سیاسی و دیپلۆماسی بە خۆیەوە خەریک کردووە و، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەوە بڕیارێکە کە لەلایەن ئەمریکاوە دراوە و لەوانەشە بەو زووانە جێبەجێ بکرێ.

٢٠ی ژوئیەی ٢٠٠٢

# کوردستانت لە چاو جاران چۆن دی؟

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ: تێکۆشەر و چاودێری سیاسی

**مەلا ڕەسووڵی پێشنماز**

ڕۆژی ٢٠٠٢/٠٦/٢٧، چووینە خزمەت کاک مەلا ڕەسووڵی پێشنماز، بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێکی خۆمانەمان هەبێ لە بارەی ئەو سەفەرەی کە بۆ باشووری کوردستانی کردبوو. ئەوەی لێرەدا پێشکێش دەکرێ دەقی ئەو وتووێژەیە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە سەر نەوار تۆمار کراوە.

گزینگ

**● کاک مەلا ڕەسووڵ زۆر خۆشحاڵین بە دیتنت و بەخێرهاتنت دەکەینەوە.. گۆیا سەفەرێکی خۆش و باشت کردووە بۆ کوردستان، دەمێشدا پێمخۆشبوو بزانم بە تێکڕایی چۆن بوو ئەو سەفەرەت کرد.**

ــ پێشەکی بەخێرهاتنت دەکەم کاک هێرش، زۆریش سوپاس بۆ ئەو ئەرک و زەحمەتەی کە کێشاوتە لەلایەن گۆڤاری گزینگەوە بۆ ئەو وتووێژە.

لە بارەی سەفەری منەوە بۆ کوردستان ئامانج و ئارەزوو گەلێک زۆر بوون. لەلایەک ئەمن ماوەی یازدە ساڵ بوو نەگەڕابوومەوە وڵات و، لەلایەکی دیکەشەوە جگە لەو هەموو دۆست و ناسیارە باشانەی کە لە ماوەی نیزیک بە چل ساڵ، ناسیاوی و تێکەڵاوی و هەزاران بیرەوەری و خۆشی و ناخۆشیم لە گەڵیاندا هەبووە، بوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو ناوە بۆمن گرینگییەکی تایبەتی هەیە؛ هەروەک دەزانی و بۆخۆت ــ بە سەری سپییەوە ــ بەحاڵ وەبیرت دێ، ئەمن ساڵی ١٩٦٣ مەهابادم جێهێشتووە و کەوتوومەتە قۆناغی مووبارەزەی ئاشکرا بۆ وەدیهاتنی مافی ڕەوا و زەوتکراوی گەلەکەمان.

**● باشە! لە سەفەری ئەوجارەت، کوردستانت لە چاو جاران چۆن دی؟**

ـ ئەمن جارێک لە ڕێگای عێراقەوە (ساڵی ١٩٨٩) و جارێکیش لە ڕێگای ئۆردۆنەوە (١٩٩٠) و ئەوجارەش لە ڕێگای سووریاوە چوومەوە و، بە خۆشییەوە کوردستانم لە هەر سێک ئەو وڵاتانە کە ساڵەهای ساڵە دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە تێرو تەسەلتر هاتە بەرچاو.

کوردستان لە ماوەی ئەو دەساڵە کە داگیرکەری لێ نەماوە یەکجار زۆر پێشکەوتووە، لە باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و پاکوخاوێنی و ئاوەدانییەوە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو چۆتەپێش و جێگای خۆشحاڵی یە، بەتایبەتی بۆ من؛ چونکە لە ساڵی ١٩٦٣وە کە من لە ناوو بووم جگە لە چوارساڵی وتووێژی دوای ١٩٧٠، یەک بەهاریم بەبێ خوێنڕێژی و قوربانیدان و وێرانکاری نەدی.

**● لە سەر وەزعی گۆڕانی حکوومەتی عێراق کە ئەمریکا هەوڵی بۆ دەدا، داخوا کوردەکان تا کوێ هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەکەن؟**

ــ من پێش ئەوەی مەکتەبی سیاسی و بارەگای بارزانی ببینم لەگەڵ مەلا حەسەنی ئامۆزام سەردانی سیاسەتوانی ناودار بەڕێز «عەزیز محەمەد»م کرد کە دۆستی لەمێژینەی تێکڕای ئێمەیە، ئەوکات بەڕێز سەرۆک مەسعوود بارزانی و بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، کاک نێچیروان و کاک بەرهەم ساڵح لە دەرەوەی وڵات بوون و باس باسی ئەو کۆنفرانسە بوو کە لە لایەن ئەمریکاوە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی عێراق پێکدێ. کاک عەزیز لای وابوو کە ئەو جارە پێویستە کوردەکان لەو کۆنفرانسەدا یەک داوای یەکگرتوویان هەبێ و ئێمەش عەینی نەزەرمان هەبوو. ڕۆژی دوایی من لەگەڵ کاک «جەوهەر نامیق» سکرتێری پارتی و کاک «ئازاد بەرواری» ئەندامی مەکتەبی سیاسی دانیشتنم هەبوو لە مەسیف سەلاحەددین و، زیاتر لە پەنجا دەقیقە لەو بارەوە قسەمان کرد و ئەوانیش عەینی نەزەریان هەبوو، زۆریش خۆشبین بوون هەم بە کۆنفرانسەکە و هەم بۆ لێک نیزیکبوونەوەی زیاتریان لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی.

لە سەر ڕووخانی ڕێژیم داوای ئەوان ڕوونە کە فیدێراڵی یە، هەروەها حکوومەتێک بێتە سەر کار هەم مافی ڕەوای ئەوان قەبوڵ بکا و هەم



له ڕاست بۆ چەپ: ڕەسووڵ پێشنماز، عەزیز محەممەد، حەسەن ڕەستگار

ریعایەتی دیمۆکراسی بکا کە تێکڕای نەتەوەکانی دانیشتووی عێراق بە ئاشتی و برایەتی بژین.

**● ئەتۆ کە لە نیزیکەوە بەرپرسانت دیتوون، مەسەلەی تیرۆریسم لە لایەن ئیسلامییەکان و بەتایبەت توندڕەوەکانەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی، بڵێی ڕووداوەکانی تیرۆریستی ئەودواییانەی کوردستان هیچ پێوەندییەکی بە یازدەی سێپتامبری ئەمریکاوە هەبێ؟**

ـ ئەوەی کە مەسەلەی تیرۆر لە کوردستان پێوەندی بە یازدەی سێپتامبرەوە هەبێ، ئەزمردان لەو بارەوە زۆر سەختە. بەڵام ئەوەی کە لە کوردستانی عێراق لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە هەیە جێگای شک و گومان نییە کە ئێران بە تەواوی دستی تێدایە و، هەرکات هەست بەوە بکا کە یەکێتی و پارتی لێک نیزیک دەبنەوە و کورد خەریکە بە مافی ڕەوای خۆی دەگا، تێکڕای داگیرکەرانی کوردستان دەکەونە ئاژاوەنانەوە و خراپکاری بەتایبەتی حکوومەتی جمهووری ئیسلامی.

بۆ نموونە، لەوکاتەیدا من تازە گەیشتبوومە کوردستان، تەقە لە کاک «بەرهەم ساڵح» کرا و، سێ نەفەر لە تیرۆریستەکان کوژران، زۆریان بەڵگە و مەدرەک دەست کەوت، کەچی پاش ماوەیەک ئێران داوای مەیتی کوژراوەکانی کردەوە. ئەگەر ئێران خۆی بە خاوەن و دەراستی وانە نەزانێ بە چ هەقێک داوای مەیتی کابرای تیرۆریستی خەڵکی هەولێر و سولەیمانی دەکاتەوە..

**● لەو بارەوە هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی چییە و چۆنە؟**

ـ بە بۆچوونی من، برادەرانی یەکێتی هەموو دەستێوەردان و ئاژاوەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئێمە باشتر دەزانن. بەڵام وەک بۆخۆیان باس دەکەن و پێیانەوە دیارە، بە هۆی وەزعی ماڵی و ناکۆکیی نێوان خۆیان و پارتی و زۆر مەسەلەی دیکە، جارێ خۆیان بواردووە و، ڕەنگە بە زیاتر لێک نیزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتی و هەروەها گۆڕانکاری لە ڕژێمی عێراقدا، هەمووی ئەو مەسەلانە چارەسەر بکرێن.

**● کاک ڕەسووڵ، وەک لە وێنەکان ڕا دیارە، گەلێک شوێن گەڕاوی و خەڵکی ئاسایی و سیاسی و بازاری و لادێییت زۆر دیون، ئەوان ئەزمریان لە سەر ئەوجۆرە تاقمە ئیسلامییانە و ئەم ئاکارە تیرۆریستییانە چۆنە؟**

ـ خەڵک بە چەند جۆر دابەش دەکرێن. لە پێش هەموویانەوە شەڕی ناوخۆیی کە بەڵایەکی زۆر گەورە بوو، عالەمی تووشی هەژاری و برسێتی و بەدگومانی کرد، هەر ئەو هەژاری و بەدگومانییە وای کرد دەستی ئێران و عەرەبستانی سعوودی ئاوەڵا بێ بۆ سازکردنی ئەو ئاژاوەچییانە بە ناوی ئیسلام.

بەشێکی دیکەی خەڵک وەک ناوچەی هەولێر و هەڵەبجە ئاناگاییانە وەک باوەڕ بە ئیسلام ڕەگەڵ وانە کەوتوون. بەڵام بە بۆچوونی من، بە دوای ڕووداوی (خێڵی حەمە)دا، کە ئەوانە زۆرتر دەستیان ڕوو بووەوە، خەڵکەکەش زیاتریان بۆ ڕوون بۆتەوە کە ئیسلامی واقیعی و ڕاستەقینە پێویستی بە کوشت و کوشتار نییە ئەویش بەو شێوە دڕندانەیە.

**● ئایا لە کاتی تیرۆری «فەرەنسۆ حەریری»، ئەدەبوو ئەو مەسەلەیان زیاتر بۆ ڕوون بێتەوە کە ئەو ئیسلامییە توندڕەوانە مەبەستیان ئاژاوە و خراپکاری یە..؟**

ـ دیارە لە کاتی تیرۆری شەهید فەرەنسۆدا، یەکێتی زۆر هاوکاری چاکی کردن و پارتیش زۆر چاکیان لێوەدەست هات و، عالەمیش لە هەموو لا ڕا، چ بە شێوەی خۆپیشاندان و ڕێپێوان و چ بە هاودەردی لە گەڵ پارتیدا قسووریان نەکرد، بەڵام هەروەک دە پێشدا باسم کرد مەسەلەی پارتی لە زۆر بارەوە بۆ ئەو جۆرە شتانە فەرق دەکا،

تەنانەت لە سەر هەڵوێست بەرانبەر بە تورکیا و ئێران، پارتی زۆر بێ باک و بێ منەتترە.

**● هەروەک دەزانین مەسەلەی ئاژاوە نانەوە و تیرۆر، مەترسی بۆ هەردووک لایان هەیە، ئەوەش دەزانین کە پارتی و یەکێتی زۆر شتیان ماوە کە بگەنە یەک، ئایا ئەو مەسەلەی تیرۆرە نابێتە هۆی ئەوە کە زیاتر لە یەکتر نیزیک ببنەوە؟**

- هەم ئەو مەسەلەیە، هەم مەسەلەی تورکیا و ئێران وای کردووە کە ئەوان زیاتر دە هەوڵی یەکگرتنەوەدا بن، ئەوەندەی من هەستم پێکرد و بۆخۆشیان باسیان دەکرد لەو ماوەیەدا قەت بە قەدەر ئێستا و ئەو سەفەرە کە وێکڕا بۆ دەرەوەیان کرد لێک نیزیک نەبوون، بەتایبەتی مەکتەبی سیاسی پارتی نەزەریان ئەوە بوو لە سەر مەسەلەی پارڵمان نەبێ هیچ موشکیلەیەکی دیکەیان لە نێواندا نەماوە..

**● کەوابێ، مەسەلەی ئەساسی مەسەلەی پارڵمانە؟**

— بەڵێ، هەروەک باسم کرد و بۆخۆشیان دەڵێن موشکیلی هەرە ئەساسییان پارڵمانەکەیە. چونکە پارتی لای وایە ئەو پارڵمانە شەرعییەتی هەیە و نابێ هەڵبوەشێتەوە.

**● کاک مەلارەسووڵ دێمەوە سەر مەسەلەی ڕووخانی ڕێژیمی عێراق.. ئێمە لێرە و لەوێ دەبیسین و بەتایبەت لەو کەسانەی کە بە نێوی ڕاوێژکار یان بەرپرس لە کاناڵەکانی کوردسات و کوردستان تیڤی قسەدەکەن، وادەردەکەوێ کە یەکێتی و پارتی هەڵوێستێکی زۆر ڕوون و یەکگرتوویان نەبێ، ئایا بە عەقیدەی خۆت ئەوان بە لێدانی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە ڕازین، هەروەها تا چ ڕادەیەک دەتوانن هاوکاریی ئەمریکا بکەن؟**

- دیارە نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی عێراق، ویست و ئارەزووی میللەتی کوردە. ئەوکاتەی من لەوێ بووم پارتی کە لەمێژە تەرحێکی لە سەر فیدێراڵی هەیە لەگەڵ برادەرانی یەکێتی هێناویەتەگۆڕێ و لەوماوەیەدا دووجار هەینەتیان لە سەر ئەو مەسەلەیە لە سولەیمانی و هەولێر دانیشتنیان بووە. زۆر وێدەچێ هەردووکیان لە داهاتوودا بۆ ئەو کۆنفرانسە کە لەلایەن ئەمریکاوە و بە بەشداری هەموو نارازییەکانی ڕێژیمی عێراق پێکدێ بەشداربن و، لە سەر داوای فیدێراڵی بە یەکەوە پێکبێن و بە یەک داوا بچنە کۆنفرانسەکە.

**● هەروەک ئاشکرایە، تورکیا هەرچەند بەگشتی کوێرایەڵی سیاسەتی ئەمریکایە، بەڵام بۆ لێدانی عێراق بەتایبەت ئەگەر لە داهاتوودا، خێر و بێرێکی بۆ کورد تێدا بێ، نەتەنیا خۆشبین نییە بەڵکە نارازیشە. بە پێی ئەو پێوەندییەی کە تورکیا هەم لەگەڵ پارتی و هەم لەگەڵ یەکێتیدا هەیەتی، تۆ خۆت ئەو مەسەلەیە چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟**

- ئەمن پێموایە مەسەلەی ئەسڵی و بڕیاردەر ئەمریکایە. تورکیا ئەگەر بزانێ ئەمریکا بە جیددی ئەو کارە دەکا، ناتوانێ جووڵەی بکا.

هەڵبەت لەوبارەدا پارتی زۆر بێ منەتترە. بۆ نموونە لەوماوەیەدا کە من لەوێ بووم، بەڕێز مەسعوود بارزانی دووجار سەبارەت بەو مەسەلە گرینگانە قسەی کرد، بەڕاستی قسەکانی ئەوەندە بە پێز و بەهێز بوون کە هەموو کەس پێشوازی لێدەکرد. قسەکانی بەرانبەر بە تورکیا و ئێران و داگیرکەرانەوە، وەڵامدەری بیروڕای ئەوڕۆی خەڵکی کورد بوون و مستێکی پۆلایین بوون بۆ دەمی ئاژاوەگێڕان و داگیرکەرانی کوردستان.

**● ئایا ئەوەی کە فەرمووت پارتی لە هەڵوێستەکانیدا بێ منەتترە هۆی ئابووری نییە؟**

- بێگومان، مەسەلەی ماڵی لەو بوارەدا بێ ئەسەر نییە. هەر ئەو ڕۆژانە گوێم لە ڕادیۆ ئیسرائیل ڕاگرتبوو، باسی ئەوەی دەکرد کە شیعەکانی دژی ڕێژیمی عێراق و یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ ئەوەشدا کە یارمەتی ماڵیی بەرچاو لە ئێران وەردەگرن بەڵام بۆ ڕووخانی ڕێژیمی عێراق لەگەڵ ئەمریکا هاوکاری دەکەن.

**● پێت وایە ئەمریکا بۆ لێدانی عێراق هیچ پرس و ڕایەک بە کوردەکان دەکا؟**

— پێم وا نییە! چونکە پێش ڕۆیشتنم بۆ کوردستان لە مانگی مارسی ئەوساڵ کە لە لەندەن چاوم بە کاک نەوشیروان کەوت و لە زۆر بارێکەوە قسەمان کرد، بۆ مەسەلەی ئەمریکا و لێدانی عێراق دەیگوت: هەتا ئێستا لەو بارەوە قسە لەگەڵ هیچکام لە ئێمە نەکراوە. بەڵام بە ڕای خۆم، لێدانی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە جێگای گومان نییە و حەتمەن لێی دەدرێ. ئەو ڕۆژانە تەلەڤیزیۆنی ڕایەڵەی (سەحەر) باسی ئەوەی دەکرد کە سەددام خەریکە قوسەی کوڕی لە جێگەی خۆی دابنێ بۆ ئەوەی خۆی لە لێدانی ئەمریکا دەرباز بکا!

**● ئەو کۆنفرانسەی باست کرد، بڕیارە کەنگێ پێکبێ؟**

- پێموایە ئەو کۆنفرانسە ئێستا ماوەکەی نیزیک دەبێتەوە. چونکە ئەوکات من لە کوردستان بووم دەیانگوت چەند مانگێکی دی دەبەسترێ.

**● پێت وایە ئەگەر سەددام بڕوا یان لاببرێ کێ لە جێگەی دادەنرێ؟**

- دیارە لەو بارەوە موشکیلە یەکجار زۆرە. ئەمن وام داناوە کە ئەمریکا خەریکی دۆزینەوەی کەسێکە وەک «حەمید کارزای». ئەتۆ فکر بکەوە ئەو دوو هێزە گەورەی خۆمان چەند ساڵە ناتوانن یەکدەست و یەکگرتوو بن، جا چ دەگا بەو هەموو نارازی و شیعە و کورد و ژەنەراڵ و ئەو شەخسییەتانەی دیکە، کەوایە تێکخستنەوەی ئەوانە کارێکی هەروا هاسان نییە.

هەر ئەو زەدوبەند و ناسازانەشە کە بە دەوای گەڕانەوەی نوێنەرانی پارتی و یەکێتیدا هەتا ئێستا هیچیان بە ڕەسمی و بە ئیعلان بڵاونەکردووەتەوە.



گڵکۆی ئەمر بارزانی لە شارۆچکەی بارزان: برادەرانی پارتی، ر. پێشنماز، ج. گادانی، ح. رەستگار

**● بە تێکڕایی وەزعی ژیانی خەڵکت لە هەردووک بەشی کوردستان چۆن هاتە بەرچاو؟**

ـ لەو بوارەدا ئەوەی کە لە هەموو شتێک زیاتر دڵی منی خۆش کرد هەر ئەو پرسیارەی جەنابتە، چونکە لەو چەند ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت دەورانی شەڕی ناوخۆیی بەڕاستی ئەو خەڵکە خۆڕاگر و چاوقایمە، لە باری ماڵییەوە تووشی زۆر نەهاتی و نەداری و هەژاری هاتبوون، لەلایەک هیچ کار و کاسبی نەمابوو لە ناویاندا، بە هۆی شەڕی ناوخۆییەوە هەر لایەنەی بە شێوەیەکی زۆر بێ بەزەییانە ئەو عالەمەیان بە هاوکاری لەگەڵ لایەنەکەی دیکە تاوانبار دەکرد؛ لەلایەکی دیکەوە دوژمنانی کورد بە هۆی تاقمە بەناو ئیسلامییەکانەوە و بە ئیمکاناتی ماڵیی زۆرەوە کەڵکیان لەو شەڕە وەردەگرت و زۆرەها ئینسانی برسی و بێ دەرەتانیان تووشی هەڵە و هەتڵەبوون دەکرد. ئێستاش کە ئێستایە نموونەی جونداالاسلام و زۆری دیکە شوێنەواری ئەو شەڕ و ماڵوێرانی و هەژارییەن.

بەڵام ئەوجارە کە من لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکان گەڕام و، لە هەمووی دۆست و ناسیاری بازاڕی و سیاسی و مەڕدار و جووتیار و کرێکارم هەیە و، لەگەڵ بەشی هەرە زۆری ئەوانەش قسەم کردووە وەک ڕاستی کوردستانێکی ئازاد و ئاوەدان و پڕ پیت و بەرەکەتم هاتەبەرچاو. بەتایبەتی مەسەلەی ئاژەڵداری و فەلاحەت لەو پەڕی خۆی دایە و بازاڕەکان لە بەر هاتوچۆ و کڕین و فرۆشتن گەلێک قەرەباڵغ بوون.

ساڵی ١٩٩٠ کە من گەڕابوومەوە کوردستان، بە چەندەها سەعات گەڕابای مێگەلە مەڕێک یان مامڕداری و دەواجینێکت چاو پێ نەدەکەوت. ئەگەر لە سەر یەک خولاسەی بکەمەوە لە ماوەی ئەو سی و پێنج ساڵەی کە من لە ناوە بووم قەتم ئاوا بە ئاوەدانی و بە تێروپڕی و چاوقایمی نەدیون. هەر بۆیە ئەو سەفەرە ئەو پەڕی جێگەی خۆشحاڵیی من بوو.

**● وەزعی حیزبەکان چۆنە؟ بەتایبەت حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە وادیارە زۆرتر لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی دان، داخودا ئەو مەسەلەیە حەساسییەت بۆ پارتی و ئەوانی دیکە دروست ناکا؟**

ـ باش بوو ئەو پرسیارەت کرد، بە خۆشیەوە حیزبی دیمۆکرات لە لای هەموو حیزبەکانەوە ڕێزی زۆریان هەیە جگە لەوانەی سەر بە ڕێژیمی ئێران نەبن.

ئەمن کە زۆر دەگەڕام و بەشی زۆریشی برادەرانی حیزبی دیمۆکراتم لەگەڵ بوون لە هەموو سەیتەرەکانی سەر بە یەکێتی و پارتی هەر ناوی دیمۆکراتیان دەبیست زۆر بە ڕێزەوە فەرموویان دەکرد و هیچ جۆرە پرسیارێکیان نەدەکرد. بە بۆچوونی من حیزبی دیمۆکرات لەگەڵ ئەوەی لە کۆنەوە هەتا چەند ساڵ پێش، زۆری زەرەر لە لایەن پارتی و یەکێتی و، بەتایبەتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرتر لەلایەن یەکێتی نیشتمانییەوە وێکەوتووە، بەڵام ئەوان هەمیشە و ئێستاش هەڵوێستیان بەرانبەر بە هێزە کوردستانییەکان و تەنانەت غەیرە کوردستانییەکانیش باش بووە و، زۆر عاقڵانە و سیاسییانە لەگەڵ گێچەڵ پێفرۆشەکانی ئەوان ڕووبەڕوو بوون. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم تەنیا حیزبێکی کوردستانیش بووە کە بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان نەک هەر زەعفیان نیشان نەداوە بگرە پاکترین ڕابردووشیان هەیە.

ڕەنگە هێندێک وا بزانن کە حیزبی دیمۆکرات لایەنی یەکێتی زیاتر دەگرن یان بە پێچەوانەوە. بە ڕای من، حیزبی دیمۆکرات لە سەریەک، ڕێزی تایبەتی بۆ هەمووان هەیە بەبێ فەرق و جیاوازی، نێوانخۆشی و لێک نیزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتیش ئاوات و ئارەزووی وانە.

**● کاک مەلارەسووڵ، هەر وەک دەزانی لە سولەیمانی حیزبێکی تازە بە ناوی حیزبی (چارەسەری دیمۆکراتیک) بوونی خۆی ڕاگەیاندووە،**



له چەپ بۆ ڕاست: فەتاح کاویان، حەسەن ڕەستگار، جەلال تاڵەبانی، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ڕەسووڵ پێشنماز، عومەر فەتاح، د. بەرهەم ساڵح

**ئایا هیچ زانیارییەکت لێیان هەیە؟**

ـ ئەوانە هەر سازمانی (پکک)ی پێشوون. وەک دەڵێن بە دوای گۆڕینی ناوەکەیاندا، بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان حیزبیان داناوە، ئەوەی کوردستانی عێراق ناویان ناوە حیزبی چارەسەری دیمۆکراتیکی باشووری کوردستان.

بە بڕوای من، هەر وەک لە هەوەڵەوە دژی ئەوە بووم و ئێستاش سوورم لە سەر ئەو نەزەرە کە هیچکام لە کوردستانەکان بە هیچ شێوەیەک هەقی دەستێوەردان دە کارو سیاسەتی بەشەکانی دیکەی نییە. ئەگەر بشکرێ سەرکەوتو نابێ و شەڕ و ناکۆکی دروست دەبێ. ئەو کاتانەی من لە کۆبوونەوەکانی (کۆنگرەی نەتەوەیی)دا بەشداریم دەکرد هەموو جارێک ئەو مەسەلانەمان دەهێناگۆڕێ و، دیارە کرا بە بڕیاریش کە ئەو ئەزموونەی کوردستانی باشوور دەبێ بپارێزرێ و کەس هەقی نییە کۆسپی بۆ پێکبێنێ.

**● ئەو کوردانەی کە لە ناوچە کورنشینەکان و بەتایبەتی لە شاری کەرکووک لە لایەن ڕێژیمی عێراقەوە دەرکراون و دەردەکرێن، لە کوێ دەژین و وەزعیان چۆنە؟**

ـ دیارە زۆر لەمێژە سەددام حوسێن خەریکی ئەوەیە کورد لە کەرکووک کە وڵاتی خۆیەتی و بە درێژایی مێژوو زۆر لە کەرکووکیش بەولاوەتر بەرەو بە غدا ژیاوە، وەدەربنێ و بنەبڕیان بکا، بەڵام نە بۆی دەلوێ و نە تێیدا سەرکەوتوو دەبێ. بە هەر حاڵ، ئەوانەی کە لەو چەند ساڵەی دواییدا دەریان دەکەن، عەرز و ملک و ماڵیان لێ زەوت دەکرێ و، ئەوانیش بە ناچار ڕوو لە سولەیمانی و هەولێر دەکەن. دیارە، هەردووک هێزی خاوەندەسەلاتی کوردی یانی پارتی و یەکێتی بە گوێرەی توانای خۆیان یارمەتیان دەدەن. بەڵام ئەو یارمەتییە هەر سەر ڕاگرتنە، دەنا ئەو کەسانەی لە جێگای هەمیشەیی خۆیان هەڵدەقەندرێن هەتا جێگەی خۆیان دەگرنەوە زۆری پێدەچێ.

**● کاک مەلارەسووڵ، لەو سەفەرەدا گۆیا زۆر لە حیزبەکوردستانییەکانت چاو پێکەوتووە، هەڵسوکەوتیان بە تێکڕایی لەگەڵ خۆت چۆن بوو؟**

ـ بەڵێ، هەروەک باسم کرد لە هەوەڵەوە میوانی حیزبی دیمۆکرات بووم. ئەو حیزبەی کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ خۆشترین و بەرچاوترین تەمەنی ژیانم تێدا بەخت کرد، بەتایبەت ٢٥ ساڵی هەر لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا تێپەڕبووە ــ جگە لەوەی کە لەو ماوەیەدا بە خۆم و دایکی منداڵەکانەوە کەم وا هەبوە بتوانین چەند ساڵ لە شوێنێک بمێنینەوە. بەشی زۆری دە ماڵوێرانی و دەرکردن و هەڵاتن و ترس و خۆفدا بووین. دوو ساڵیش لە ژێر ڕەحمەتی حکوومەتی عێراقدا، لە کۆیە ڕا دووریان خستینەوە بۆ ڕومادی و، سەرجەم لە تایفەکەماندا حەوت شەهیدیشمان داوە.

لە لایەن ئەوان و بە بەشداری برادەرانی حیزبی دیمۆکرات، سەردانی پارتی هەم بارەگای بارزانی و هەم مەکتەبی سیاسیم کرد.

هەروەها لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دیمۆکرات، سەردانی یەکێتی نیشتمانی و مام جەلالمان کرد کە بە عادەتی لەمێژینەی مام جەلال گەرمترین و باشترین میوانداریمن لێکرا. جگە لەو سەفەرەش بۆ خۆم لەگەڵ هاوڕێی لەمێژینەم کاک فەتاحی کاویان سەردانی برادەرانی یەکێتیم کرد و لە سولەیمانی بەتایبەتی دۆستانی لەمێژینەم کاک مولازم عومەر و کاک مستەفا چاوڕەش، ماوەی دە ڕۆژ لە هوتێل

(ناشتی) پێشوازی و میوانداریان لێکردم، لەگەڵ سوپاسێکی زۆر هەتا هەم خۆشەویستی و مەحەببەتی ئەو دۆستە ئازیز و لەمێژینانەم قەت لە بیر ناچێ.

هەر لە سولەیمانی سەردانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانم کرد و، کاک قادر عەزیز سکرتێری ئەو حیزبە و ناسیار و دۆستی قەدیمم، لە ماڵە خۆیان بە گەرمی میوانداری لێکردم کە جێگەی سوپاس و پێزانینە. دوا بە دوای ئەو چاوپێکەوتنە، لە گەڵ برادەری بەرپرسی پێوندیی یەکێتی نیشتمانی سەردانی هەردووک حیزبی شیوعیم کرد، هەم بەشی کوردستانی و هەم بەشە گشتییەکەی.

لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنانەدا، لە گەڵ کۆمەڵێک برادەری تایبەتی خۆم، سەردانی هەردووک بەشی کۆمەڵە هەم سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران و، هەم کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی (تەبریکی چاپخانە) زەحمەتکێشانی کوردستانم کرد. بە خۆشییەوە نە لە ناو خەڵک و لە ناو خۆیاندا هەستم بە گرژی و نێوان ناخۆشیی زۆر توند و تیژی وا نەکرد وەک حیزبەکانی تر، هەرکە جیادەبوونەوە دەیان کرد بە شەڕ و پێکدادان.

لەوماوەیەدا لەگەڵ برادەران حیزبی دیمۆکرات، چوار جار سەردانی سازمانی خەباتم کرد، هەموو جارێک لەگەڵ پێشوازی و میوانداریی گەرمی سازمانی خەبات و مامۆستا شێخ «جەلالی حوسێنی» ڕوویەڕوودەبووین کە بەڕاستی دانیشتن و باسی ئەدەبی و زمانەوانی لەگەڵ مامۆستادا یەکجار خۆش بوو.

لە کۆتاییدا لەگەڵ سوپاس بۆ هەموو حیزبەکان و دۆستە خۆشەویستەکانم، ڕێزی تایبەتیم هەیە بۆ گشت برادەرانی حیزبی دیمۆکرات و بەتایبەتی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادە کە مەحەببەت و خۆشەویستی بەرانبەر بە من لە ڕادەبەدەر بوو کە زۆرجاران سەرڕێژیشی دەکرد.

**● وابزانم لە وێنەکان ڕا وا دەردەکەوێ کە سەردانی گۆڕی بارزانی نەمریشتان کردووە؟**

ـ هەروەک هەموو دەزانین بارزانی تەواوی عومری خۆی دە ململانێ و تێکهەڵچوون دەگەڵ دوژمنانی کورددا بردەسەر و، لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک قارەمانێکی گەورەی نەتەوەی کورد ناسراوە.

لە کاتی هێنانەوەی تەرمی بارزانی و ئیدریسی کوڕی، یەکێک لە کارە هەرە باشەکانی مام جەلال تاڵەبانی ئەوە بوو کە لە ڕادەبەدەر پێشوازی کرد و ڕێزی لێنان، کە ئەوەش ویستی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کورد بوو.

بۆ من لەو سەفەرەدا و بەتایبەتی ئەو شوێنەی کە ئەوانی لێ بە خاک سپێردراوە یانی گوندی بارزان، گەلێک بیرەوەری کۆن زیندوو بۆوە. من ساڵی ١٩٦٣ کە تازە هاتبوومە نێو هەواڵانی حیزبیم، بە تێکڕا بنکەمان لەگەڵ بارەگای بارزانی بوو، بەتایبەت لە چیای برادۆست و ئەو ناوە. بۆیە بە ئەرک و وەزیفەی خۆم زانی و لەگەڵ کاک «حەسەنی ڕەستگار» و کاک «جەلیلی گادانی» و چەند برادەری دیکە ئەو سەفەرەمان کرد. ئەوەش بڵێم کە برادەرانی پارتی بەو پەڕی ڕێزەوە پێشوازیان لێکردین و کاک «عومەر بۆتانی» وەک پێوەندیی پارتی لە هەولێرەوە هاتبوو بۆ پێشوازیمان.

بە دوای گەڕانەوەماندا لە میوانداریییەکی دۆستەکانم لەهەولێر، برادەرێک بە شێوەی تەوس و پلار لێی پرسیم و گوتی گۆیا سەفەرێکی وات کردووە. لە وەڵامدا گوتم بەڵێ ئەمن پێموایە سەردانی گۆڕی بارزانی کە زیاتر لە ٦٠ ساڵ بۆ ڕزگاری گەلەکەمان هەوڵی داوە، زۆر واجبترە لە چوونە سەر گۆڕی خومەینی جەللاد و کوردکوژ! بۆیەش ئەوەم گوت چونکە دۆستێکی ئەو برادەرە دروست لەوکاتیدا سەردانی قەبری خومەینی کردبوو. ■

## (تەبریکی چاپخانە)

ئاغای «سەعید زەرگەیی» حروف کۆکەرەوەی چاپخانە لە کاتی کارکردندا ئەو هۆنراوەیەی ژێرەوەی هەڵبەستووە ئافەرینی لێ دەکەین.

شوکـر نەمـردم، من بەو چاوانە
لە کوردستاندا کانگای چاپخانە
هاتە بەر چاوم وەک ڕۆژ نمایان
لێتان پیرۆز بێ گەلی برایان
فێنکایی دڵم جەرگ و هەناوم
ڕۆژنامەی کوردی هاتە بەرچاوم
هێند کەیف ساز و شاد و خەندانم
وەختە لە شادی دەربچێ گیانم
دەستم دەلەرزێ لە نووسینی دا
چاوم نابینێ لە نۆڕینی دا
لاقم بێ هێزە لە هاتوچۆدا
گوێم لە هیچ نییە لە گفتوگۆدا
فرشتەی بەختم دیسان هاتەوە
بە گوێم دا دەڵێ خەو نەتباتەوە
ئەستێرەی گەشی ئارەزووی کوردان
هاتەدەر لە ناو تاریکی و زیندان
ئاگری دڵی لاوە ژیرەکان
ئاه و نزوولەی پیاوە پیرەکان
پەردەی دادڕی ڕوو بە ڕووی شادی
دەرچووین لە دەس غەم، گەینە ئازادی
دامەزرا کانگای چاپ و ڕۆژنامە
ڕۆیی بۆ ئاغا، داری داردامە
تا ئاخر نەفەس هۆمێد ژیانەکەت
بەخت کە لە ڕێی نیشتمانەکەت

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٦، ساڵی ١٣٢٤.

# لابردنی سەددام

**ئەو نووسراوەیەی لە ژێرەوە دەیخوێننەوە لە گۆڤاری میدل ئیست** (The Middle East *July/August* 2002) **وەرگیراوە و وەگێڕدراوەتە سەر کوردی.**

**گزینگ**

سەددام دەبێ بڕوا: واوێدەچێ «جۆرج بووش» سەرۆک کۆماری ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، لە سەر ئەو قسەیەی خۆی سوور بێ. نووکی تیژی قسەکانی واشینگتۆن، ڕاستەوخۆ دە ڕووی دیکتاتۆری عێراقدا، هەمووی لە حەفتەی سێهەمی مانگی ژوئێندا ئاراستەکرا. ئەو قسانە لەمەڕ ڕێبازی سیاسی و دوکتورەینی تازەی سەرۆک بووش، گەلێک دەنگۆ و پچەپچی بە دوای خۆیدا هێنا: مافی دستپێشخەری عەمەلیاتی نیزامی لە دژی تیرۆریست و دەوڵەتە دەغەڵ و سەرەڕۆیەکان، کە خەریکی ئافراندن و وەچەنگ خستنی چەکی کۆمەڵکوژی (کوشتاری بە کۆمەڵ)ن. هەرچەند ئەو قسەیە لەلایەن زۆربەی پسپۆرانی لەو چەشنە بابەتانە، بە قسەیەکی نامەنتیقی سەیردەکرێ، بەلام ڕێبازو دوکتورەینی بووش بۆ هورووژاندنی هەست و شعووری هێندێک کەس ئاراستەکراوە.

**«ئێمە ئەو دەوڵەتە هیچوپووچانەی کە لە پێناو ئافراندنی چەکی کۆمەڵکوژی لە حاڵی پێشڕەفت دان(یا پێشڕەفتیان کردووە) هەڵیان دەبڕین و سەرکوتیان دەکەین، هەروەها هەڵوێست و هەڕەشەکانیان فەشەل دەکەینەوە. ئەوە زۆرجار لەوانەیە بە هۆی لەبەرچاوگرتنی تێکەلاوییەک لە دیپلۆماسیی گۆپاڵ و گەزۆ (گێزەر) بتوانێ وەدیبێ».**

«مارگارێت تاچێر» سەرۆک وەزیری پێشووی بریتانیا ــ کە لە ساڵی ١٩٩٠ سەبارەت بە «ڕۆیشتنی جێپێلەقبووانە»ی سەددام، سەرۆک بووشی باوکی ئامۆژگاری کردبوو ـــ لە ڕۆژنامەی ئەمریکایی *وال ئیستریت ژۆرنالی* ئەودوییانەدا نووسیویە: «حەقیقەتی عێراق بەم جۆرەیە»، «تاچێر»ی نەجیبزادە دەچێتە دە فکرەوە، «ئەمن ژمارەیەک "جێپێلەقبوون"ی تازەم وەک پێویست بۆ لابردنی سەددام حوسێن دۆزیوەتەوە، هەڵبەت نەک ئەو ڕێگایەی سەرۆک بووش».

لە ڕاستیدا زۆربەی شیکەرەوانی ماسمیدیای بریتانی، چاودێرانی سیاسی و دیپلۆماتەکانی بریتانی، هەر وەک دەوڵەتە ئەندامەکانی تری ڕێکخراوی ئوروپای یەککگرتوو(EU) لە ئاست بیری عەمەلیاتی نیزامیی ئەمریکا لە دژی عێراق هەڵوێست دەگرن.

ئەو هەڵوێستە لە مانگی ڕابردوودا، بە هۆی دیپلۆماتی سوێدی، بەڕێوەبەری گشتیی ئێستای پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیسیۆنی ئەرووپا «کێنت دێگرفێلت» دەربڕدرا. لە کۆنفرانسێکدا کە لە لایەن زەخیرەی مێشکیی زانستگای **جۆرجتاونی** ئەمریکا پێکهاتبوو، دێگرفێلت گوتی: ڕێکخراوی ئوروپای یەککگرتوو سەبارەت بە عەمەلیاتی نیزامی ئەمریکا لە دژی عێراق، واشینگتۆنی ئامۆژگاری کردووە، ئەوەی وەک «کارێکی نەشیاو، کە کۆتاییەکەی هەر شکستە... لێکداوەتەوە و لەوانەشە وەک ئامرازێک ببێتە هۆی گێرەشێوێنی و بێسباتی لە ناوچەکە». دێگرفێلت هەروەها جەختی کردەوە کە ڕێکخراوی ئوروپای یەککگرتوو (EU) لە سەر ئەوە پێدادەگرێ کە هەر چەشنە عەمەلیاتێکی نیزامی دەبێ بە ڕەزامەندیی هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان(UN) بێ و هەمیش بە ڕەزامەندیی خەڵکی عێراق.

چاوپۆشی لەو «جێپێلەقبوون»ە، واوێدەچێ هەر ئەو ئامۆژگارییە بووبێ کە لەلایەن مادام تاچێرەوە بە سەرۆک بووش درابێ و هەروەها دەبەرگری نەخشی بەرهەڵستکار (ئۆپۆزیسیۆن)ەکانی عێراقیش بێ. ئەوان پێیانوایە کە گۆڕینی ڕێژیم پێش هەموو شتێک دەبێ بە ئاگاداریی خەڵکی عێراق بێ، کە خەڵک ددانی پێدابێنن و لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانیش پشتیوانی بکرێ.

بەهەرحاڵ، خێرایی پرۆسەی هێورکردنەوەی ئەو مەترسییەی کە لە لایەن پرێزیدێنتەوە پێشنیار کرابوو ــ لە ڕاستیدا نە لە کەنار یەکێکی وەک ئیسرائیل، ڕەنگە بە چاوی بازەکانی بەڕێوەبەرایەتی جمهووریخوازانی ئەمریکا، عێراق وەک مەترسییەکی ئەتۆمی یا هەڕەشەیەک بۆ بەرژەوەندییەکانیان چاوی لێبکرێ ـــ واشینگتۆن و زۆر شوێنی دیکەی بەرەو بیروبۆچوونێکی دووهەم ڕێنوێنی کرد. شتێکی کەم نییە ئەو پلانە نیزامییانەی ئەمریکا کە دەگوترێ لانیکەم ٢٠٠,٠٠٠ سەرباز پێویستە لە مانۆڕەکانیدا ئامادە بن، دیارە هیچ ولاتێکی دراوسێ لە توانایدا نییە جێیان بکاتەوە (یا پێیان خۆشبێ



*PUK's Jalal Talabani (left) and Massoud Barzani of the KDP have fought against Saddam for decades*

ڕێگایان بدەن).

هەواڵێکی «باب وودوارد» لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە ڕەسمییەکان بۆ *واشینگتۆن پۆست*، ئەوەبوو، کە ڕاشکاوترین نیشانەی توانایی ئێستاکێی ئەرکی سەرۆک بووش گۆڕینی سەددامە.

بە پێی هەواڵی ئاژانسەکان، لە لایەن جۆرج بووش سەرۆک کۆماری ئەمریکا، بە سازمانی سیا (CIA) فەرمان دراوە کە دەبێ پلانێکی گەورە و نهێنی بۆ لابردنی سەددام بەڕێوەبچێ. بە پێی ئەو پلانە، سیا بۆی هەیە لە هەرچەشنە کەرەسەیەکی کوشندە و سامناک بۆ لەناوبردن و تەنانەت دیلکردنی سەرۆکی عێراق کەڵک وەرگرێ.

ئامراز و کەرەسە سوودمەندەکان بۆ سازمانی سیا، بریتین لە:

● یارمەتی و پشتیوانیی هەرچی زۆرتر لە هێز و گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق، چ بە پارە (پووڵ) و چەک و تەقەمەنی، چ بە مانۆڕ و زانیاریی ئاژانسی(جاسووسی).

● هەوڵ و کۆششی بەربڵاو بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لە ناوەوەی حکوومەت، ئەرتەش، هێزی ئەمینییەت و تەواوی ئەو خەڵکەی کە هەستی دژی سەددام حوستێنیان تێدا بەدیهاتووە.

● گریمانەی کەڵکوەرگرتن لە سیا و هێزەکانی شاز و تایبەت، لە چەشنی ئەو هێزانەی کە بەرەی شەڕیان لە ئەفغانستان بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەئیسی سازمانی سیا(CIA) «جۆرج تێنێت» بە سەرۆک بووش و کابینەی شەڕی وی گوتووە کە سیا، بەبێ عەمەلیاتی هاوبەشی نیزامی، بەبێ فشاری ئابووری و دیپلۆماتیک، هەر هەوڵێکی بەتەنێ بیدا، لەوانەویە تەنیا ١٠٪ تا ٢٠٪ شانس و دەرفەتی سەرکەوتنی تێدا بەدی بکرێ. بە گوێرەی سەرچاوەی سیا، عەمەلیاتی نهێنی «گوللەیەکی زێو نییە» بەڵام «هیوا و هومێد زۆرە و ئێمە دەتوانین سەرکەوین».

لەگفتوگۆیەکی تەلەڤیزیۆنیی مانگی ئاوریل لەگەڵ (ITV)ی بریتانی، لە سەرۆک بووش پرسیار کرا، «ئایا لە سەر ئەو فکرەی خۆت سووری کە عێراق دەبێ پەلاماری نیزامی بدرێ؟»، سەرۆک بووش وەڵامی دابووەوە: «ئەمن لە سەر ئەو بڕیارەی خۆم سوورم کە سەددام دەبێ بڕوا»، «ئەوە هەمووی ئەو شتەیە کە دەمەوێ لەگەڵ تۆ ی بەش بکەم(لەگەڵ تۆی بێنمە گۆڕێ». کاتێک فشاری بۆ هات، بووش گوتی: «سیاسەتی حکوومەتی من ئەوەیە کە دەبێ بڕوا».

هەروەک ئێستا گوتمان، ئەگەر، سەرۆک بووش، پێشتر لە مانگی فێبرواریدا ئەو فەرمانەی ئیمزاکردبووبێ، بۆچی هەواڵەکە تا نیوەی مانگی ژوئێن وەدرەنگی کەتووە و ئاشکرا نەکراوە؟

تەعبیرێکی مومکین ئەوەیە کە واشینگتۆن چاوەڕوانی ژمارەیەک ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بووە — یەک لەوان بە هێزی کاریگەر و کارا و پێشمەرگەی ڕاهێنراو — کە بەر لەوەی سەرۆکی ئەمریکا مەبەستەکانی خۆی ڕابگەیەنێ، ئەرکی ئەوانی دیاری کردبێ.

*واشینگتۆن پۆست* ئاشکرای کردووە کە «چوار گرووپی گەورە» — مەجلیسی ئەعلای شیعە بۆ شۆڕشی ئیسلامی عێراق(SCIRI)، پارتی دیمۆکراتی کوردستان(KDP)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان (PUK) و، بەرەی بزووتنەوەی میللی عێراقی [ژەنەڕاڵە نارازییەکان] (INA) — بەم زووانە لە «گفتوگۆ و دەمەتەقێی هەراوی نێوان کارگێڕانی بەرزی ئیدارەی سیاسی و پێنتاگۆن»دا بەشدارییان کردووە.

سەرەڕای سیاسەتی حاشاکردن لە کوردان و بێدەنگیی لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئیدارەی سیاسی لەوەبارەیەوە، پدک / ینک لە گەڵ ئەمریکاییەکان "بۆ دیاریکردن و هاودەنگبوون لە پێناو دەستەبەرکردنی لانیکەمی داخوازیی کوردان، پێش ئەوەی هێزەکانی خۆیان لە ئیختیاری عەمەلیاتی گەلاڵەکراوی دژ بە سەددام دابنێن، دواون". سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ناوەوە دەیسەلمێنن کە ڕێککەوتنێک لە ئارادابووە کاتێک کە ڕێبەری پدک **مەسعود بارزانی** و ڕەقیبە هاوپەیمانەکەی واتە ڕێبەری ینک **جەلال تاڵەبانی**، چەند حەفتە لەوەپێش لە تەک بەڕێوەبەرە ئەمریکاییەکان دیداریان کرد.

سەرچاوەکان لێی زیاددەکەن کە **تاڵەبانی** لە سەر ئەوە پێیداگرتووە نەفتی زۆر و زەوەندی کەرکووک — کە ژمارەیەکی زۆر بەرچاوی کوردی تێدادەژی — بۆ هەر چەشنە دەوڵەتێکی داهاتووی کوردی، لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدێڕاڵیدا دەبێ لە بەرچاو بگیرێ. فکر و ئیدەی فیدێراڵی لە لایەن حقووقزانانی نێونەتەوەیی، سیاسەتوانان، ڕێبەرانی کورد و عەرەبی عێراقی، لە سەرەتای مانگی ژوئێندا لێدوانێکی زۆری لە سەرکراوە.

هەڵبژاردنی چەند مانگ لەوە پێشی کوردستان، داهاتووی سەرکەوتوویانەی بەرەو پێشڕەفت و ئاکامی بەرچاوی بەیەکەوە ژیانی




ترس و نیگەرانییەکی هەیە ئەوەیە کە مەجلیسی ئەعلای شیعە داوای چەشنە حکوومەتێکی ئیسلامی لە عێراقی تازەدا دەکا، یان لانیکەم لە بەشێکیدا دەیەوێ خاوەن دەسەڵات بێ.

د. «حەمید ئەلبەیاتی» وەک نوێنەرایەتی مەجلیسی ئەعلای شیعە، لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ بەرپرسە ئەمریکاییەکان هەوڵیدەدا مەبەست و ئامانجەکانیان بە ئارامی بخاتەڕوو. ئەو گوتی: «خەڵکی ئێمە بە دەست سەددام و حیزبی بەعسەوە لە ڕادە بەدەر ئازاردەکێشن، چونکە مەزهەبی ئێمە لە گەڵ مەزهەبی ئەوان جیاوازی هەیە... ئێمە هەرگیز نامانەوێ بیروباوەڕی مەزهەبی یا ئیدەئۆلۆژی خۆمان وەک بنەڕەتی حکوومەتی سیاسی، بە سەر کەسێکی دیکەدا بسەپێنین».

زێدە لەوەش، واوێدەچێ ئەو زوڵم و ستەمە یەکسانە زۆەی سەددام، هێمنانە، بوونە هۆی ئەوە کە واشینگتۆن بە ئەرک و ئەمەگداربوونی کوردان لە پێناو دیمۆکراسی قەناعەت بێنێ. بەهەر حاڵ، کوردان هەروەها خاوەنی ڕەوت و ڕێبازی خۆیانن. بارزانی، لە پێناو فیدێراتیوێکی تازەی پێشنیارکراودا خوازیاری داواکارییەکی گشتی لە لایەن ئەمریکاوە بوو. بارزانی گوتی: «سەبارەت بە چارەسەری فیدێراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیمۆکراتیک، وێڕای پەرلەمانێکی پلۆرالیستی، ئەشێ ڕێککەوتن (تەوافوق)ێکی پێشوەخت بۆ کێشەی کوردان لەگۆڕێدا بێ».

مەسەلەی ئاڵۆزی دیکە بۆ ئەمریکا لەلایەن مەجلیسی ئەعلای شیعە(SCIRI) خرایە ڕوو، ئەو گرووپەی کە بە هۆی شیعەکانی باشووور[ی عێراق] پشتیوانی دەکرێ، بەڵام لە دراوسێتی ئێراندا ڕیشە و بنکەی چەکدارییان هەیە.

که بەسەر کورد و عەرەب، شیعە، سوننی و مەسیحیدا سەپێنراوە، ئەو «چوار گرووپە گەورە»یەی بەرەو پلۆڕالی، هەڵبژاردنی دیمۆکراتیک لێک نزیک کردووەتەوە، کە ئەو فیدێڕاڵییە بە قسەی «پیتێر گالبرایس»، پرۆفیسۆری *زانکۆی شەڕی میللی* لە واشینگتۆن (CD)، دەکرێ ئاوا تەعبیر بکرێتەوە : «تەنیا ڕێگا چارەیەکی کاریگەر بۆ ڕاگرتن و پاراستنی تەواویەتی جوغرافیایی و میللی عێراق».

لە کاتێکدا ئەوانی دیکە، وەک «سەلاح ئەلشێخلی»لە بەرەی بزووتنەوەی میللی عێراقی (INA) و «شەریف عەلی بن ئەلحوسێنی»، سەرۆکی بزووتنەوەی ڕێژیمی مەشرووتەی پادشایی عێراق و ئامۆزای یەکەمی فەیسەڵی سانی، ئاخرین پادشای عێراق، دژی جیاوازیخوازی و دابەشبوونی وڵاتن، ئەوان هەرگیز لە فکر و مەبەستی پێکهاتنی دەوڵەتی فیدێراڵی پشتیوانی ناکەن.

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسەکانی ناوەوەی عێراق، سەددام بۆ بەرگریکردن لە خۆی، سێ تەوەرە ستراتێژی لە ئاست پەلامار و عەمەلیاتی نیزامیی ئەمریکا لە بەرچاو گرتووە. هەرکام لە ناوەندە گەورەکانی شاری دەبێ هێزی پشتیوانیکەری تێدا جێگیر بێ و سەرکردە خۆماڵییەکان توانایی ڕاپەڕاندنی دانەدانەی عەمەلیات و مانۆرە سەربەخۆ و چاوەڕواننەکراوەکانیان لە کاتی هەڵمەت و بەرەنگاریدا هەبێ.

لە جیاتی هەڵمەت و بەرەنگاری هێزەکانی عێراقی بۆ تەقە و شەڕدەستپێکردن، شوێن و وەزعیەتە دیاریکراوەکان دەبێ بە هۆی هێزە تایبەتییەکانی جمهووری بپارێزرێ ــ ئەو هێزانەی کە لە کاتی شەڕی کەنداو [شەڕی کوێت]دا خراپکارییەکانیان مەتڵەبی ئەوان ڕۆژان بوون ــ ئاخرین فەرمانەکانیان ئەوانە دەبن کە خۆیان ئەشێ لە شوێنە پڕ نفووسەکان (خانووبەرە لەیەک نزیکەکان) بەرگری بکەن، ئەو شوێنانەی کە ئەمریکاییەکان، کە لەوانەشە بە هۆی هێزەکانی بریتانی پشتیوانی بکرێن، گەرەکیان بێ شەڕی سەنگەر بە سەنگەری خەیابانی تێدا هەڵبژێرن. سەددام بۆ بیروڕای گشتی ئەمریکایی سەبارەت بە تەلەفات و خەساراتی گیانی وماڵی لە نێوان هێزەکانی ئەمریکایی و خەڵکی عێراق گرێوی داناوە.

دیپلۆماسی و توجارەت کە سەددامی لە ڕیزی دووهەم دادەنێ، ستراتێژیی پێچەوانەیە. وەزیری تازەی کاروباری دەرەوە، «نەجیب ئەلحەدیسی» کەسایەتی دیپلۆمات و ئاتاشەی پێشووی کولتوور و ڕاگەیێنەرە گشتییەکان لە شاری لەندەن لە ماوەی ساڵەکانی ۱۹۷۰دا، لە نوێکردنەوە و بەرقەرارکردنەوەی پێوەندییەکانی عێراق لە تەک گەلێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتوو بووە. ئەو، زۆر زوو توانی پێوەندی نوێی دیپلۆماتیک دە گەڵ عەرەبستانی سعوودی بەرقەراربکاتەوە، ئەو وڵاتەی کە عێراق دە ساڵ پێش ئێستا هەڕەشەی لێکرد و بە مووشەکی دووهاوێژ پەلاماری دابوو.

پێترۆ ـ دۆلار (دۆلاری نەفتی)یش هەروەها نەخشی خۆیان دەبینن. یەکێک لەو فاکتۆرە کاریگەرانەی کە نەخشی خۆی لە **شورای ئەمنیەتی** ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) و پێنج ئەندامە

**☐ تاڵەبانی لە سەر ئەوە پێیداگرتووە نەفتی زۆر و زەوەندی کەرکووک ـ کە ژمارەیەکی زۆر بەرچاوی کوردی تێدادەژی ـ بۆ هەر چەشنە دەوڵەتێکی داهاتووی کوردی، لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدێڕاڵیدا دەبێ لە بەرچاو بگیرێ.**

**☐ بارزانی گوتی: «سەبارەت بە چارەسەری فیدێراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیمۆکراتیک، وێڕای پەرلەمانێکی پلۆرالیستی، ئەشێ ڕێککەوتن (تەوافوق)ێکی پێشوەخت بۆ کێشەی کوردان دیاری بکرێ.**

هەمیشەییەکەی[ کە حەقی ڤیتۆیان هەیە] دەبینێ، پیترۆ ـ دۆلارە. ئەمریکا و بریتانیا کە پێشتر لە لایەن بەغداوە وەک نۆکەری بەکرێگیراو وەسفکراون؛ چین، فەڕانسە و رووسیا، لەوکاتەوە کە پشک(سەهم)ی شێرەکەیان لە داهاتی میلیۆنان دۆلار و قۆنتراتی نەفتی عێراق بەرەو پێشڕەفت و زیادبوون دەڕوا، بە تایبەتمەندییە شازەکانیانەوە، زیاتر نەخشی ناوبژیکەر(ئاشتکەرەوە)کایە دەکەن.

عێراق هەروەها وەک هاندەر و یارمەتیدەرێکی دەست و دڵبازی فەلەستینییەکان لە دژی ئیسرائیل، لەم دواییانەدا زیاتر لە ۱۰,۰۰۰ تا ۲۵,۰۰۰ دۆلاری بە بنەماڵەی «شەهیدان» پێشکێش کردووە، وە ۲۵,۰۰۰ دۆلاریشی بۆ هەرکام لەو ماڵانەی کە لە **وێست بانکی جەنین** بە هۆی دەستدرێژی و وێرانکاریی ئەرتەشی ئیسرائیل خاپوور کراون، تەرخان کردووە. بە گوێرەی مەنتیق، هەتا سیاسەتی زەبروزەنگ لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان زۆرتر درێژە بکێشێ، زیاتر بۆ ئەمریکاییەکان موشکیلەی تێوەگلان دەخوڵقێ و ئەوەش پاساودانێک دەبێ کە ئەمریکاییەکان لە دژی عێراق بکەونە بەربەرەکانی.

وادێتە بەرچاو کلیلی کێشەکە لە دەست ئەو «چوار گرووپە گەورە»یەدا بێ. هەرچەند ئەوان خاوەنی پلانی خۆیانن، بەڵام ڕێککەوتنی نیهایی دەبێ لەو کۆنفرانسە هەراوەی کە بە بەشداریی هەموو هێزە بەرهەڵستەکار(ئۆپۆزیسیۆن)ەکانی عێراقی دەبەسترێ، چاوەڕوان بکرێ. ئەو کۆنفرانسە لەوانەیە لە مانگی سێپتامبر یا ئۆکتۆبر [ی داهاتوو] لە ئوڕووپادا ببەسترێ. ئەوەش کە قەرارە خەرج و مەخاریجی ئەو کۆنفرانسە وەک باربوویەک بە عۆدەی ئەمریکاییەکان بێ لەلایەن ئەو «چوار گرووپە گەورە»یە ڕەتکراوەتەوە. د. ئەلبەیاتی نوێنەرایەتی مەجلیسی ئەعلای شیعە لەو بارەیەوە گوتی: «ڕاستە ئێمە پارە (پووڵ)مان زۆر نییە، بەڵام دەمانەوێ خۆمان پارەی مەخاریجەکە بدەین، چونکە ئەوەش خۆی ڕێگایەکە کە بە دەستی خۆمان دەمانەوێ ڕێژیمی عێراق بگۆڕین». ■

**چوار نووسینی: حەمەسەعید حەسەن**

# کەرکووک لە دوو ڕۆماندا

# و

# چەند بابەتی تر

## ١) کەرکووک لە دوو ڕۆماندا

**ئەم باسە لە کۆنفرانسی (سیاسەتی پاکسازی نەژادی ڕژێمی عێراق لە ناوچەی کەرکووکدا) پێشکەش کرا کە ناوەندی *هاڤیبوون* بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە لە ٢٠٠٢/٦/٢٩ لە بەرلین سازی کرد.**

شـیـعـر پەرۆشـی یە بۆ ڕابردوو، هەنووکـە چیـرۆک هونەری بـالآیە. شیعر خەو بە دنیای جوانی دێرینەوە دەبینێت، چیرۆک بیر لە ڕۆنانی ئایندەیەکی پرشنگدار دەکـاتەوە. شـیـعـر جـڵـەوشلکردنە بۆ سـۆز، چیرۆک گوێڕادێرانە بۆ دەنگی عەقڵ. شیعر لە سەنگەری شمشێر دایە، چیرۆک لایەنی قـەڵەم دەگرێت و دەتوانێت وەک ئایین و فەلسـەفە هەڵگری بەها ئینسـانییـە بـالآکـان بێت. شـیـعـر سـەردەمی بەسـەر نەچووە، لێ هەوارە دێرینەکەی خۆی جێ هێشـتووە و گەلێ هەواری تازەی دیکەی بینیوەتەوە، پشوویان تێدا بدات.
با شیعر و پەخشان بە ڕووکەش جیاوازییەکی ئەوتۆشیـان لە نێواندا نەمابێ، با گەلێ جار شیعر لە سەرد بچێت، یان سەرد شیعر ئاسا خـۆی بنوێنێت، بـا شـیـعـر گـوێ بە کـێش و پاشـەبەندیش نەدا، با پەخشـان دەست بە داوێنی ڕیتمی شیعریشـەوە بگرێت، وەلێ شیعر و سـەرد بە چاوپۆشین لەوەی گوێ بە ڕێسا دێرینەکان دەدەن یان نا، هەمیشە جیـاوازن، ئەوی لێکیـان جودا دەکاتەوە، شێوازی دەربڕین نییـە، ئەو ڕوانین و مـەبەسـتـانەیە کـە لەو دیو شـێوازی دەربڕینەوە خۆیان مەڵاس داوە.
گلوبالیـزم ئەگـەرچی بە پلەی یەکـەم ئامـانجـێکی ئابووریی لە پشـتـەوەیە، لێ کـاریگەرێتـییـەکی مـەزنی لەسـەر ئـەدەب و هونەر، بە ڕۆمانیشـەوە هەیە. لە کاتێکدا زلهێزەکان لە سێبەری بەجیهانیبووندا لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامـە و کـولتـووری گـەلانی بچـووک دان، چیرۆک ئەگەر ڕەنگدانەوەی کولتوور و تایبەتمەندییەکانی میللەتێک بێت، نەک هـەر دەتوانێت ڕێ لـەو هەوڵە بگرێت، بەڵکوو وەک چۆن کاریگەرێتی کولتـووری گەلانی پێوەیە، دەتوانێت کار لە کـولتووری گـەلانیش بکات. نووسـەرە هەرە ناودارەکـانی دنیـا ئەوانەن کـە چیـرۆکـیـان هەڵگری کـولتـووری مـیللەتەکـەیانە. کـەس هەیە لە «دەستۆفسکی» ڕووسی تر، لە «کازانتزاکی» یۆنـانی تر، لە «نەجیب مـەحفووز» میسری تر، یان لە «تەیب سالح» سوودانی تر؟ هەر ئەو هۆکارەشە وای کردووە، ئەوانە لەسەر ئاستی جیهان بناسرێن.
ئەگەر بەجیـهانبوون لە بواری ڕۆمـاندا ئەو بەرهەمانە بن کە حاڵی حازر لەسـەر ئاستی دنیـا کـاریگەرێتی و بوونی خۆیان سەلماندووە، ئەوا ڕۆمـانی کوردی، نەک هەر فرێ دراوەتە دەرەوەی بازنەی ئەدەبی جیـهانییـەوە، بەڵکوو لە بەشێکی گرینگ لە نموونەکانیدا وەک لاورگە بەسەر ئەدەبی جیهانییەوە دەلەوەڕێت. کورد کە هێشتا وەک ئینسان نەیتوانیوە جیهانبوونی خۆی بسەلمێنێت، ئاخۆ پێی دەکرێت ئەدەبێکی جیهانی بەرهەم بهێنێت؟
بەشێک لە نووسەرانی سـەر بەو میللەتانەی سـەردەمانێک وڵاتەکەیان کۆلۆنـی بووە، هەنووکە چیـرۆکێک دەنووسن، کـە دەکـەوێتـە خانەی پۆست کۆلۆنیالیزمەوە، نووسـەری کورد ئێستاش ئەوی دەینووسێت، کەم و زۆر دەکەوێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە. لە ڕوانگەی «مارت ڕۆبیر»ەوە پێوەندییـەکی دیالێکتیکی لە نێوان ڕۆمـان و دیموکراتیدا هەیە، ئەو پێی وایە سـەرهەڵدانی ڕۆمـان بە بوونی دیموکـراتیـیـەوە پەیوەستـە. مۆدێرنیتە کە مـاڵئاوایی کردنە لـە تاکڕەوی و زاڵبوونی فرەلایەنی، قۆناغی گەشەسـەندنی ڕۆمانیشـە. شیعر دەنگی تاکێکە، ڕۆمان فرەدەنگی دەچەسپێنێت.
ڕۆمـان بۆ لێکدانەوەی دیاردە کۆمـەڵایەتییـەکان پشت بە لێکدانەوەی مێژوویی و لۆگیکی زانستی نـابەستێت، ئاخر گێڕانەوەش لۆگیکی تایبـەتی هەیە. ڕۆمـاننووس بایەخ بە مـێـژوو دەدات، بەڵام وەک مێژوونووسان خۆی لە بازنەی سەرچاوە دیرۆکییەکاندا بەند ناکات،

بەڵکوو وتوویژ لەتەک مێژوودا دەکات، ڕەخنەی لێ دەگرێت، لە ئاسۆیەکی فراوانترەوە سەرنجی دەدات و لەبەر ڕۆشنایی تیشکی چرای فانتازیادا دەیخوێنێتەوە. «ئەلکسەندەر دوما» (١٨٠٢ ـ ١٨٧٠) سەبارەت بە ڕۆمانی هەنریی هەشتەم دەڵێت: «ڕۆڵی هەنریی هەشتەم لە بزمارێک زێتر نەبوو، من تابلۆی ڕۆمانەکەمم پێدا هەڵواسی.» بە هۆی ئەو ڕستەیەی ئەلکساندەر دۆماوە دەشێت هەست بە جیاوازی نێوان خوێندنەوەی ڕۆماننووس و دیرۆکنووس بۆ مێژوو بکەین.

کارەکتەر لە ڕۆمانی مێژووییدا کە «واڵتەرسکۆت» (١٧٧١ – ١٨٢٣) داهێنەرێتی، وەک چۆن دەشێ کەسایەتییەکی ڕاستەقینە بێت، هەرواش دەگونجێ زادەی خەیاڵی نووسەر بێت. ڕۆمانی مێژوویی با بە ناخی ڕابردووی دووریشدا ڕۆ بچێ، وەلێ هێندە بە قووڵی بە ئێستاوە پەیوەست دەبێت، تا ئەو ئاستەی دەتوانین بڵێین: «مێژوونووس باسی ڕابردوو دەکا، بەڵام ڕۆماننووس مێژووی ئێستا دەنووسێتەوە. مێژوو ڕۆمانێکە ڕووی داوە، ڕۆمان مێژوویەکە دەشێت ڕووی دابێت یان ڕوو بدات.»[١]

ڕۆماننووس ئەو وردەکارییانە دەنووسێتەوە کە مێژوونووس فەرامۆشیان دەکات. مێژوونووس باسی شتە گشتییەکان دەکات، ڕۆماننووس لە ڕێی نیشاندانی چارەنووسی تاکەکەسێکەوە، کۆمەڵگایەکمان پێ دەناسێنێت. ئێمە لە ڕێی برایانی کارامازۆفەوە رووسیامان ناسی. ئیسرائیل هەموو فەلەستین خاپوور بکا، ئەو وڵاتە لە ڕۆمانەکانی «غەسان کەنفانی»دا ژیانی لێ دەتکێ. ڕۆمان بەربەستێکە بوار نادات، داگیرکەر مێژووی گەلێکی بندەستی بسڕێتەوە، موساد بایەخی ڕۆمانی دەزانی، بۆیە غەسان کەنفانی تیرۆر کرد.

دەستنیشانکردنی ئەو خەسڵەتە هونەرییانەی وا لە بەرهەمێک دەکەن، بکەوێتە خانەی دەقێکی ئەدەبییەوە، ئەرکی یەکەم و سەرەکیی ڕەخنەگرە. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گرینگە، بێ سەرنجدانی بەرهەمی ئەدەبی وەک زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە زەمان و زەمینێکی دیاریکراودا نایەتە دی. دەق چ کاریگەرێتییەک لەسەر هەست و سۆزی خوێنەر (نەک عەقڵی) جێ دەهێڵێت، «ستانلی فیش» تەنیا گرینگی بەو لایەنەی دەق دەدات. خوێنەر لاپەڕەیەکی سپی نییە، نووسەر چی بخوازێت، ئەوەی لەسەر بنووسێت، مانای دەق بە نیازی نووسەرەوە بەند نییە، بە چۆنێتی وەرگرتن و پەرچەکرداری خوێنەرەوە بەندە.

ئەدەبی سەرسووڕهێن واقیع تێکەڵ بە زێدەڕۆیی، پارادۆکس و گاڵتەجاڕی دەکات و لەژێر هەمان ڕەشماڵدا، ئایین و فەلسەفە و بیروباوەڕ کۆ دەکاتەوە. لە ئەدەبی سەرسووڕهێندا خوێنەر دوچاری ئەوقبوون دەبێت، خەیاڵ باڵادەستە و بۆ لێکدانەوەی دیاردە سروشتییەکان هانا بۆ ئەفسانە، ئایین، کەلەپووری ناوچەیی و خەون دەبرێت. ئەدەبی سەرسووڕهێن گۆمە مەندەکان دەشڵەقێنێت، ناکۆکی لەو دیاردانەدا نیشان دەدا کە بە ڕواڵەت کۆک دەنوێن و بزووتنەوە بەو شتانە دەبەخشێت کە لە جێی خۆیاندا جێگیرن.[٢]

«فازل عەززاوی» چونکە خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندە، لە ڕۆمانی (اخر الملائکه)دا کۆمەڵێ کارەکتەری ئەفراندووە کە بە زیندوویی لە یادەوەریی خوێنەردا دەمێننەوە، لەوانە: حەمید نایلۆن، بورهان و مەلا زێنەلعابدین. ئەو نەک هەر هونەرمەندانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەفسانەدا کردووە، بەڵکوو گەلێک جار ئەفسانەی داهێناوە. ڕۆمانەکەی نموونەیەکی باڵای ئەدەبی ڕیالیزمی ئەفسووناوی یە. هەمیشە هونەرمەندانە کەلەپووری ناوچەکەی لە قازانجی ڕەوتی بەرەو لوتکەبردنی ڕۆمانەکەیدا بەگەڕ خستووە. بەو ئاسانییەی مەلێک ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکات، ئەویش لە نێوان شتە ئاسایی و نائاساییەکاندا، سروشتی و ناسروشتییەکاندا، واقیع و خەیاڵدا ئەمبەر و ئەوبەر دەکات، بە جۆرێک کە خوێنەر ناتوانێت سنووری نێوان ئەو شتانەی ڕوویان داوە و ئەوانەی دەشێت ڕوو بدەن، دەستنیشان بکات.

لە هەردوو ڕۆمانی( *هەڵکشان بەرەو لوتکە*: **عەبدوڵڵا سەڕاج**) و ( *دوا فریشتەکان*: **فازل عەززاوی**)یدا، شار کەرکووکە و ئەو دوو نووسەرە کەرکووکییەش لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە، وەک ڕۆماننووس مێژووی شاری کەرکووک دەگێڕنەوە. ئەگەرچی ناکرێ وەک بەڵگەنامە سەرنجی کاری ئەدەبی بدرێ، وەلێ ئەمە بەو مانایە نییە، کە ڕۆمان هیچ پێوەندییەکی بە دیرۆکەوە نییە. مارکس بە هۆی چیرۆکەکانی «بەلزاک»ەوە فەرەنسای ناسیوە. خوێنەر لەو دوو ڕۆمانەوە ئاشنایەتییەکی باش لەگەڵ کەرکووکی پەنجا ساڵێک لەمەوبەردا پەیدا دەکات. بە خوێندنەوەی ئەو دوو ڕۆمانە گومانمان لەوە نامێنێ (چیرۆکنووس ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە مێژوونووس فەرامۆشیان دەکا).

«حەننا بەتاتۆ» دەنووسێت: «کەرکووک تا ڕابردوویەکی نزیک شارێکی بە تەواوی مانای وشەکەوە تورکی بوو. کورد هێدی هێدی لە گوندەکانی دەوروبەریەوە ڕوویان تێ کرد. پێوەندیی پتەوی نێوان کەرکووک و تورکیا و خۆڕاگری خەڵکی شارەکە نەبوونایە ئەویش وەک هەولێری بەسەر دەهات، لە شارێکی تورکییەوە دەبووە شارێکی کوردی».[٣] لە ڕوانگەی «حەننا بەتاتۆ»وە هەولێریش شارێکی تورکی بووە و هێدی هێدی بە شێوەیەکی ئاشتی ناسنامەی خۆی لە دەست داوە، بەڵام کەرکووک گەرچی کورد قەسابخانەی بۆ خەڵکە تورکمانەکەی سازکردووە و لە ناوەڕاستی تەممووزی ١٩٥٩دا بیست کەسی لێ کوشتوون، وەلێ هەر توانیویەتی ناسنامەی تورکی خۆی بپارێزێت.

شوێن لە (دوا فریشتەکان)ی «فازل عەززاوی»دا گەڕەکی چوقووری شاری کەرکووکە. نووسەر بەشێک لە مێژووی سەدەی ڕابردووی ئەو شارەی لە ڕۆمانێکدا کە بە هەق شیاوی بایەخ پێدانە بەرجەستە کردووە. پار هاوین کە لە هەولێر ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە فازل عەززاوی دەپرسێت: هەستت چۆنە کە گەڕاویتەوە بۆ کوردستانی ئازاد؟ دەڵێت: من بۆ وڵاتی خۆم، بۆ عێراق گەڕاومەتەوە. فازل لە هەمان تێڕوانینەوە مێژووی شاری کەرکووک دەگێڕێتەوە. لە ڕۆمانەکەیدا بە دیواری زۆربەی ماڵەکانی کەرکووکەوە، وێنەی ئەتاتورک بە پۆشاکی سەربازییەوە هەڵواسراوە.[٤] ئەو وای نیشان

دەدات کە کورد لە کەرکووک لە چەند خێزانێکی بەو شارە نامۆ، زێتر نین و هێندە کەمئاوەزیشن، جیاوازیی لە نێوان قالۆنچە و مێوژدا ناکەن. نووسەر بەردەوام زێدەڕۆیی لە سووک سەرنجدانی کورد و باڵا نیشاندانی تورکماندا دەکات. ئەو پێی وایە لەبەر چاوی کاڵی تورکمان نەبووایە، خوا بارانی بەسەر کەرکووکدا نەدەباراند.[5] ئەوی هیچ سەبارەت بە دیمۆگرافیا و مێژووی کەرکووک نەزانێت و ئەو ڕۆمانە بخوێنێتەوە، کەرکووکی بە شارێکی تورکمان دێتە پێش چاو. بە ڕۆمانەکەوە کە شوێن تێیدا شارێکە زۆربەی دانیشتووانی کوردن، کولتووری تورکمان زاڵە. گەڕەک گەڕەکێکی تورکنشینە، گۆرانی: قۆرییاتە و تەنانەت خەباتگێڕانیش لە دژی ئیمپریالیزمی بەریتانیایی تەنیا تورکمانن. تەنانەت حەمید نایلۆنی قارەمانی ڕۆمانەکە گەرچی دەتوانێت بە کوردی بدوێت، بەڵام خۆی دەبێژێت، نیوەم عەرەب و نیوەم تورکمانە (ل٢٤٠). فازل دەنووسێت: «کورد حەمید نایلۆنی بە کورد و عەرەب بە عەرەب و تورکمانیش بە تورکمانی دەزانی، هیچ لایەکیشیان لەسەر بەڵگەی مێژوویی پەکیان نەدەکەوت» (ل٢٧٠). ئەمەش لە باشترین لێکدانەوەدا جەختکردنە لەسەر ئەوەی کەرکووک چەند شارێکی کوردی یە، لایکەم هێندەش عەرەبی و تورکمانی یە.

لە (دوا فریشتەکان)ی «فازل عەززاوی»دا: ئەو ڕۆژنامەیەی لە کەرکووک دەردەچێت، هەمیشە سەرگوتارەکەی جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە کەرکووک شارێکی تورکمانی یە (ل ١٣٧). تورکمانەکان گاڵتە بە گەنجە کوردە شەرواڵفشە بێئیشەکان «ئەوانەی هەر لە بۆشایی ورد دەبنەوە و چاوەڕێی هیچن»، دەکەن و ناتۆرەی (باڵۆن)یان دوا دەخەن (ل ٢٣٣). کە نوێنەرانی شاری کەرکووک سەردانی شای عێراق دەکەن، وەفدەکە تەنیا لە تورک و عەرەب پێک دێت (ل١٣٧). وەفدەکە لە کن شا، باس لەوە دەکەن کە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک خەریکە ڕێگاویان بە ناوەندی گۆڕستانی شاردا ببات و ئەمانیش بۆ داکۆکیکردن لە کەرامەتی مردووکانیان هاتوون، (شا)ش پێیان دەڵێت: «بۆ زیندووەکان خۆیان کەرامەتیان ماوە، تا داکۆکی لە کەرامەتی مردووەکان بکەن!» (ل١٦٠).

فازل عەززاوی بەو پەڕی گاڵتەجارییەوە وێنەی خەباتی نهێنیی شیوعییەکانی کەرکووک، چونکە کورد بوون، دەکێشێت. سمێڵی ستالین سیمبۆلی خەباتی نیشتمانی بوو (ل٧٢). کە ستالین مرد، کۆمۆنیستەکان لە مزگەوتێکی قەرەتەپەدا پرسەیان بۆ گێڕا و فاتیحایان بۆ گیانی خاوێنی ڕەوانە کرد (ل٢٣٤). سالمی قارەمانی ئەشکەنجە! کە مەبەستی «بەهادین نووری»یە،[6] خۆی ڕووت دەکاتەوە و شوێنەواری ئەشکەنجە نیشانی خەڵک دەدات (ل٢٣٩). شیوعییەکان بەردەوام ستایشی خۆیان دەکەن (ل٢٤٣). شیوعییەکان دەیانگوت: پەت هەبێت، کوودەتا نابێت (ل٣٢٢). شیوعییەکان دەیاننووسی: «ماکو مهر، بس هالشهر، ذبوا القاضی بالنهر/ ئەم مانگە مارەیی نییە، قازی فڕێ بدەنە چەمەوە» (ل٣٢٤). مانگرتنی گاورباغی کە یەکێکە لە سەروەرییەکانی کۆمۆنیستەکان، ئاخر ئەوان ڕێبەری بوون، لای فازل بە (هەڵاتن)ی کرێکاران دوای ئەوەی سێزدە تەرمیان لێ بەجێ دەمێنێت، کۆتایی دێت (ل٧٨).

وەک بە هەردوو ڕۆمانەکەوە دیارە خەڵکە موسڵمانەکەی کەرکووک بەردەوام سووکایەتییان بە جوولەکە کە لە هەردوو گەڕەکی پیریادی و موسەڵلا نیشتەجێ بوون، کردووە. «شەمموان ئەوان بۆ عەسای موسا دەگەڕان و ئێمەش بەردەبارانمان دەکردن» (هەڵکشان بەرەو لوتکە ـ ل١٣٠). «جوولەکە هەمیشە بەو هیوایەی شتێک بدۆزنەوە، سەیری زەوی دەکەن، تەنیا کاتێک سەر هەڵدەبڕن، کە لە خودا بپاڕێنەوە، وڵاتی موسڵمانان کاول بکا.» (دوا فریشتەکان ـ ل٤٧).

عەبدوڵلا سەڕاج دەنووسێت: «ڕەگی بنیادەم لە گۆڕستانە، بۆیە هەر کەسێک ئەو جێگایەی پێ خۆشە کە کەسوکاری لێ ناشتووە.»[7] لەم دواییەدا ڕژێمی بەعس پارەیەکی باشی دەدا بەو عەرەبانەی بە ئێسک و پرووسکی مردووەکانیانەوە لە کەرکووکدا نیشتەجێ دەبوون. دەبێ ئەو باڵدارانە بۆ کوێ کۆچ بکەن؟ (هەڵکشان بەرەو لوتکە) کە ١٩٨٤ نووسراوە و ١٩٨٩ چاپ کراوە، بەو پرسیارە کۆتایی دێت، کە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرە، بۆ ئەو چارەنووسە بزرەی چاوەڕێی ئەو کوردانە دەکا، دەبنە قوربانیی دەستی ڕاگوێزان. «میلان کوندێرا» دەبێژێت: «ململانێی ڕاستەقینەی نێوان دەسەڵات و خەڵک، ململانێ یە لە نێوان یادەوەری و لەبیرچوونەوەدا». هەر بۆیە بەردەوام دەسەڵات گەڕەکی بووە، ئەوە لە بیری کورد بباتەوە کە کەرکووک کوردستانە.

ستۆکهۆڵم کارەکتەرێکی سەرەکیی کارەکانی «یاڵمار سوێدەربێری»یە، لە: (دوکتۆر گلاس ــ ١٩٠٥) و (گەمە ڕاستەقینەکە ــ ١٩١٢) دا، گەلێ وێنەی زیندووی شەقام و باخچە و پارکەکانی ستۆکهۆڵمی کێشاوە. شوێن لای جۆیس: دیبلن، دیکنز: لەندەن، نەجیب مەحفووز: قاهیرە، حسێن عارف: سلێمانی و لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)ی «عەبدوڵلا سەڕاج»دا کەرکووکە.

کەرکووک کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە. ڕۆماننووس هێندە شارەزای کەرکووکە، ئەوی کەرکووکیشی نەبینیبێت، دوای خوێندنەوەی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)وا هەست دەکات، چەندین جار سەردانی ئەو شارەی کردووە. ئەویشی خەڵکی ئەو شارە بێت، لەو ڕۆمانەوە ئاشنایەتییەکی قووڵتر لەگەڵ زێدەکەیدا پەیدا دەکا، ئاخر سەڕاج بە دوو چاوی تیژی (هەڵۆیەکی سپیی وەک چوڕی شیرەوە) سەرنجی کەرکووکی داوە، وەک کۆمەڵناسێکی کارامە ماڵە هەژارنشینەکانی گەڕەکە میللییەکانی بەسەر کردووەتەوە و وەک دەروونناسێکی لێهاتوو بە ناخی قارەمانەکانیدا شۆڕ بووەتەوە.

چیرۆکنووس خوێنەر بە هەموو گەڕەک، کۆڵان، بازاڕ، گۆڕستان، سینەما، مەزار و باخەکانی کەرکووکدا دەگێڕێت و بە ئارافە، ئیسکان، ئیمام قاسم، شوریجە، بولاغ، بەرتەکیە، قەڵا، چای، شاترلوو، موسەڵلا، تسعین، خڕی خاسە، قۆریە، گڵچییەکان، زێویە، ڕەحیماوا، ئەڵماس، گاورباخی، سەی مونجوغ، ئاخر حسێن، ئەڵلاوێردی، سەی سەروەر، پیریادی، چوارباخی ئاشنا دەکا.

دۆنکیخۆت تەنیا گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی سوارچاکێکی بەدبەخت و ڕۆمانتیک نییە، سەرنجدانی مێژووی کۆمەڵگای ئەورووپایی یە، لە ڕوانگەی مەتریالزمی مێژووییەوە، خوێندنی یاسینی مەرگی

شێوازێکی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مژدەی سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی پێکەوە ژیانە. (هەڵکشان بەرەو لوتکە) تەنیا وێنەگرتنی کۆڵانەکانی شاری کەرکووک و کەڵەکەکردنی کۆمەڵێ ڕووداوی ئاسایی ڕۆژانە نییە، بەشێکی گرینگە لە ئەزموونی کۆمەڵایەتیی شارێک لە نیو سەدەدا. سەراج تەنیا سەرقاڵی ئەوە نییە وێنەیەکی ڕۆشنی کەرکووک بکێشێت، بەڵکوو هاوزەمان لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی ناخی ئینسانیش دایە و گەرەکێتی بیر لە نهێنی ژیان بکەینەوە و هیچ نەبێت لە خۆمان بپرسین: بە ڕاست ئێمە لە پێناوی چیدا دەژین؟ ئەو وەک چۆن بڕوای بە هونەر بۆ هونەر نییە، هەرواش بڕوای بە ژیان ئیدی بە هەرچی نرخێک بێت، نییە. ئەو خوازیارە کووچە تاریکەکانی ڕۆحیشمان ڕۆشن بکاتەوە و مانایەک بە ژیانمان ببەخشێت.

سەراج دابونەریتی کوردەواری ــ ئەو ئەفسانانەی لە نێو کورددا باو بوون و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردی بە وردی بەسەر کردوونەوە. (هەڵکشان بەرەو لوتکە) تەنیا هەر ڕۆمان نییە، کتێبێکە تەنانەت دەکرێت وەک سەرچاوە بۆ زانیاریی لێوەرگرتن لە بواری فۆلکلۆری کوردیدا کەڵکێکی چاکی لێ وەربگیرێت، ئاخر تژی یە لە هەقایەتی گوێناگردان، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی دێرین.

فرۆید دەبێژێت: «ژن حەزی لە چییە؟ سی ساڵ بە لێکۆڵینەوەی دەروونی ژنەوە خەریک بووم، وەڵامی ئەو پرسیارەم بۆ نەدرایەوە.» دەشێت حەزی لە گێڕانەوەی چیرۆک بێت، ئاخر چیرۆک گیانلەبەرێکی مێ بووە، لە کەلەپووری کوردیدا ئەوە داپیرەیە کە لە کوێی ئاگرداندا چیرۆک دەگێڕێتەوە. لە (هەزار و یەک شەوە)دا چیرۆکخوان «شەهرزاد»ە. شیعر کاری پیاو بووە، دەنا «ئالی» ئەو حەشرەی بە «مەستوورە» نەدەکرد. لە (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا هەمیشە ئەوە خاتەی ژنی تۆفیقە شەوانە بە چیرۆک منداڵەکانی دەخاتە خەو.

لە (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا، نووسەر باسی تێکۆشانی چینایەتی، خەباتی نهێنی خەڵکی کەرکووک و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول دەکات و تەنانەت قارەمانی ڕۆمانەکە (تۆفیق) دەبێتە پێشمەرگە و کوڕەکەشی (نەوزاد) بیر لە تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتەکان دەکاتەوە، بەڵام نووسەر هێندە هونەرییانە ئەو باسانەی لە چوارچێوەی چیرۆک گرتووە، سانسۆری لە خشتە بردووە. «هەڵۆی سپی لە ترۆپکی چیایەکی تووشەوە هەدەڵسا و بێ ئۆقرە بەسەر شاردا باڵەفرکێی دەکرد، کە بە ئاسمانەوە دەبوو، بە تەنیا خۆی سەروەر بوو، فرندەی دیکە خۆیان مەلاس دەدا». هەڵۆ کە لە (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا سیمبوڵە بۆ پێشمەرگە، سەرجەمی ڕۆمانەکەی لەژێر چەتری بەرینی باڵەکانیدا کۆ کردووەتەوە. «زەنگی کاروان ڕایکێشام و بوومە تەتەری نێوان دێهات و شار» (ل٣١٥). «مرۆڤ کاتێک مرۆڤە کە ڕووی لە هەوراز بوو» (ل ٢٦٩). سەراج بەو جۆرە باسی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول و پەیوەستبوونی قارەمانی ڕۆمانەکەی بە شۆڕشەوە دەکات.

نووسینی ڕۆمانی ژیاننامە، ئەوە نییە کە نووسەر ژیننامەی ڕۆژانەی خۆی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، ڕاستگۆیانە بگێڕێتەوە. چۆن بژێوی دابین دەکا؟ چی دەخوات؟ چی دەپۆشێت؟ کەی خەم دایدەگرێت؟ کەنگێ پێدەکەنێت؟ چەند ژن یان پیاوی خۆشویستووە؟ ئەوەش نییە، وەک «ڕۆسۆ» یان «ئەندرییە جید» بێ سڵکردنەوە خودی خۆت بدەیتە بەر ڕووناکی. ڕۆماننووس کە ژیننامەی خۆی دەگێڕێتەوە، هانا بۆ دەمامک دەبات. دێت لەو دیو دەمامکی چیرۆکبێژ یان یەکێک لە کارەکتەرەکانیەوە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و هەوڵ دەدات لە بازنەی خودی خۆی وەک (تاک)ێک دەرباز ببێت و بەرەو دنیایەکی بەرینتر، بەرەو بەرجەستەکردنی خولیاکانی (کۆ) هەڵبکشێت.[8]

دەکرێت بڵێین چیرۆکبێژ کارەکتەری سەرەکیی هەموو ڕۆمانێکە. ئەو چونکە لە هەموو جێیەکی دەقەکەدا ئامادەیە و ئاگای لە ورد و درشتی ڕووداوەکان و لە هەڵسوکەوتی هەموو کارەکتەرەکانی دیکەیە، زۆر خوێنەر پێیان وایە، چیرۆکبێژ خودی چیرۆکنووسە، بەڵام ڕاستییەکەی نووسەر نە چیرۆکبێژە، نە یەکێکە لە کارەکتەرەکان، با هەوڵی ئەوەش بدات، هەندێ لە تێڕوانینەکانی خۆی بە پردی چیرۆکبێژ یان یەکێک لە کارەکتەرەکانیدا بپەڕێنێتەوە.

چیرۆکنووس تەنانەت ئەگەر ئەزموونی (خۆ)شی بنووسێتەوە، لەو دیو دەمامکی چیرۆکبێژ یان کارەکتەرێکەوە هەموو شتێک ناڵێت، بەڵکوو خودی خۆی لەو پەیام و بەهایانەدا بەرجەستە دەکا کە دەقەکە دەیەوێت بیاندرکێنێت. چیرۆکنووس لە ڕێی ململانێی نێوان کارەکتەرەکانیەوە، بە هۆی ڕووداوەکانی نێو دەقەکە و چۆنێتی گێڕانەوە و گرینگی پێدانیانەوە و بە هۆی ئەو تەکنیکانەوە کە پشتیان پێ دەبەستێت، گوتاری خۆی ئاراستەی خوێنەر دەکات.[9]

ئەگەر لە نێو کارەکتەرەکانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)دا بۆ عەبدوڵڵا سەراج بگەڕێین، ئەوا (سالار) کە هونەرمەندێکی شێوەکارە، نزیکترین کەسە لە نووسەرەوە، ئاخر سەراج تەنیا هەر چیرۆکنووس نییە، لە بواری وێنەکێشانیشدا هونەرمەندێکی دەستڕەنگینە. خوێنەری (هەڵکشان بەرەو لوتکە) بە ئاسانی هەست بەوە دەکات، کە نووسەری ئەو ڕۆمانە لە بواری شێوەکاریدا خاوەنی چ سەلیقەیەکی وردە. نووسین کە خۆی وێنەکێشانە بە وشە، بۆ نووسەرێک کە هاوزەمان وێنەکێشێکی کارامەش بێت، بێگومان ئەوە بە قازانجی نووسینەکانی دەشکێتەوە. دەشێت هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوە بێت کە ڕۆمانەکە تژی یە لە وێنەی شیعری: ئاسمانی ساماڵ بە چەشنی دەبانێکی زاخاودراو دەبریسکایەوە (ل٩٥). لافاوەکە وەک دەمەگوێزانێکی تیژ ئەم شارە دەکەرتێنێ (ل١٤٤). مانگ دەمەداسوولکەیەک بوو لە جەرگی ئاسمان چەقیبوو (ل١٦٢). بروسکە، شمشێری خوایە، ملی کافران دەپەڕێنێ (ل٢٠٤). ڕۆژ لەسەرخۆ بسکە زێرینەکەی دەهاوێتە سەر زەوی و خاک لە تیشک هەڵدەکێشێ (ل٢٤٠).

لە (دوا فریشتەکان)دا، کە گەلێک خوێندنەوە هەڵدەگرێت و دەشێت من بەد لێی حاڵی بووبێتم، نزیکترین کەس لە خودی «عەززاوی»یەوە (بورهان)ە کە نە لە کەرکووکدا دەحەوێتەوە، نە لە تاراوگە. بورهان

کەسێکە پڕ بە مانای وشەکە، شاعیر و هەر لە منداڵییەوە ئەوە بە ئاشکرا دیارە کە بۆ ئەوە لە دایک بووە، ببێتە شاعیرێکی گەورە. شاعیریان برد بۆ بەهەشت، لەوێ گۆرانیی بۆ نیشتمان دەگوت. تامەزرۆیی بۆ نیشتمان کارێ دەکا لە کۆتایی تەمەنیدا، دەست بکاتەوە ملی ڕێگای گەڕانەوە بەرەو ئەو هەوارەی بە ئارەزووی خۆی لێی هەڵاتبوو.

٢٠٠٢/٠٦/١٥

١) الروایه و التاریخ، **محمد القاضی**، فصول، عدد ٤ ص ٤٢ ربیع ١٩٩٨ القاهره.

٢) بنیات العجائبی فی الروایه العربیه، **شعیب حلیفی**، فصول، عدد ٣ ص ١١٢ شتاء ١٩٩٧ القاهره.

٣) **حنا بطاطو**، العراق الكتاب الثالث، الشیوعیون و البعثیون و الضباط الاحرار، ترجمه: عفیف الرزاز، ص ٢٢٤ بیروت ١٩٩٢ مؤسسه الابحاث العربیه.

٤) اخر الملائكه، **فاضل العزاوی**، ص ٢٣ ریاض الریس للكتب و النشر ١٩٩٢ لندن.

٥) اخر الملائكه، ص ٢٤.

٦) السیره الذاتیه الروائیه، **یمنی العید**، فصول، عدد ٤ ص ٤٢ شتاء ١٩٩٧ القاهره.

٧) جوانب من شعریه الروایه، **احمد صبره**، فصول، عدد ٤ ص ٤٢ شتاء ١٩٩٧ القاهره.

٨) الروح الحیه ـ جیل الستینات فی العراق، **فاضل العزاوی**، ص ٤٥، دار المدی ١٩٩٧ دمشق.

٩) هەڵكشان بەرەو لوتكە، **عەبدوڵڵا سەڕاج**، ل٢٨٥، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی ١٩٨٩ بەغدا.

## ٢) بۆنی خوێن

هەفتەی پێشوو دوو کتێبم بە دەست گەیشت. یەکەمیان شانۆنامەی (هارون ئەلرەشید)[١] لە چیرۆکنووسی ناسراو «محەمەد موکری»یەوە، دووەمیان (ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو)[٢] لە «سابیر کۆکەیی»یەوە کە پێشتر ناویم نەژنەوتبوو.

مێژووی نووسراو بە شێوەیەکی گشتی ئەو مێژوومیە کە دەسەڵاتداران نووسیویانە، یان لە قازانجی وان نووسراوە. شانۆنامەکەی «موکری» و بیرەوەرییەکانی «کۆکەیی»ش هەر نووسینەوەی دیرۆکن، وەلێ لە ڕوانگەی بێدەسەڵاتانەوە. مەرج نییە ئەو مێژووەی کە قوربانی دەینووسێتەوە هەمیشە ڕاست بێ، وەلێ ئەو دیرۆکەی کە جەللاد تۆماری دەکا، هەمیشە ساختەیە.

ئەو دوو کتێبە ئەگەرچی یەکەمیان باسی ڕابردوویەکی دوور و دووەمیان باسی چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دەکا، بەڵام هەردووکیان هەمان بۆنیان لێ دێ، بۆنی خوێن. لە شانۆنامەکەدا هارون ئەلرەشید، (بەرمەکی)یەکان قەلاچۆ دەکات و لە بیرەوەرییەکانی کۆکەییشدا، سەددام حسێنی وەچەی ئەو خەلیفەیە کورد ئەنفال دەکا.

لە ڕوانگەی موکرییەوە هەرچی دەستی لە دەسەڵات گیر ببێ، بەراوەژوو سوودی لێ دەبینێت و بۆ ئەوەی دەستی لە ملی ئەسکەملی دەسەڵات بەر نەبێت، سڵ لە گرتنەبەری هیچ ڕێبیەکی پۆخڵ ناکاتەوە. ئەمەی موکری بە دەقێکی هونەری و بە زمانێکی پاراو پێی گوتووین، کۆکەیی ڕاستەوخۆ لە ڕێی گێڕانەوەی ژیننامەی خۆیەوە گوتوویەتی.

«برا دوور و خزم دوور و کەسم دوور
بە نابەڵەد تەمەن دەمبا بەرەو ژوور
بەڵام ڕوونە بەرەو سێدارە چوونە
خەنەی خوێنم لە پێ دەگرێ ئاڵای سوور»

ئەو شیعرە کە هونەرمەند «حەمە جەزا» دەیچڕێت، «مەلا عەلی» کە ١٩٧٩ بەعس لە سێدارەی دا، لە زینداندا نووسیویتی. «جەمالی عەلی باپیر» لە تۆڵەی ئەوەدا کە خەبەری لە مەلا عەلی دابوو، کوێخا «برایمی سابووراوا»ی چاوساغی بەعسی بە سزای ڕەوای گەل گەیاند.[٣]

سابیر کۆکەیی لە ڕێی مەلا عەلییەوە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ئاشنا دەبێت و هەر دوای گرتنی ئەو، ئەمیش دەگیرێت. لە زینداندا، سەروەختی ئەشکەنجەدان، شەقێک لە ملی دەدەن، دەستبەجێ میز بە خۆیدا دەکات و لەوساوە، خۆی گوتەنی کە ٢٢ ساڵ بەسەر ئەو شەقەدا تێپەڕیوە، هێشتا میزی بە باشی بۆ ڕاگیر ناکرێ.[٤]

ئەو وەختەی سابیر زیندانی دەبێ، «بەرهەم ئەحمەد ساڵح»یش دەگیرێ، لێ زیندانییەکان بە بەعسی تێدەگەن و خۆیانی لێ دەپارێزن. پاش چەند ڕۆژێک، بەرهەم بێ ئەوەی پەنجەی لێ بدرێ، ئازاد دەکرێ و ڕژێم بە ناوی خوێندنەوە بۆ لەندەنی دەنێرێ.[٥]

کە ١٩٨٢/٧/١ «سەلاحی موهەندیس» لە شەڕی لەشکری ئیسلامیدا شەهید دەبێ، هاوڕێ جەباری فەرماندەی کەرت و شێخ محەمەدی ڕابەری سیاسی کە هەردووکیان خزمی سەلاح دەبن، لە (بەرگەڵوو)ەوە بە ڕاکردن دێن و دیلە ئیسلامییەکان کە لە نەخۆشخانەکەی (مالوومە)دا دەبن، بە بەر چاوی سابیرەوە کە پاسەوانیان دەبێ، دەدەنە بەر دەستڕێژ.[٦]

دوای هەرەسی وتووێژی نێوان بەعس و یەنک، ئێران بە چڕی و بە ئاشکرا هاتوچۆی سەرکردایەتی یەنک دەکا، ئەو سەروەختە، چەند مانگێ پێش ئەنفال، مام جەلال لە بری (کوردستان یان نەمان)، بەردەوام دەڵێت: «ئەم بەهارە، یان دەفڕین، یان دەترین».[٧]

١٩٨٧، عارف و سەدیق لە گوندی (کرژە) ماڵێک بە سەر پۆلێک پێشمەرگەدا دەتەقێننەوە و هەڵدێن، حاکم قادر لەبری ئەوان، فەرمانی گوللەبارانکردنی دوو منداڵ: ڕەفیق و مارف، کە برای ئەو دوو تاوانبارە دەبن، ئیمزا دەکا![٨]

١٩٨٧/١١/١١، هێزێکی گەورەی یەنک کە «قادری حاجی عەلی» فەرماندەی دەبێ، بەسەر گوندی (چەرمەگا)دا دەدات، دەست لە کەس ناپارێزێت و گەلێ کەسی بێ تاوان و تەنانەت ئەندامێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش: قالەی ئافتاو کە خەڵکی ئەو گوندە دەبێ، دەکوژێ.[٩]

کەم کەس هێندەی «عەلی بچکۆل» بۆ کورد ماندوو بووە، تەنانەت سەروەختی ئەنفالیش لە (چەمی ڕێزان) مایەوە، کەچی هەر کە ڕەخنەیەکی دۆستانەی لە یەک گرت، بە پەلەپرووزێ بۆ پاکستان هەڵنەهاتبا، «نەوشیروان مستەفا» دەیدا بە دادگای شۆڕش و بە سزای ڕەوای گەلی دەگەیاند![10]

«شەوکەتی حاجی موشیر» کە سەروەختی ئازادکردن، تاڵانکردن و ژاوبارانکردنی هەڵەبجە فەرماندەی هێزەکانی یەک بوو لەو شارە شەهیدکراوە، دەڵێ: «کە هەستمان کرد، بۆنێک دێت، لە بۆنی سیر دەچێ، خێرا هانامان بۆ پۆشاک و ماسکی دژی چەکی کیمیایی کە پێمان بوون، برد».[11] کەچی کە خێزانی «تۆفیقی کارەبا»ی هەژاری بێ ماسک و بێ پۆشاکی دژەکیمیایی ١٩٩٨/٣/١٥ هەڵەبجە جێ دەهێڵێن و دەگەنە گوندی عەبابەیلێ، چەکدارەکانی شەوکەت بە زۆر بۆ هەڵەبجەیان دەگەڕێننەوە و بۆ سبەینێ گرەی چەکی کیمیایی گەڵای ژیانی هەموو ئەندامانی خێزانەکە هەڵدەوەرێنێ.

وەک باوە هەمیشە خەڵکی شار لە ترسی جەوری ڕژێم هانایان بۆ گوند بردووە، وەلێ لەسەروەختی ئەنفالدا خەڵکی گوند هانایان بۆ شار دەبرد. ئەو گوندنشینەی شاری گڕ دابا، لە ئەنفال قوتاری دەبوو، ئاخر ئەنفال تایبەت بوو بە قەلاچۆکردنی گوندنشینەکان. خەڵکی ناوچەکە نابێ گوندەکانیان چۆڵ بکەن. ئەوە بانگەوازی سەروەختی ئەنفالی سەرکردایەتی یەک بوو. کە خەڵکی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی تیپی ٢٣ی (سووورداش) دەیانەوێ ناوچەکە چۆڵ بکەن و ڕوو بکەنە شار، پێشمەرگە بواریان نادات و پێیان دەڵێ: «بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی نابێ ناوچە ئازادکراوەکان بە جێ بهێڵن».[12] ئەمە قسەی من نییە، قسەی «سابیر کۆکەیی»یە، کە سەروەختی ئەنفال فەرماندەی کەرتی چواری تیپی ٢٣ی سووورداش بووە. کە خەڵکی شاری هەڵەبجە لە ترسی کیمیایی بەرەو لادێ هەڵدێن، یەک ڕێیان لێ دەگرێ، کە خەڵکی گوند لە ترسی ئەنفال بەرەو شار هەڵدێن یەک ڕێیان لێ دەگرێ!

هەر کتێبێ بخوێنمەوە، تێیدا بۆ دەربڕینی شاعیرانە و وێنەی شیعری دەگەڕێم. سابیر کۆکەیی کە باسی کۆکوژییەکەی «چەرمەگا» دەکا، دەڵێ: «گوللە بەر گوللە دەکەوت».[13] سەروەختی هێرشی یەک بۆ (پشتئاشان)، پێشمەرگەیەک کە ناوی بەدرخان دەبێ، تۆپێکی بەردەکەوێ و لەتوپەت دەبێ. سابیر دەنووسێ: «دڵی بەدرخان بە پەلی دارەکەوە هەر لێی دەدا».[14]

٢٠٠٢/٠٥/٠٥

١) موکری، هارون ئەلرەشید، شانۆنامە، چاپخانەی داناز، ٢٠٠١ سلێمانی.

٢) سابیر کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، ل ٢٧٨، لەندەن ٢٠٠١.

٣) هەمان سەرچاوە، ل٦٠. شیاوی گوتنە بەعس کوێخا و موختارەکانی کڕیبوو. کوێخا جاسووسی ڕژێم بوو لە گوند، موختاریشماڵی تێکۆشەرانی شاری نیشانی ئاسایش دەدا.

٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٥.

٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

١٠)سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥.

١١) شوکت الحاج مشير، كارثه قصف حلبجه، ت: چيا قرداغي، مجله پەيڤين العربي عدد ٨، ص ٨٥، السليمانيه ٢٠٠١.

١٢) سابیر کۆکەیی،...، ل ٢٧٩.

١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٧.

١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

## ٣) یەک بە ڕەخنە باڵانسی تێک دەچێت

سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ یەک کە بە دەست شەڕی ناوخۆوە دەیناڵاند، لە ناکاو جاڕی دا: کوڕینە وەختێتی، با قودسی کوردستان ئازاد کەین. ئەوە بوو لە ڕادیۆی دەمگەرمی حیزبەوە ئەم بانگە گۆمی گوێی میللەتی شڵەقاند: ئەی خەڵکی خۆڕاگر، گەر ئێوە خوازیارن کەرکووکی گلێنەی چاوی کورد ڕزگار بێ، پێشمەرگە تەنیا هەر ناوساجی پێویستە. پیاوێکی قسەخۆش کە گوێی لەو بانگە بوو ئاوای گوت: جاران هەر ڕۆژووی پێ دەگیرا، هەنووکە کەرکووکیش بە زەبری ناوساجی دەگیرێ.

دەیان وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی پشتگیریی لە فەلەستین دەکەن و قودس هەر بە دەست ئیسرائیلەوەیە. ئەگەر کەرکووکیش قودسی کوردستان بێ، ئەوا ئێمەی بێ پشت و پەنا مەحاڵە پێی شاد ببینەوە. بریا مام جەلال لەو گوتەیەی پاشگەز دەبووەوە و کەرکووکی بە شارێکی داگیرکراو کە ئازادکردنی مومکین بێ، نەک مەحاڵ، دەچوواند.

ماوەیەکە یەک زوو زوو خۆی دەکاتە کەرەسەی تەنز. کە ڕێزی لە خەباتگێڕە دێرینەکانی خۆی گرت، ئاهەنگی ڕێزلێنانەکە بە ئەی ڕەقیب دوایی هات، بە مەرجێ چارەکە سەدەیەک بەر لە ئێستا، ئەو ئەی ڕەقیبخوێنانە(لەسەر کێشی قورئانخوێن، دامرشتووە)، سەر و بنی زمانیان سروودی ئینتەرناسیۆنالیزم: هەڵسن لە خەو کۆیلە و برسی ئەم جیهانە، بوو. کێ دەڵێت لە دوا بڕگەی ڕێزلێنانی تاقمی داهاتوودا، کۆتری (فەتە ڕۆ) لە شەققەی باڵ نادا!

کۆتایی ساڵانی شەست، کە هێشتا مام جەلال هیچی وای بۆ کورد نەکردبوو، دەستی بەسەر عەلوەکەی سلێمانیدا گرت و بێ پرسی خۆی نە یەک کیلۆ (ک)وولەکە، نە یەک چەپک (ک)ەوەر دەگەیشتە دەست هیچ هاووڵاتییەک. ئێستا بەرپرسی (کاف)ێکی دیکەیە، ئەوە نییە خودی خۆی ماڵ بە ماڵی هەولێر دەگەڕێت و پارەی (ک)ارەبا خڕ دەکاتەوە.[1]

«ناتوانین بڵێین کەرکووک شارێکی کوردی یە»، ئەوە دەقی قسەی دۆکتۆر «بەرهەم سالح»ە و لە The Daily Telegraphی ٢٠٠٢/

٢٤/٥/٠ دا بڵاو کراوەتەوە و (یەنک)یش هەمان نووسینی لە سایتەکەی خۆیدا وەک خۆی بۆ ماوەی هەفتەیەک دابەزاندبوو، ئەمەش ئەوە دەردەخا، کە ئەوە تەنیا بۆچوونی بەرهەم سالح نییە، بەڵکوو هی یەکێتیشە. هەفتەیەکی ڕەبەق یەنک هیچ گلەییەکی لەو قسەیەی بەرهەم نەبوو، وەلێ کە خەڵکێکی زۆر نارەزاییان بەرانبەر ئەو گوتەیە دەربڕی، ئەوسا یەنک بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی، کەوتە جنێوبارانکردنی سایتی Kurdish media، بەوەش گەلێ دوژمنی دیکەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

کە بیرۆی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی پدک، ٢٠٠١/١٠/١٠ نامەیەکی بۆ وەزیری دادی دانمارک هەنارد و تێیدا داکۆکی لە تاوانکاری جەنگ «نیزار خەزرەجی» کرد، ئەوە سایتی (کوردیش میدیا) بوو، ئەو هەڵوێستەی ڕسوا کرد. ئەو وەختە یەنک، کوردیش میدیای بە سایتی خۆی دەزانی و پەسنی دەدا.

تاوانی «ڕێبوار فەتاح» چییە کە «بەرهەم سالح» لە The Daily Telegraph دا دەڵێ: کەرکووک شارێکی کوردی نییە؟ ئەگەر یەنک پەرێزی خاوێن بووایە، پەلاماری The Daily Telegraphی دەدا، نەک Kurdish media و ڕێبوار فەتاح.

لە ڕوانگەی «جەمال عەبدوڵڵا»وە کە یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە هەرە ڕەسەنەکانی نێو یەنک، کوردیش میدیا لە (زەلکاوی جاشێتی) دایە و بەرپرسەکەشی کەسێکە زەلیل و ڕسوا و کەسیف.[2] تەنانەت سەرنووسەری (کوردستانی نوێ)ش بالانسی تێک دەچێت و هەر بە هەمان زمانی بازاڕی دێتە قسە و سایتی کوردیش میدیا بە (درۆخانە) دەچوێنێت.[3] یەنک لایەنێکی هێندە عێراقپەرستە یازدە ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا گوزەری کردووە، کەچی تازە ڕۆژنامەنووسە هەرە هۆشیارەکەی بە گوێرەی یاسای سزادانی عێراقی، ڕێبوار فەتاحی ئینگلستاننشین بە دادگا دەدا![4]

جەمال عەبدوڵڵا کە گومان لە هۆشیاریی د. ڕێبوار فەتاح دەکا، دیارە ئەویش خوازیارە خۆی بکاتە کەرەسەی تەنز، ئاخر ڕاگەیاندنی یەنک بە درێژایی تەمەنی هەرگیز کەسێکی هاوشانی ڕێبوار فەتاحی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئاخر سەرنووسەری کوردستانی نوێ، بە بەراورد لەگەڵ ڕێبوار فەتاحدا، بێسەوادە.

کەرکووک شارێکی کوردی نییە. ئەو قسەیە چونکە بەرهەم سالح کردبووی، بە لای منەوە هیچ سەیر نەبوو، ئەوەم پێ سەیر دەبوو، کە جەختی لەسەر کوردبوونی کەرکووک کردبا. ئاخر هەر چەند ڕۆژێ پێشتر لە (کوردسات)ەوە، شتی لەو بابەتەی گوتبوو. ئاخر لەمێژە یەنک زوو زوو لەبەردەم تورکیادا دەنووشتێتەوە. هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە کە مام جەلال بۆ سیزاری نووسیبوو: «پێوەندی دێرینی نێوان تورک و کورد بەو خوێنە پاکەی هەردوو لا ئاو دراوە کە لە گۆڕەپانەکانی داکۆکیکردن لە ئیسلام و کۆماری تورکیا و جەنگی ڕزگاریخوازیدا کە ئەتاتورک سەرکردایەتی دەکرد، ڕژاوە».[5] مام جەلال ئێستاش تامەزرۆ و پەرۆشی ئەو ڕۆژانەیە کە بەشێک لە کورد، (سوارەی حەمیدی) بوون، هەر بۆیەش لە دوا سەردانیدا بۆ تورکیا (نەورۆزی ٢٠٠٢)، وشەی (فیدراڵ)ی نەخستە ڕستەوە و تەنانەت بە دەستی خۆی فایلی ئەو کادیرەی پەکەکەی پێشکەش بە تورکیا کرد کە تازەکی پێوەندیی بە ڕیزەکانی یەنکەوە کردبوو. مام جەلال، هاوینی ١٩٩٥ بۆ ڕژێمی تورکیا دەنووسێ: «ئێمە ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەکین لەگەڵ ئێوەدا. ڕۆژگار دەیسەلمێنێت کە یەنک هاوپەیمانی ڕاستەقینەی کۆماری تورکیایە. ئێمە هەرگیز نائومێدتان ناکەین».[6]

کەرکووک شارێکی کوردی نییە؟ هێشتا ئەم قسەیەی «بەرهەم» ئەهوەنترە لەوەی کە «عەدنان موفتی» جێگری، هەر ئەم بەهارە لە شام گوتی: «کوردستان بەشێکە لە عێراق». کە هاتە سەر (کوردسات)یش هەر هەمان قسەی دووبارە کردەوە. قسەکەی بەرهەم سالح شتێکی تازە نییە، درێژەپێدانی ڕێکەوتننامە ئابڕووی کوردبەرەکەی نێوان یەنک و بەرەی تۆرانی یە. کە ئەو دەڵێت کەرکووک شارێکی کوردی نییە، بە موو لەو سیاسەتە لای نەداوە کە مام جەلال نەخشەی کێشاوە.

ئەوە ڕێکەوت نییە، کە سکرتێری یەنک، بەرهەم سالح لە ئەمریکاوە دەهێنێتەوە و لە مەکتەبی سیاسی (تەعین)ی دەکات و دواتر دەیکات بە سەرەکوەزیران. ئەو سیاسەتە بەرەو نشێوەی مام جەلال هەنووکە نەخشەی دەکێشێت، بێجگە لە بەرهەم سالح، هیچ سەرکردەیەکی دیکەی نێو یەنک هێندە نیانڕەو نییە، جێبەجێی بکات.

ماوەیەکە خۆم کۆنترۆڵ کردووە و دەم لە سیاسەتەوە کە لای خۆمان شتێکی پیسە نادەم، لێ یەنک و پدک لێ ناگەڕێن، بێدەنگ بم. ٢٠٠٢/٠٥/٠٧، پدک یاسای حیزبەکانی هەموار یان ڕاستتر ناهەموار کرد، ئەو ڕەوتارە هێندە لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاوە دوور بوو، تەواو لە هەڵسوکەوتی بەعس دەچوو. بە گوێرەی یاسای هەموارکراو مەرجەکانی مۆڵەتدان بە حیزبێکی نوێ هێندە دژوارن، ئیدی مەحاڵە لە سایەی ئەو یاسایەدا، لە کوردستان مۆڵەت بە حیزبێکی تازە بدرێت. پارتی لە ماوەی بێدەنگی مندا هەنگاوێکی نادیموکراتییانەی دیکەشی نا، پەلاماری بەشێک لە نووسەرە سەربەخۆکانی دا و ئیدی یان نانبڕاوی کردن، یان مووچەی کەم کردنەوە، یان کارێکی بێبایەخی لەگەڵ توانایاندا نەگونجاوی بەسەردا سەپاندن.

٢٠٠٢/٠٦/٠٧

١) لە مام جەلالەوە، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٢/٦/٤ لاپەڕە١.

٢) *کوردستانی نوێ* ٢٠٠٢/٦/٥ لاپەڕە ٧.

٣) سەروتاری *کوردستانی نوێ*، ڕۆژی ٢٠٠٢/٦/٥.

٤) *کوردستانی نوێ* ٢٠٠٢/٦/٥ لاپەڕە ٧.

٥) (بروسکەی مام جەلال بۆ سیزار سەرکۆماری تورکیا) بە کوردی، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٠/٥/١٨، بە عەرەبی، الاتحاد ٢٠٠٠/٥/١٩.

٦) نامەی مام جەلال بە خەتی خۆی.

## ٤) میری قەڵەمفرۆشان

کە سەددام حسێن بەهاری ١٩٨٣ سەردانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەکا و بۆ نووسەرانی کوردی بەغدانشین

دەپەیڤێ، «سەلاح شوان» هێندە جێی متمانەی سەرۆک دەبێ، لە نێو ئەو هەموو بەعسی و قەڵەمفرۆشانەی پایتەختدا، ئەو و موسڵیح جەلالی لە تەنیشت خۆیەوە دادەنێ.[1]

جارێ بەرپرسی شوعبەیەکی بەعس، بە حزووری سەددام دەست دەبا قەڵەمەکەی لە گیرفانی دەربهێنێ، پاسەوانێک گومانی لێ دەکات، پێش ئەوەی قەڵەمەکەی دەربهێنێ، بە دەستڕێژێک ڕۆحی دەردەهێنێ. ئەو ڕووداوەم بۆیە گێڕایەوە، تا خوێنەر بزانێ سەلاح کە لەسەر هەمان مێز لەگەڵ دیکتاتۆردا دانیشتووە، چەند جێی متمانەی سەرسەختترین دوژمنی گەلەکەمان بووە.

هاوینی ١٩٨٣ دوای هێرشێکی ئێران بۆ ناوچەی حاجی هۆمەران، بەعس لە ئۆردووگای (قوشتەپە) هەشت هەزار بارزانیی سیڤیل دەگرێت و سەددام گوتەنی ڕەوانەی دۆزەخیان دەکا. سەلاح لە ئۆرگانی بەعس و لە ٣١ی تەممووزدا کە ڕەشترین ڕۆژە لە مێژووی کورددا، ئاخر بەعس لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتی خۆی سەپاند، قەلاچۆکردنی بارزانییەکان بەرز دەنرخێنێت و پدک بە تاقمێکی بەکرێگیراوی نەفرەتلێکراو لە قەڵەم دەدات و بە ناوی ڕۆشنبیرانی کوردەوە پیرۆزبایی لە سەرۆکی عێراق دەکا.[2]

کە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتا سەلاح شوان بە هاوکاریی «عەبدوڵلا عەباس» و «عەبدولوەهاب تاڵەبانی»، هەفتەنامەی (ئاسۆ)یان لەسەر خواستی موخابەرات لە بەغدا دەردەکرد، ئەو وەختە ئاسۆ بە «کۆسرەت ڕەسووڵ»ی دەگوت: عەبە چاوچنۆک، کەچی هەنووکە سەلاح خۆی بە هەواداری ینک دەناسێنێ!

(ئاسۆ) ساتیرەشیعرێکی منی کە تێیدا ڕەخنەم لە سەرانی ینک گرتبوو ــ گوایە بۆم ناردووە، بڵاو کردبووەوە. نازانم چۆن ئەو شیعرەی من گەیشتبوە ئەوێ، لێ من هەرگیز لە بڵاوکراوەی ڕووزەردی سەر بە دوژمنی داگیرکەردا، ڕەخنەم لە لایەنە کوردییەکان نەگرتووە؛ ئەمە بێجگە لەوەی چەندان ساڵ پێش نووسینی ئەو هۆنراوەیە، ناوم لە لیستی ڕەشی ڕژێمدا بوو.

سەلاح چونکە ڕەفیق حیزبییەکی دێرین و بە توانا بوو، پێی وابوو ــ هەقیشی بوو، دەبێ لەو برە پارەیەی موخابەرات بۆ (ئاسۆ)ی تەرخان کردبوو، بەشی شێری پێ ببرێت و وەهاب و عەبدوڵلاش دەیانویست وەک برا بەش بکرێ، بۆیە نێوانیان تێکچوو.

سەردەمی بای مەرگ و ئەنفال سەلاح شوان سەرۆکی ئەو یەکێتییە کارتۆنییەی ئەدیبان و نووسەران بوو، کە ڕژێم کوردە بەعسی و قەڵەمفرۆشەکانی تێدا کۆ کردبووەوە. ئەو هیچ بۆنەیەکی لە کیس خۆی نەدەدا و بەردەوام بروسکەی پیرۆزبایی بۆ جەللادی گەلەکەمان دەنارد و سەرسەختانە قەڵەمەکەی لە خزمەتی ئەنفالکردنی کولتووری کوردیدا خستبوە گەڕ.

کە ئەنجوومەنی هاوکاریی عەرەبی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩دا لە نێوان عێراق، میسر، ئەردەن و یەمەنی باکووردا پێک دێت، سەلاح بە ناوی ئەدیبان و نووسەرانی کوردەوە! پیرۆزبایی بۆ ــ خۆی گوتەنی ــ سەرۆکی تێکۆشەر و لێهاتوو دەنێرێت و دڵخۆشی خۆی بە بۆنەی پتەوبوونی باسکی عێراقەوە دەردەبڕێت و ئاوات دەخوازێ بازووی بەعس پتەوتریش ببێت.[3] بەعس لە شەڕی ئێران ڕزگاری دەبێ، کوردستان خاپوور و کوردیش کیمیاباران و ئەنفال دەکا، کەچی سەلاح بە هێندەش قایل نابێت و خەون بە بەهێزتربوونی ڕژێمی داگیرکەرەوە دەبینێ.

پدک و ینک دوای ڕاپەڕین، بۆ خڕکردنەوەی زۆرترین دەنگ، دەرگای ئامێزیان بە ڕووی بەعسییە کوردەکاندا دەکەنەوە. چونکە لە جیهانی بۆگەنی گەڕان بە دوای بەرژەوەندییە تەسکە حیزبییەکاندا، هیچ هێڵێکی سوور نییە، ئەو کارەی ئەو دوو نەیارەش شتێکی سەیر نییە، ئەوە سەیرە ئەو بەعسییە کوردانە پێیان وابێ، تەنیا بەوەی فلان لایەن ئاوڕێکی خێری لێ داونەتەوە، ئیدی ڕابردووی تاریکیان، ڕۆشن بووەتەوە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە سەباح ڕەنجدەر، بۆ «دەوڵەمەندکردنی!» باسەکەی هانا بۆ شیعری بەعسییەکی ناسراوی وەک سەلاح شوان دەبا![4]

ڕۆژنامە چۆن دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، کە بەشێکی گرینگ لەوانەی تێیدا بنووسن، هەر ئەوانە بن، کە چالاکانە بەشدارییان لە ئەنفالکردنی ئەدەب و کولتووری گەلەکەماندا کردبێ! قەڵەمفرۆشان چۆن بتوانن هێزێکی گوشار بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی پێک بهێنن و بەشداری لە بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بکەن، کە ئاواتی بەرزیان ئەوەبێ، بە گۆرانی هەڵگوتن بە باڵای دەسەڵاتدارانی نوێدا، ڕابردووی ڕەشیان سپی بکەنەوە.

«شێرکۆ بێکەس»ی شاعیر کە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیریی ڕژێمی هەرێمی کوردستان دەبێ؛ چونکە وەزارەتەکەی تژی دەبێ لە بەعسی، زێتر لە پەنجا نووسەری ڕابردووخاوێنی سلێمانی، بە یادداشتنامەیەک داوای پاکسازیی لێ دەکەن[5]، وەلێ سەرچاوەی ئاوەکە هێندە لێڵ دەبێ، ڕۆشنکردنەوەی لە سەروو توانای وەزیری شاعیرەوە دەبێ.

ئەوانەی ماڵیان لە شووشە بێت، شەڕە بەرد ناکەن، کە ڕابردووپۆخڵێک شەڕەبەرد دەست پێ دەکا، دەشێ بە زەبری پیری، تیغی بیری کول بووبێت و ڕابردووی بێ تروسکەی خۆی لە یاد چووبێتەوە.

٢٠٠٢/٠٤/٢٧

١) گۆڤاری *بەیان*، ژمارە١٦، ئایاری ١٩٨٣ بەغدا.

٢) ڕۆژنامەی *الثورە*، ئۆرگانی بەعس، یەکشەممە ٣١ی تەممووزی ١٩٨٣ ژمارە: ٤٨٢٢.

٣) ڕۆژنامەی *العراق*١٩٨٩/٢/٢٦.

٤) بە ماناکردنی سرووش لە شیعردا، **سەباح ڕەنجدەر**، *ڕامان*، ژمارە ٦٩، ل ٥٧، ئاداری ٢٠٠٢ دەزگای گوڵان، هەولێر.

٥) پاکسازیی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی، گۆڤاری *خەرمانە*، ژمارە ٩ و ١٠، ل ١١، سوید ١٩٩٣.

✧ ✧ ✧

# سەلمان روشدی و حەقیقەت لە ئەدەبیاتدا

بەشی دووهەم و کۆتایی

دوکتور «صادق جلال العظم»

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئەنوەر سوڵتانی

وەک لە سەرەتای بەشی یەکەمی وتارەکەشدا ڕامگەیاند، ئەم توێژینەوەیە لایەنی ئەدەبیی کتێبی سەلمان روشدی گرتۆتە بەرچاو و، هەر بەم بۆنەیەوە وەرمگێڕاوەتەوە سەر کوردی. لایەنی سیاسی و ئایینی مەسەلەکە لەم وتارەدا باسی لێوە نەکراوە و وەرگێڕ نایەوێ خۆی تێکەڵاوی ئەو لایەنانە بکات.

لەم بەشەی وتارەکەدا، نووسەر دەچێتە سەر باسی ریوایەتی «غرانیق» و کەڵک لە ریوایەتێکی «تاریخ طبری» وەردەگرێ بۆ ئەوەی بڵێ سەلمان روشدی ئەم بابەتەی لە سەرچاوە عەرەبی و ئیسلامییەکان وەرگرتووە و بیچمی ڕۆمانی پێ بەخشیوە، بێ ئەوەی شتێکی لێ زیاد بکات.

پێویستە بگوترێ سەرجەمی کتێبەکەی «صادق جلال العظم» لە لایەن «تراب حق شناس»ەوە کراوەتە فارسی، بەڵام ئەو هەڵبژاردەیەی کتێبەکە ـ کە لێرەدا تەرجەمە کوردییەکەی دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، وەرگێڕاوی «محمد ایروانی» یە. ئەم خاڵە لە سەرەتای بەشی یەکەمدا دەستنیشان نەکرابوو. **وەرگێڕ**

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

لێرەدا، بۆ داکۆکیکردنی عەقڵانی و سیاسی و مێژوویی لە دوو ئایەتی شەیتانی یاخود ڕووداوی غەرانیق، دستنیشانی چەند خاڵی دیکە دەکەم:

یەکەم: «هشام بن محمد کلبی» لەو لاپەڕانەی «کتاب الاصنام» [کتێبی بوتان]دا کە تایبەت بە «العزی» کراوە، گوتوویەتی کاتێ کە تایفەی قوڕەیش بە دەوری کەعبەدا تەوافیان دەکرد، ئەو دوو ئایەتەیان لە شێوازی خوارەوەدا دەخوێندەوە: «اللات و العزی و مناة الثالثه الاخری، فانهن الغرانیق العلی و إن شفاعتهن لترتجی» کە وا دەگەیەنێ کاتێ پێغەمبەر ئەو دەستکەوتە کاتییەی بە موشریکانی قوڕەیش دەدا، مەسەلەکەی بە زمان و سیمبۆلی خۆیان و بە گوێرەی داب و نەریتێک دەردەبڕی کە ئەوان لەو سەردەمەدا هەیانبوو، واتە کەڵکی لە «زمان»ی ئەو داب و ڕەسمانە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی مێژوویی وەردەگرت کە حەدیسی غەرانیق (بە دەقە ناسراوەکەیەوە) لەوەوە سەری هەڵدابوو؛ هەربۆیەش دواتر ئەم دوو ئایەتە بەم بیچم و شێوازەوە سەریان هەڵدا: «أفرأیتم اللات و العزی و مناة الثالثه الاخری».

دووهەم: لە نێوان حەدیسی غەرانیق و ئەو ئایەتەی وا لە مەدینە هاتەخوارەوە و ئاماژە بە هەڵوەشانەوەی حەدیسەکە دەکات، کەلەبەرێکی نزیک بە دە ساڵان هەیە. ئایەتەکە بە شێوەی خوارەوەیە: «و ما ارسلناک من قبلک من رسول و لانبی الا ذا تمنی القی الشیطان فی امنیته فینسخ الله مایلقی الشیطان ثم یحکم الله آیاته و الله علیم الحکیم» (ئێمە پێشتر هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد مەگەر هەرکاتێ هەرچییەکی بە ئاوات خواستبێ، شەیتان دەستی لە ئاواتەکەی وەرنەدابێت. پاشان خودا هەموو ئەو شتانەی وا لە ڕێگەی دەستێوەردانی شەیتانەوە هاتبن هەڵدەوەشێنێتەوە و ئینجا خودا نیشانەکانی خۆی قایم و جێگیر دەکات و زانا و تێگەیشتووشە ـ سووڕەی حەج، ئایەتی ٥٢).

لەوەی گومان وادەردەکەوێ کە دوور نییە حەدیسی ناوبراو لەوساڵانەدا وەک بەشێک لە قورئان سەیر کرابێت. لە تەفسیری «ابن کثیر»یشدا ئاماژەیەک هەیە وا دەگەیەنێ کە حەدیسی غەرانیق تەنانەت چووبوە ناو هەندێ نوسخەی قورئانیشەوە کە یارانی پێغەمبەر بە دەستیانەوە بوو و کەڵکیان لێ وەردەگرتن...[٢٣]

... یەک لەو بابەتانەی وا بوونەتە هۆی تووڕەیی هەندێ کەس لە سەلمان روشدی و ئایەتەشەیتانییەکان، ئەوەیە کە یەک لە کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە ناوی «ماهوەند» (یاخود بە عەرەبییەکی باشتر «ماحوەند» ە و ئەوەش ناویلکەیەکە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوڕاست بە پێغەمبەری ئیسلام دەدرا. هەروەها ئەو شێوازە پڕ لە سووکایەتی (یا بە ڕواڵەت پڕ لە سووکایەتی)یەی وا چیرۆکی ئایەتەشەیتانییەکان بە پەیوەندی نێوان جبرەئیل و پێغەمبەر (واتە شێوەی وەحی بۆ کران و پێغەمبەرایەتی و هتد...)ی دەدات.

هەموو ئەو شتانە دەتوانرێ لە لاپەڕەی ١٦٣ی دەقی چیرۆکی «منداڵانی نیوەشەو»دا ببینرێ کە بە هەمان شێوەی پڕ لە سووکایەتی ناوی ماحوەند و جبرەئیل دەهێنێ و باسی هەمان بابەتیش دەکات. لە چیرۆکی ناوبراودا

ئاماژەیەکی ڕوون بە «اللات»و «الله» (و پەیوەندی نێوان دوو وشەکە لە باری گەردان(تصریف) و وشەسازی(اشتقاق)ەوە کراوە. هەروەها باسی کەعبە و حجرالاسود و مەسەلەی کۆکردنەوەی قورئان دوای وەفاتی پێغەمبەر و تەنگ و چەڵەمەی مەترسیداری دوای وەفاتی ئەو دەکات، لەگەڵ باسی هەندێ ڕووداو و مەسەلەی ئەوتۆ، کە ڕوشدی دواتر بە دوورودرێژی لە ڕۆمانی «ئایەتەشەیتانییەکان»دا هێناونی.[24]
نموونەیەکی تر، چیرۆکی «شەرم»ە، کە تێیدا سەلمان ڕوشدی گاڵتە بە کۆمەڵگای لایەنگری بەڕێوەبردنی یاسا ئیسلامییەکان و ناتەبایی و دووڕوویی نێوان ئەندامەکانی دەکات لەبەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایانە شەریعەت تەنیا لە تەعزیر و تۆڵەسەندنەوەدا خولاسەدەکەنەوە و وەک کەرەسەیەکی دیکەی داپڵۆسین دەیدەنە دەست دیکتاتۆرە عەسکەرییەکانی حاکم لە پاکستان.[25]
بە شێوەیەکی تر، ڕۆمانی «ئایەتەشەیتانییەکان» بەڕاستی هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە جگە لە باسی بە وردەڕیشاڵی وردبوونەوە لە هەندێ بابەت. ئەوەش نیشان دەدات کە مەلاکانی ئێران وا پەسندی ئەو شوێنەوارە ئەدەبییانەی پێشوویان کردبوو و خەڵاتیان پێدابوون، کاتێ کە نووسەریان مەحکووم بە ئیعدام دەکرد، بابەتەکەیان بە باشی نەخوێندبووەوە یاخود ئەو تەرجەمەیەی وا مەلاکان پێی گەشابوونەوە، وەرگێڕاوێکی ناتەواو و یەکجار ئاڵوگۆڕکراو بوون...

... هیچکام لە ڕەخنەگرانی عەرەب ڕێزیان لە عەقڵ و داوریکردنی خۆیان نەگرتووە وپێش ئەوەی ڕایبگەیێنن کە سەلمان ڕوشدی لە کتێبی «ئایەتەشەیتانییەکان»دا چی گوتووە، لافاوی جنێو و قسەی ناحەز و تاوانبارکردنیان بەرداوەتە گیانی کتێب و نووسەرەکەی؛ ئەوەش واتای بێبەشکردنی خوێنەرە لە مافی سەرەتایی خۆی بۆ ئەوەی سەربەخۆیانە سەبارەت بە کاری ئەدەبی سەلمان ڕوشدی و هەروەها ئەو تاوانە مەزنانە و ئەو جینایەتانە بڕیاربدات کە شایانی ئیعدامن و ڕەخنەگرانی ئێمە دەیدەنە پاڵ ئەو،[26] واتە ئەو ڕەخنەگرانە بەبێ ئەوەی کتێبەکە بخوێننەوە، خۆیان کردووەتە خاوەن بڕیار و ساحیب وەسیەتی خوێنەر.
با لە کتێبی «ئایەتەشەیتانییەکان» و ئەو بابەتە مێژوویی ـ ئایینییەوە دست پێبکەین کە بە «حەدیس یا ریوایەتی غەرانیق»ناسراوە لەبەر ئەوەی کە هیچ ڕەخنەگرێک نییە لە بەر هێنانی ئەو ریوایەتە و ئەوەی کە سەلمان ڕوشدی کردوویەتە عینوان بۆ کتێبەکەی، ناحەزترین جنێوی ئاراستە نەکردبێت. من بۆ ڕێزگرتن لە خوێنەر، لێرەدا پێش هەموو شتێک دەقی ئەسڵی حەدیسی «غەرانیق» بە تەواوەتی و بە هەمان شێوە دەهێنمەوە کە لە کتێبی «تاریخ طبری»دا هاتووە، بۆ ئەوەی بنەمایەک بێت بۆ ئەو باسەی کە ئێستا بەتوند و تیژی لە ئارادایە و تاوانی پڕ لە مەرگ و کوژران بە هەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە:

"پێغەمبەر ـ سڵاوی خوای لێ بێت، گەلێک بە تەنگەوەی باشتربوونی وەزعی خەڵکەکەی خۆی بوو و دەیویست بە هەموو شێوەیەکی گونجاو لێیان نزیک ببێتەوە. دەگوترێ کە ئاواتی ئەوەی دەخواست ڕێگەیەک بۆ ئەم نزیکبوونەوەیە بدۆزێتەوە، بۆ نموونە ڕووداوێک ڕوویدا، کە «ابن حمید»بەم شێوەیەی خوارەوە گێڕاویەتەوە:
«ابن حمید» لە زمان «سەلمە» و ئەویش لە زمان «محمد بن اسحاق»ەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێ پێغەمبەری خودا زانی کە خەڵک ڕووی لێ وەردەگێڕن و ڕوو وەرگێڕانەکەش بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانەی سەخڵەت دەکرد کە خودا لە ڕێگەی ئەوەوە لێی داخوازدەکردن، لە دڵی خۆیدا ئاواتی ئەوەی خواست کە خودا خەڵاتێکی ئەوتۆی پێ بدات کە لە خەڵکی نزیک بکاتەوە و بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە خەڵکی خۆشدەویست و زۆریان بەتەنگەوە بوو، زۆریشی پێ خۆش بوو کە ئەو شتانەی وا بەڕێوەبردنیان زەحمەتن، بۆیان هاسان بکرێتەوە بە شێوەیەک کە ئەو ئاواتەی هەمیشە لە دڵی خویدا دەگوتەوە و پێی خۆش بوو.
ئینجا خوداوەندی میری مەزن ئەم ئایەتەی بۆ ناردە خوارەوە: «والنجم اذا هوی ماضل صاحبکم و ماغوی و ماینطق عن الهوی» (سوێند بە ئەستێرە کە دێتەخوارەوە کە برادەرەکەتان لە ڕێگەی لانەداوە و ڕووی نەکردۆتە پڕوپووچ، قسەکانیشی بادی هەوا نین)، هەتا گەیشتە ئەو شوێنەی کە «افرأیتم اللات و العزی و مناة الثالثه الاخری» (ئایا [بوتەکانی]لات و عوززا و مەنات ئەوی سێهەمتان بینیوە؟).
لێرەدا شەیتان خەتەرەیەکی خستە سەر زمانی، کە لای خۆی وای بۆ چووبوو و بە ئاواتی خواستبوو کە بە هۆی ئەوەوە خەڵک بکاتە هاوڕێی خۆی: «تلک الغرانیق العلی و إن شفاعتهن لترتجی» (ئەوانەن پرستگەی بەرز و هیوای شەفاعەتیان پێ دەبەسترێ).
خەڵکی قوڕەیش کە ئەوەیان بیست، پێی گەشانەوە و شێوازی باسکردنی خوداکانی خۆیان [لە لایەن پێغەمبەرەوە] پێ پەسند بوو، ئینجا گوێیان بۆ هەڵخست ـ ئیمانداران [موسڵمانان] پەسندی هەموو ئەو شتانە دەکەن کە پێغەمبەر لە لایەن خوداوە بۆیان دەهێنێ و هیرگیز تاوانی هەڵە یاخود خەیاڵاوی بوونی نادەنە پاڵ.
کاتێ پێغەمبەر گەیشتە ئایەتی «سوجدە»و سووڕەی ناوبراوی کۆتایی پێهێنا، سوجدەی برد و موسوڵمانانیش لەگەڵ پێغەمبەری خۆیاندا سوجدەیان برد بۆئەوەی پەسندی ئەو شتە بکەن کە ئەو هێنابووی و ئیتاعەی فەرمانی ئەو بکەن. هەموو قوڕەیشییەکی نێو مزگەوت ـ بە کافر و غەیرەکافرەوە، هەر ئەوەندەی ناوی خوداکەی خۆیان بەرگوێ کەوت، کەوتنە سوجدە و کەس لە مزگەوتدا نەما کە سوجدە نەبات ـ جا چ ئیماندار [موسوڵمان]بووبێت چ موشریک، جگە لە «ولید بن مغیره» کە ئەویش لە بەر پیری نەیدەتوانی بنووشتێتەوە جا مستێک خۆڵی هەڵگرت و سوجدەی بردێ. پاشان خەڵک لە مزگەوت چوونە دەرێ و بڵاوەیان کرد.
قوڕەیش، کە بە بیستنی ناوی خوداکەیان گەشابوونەوە، لە مزگەوت هاتنەدەر و دەیانگوت محەمەد بە باشترین شێوە ناوی خوداکانی هێناوین و لایان وابوو کە پێغەمبەر ئایەتەکەی بەم شێوەیە خوێندبێتەوە: «انها الغرانیق العلی و إن شفاعتهن

**☐ نموونەیەکی تر، چیرۆکی ((شەرم))٥، کە تێیدا سەلمان روشدی گاڵتە بە کۆمەڵگای لایەنگری بەڕێوەبردنی یاسا ئیسلامییەکان و ناتەبایی و دووڕوویی نێوان ئەندامەکانی دەکات لەبەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایانە شەریعەت تەنیا لە تەعزیر و تۆڵەسەندنەوەدا خولاسەدەکەنەوە و وەک کەرەسەیەکی دیکەی داپڵۆسین دەیدەنە دەست دیکتاتۆرە عەسکەرییەکانی حاکم لە پاکستان.**

ترتضی» (ئەوان غەرانیقی پایەبەرزن و شفاعەتکردنیان جێگەی ڕازامەنی یە).

هەواڵی سوجدەبردن گەیشتە هەندێ لە یارانی پێغەمبەر کە لە «حەبەشە»بوون و گوترا کە قورەیش ئیسلامیان هێناوە، هەندێکیان گەڕانەوە [مەککە] و هەندێکی تریان [لە حەبەشە]مانەوە.

پاشان جبرەئیل هاتە لای پێغەمبەر و گوتی: یا محەمەد! چیت کرد؟ تۆ شتێکت بۆ خەڵک خوێندەوە کە من لەلایەن خودای مەزنەوە بۆم نەهێنابووی؛ شتێکت گوت کە ئەو پێی نەگوتبووی! پێغەمبەر (ص) خەمی زۆری لە دڵ باربوو و گەلێک ترسی خودای لێ نیشت. ئینجا خوداوەندی میری مەزن ـ کە لەگەڵیدا زۆر میهرەبان بوو، دڵنیایی پێبەخشی و کارەکەی بە هاسان لێ وەرگرت، پێشی گوت کە هیچ پێغەمبەرێک لە پێش ئەودا نەبووە ئاواتێکی وەک ئەوی خواستبێ یا وەکوو ئەو شتێکی پێخۆش بووبێت و شەیتان دەستی لە ئاواتەکانی وەرنەدابێت ـ وەک چۆن بە سەر زمانی ئەویشدا هات. پاشان خوداوەند هەموو ئەو شتانەی وا شەیتان گوتبووی هەڵی وەشاندەوە و نیشانەکانی خۆی قایم کرد، نیاز ئەوەیە کە تۆش وەک هەندێ لە پێغەمبەرانی دیکەی. ئینجا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد:

«و ما ارسلناک من قبلک من رسول و لانبی الا اذا تمنی القی الشیطان فی امنیته فینسخ الله مایلقی الشیطان ثم یحکم الله آیاته و الله علیم الحکیم» (ئێمە پێشتر هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد مەگەر هەرکاتێ هەرچییەکی بە ئاوات خواستبێ، شەیتان دەستی لە ئاواتەکەی وەرنەدابێت. پاشان خودا هەموو ئەو شتانەی وا لە ڕێگەی دەستێوەردانی شەیتانەوە هاتبن هەڵدەوەشێنێتەوە و ئینجا خودا نیشانەکانی خۆی قایم و جێگیر دەکات و زانا و تێگەیشتووشە).

بەم شێوەیە، خوداوەندی مەزن خەمی لە دڵی پێغەمبەر ڕەواند و لەو کەسەی پاراست کە لێی دەترسا و ئەم ئایەتەی بۆ نازڵ کرد: «الکم الذکر و له الانثی تلک اذا قسمه ضیزی» (ئایا نێرینە بۆ ئێوەیە و مێیینە بۆ ئەو؟ چ دابەشکردنێکی هاڵە و ناڕاست؟) «ان هی الا اسماء سمیتموها انتم و آباؤکم» (ئەوانە هیچ نین جگە لە هەندێ ناو، کە خۆتان و باپیرانتان داتاناون)، تا دەگاتە ئەو شوێنە: «لمن یشاء و یرضی» (بۆ هەرکەس کە ئەو بیهەوێ و جێگەی ڕازامەندی ئەو بێت) واتە [بەبێ خواستی خودا و ڕەزامەندی ئەو] چۆن دەکرێ شەفاعەتی خوداکانتان لای خوداوەند کەڵکی هەبێت؟

پاشان، کاتێ کە ئایەت لەلایەن خوداوە هاتەخوارەوە و ئەو شتانەی هەڵوەشاندەوە کە شەیتان هێنابوویە سەر زمانی پێغەمبەر، قورەیش گوتیان وا محەمەد لەو قسانەی سەبارەت بە پلە و پایەی خوداکانیان لای خودا درکاندبووی، پاشگەز بۆتەوە و گۆڕیونی و شتی نوێی لە جێ داناون. ئینجا ئەو دوو وشەیەی وا شەیتان خستبوویە سەر زمانی پێغەمبەر، کەوتە سەر زاری کافران و لە ئەنجامدا خراپەکارییان لەوەی کە پێشتر هەبوو زێدەی کرد و کار لە لایەنگرانی پێغەمبەر ئەستەمتر بووەوە. ئەو یارانەی پێغەمبەریش کە لە «حەبەشە» مابوونەوە کاتێ ژنەفتیان کە خەڵکی مەککە ئیسلامیان هێناوە و هاوڕێ لەگەڵ پێغەمبەردا چوونەتە سوجدەوە، لە حەبەشە دەرکەوتن و بەرەو مەکە ڕۆیشتن. هەرکە نزیکی مەککە بوونەوە زانیان کە ئەوەی سەبارەت بە موسوڵمابوونی خەڵکی مەککە بیستبوویان پڕوپووچ بووە، ئیتر هیچکامیان نەچوونە ناوشار مەگەر بەدزییەوە نەبێ یاخود دوای ئەمان وەرگرتن..."٢٧

طەبەری ئەو ڕووداوەی کە چۆن جبرەئیل بۆ کارێک کە لە دەست پێغەمبەر دەرچووبوو و قسەیەک کە کردبووی، سەرکۆنەی پێغەمبەری کرد و چۆنیشی بۆ ساغ کردەوە، ئاوا باس دەکات:

"کاتێ کە شەو داهات، جبرەئیل بۆی هاتەخوارەوە و پێغەمبەر سووڕەکەی بۆ خوێندەوە. هەرکە گەیشتە ئەو دوو ڕستەیەی وا شەیتان پێی گوتبوو، جبرەئیل گوتی: خۆ ئەو دووانەم بۆ نەهێنای! پێغەمبەر(ص) گوتی: من قسەکەم لە زمان خۆمەوە هەڵبەست و شتێکم گوت کە ئەو نەیگوتبوو. ئینجا خوداوەند بەم شێوەیە وەحی بۆ پێغەمبەر کرد: «و ان کادوا لیفتونک عن الذی اوحینا الیک لتفتری علینا غیره» (هیچی نەمابوو بە گێرەشێوێنی لەو ڕێگەیەت لابدەن کە ئێمە پێمان وەحی کردبووی و شتێک بدەیەپاڵ ئێمە کە جیاوازە لەوەی وا وەحیمان پێکردووی)، تا ئەو شوێنەی کە دەڵێ: «ثم لا تجد لک علینا نصیرا» (و ئینجا لەلای ئێمە هیچ پشتگیرییەکت نەبێ).

پێغەمبەر هەروا خەفەتبار و دڵتەنگ بوو تا کاتێ کە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: «و ما ارسلناک من قبلک من رسول و لانبی» کە بەم شێوەیە کۆتایی پێدێت: «و الله علیم الحکیم». ئینجا ئەو کۆچبەرانەی وا لە حەبەشە بوون، کاتێ کە بیستیان خەڵکی مەکە هەمووی ئیسلامیان هێناوە، گەڕانەوە نێو هۆز و عەشیرەتی خۆیان و گوتیان ئێمە ئەوانمان زیاتر خۆشدەوێ، بەڵام دواتر کە تێگەیشتن خوداوەند ئەو شتانەی هەڵوەشاندۆتەوە کە شەیتان ڕایگەیاندبوون، ئیتر کافران گەڕانەوە سەر شیرکی خۆیان..."٢٨

لێرەدا، دوای وردبوونەوە لە ڕاپۆرتەکەی طەبەری، داوا لە خوێنەر دەکەم بگەڕێتەوە سەر لاپەڕە ١٠٤ تا ١٢٦ی ڕۆمانەکەی روشدی (دەقی ئینگلیزی) و لاپەڕە ١٧٥تا ٢٠٥ی کتێبی «ئایەتەشەیتانییەکان لە

قەڵەمەوە تا شمشێر» بە زمانی عەرەبی (کە کورتەیەکی ڕۆمانەکەی ڕوشدی و وەرگێڕاوی بە وردەڕیشاڵی هەندێ بەشی دیاریکراوی کتێبەکە دەخاتە بەرچاو)، ئینجا بێت و لە سەر ئەم گەلاڵەیە داوەری بکات:
سەلمان ڕوشدی ڕاپۆرتەکەی طەبەری بە وردەکارییەکانیەوە وەرگرتووە و لە قاڵبێکی شانۆیی (دراماتیک) و لە ڕێگەی خوڵقاندنی کەسایەتی (personification) و وتووێژی بەهێز و شوێندانەرەوە کردوویەتی بە ڕۆمانێک کە لە پلەیەکی بەرز وەستاوە. ڕوشدی جگە لەوە هیچ کارێکی تری نەکردووە.
ئاشکرایە کە ڕاپۆرتەکەی طەبەری دارماڵی بابەتێکی دراماتیکی خاوە، وەک:
ـ کێشەی دەروونیی پێغەمبەر لەمەڕ پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵە و هۆز وشارەکەی لەلایەک و، پێداویستییەکانی بانگەوازێکی مەزن لەلایەکی تر ـ ئەو بانگەوازەی کە لەگەڵ پەیوەندە سەرەکییەکەدا ناتەبا بوو؛
ـ دەستێوەردانی شەیتان لەم گێرە و کێشە دەروونییە، بۆ ئەوەی پەیوەندە سەرەکییەکەی بخاتەپێش بانگەواز و پێداویستییەکانی؛
ـ هەوڵی جبرەئیل بۆ ئەوەی بانگەوازەکە بخاتە پێش پەیوەندیی هۆزایەتی و خزمایەتییەوە؛
ـ ئەو دەستکەوتە مەزنەی وا کەوتە دەست بانگەوازی نوێ ـ بەبێ ئەوەی تێکگیرانێک پێکبێت یا خوێنێک بڕژێت؛
ـ بە موسوڵمانکردنی هەموو قوڕەیش لە ڕێگەی گوتنی ئەو دوو ئایەتەوە کە باسمان کرد، واتە وەدیهێنانی ئەو ئامانجەی وا پێغەمبەر خەباتی بۆ کردبوو؛
ـ مەترسیداربوونی وەرگرتنەوەی ئەو دوو ئایەتە و هەڵوەشاندنەوەیان بۆ موسوڵمانان لە پیوەندی ئەو گیروگرفتانەدا کە لەگەڵ دوژمنان هەیانبوو (مەجبوورکرانیان بەوەی کە لە مەککەوە بچن بۆ مەدینە)؛
ـ گومان کردنی جبرەئیل لەوەدا کە ئایا هەڵەیەک هاتۆتە ناو ئایاتی قورئانەوە و داواکردنی لە پێغەمبەر بۆ ئەوەی ئایەتەکەی سەرلەبەر بۆ بخوێنێتەوە و لە ڕاست و دروستبوونی «وەحی»یەکان دڵنیا بێت؛
ـ سەکۆنەکردنی پێغەمبەر لەلایەن جبرەئیلەوە بۆ ئەو کارەی کردبووی و پاشانیش ساغکردنەوە و گۆڕینی ئایەتەکان؛
ـ هێنانەگۆڕی ئەو پرسیارە کە ئایا هەموو ئەوانە بە خواست و عیلمی خودا کراون یان نا؟ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکە ئەرێ بێت، پێویستە بزانرێ ئایا چ حیکمەتێک لە کاردا بووە و ئەگەریش نەء بێت، دەبێ بزانرێ ئایا شتێکی ئەوتۆ گونجاو و ئیجازەپێدراوە یان نا؟... هتد.
لە بەشێکی سوورەی اٰالنجم»دا کە میحوەری ڕاپۆرتەکەی طەبەری یە، شانۆیەکی دراماتێکیی تایبەت هەیە کە دەتوانین بە گێرەوکێشەیەکی قووڵ لە دەروونی پێغەمبەردا واتای بکەینەوە ـ گێرەوکێشەیەک کە بنەماکەی لە گومانی بەردەوامی خۆیدایە سەبارەت بەوەی کە ئەو «وەحی»یانەی وا بۆی دەردەکەون، هیچ نین جگە لە خەیالات و وەهمێک کە لە دەروونی خۆیەوە سەرهەڵدەدەن (بە گوێرەی زانستی ئەمڕۆیی، لە شعووری نائاگای مرۆڤ خۆیەوە).
جەختی سوورەکە لەمەڕ «ماینطق عن الهوی» (واتە: قسەکانی ئەو خواستی دڵ نین)، هەروەها ئەو ڕوخسارە ڕازاوەیەی وا وەک

**☐ ڕوشدی «وەحی»ی ناو ئەم ڕووداوە وا نیشان دەدات کە دەڵێی هێزێکی دەروونی قووڵە و ناکرێ لە بەرانبەریدا بوەستێ ـ هێزێک کە پێغەمبەر بە سەر ڕۆح و هەروەها ئەرکەکانی خۆیدا زاڵ دەکات و ئینجا بە جێی دەهێڵێ و لێی دوور دەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی زاڵیەتی خۆی بە سەر پێغەمبەردا لە دەست بدات.**

ڕاستەقینەیەک لە جبرەئیلی دەکێشێتەوە و دەڵێ: «و هو الافق الاعلی» (واتە: ئەو بەرزترین ئاسۆیە) و «ثم دنا فتدلی» (پاشان نزیک بووەوە و هاتەخوارەوە) و «فکان قاب قوسین أو أدنی» (تا ئەوەی گەیشتە مەودای نێوان دوو کەوان یا نزیکتر) و «فأوحی الی عبده ما اوحی» (ئینجا ئەوەی وا دەبوایە بە کۆیلەی خۆی وەحی بکردایە، وەحی کرد)، هەمووی لەو حاڵەتە سەرهەڵدەدەن.
سەلمان ڕوشدی هەموو ئەو شانۆ دراماتیکە سەر لە نوێ لە باری دەروونییەوە سازدەداتەوە و دەیخاتە قاڵبی کێشەیەکی ڕۆحیی توندوتیژەوە کە بە سەر پێغەمبەردا هاتووە و تووشی ئازاری کردووە، ڕۆحیشی خستۆتە زیندانەوە و هەموو تواناکانی خستۆتە بەر ئەزموون، بەتایبەت ئەو خاڵەی کە ئیمکانی دەستێوەردانی شەیتان لە کارەکان هەمیشە هەر هەیە ـ بابەتی ڕاپۆرتەکەی ئەویش هەر ئەوەیە.[29]
بەڵام لەلایەنی دەرەکییەوە، ئەو شانۆ دراماتیکە لە ڕۆمانی ڕوشدی دا فۆڕمی زۆرانبازییەکی سیمبۆلیک بە خۆیەوە دەگرێ کە بۆ ماوەی چەند هەفتە لە نێوان پێغەمبەر و جبرەئیل دا درێژە دەکێشێت و جبرەئیل لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەوە وا لە قووڵایی هزر و بیری پێغەمبەرەوە سەرهەڵدەدەن، دەتوانێ سەربکەوێت.
پێغەمبەر ئەم پرسیارانەی بۆ جبرەئیل و هەروەها بۆخۆی گەڵاڵەکردبوو. لێرەدا، سنوور و فاسیلەی نێوان خۆ و یەکی تر، نێوان دەروون و دەرەوە، نێوان قووڵایی و ڕووکەش لە ناودەچێت؛ بەهەمان شێوە، فاسیلەی نێوان فریشتە و شەیتان لە بەر ئەوەی کە شەیتانیش (بە گوێرەی ڕاپۆرتی طەبەری) دوو ئایەتی گۆڕدراوی بە پێغەمبەر وەحی کرد (یاخود وەسوەسەی کرد). هەربۆیەش، وەڵامەکانی جبرەئیل لە ڕۆمانی ڕوشدی دا وەک ئەوە دەچن کە دەڵێی دەنگی محەمەد خۆی بن یا ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسەبکات و لە عەینی کاتدا لەگەڵ فریشتەش بدوێت.[30]
بەشێوەیەکی تر، ڕوشدی «وەحی»ی ناو ئەم ڕووداوە وا نیشان دەدات کە دەڵێی هێزێکی دەروونی قووڵە و ناکرێ لە بەرانبەریدا بوەستێ ـ هێزێک کە پێغەمبەر بە سەر ڕۆح و هەروەها ئەرکەکانی خۆیدا زاڵ دەکات و ئینجا بە جێی دەهێڵێ و لێی دوور دەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی زاڵیەتی خۆی بە سەر پێغەمبەردا لە دەست بدات. ئینجا لە کۆتاییدا سەرلەنوێ هوڵقیات دەگرێت و لێی ڕادەپەڕێ و دەبێتە شتێکی بەهێز کە قایم وەستاوە و «لە بەرزترین ئاسۆ دایە»، پاشان «نزیک دەبێتەوە و دێتەخوارەوە» تا ئەوەی «دەگاتە فاسیلەیەکی نزیک بە قەدرایی دوو کەوان و نزیکتریش».

**□ گەرچی سەلمان روشدی هیچی لە خۆیەوە تەزویر نەکردووە و هیچ «رووداو»ێکی سەبارەت بە «حدائق الغرانیق» لە خەیاڵی خۆیدا نەخوڵقاندووە، بەڵام رەخنەگرانی عەرەب بەوەی تاوانبار دەکەن کە درۆزن بێت، راستەقینەی گۆڕیبێت، تەزویری کردبێت و شتی دیکەی لەم چەشنە.**

هەروەها ئەوەش بگرینە بەرچاو کە کاتێ سلمان روشدی بۆ ڕاگەیاندنی خەیاڵەکانی خۆی کەڵک لە سیمبۆلی زۆرانبازی وەردەگرێت و ئاماژە بە واتای سیمبۆلیکی کارەکە دەکات، وا نییە بە ئەرکێکی بێهوودە هەستا بێت. زۆرانبازی لێرەدا پێش هەموو شتێک بریتی یە لە وەدەستهێنانی سەرکەوتنی مەعنەوی بەشێوەیەک کە هیچ ئازار و زیانێ بە ڕەقیبەکەی ناگەیێنێ و بەم پێیە (وەک لە ڕۆمانی روشدی دا هاتووە)، تێکگیرانەکە دەتوانێ لە هەبوون (وجود) سەری هەڵدابێت، نەک تێکگیرانێک کە لە سەر وجوود بێت.

دووهەم ئەو خاڵەی کە دوو لایەنی کێشەکە پێکەوە لە یەک شوێن کۆ دەبنەوە، گرینگتر و بەهێزتر و قووڵترە لە کێشە و ناتەبایی نێوانیان. هەر لێرەشەوەیە کە زۆرانبازییەکە دوای ئەوەی هەر دوو ڕەقیب بە گژ یەکتردا چوون و توانا و گەوهەری هەردووکیان دەرکەوت، بە ئاشتی هەردوو لا کۆتایی پێ دێت. هەر بۆیەشە دەبینین شانۆی زۆرانبازی (چ بەو واتایەی وا گوتمان و چ بە واتایەکی تر)، لە سەر دیواری کۆنترین گۆڕەکانی سەردەمی فیرعەونەکانی میسر هەڵکەنراوە یاخود لە ئوستوورەکانی جیهانی کۆن و کتێبی ئاسمانی و حیماسەی وەک حیماسەکانی هیندی سانسکریتیی کلاسیکدا هاتووە (لەبیرمان نەچێ کە سەلمان روشدی هیندی یە) یا لە حیماسەی (گیلگەمیش)دا، کە زۆرانبازیی نێوان گیلگەمیش و ئەنکیدۆ بە پتەوبوونی دۆستایەتی نێوان هەردوولا کۆتایی پێدێت؛ یاخود لە تەورات و لە «فەسڵی پەیدابوون»دا یەعقووب تا شەبەق لە گەڵ خودادا زۆرانبازی دەکات یا لە «ئیلیاد»دا شانۆیەک بۆ زۆرانبازی نێوان دوو قارەمان واتە «ئوولیس» و «ئاژاکس»تەرخان کراوە. برادەرەکەم «مەمدووح عەدوان» گرینگایەتی دەوری سیمبۆلیکی زۆرەوانی لە ناو شوێنەوارە ئەدەبییەکانی ڕۆماننووسی مەزنی یۆنانی ـ نیکوس کازانتزاکیسی خستەوەبیرم ـ بەتایبەت لەو کاتانەدا کە بابەتێکی کلاسیکیی کولتووری لە شێوەی ڕۆماندا سازدەداتەوە و لە ڕۆمانەکانیدا کەڵک لە ناوەرۆک و واتا و سیمبۆلەکانی زۆرانبازای وەردەگرێت.

بە گوێرەی بۆچوونی مەمدووح عەدوان، کازانتزاکیس «جەژنێکی کۆنی یۆنانیی وەها هەڵدەدات و دەیباتەسەرێ کە دەیگەیێنێتە پلەی خودا و فریشتە و پێغەمبەران»، بۆ نموونە کاتێ کە دەنووسێ:

ـ «ئایا هێشتا لەگەڵ شەیتاندا دست بە ئێخەی، باوکە مەکاریوس؟»

ـ «ئیتر نا، کوڕم. ئێستا پیر بووم، ئەویش لەگەڵ مندا پیر بووە و هێزی نەماوە. ئێستا من لەگەڵ خودا دەست بە ئێخەم».

ـ «لەگەڵ خودا؟ (بە سەرسوڕمانەوە هاوارم کرد:) ئایا دەتەوێ سەریش بکەوی؟»

ـ «ئاواتم ئەوەیە تێکبشکێم کوڕم، ئێسقانەکانم هێشتا ماون. ئەوانن کە درێژە بە بەربەرەکانی دەدەن».[31]

بە کردەوە، ماحوەندیش لە ڕۆمانی «ئایەتەشەیتانییەکان»دا لە بەرانبەر فریشتەدا تووشی شسکست دێت.

گەرچی سەلمان روشدی هیچی لە خۆیەوە تەزویر نەکردووە و هیچ «ڕووداو»ێکی سەبارەت بە «حدائق الغرانیق» لە خەیاڵی خۆیدا نەخوڵقاندووە، بەڵام ڕەخنەگرانی عەرەب بەوەی تاوانبار دەکەن کە درۆزن بێت، ڕاستەقینەی گۆڕیبێت، تەزویری کردبێت و شتی دیکەی لەم چەشنە؛ لە کاتێکدا دەبوایە ئەو جنێوانە ئاراستەی «طەبەری» یا مێژوونووس و ریوایەتنووسی دیکەی موسوڵمان (وەک «زمەخشەری») بکەن کە ئەو حەدیسەیان لە کتێبەکانیاندا هێناوە و بۆیان پاراستووین، بە دوورودرێژییش لە سەریان نووسیوە.

واتە ئەو ڕەخنەگرانە، وەها بە کاڵوکرچی و توندوتیژییەکی دواکەوتووانە لە گەڵ سەلام روشدی دا ڕووبەڕوو دەبنەوە کە تەنانەت جێگەی باوەڕ نییە: بەشێوەیەکیش داوەری لە سەر دەکەن دەڵێی سەلمان روشدی توێژەرەوەیەکی دەستنووسە کۆنەکانە یاخود مێژوونووسێکە نەیتوانیوە ڕاست و دروستبوونی ریوایەتەکانی جێگەی باسی خۆی دابین بکات؛ یاخود وای تێهەڵدەپێچن دەڵێی «فەقیە»ێکە و پێش ئەوەی قسە بۆ خەڵک بکات وتارەکەی خۆی هەڵنەسەنگاندووە. لە کاتێکدا دەبێ وەک نووسەرێک داوەری لە سەر بکرێت کە ئیلهام لە حیکایەتی کۆن یا فۆلکلۆر و چیرۆکی خەڵکی ئاسایی وەردەگرێت و بە گوێرەی ئامانجی هونەری و بە مەبەستی خوڵقاندنی ئەدەبەکەی خۆی بەکاریان دەهێنێ.

ئایا ئەوە هەمان کار نییە کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەیبینین و نووسەران هەمیشە هەروایان کردووە لە گیلگەمیش و کتێبی ئەیبووب و هۆمەر و امرئ القیسەوە بگرە تا دەگاتە هەزار و یەکشەو و هەروەسا توفیق الحکیم و سەلمان رشدی.

**پەراوێزەکان**

٢٣) بڕوانە: "*کتاب الاصنام*"ی هشام بن محمد الکلبی، چاپی ئەحمەد زەکی پاشا، قاهیرە، ١٩٢٤، ل ٣٠؛ هەروەها «*تفسیر قرآن العظیم*»ی ابن کثیر، بیروت، دارالقرآن الکریم، بەرگی ٢، ل ٥٥٠.

٢٤) بڕوانە لاپەڕەی ٨٢ و ٢٩٢ی دەقی ئەسڵی ڕۆمانەکە.

٢٥) بڕوانە لاپەڕەی ٢٤٥ی دەقی ڕۆمانەکە.

٢٦) تاقە ئیستیسنایەک بۆ ئەم یاسایە، کتێبی «ئایاتی شەیتانی لە قەڵەمەوە تا شمشێر»ە کە پێشتر باسمان لێوە کرد.

٢٧) *تاریخ الطبری*، تحقیق محمد ابولفضل ابراهیم، مژر، دارالمعارف، ١٩٦١، بەرگی ٢، ل ٣٤٠-٣٣٨:

٢٨) هەمان...، ل٣٤١. ٢٩) بڕوانە «ئایەتەشەیتانییەکان» ل ١١١: ١١٠ی دەقی ئینگلیزی.

٣٠) هەمان...، ل ١٢٣-١٢٢. ٣١) *تقریر الی غریکو*، ترجمە ممدوح عدوان، بیروت، دار ابن الرشد للنشر. ل٢٢٣.

# ئامانجەکانی نووسین لە ژێر ڕۆشنایی زانستییانە
# و
# چەند هێڵێکی گشتی

ئەحمەدی مەلا
(ئیسپانیا)

## پێشەکی

ئەوەی ئاشکرایە، ئێمە لەم ڕووەوە پسپۆڕ نین. ئەم چەند دێڕەی خوارەوە لە ئەنجامی ئەو چەند ساڵەی خوێندمان لە دانشگا و لە ڕێگای خوێندنەوەی چەند بابەتێک کە لە گۆڤارە کوردییەکاندا خوێندوومانەتەوە دروست بووە و، نووسینی ئەم بابەتە کورتەش نیازی وایە بەشدارییەکی بچووک لەم بوارەدا بکات. دیارە زۆر ڕێی تێدەچێ، کە خاڵگەلێکمان فەرامۆش کردبێت، ئەویش لە بەر کورتی بابەتەکە و، هەروەها دەشکەڕێتەوە بۆ گشتییەتی بابەتەکە خۆی. دەکرا، لە ڕوویەکی دیکەوە ئەم بابەتە بنووسرایە: واتە زیاتر تەتبیقی بوایە و نموونەمان بهێنابایەتەوە، بەڵام مەبەستی زیاترمان ئاوڕدانەوەبوو لەم چەمکە گرینگە کە "مێتۆدی زانستییانە"یە، وەک لەوەی کە هەموو تەوەرەکان بە سەرکەینەوە.

لەم چەند لاپەڕەیە، زۆر بە کورتی ئاماژەمان بۆ چەند خاڵێکی بنەڕەتی کردووە وەک ژانر(جۆر/نەوع)ەکانی نووسین و گرینگی مێتۆد لە ڕووی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە و، هەروەها چەند لاپەڕەیەکیش لەمەڕ کێشەی ئیستیشهاد و سەرچاوە و زمانی زانست و زمانی پەخشان و منی باسکار تەرخان کراوە بۆ ئەوەی لە بارەی زیهنییەتی زانستییانە (esprit scientifique) یەک دوو شت بڵێین، بەبێ ئەوەی ئامانجی لێکۆڵینەوە پشت گوێ بخرێت.

## ١- سنوورەکانی نووسین و چەمکی لێکۆڵینەوە

شتێکی ئاشکرایە کە سنوورەکانی نووسین لە یەک دەخشێن و ناولێنانی کاری ئەدەبی و دەستنیشانکردنی ژانرەکان هەروا ئاسان نییە، ئەمە لە سەردەمێکدا کە پۆلێنکردنەکەی ئەرەستوو (مەلحەمە ــ دراما ــ تراژیدیا) سەرەڕای بەهای خۆی، تا سەر بڕ ناکات. سنووری چیرۆک هەندێ جار لە دامێنی ڕۆمان دەخشێ و، زمانی شیعریش هەندێ جار بە سەر بەرهەمی ڕۆماندا زاڵە و، هەندێ جاریش موغامەرەی داهێنان خوێنەر تاکوو قەراغی گێژبوون پەلکێش دەکات. هەندێ جار زادەی قووڵبوونەوە و ڕامانە، زۆرجاریش جڵەوی خەیاڵ لە دەست دەترازێ و ئاسۆی داهێنان دەگاتە لێوارەکانی ونبوون.

گشت ئەم چالاکییانەش گرەوێک دەباتەوە کە دەکرێ بە «ئازادیی تەعبیر» نێودێر بکرێت و، کەواتە دەبێ هەمیشە ستایشی دەسەڵاتی قەڵەم بکەین. ناچیزەیی بەرهەمێکی ئەدەبی گەلێ لە هەڕەشەی گرووپێک چاکترە و پێویستە هەر وا بە ئاسانی بەمەش ڕازی نەبین، چونکە ئیشکالاتی دیکەی بە دواوەیە.

بەڵام کاتێک نووسین بەرەو ئاستێکی دیکە هەڵدەشاخێ و، لە ئاستێکی دیکە دەیەوێ خۆی بخەملێنێ و لە سنووری زانستەوە خۆی نزیک کاتەوە و تیۆریزەکردن دەکاتە ئامانجی خۆی، ئەوە دەبێ حسێبێکی دیکەی بۆ بکرێ. بە قەدەر ئەوەی ئارەزووی ئەوە دەکەین کە زمان ببێتە پانتایەک و گەمە زمانەوانییە بە پیت و بەرەکەتەکانی خۆمانی لە نێودا مومارەسە بکەین، هەندەش دەبێ جەخت لە سەر گشت ئەو توخمانە بکەین کە بەرهەمێک دەکەنە کارێکی زانستییانە. با فێڵیش لە خۆمان نەکەین بەوەی کە بەرهەمی زانستی هیشکویرینگە و فەنتازیا و ئەندێشەبازی نییە و ئازادی لە نووسەر زەوت دەکات، ئەمەش بەس نییە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بەرەو نووسینێک بچین کە چەمک و ماناکان تێکەڵ دەکات.

ئەمە نەک تەنها پەیوەندی بە شێوازی نووسەرەوە هەیە، بەڵکوو پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی نووسەرەکەشەوە هەیە. دەبێ ئەوەش بگوترێت کە ڕۆڵی خەیاڵکردن لە هەموو بەرهەمێکی زانستیدا، یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی؛ «هەتاهەتایی /ما لا نهایە»لە هاوکێشە ماتماتیکییەکاندا، دەکرێ وەکوو نموونە بهێنرێتەوە. چەندێ بە هێمنی و شێلگیرییەوە خەیاڵکردن و کاری زانستی لە بەرهەمەکانی «باشلار» ڕەنگیان داوەتەوە، هەندەش بەهای زانستی خۆیان پاراستووە بەبێ ئەوەی بنچینە مێتۆدییەکان فەرامۆش کرابن. باشلار لە کتێبی "دروستبوونی زیهنییەتی *زانستی*"دا دەڵێ: «نەزانینێکی کۆمپلێت چاکترە لە زانینێک کە پرێنسیپە جەوهەرییەکانی نوقسان بێت».[1]

زۆرجار، لێرەولەوێ، گۆڤارێکی نوێی کوردی، بەو نیازەوە دێتە ناو دونیای چاپەمەنی و کاتێک لە نزیکیشەوە لێی ورد دەبینەوە و سەرنجی دەدەینێ، هەست بە گەلێ نوقسانی مێتۆدیی دەکەین. ئەمەش وا دەکات کە بەرهەمەکانی کەلێنێکی زانستییانەی تێکەوتبێ و لە بابەتی زانستییانەش دوورکەوتبێتەوە. چونکە تیۆریزەکردن بەبێ مێتۆدێکی زانستییانە مومکین نییە وجوودی هەبێت. باشە مێتۆد بۆچی گرینگە؟

## ٢- مێتۆد و گرینگییەکانی

دەکرێ زۆر بە ئاسانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە و، هەروەها دەشکرێ لە جیاتی ئەم وشە لاتینییە، بە کورتی و بە کوردی بڵێین "شێوەی ئیشکردن»! جا لەم ڕووەوە گەلێ مێتۆد هەن و ئەویش مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی تایبەتی خۆیان هەیە کە دەکرێ بە مێتۆدگەرایی نێودێر بکرێت. هەروەها بۆ بوارە زانستییە جوداوازەکان وەکوو کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونناسی، ئەدەبی.. هتد، مێتۆدگەلی خۆی دەهێنێتەکایەوە و مێتۆدەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەسکاری دەکرێن و بەلاوە دەخرێن و جارێکی دیش دێنەوە گۆڕەپانی ئیشکردن و لە هەموو بارێکیشدا مێتۆد ڕۆڵی ئەزموونگەرایی دەبینێ.

بۆ نموونە لە بواری ئەدەبیدا، چەندین میتۆد هەن و بە سەر بابەتی جوداوازدا تەتبیق دەکرێن. هەڵبژاردنی مێتۆدێکیش لە ڕێگای ئارەزووەوە نابێ هەڵبژێردرێت، بەڵکوو تاڕادەیەکی زۆر بابەت مێتۆدی خۆی دەسەپێنێ. کاتێک بمانەوێ لێکۆڵنیەوە لەمەڕ چەند دەستنووسی دەقێکی دیاریکراوەوە بکەین و بزانین چۆن، لەم هەموو دەستنووسەوە ئەم دەقە هاتۆتە بەرهەم، ئەوە بێگومان دەبێ مێتۆدی ژێنێتیک هەڵبژێرین. ئەم مێتۆدە لەمەڕ لەدایکبوونی دەقێکەوە دەدوێ. بەگشت ئەو هەموو دەسکاریکردنانەدا دەچێتەوە کە دەقێکی دیاریکراو بە جێیهێشتوون. لە ڕووی variantesەوە دەکۆڵێتەوە و ئەم وشەیەش دەکرێ بە «جیاوازییەکان» نێودێر بکرێت. جا ئەم جیاوازییانە با خۆیان بە وێرگولێکیشەوە خەریک بکەن، گرینگی خۆیان هەیە.

هەر لەم جوداوازییانەوە دەکرێ بە نێو زیهنییەتی نووسەردا ڕۆبچین و، باس لە کەش و ئاووهەوای زیهنییەت بکەین، یا لە گشت ئەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە بوونەتە هۆی ئەم جوداوازییانە و تاکوو دەگەینە دەقێک و لە دەلالەتەکانی نزیک دەبینەوە. بەو واتایەی کە لە گەشەکردنی شێواز و ستایل، تێکدان یا ڕێکخستنی سانتاکس (ڕستەسازی)، کە خۆی لە خۆیدا، ڕچەیەکمان بەرەو بواری سێمانتیک (واتاسازی) بۆ دەکاتەوە، شارەزا دەبین!

کەواتە دیاریکردنی دیسیپلین و بابەت و گریمانی باسەکە، دەبنە سەنگی مەحەک بۆ هەڵبژاردنی مێتۆد، کە دەشڵێین مێتۆد، واتە چەمک و زاراوەی تایبەت.

کاتێک بمانەوێ، لە ناو دیسیپلینی کۆمەڵایەتیدا کار بکەین، بابەتێکمان هەڵبژاردووە کە ئەمەی خوارەوە دەکەینە ناونیشانی: "گرفتی سێکس لە کۆمەڵگەی کوردیدا". زۆرجار لە سەر ڕووپەلی گۆڤارەکاندا چاومان بە ناونیشانی وا دەکەوێت کە سەرنجمان ڕادەکێشێ! چۆن نووسەر جورئەتی ئەوەی کردووە لەم بابەتە بکۆڵێتەوە؟ ئایا نووسەر کاتێک ناونیشانێ هەڵدەبژێرێ، مەبەستی «سەدمە»نانەوەیە یا بە شێوەیەکی شێلگیرانە و بابەتییانە دەیەوێ لەم ڕووەوە بدوێ؟ کاتێکیش دەبینین بابەتی ناوبراو خۆی لە دە یا بیست لاپەڕە دەدات، ئینجا تێدەگەین کە بابەتی وا پێویستی بە لایەنی کەم کتێبێک هەیە. چونکە ڕاپەڕاندنی لێکۆڵینەوەیەکی

**☐ هەڵبژاردنی مێتۆدێکیش لە ڕێگای ئارەزووەوە نابێ هەڵبژێردرێت، بەڵکوو تاڕادەیەکی زۆر بابەت مێتۆدی خۆی دەسەپێنێ.**

زانستی لەمەڕ کێشەیەکی وا، پێویستی بە پشوویەکی درێژ هەیە. نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە پەراوێزدا، وەکوو هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە چاومان بە گەلێ ناوی گرینگ دەکەوێ کە لەم بوارە ئیشیان کردووە و گەلێ تیۆری سوودبەخشیان هێناوەتەکایەوە، بەڵام لە ڕووی مێتۆدەوە کلۆڵە و، کەواتە تیۆرییەکان سوودێکی وا گرینگ بە باسکارەکە ناگەیەنن. چونکە چاوپۆشی لە گەلێ خاڵ کراوە کە بەبێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدرێتەوە مومکین نییە ببێتە بابەتێکی زانستی. بۆ نموونە دەکرێ بە کورتی لەم خاڵانە بدوێین. چونکە: ١) کۆمەڵگای کوردی لە سی تا چل ملیۆن پێکهاتووە، ئەم سی تا چل ملیۆنەش بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش بوونە؛ ٢) کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی تەقلیدی یە، هەرچەند گوند و شارمان هەیە، بەڵام جیاوازیی نێوان شار و گوندیش جێی باسە؛ نێوەندە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکان ڕۆڵی زۆریان هەیە لەم ڕووەوە؛ ٤) ناوچەی کوردی هەن کە لەگەڵ میللەتی عەرەب و فارس و تورک لە تەماسدان؛ ٥) کوردی شارنشین هەن، هەروەها لە گوندیشدا هۆز و عەشیرەت هەن؛ هەر لە ناو کۆمەڵی کوردی، جگە لە ئایینی ئیسلام، ئایین و دەستووری تر هەن، ئایینزا و مەزهەب هەن؛ ٧) ڕۆڵی کات، کۆمەڵگای کوردی سەدەی نۆزدەهەم جیاوازە لەوەی سەدەی بیستەم و، لە سەدەی بیستەمیشدا کۆمەڵگای سالانی چل لە کۆمەڵگای سالانی نەوەت جیاوازیی هەیە.

بێگومان ئەم بەندانە کاریگەرییان بە سەر بابەتەوە هەیە. کاتێک بیریشی لێدەکەینەوە، ئینجا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەبێ دەسکاری ناونیشانەکەمان بکەین. ئەگینا بەرانبەر بە بابەتێک خۆمان دەبینینەوە کە مومکین نییە دەرەقەتی بێین!

کەواتە پێویستە، وردتر لەمەڕ بابەتەکەمەوە بدوێم. جگە لەمەش، لەبەر ئەوەی کارەکەم کارێکی کۆمەڵایەتی یە، دەبێ بیکەمە کارێکی مەیدانی، دەبێ بە شێوەیەکی ئاماریی بۆ بابەتەکەم بچم. بۆ ئەمەش دەبێ پرسیار ئامادەبکەم، پرسیارەکانیشم دەبێ بە شێوەیەک بگونجێنم کە سەدمە لە لای ئەو کەسە دروست نەکات کە پرسیارەکەی ئاراستە دەکرێت. هەروەها کۆمەڵێ خاڵ هەن کە پەیوەندیان تەنها بە ئامادەکردنی پرسیارەوە هەیە دەبێ پەیڕەوی بکرێن، چونکە لە کۆتاییدا وەڵامەکان دەبنە سەنگی مەحەک بۆ هەموو لێکۆڵینەوەکەمان. بەبێ ئەو وەڵامانە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە سوودی نابێ.

ئەگەر ئەم خاڵانە و چەندین خاڵی دیکە بەرچاو نەکرێن،

**☐ هەمــوو لێکۆڵینەوەیەکی زانســتی پێــویســتی بە بیبلیۆگرافیایەکی بنچینەیی و پیریفێریک (مەبەست لەو بازنەیە کــە لە دەوری ســەنتــەر دایە و لە دەوری بیبلیۆگرافیای بنچینەیی دروست بووە) هەیە.**

لێکۆڵینەوەکەمان دەبێتە چەند بۆچوونێک لە دەرەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە. ئەوکات باسەکەمان دەبێتە چەند بۆچوونێک لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ئیش دەکەین دەخەملێ. هەروەها دەبێتە چەند چەمکێکی ریفۆرمئامێز و چەند بۆچوونێکی "شۆڕشگێڕانە" کە زیاتر نیازم لەمەڕ کۆمەڵگای کوردییەوە لێ ئاشکرا دەکات، وەک لە بۆچوونێکی بابەتی و زانستییانە. لەبەر ئەوەی پێشوەخت دەمەوێ لە شتێک بدوێم، چاوەڕێی ئەوە ناکەم کە بابەتەکەم دەگاتە چ ئەنجامێک و دەمەوێ بیترنجێنمە ئیشەکەمەوە، ئا لێرەوە خیتابییەت دێتە بەرهەم کە ئێمە تەرحی دەکەین، نەک زادەی لێکۆڵینەوەیە. ئەم دیاردەیەش لە زۆربەی ئەو کارانە دەردەکەون کە لە سەر لاپەڕەی چەند گۆڤارێک چاومان پێدەکەوێ کە دەیانەوێ ڕەنگێکی زانستییانە بدەنە گۆڤارەکەیان. ئەمەش چ لە کاری کۆمەلایەتیدا، چ لە کاری فەلسەفی و، چ لە کاری ئەدەبیدا زۆر بە زەقی ڕەنگ دەداتەوە. زۆرجاریش گشت ئەم چەمکانە تێکەڵی یەک دەبن و خوێنەر هەست دەکات گەمەی لەگەڵ دەکرێ.

### ٣- ئامانجی کاری زانستی

هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستی بەبابەت هەیە و، هەموو بابەتێکیش پێویستی بە مادده (corpus)ی خۆیەتی. بۆ نموونە کاتێک بمانەوێ لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئەدەبی مەنفا(تاراوگە) ئەنجام بدەین. پێشوەخت پێویستە پێناسەیەکی ئەو ئەدەبە بکەین. هەروەها مەبەست لە چ ژانرێکی ئەدەبی یە؟ شیعرە، ڕۆمانە یا چیرۆکە.. هتد. هەروەها مەبەست لە چ سەردەم و قۆناغێکە؟ ئەم سەردەمەی کە نالی سلێمانی جێهێشت زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو سەردەمەی حاجی و پیرەمێرد، کوردستانیان تیا جێهێشتووە. هەروەها سەردەمێکی دیکە لە حەفتاکانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە شەڕی دووهەمی کەنداو. دەبێ مەبەست و ئۆبژێکتیڤی نووسەر خێرا بەیان بکرێن. ئایا لە ڕێگای ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێ مەودا کۆمەلایەتی و دەروونی و سیاسییەکان بخاتەڕوو، یا لە چەمکی ئافراندن دەگەڕێ، یا ئەوەتە دەیەوێ ئەم چوار چەمکە پێکەوە گرێ بدات. دەبێ هەر لە پێشەکی باسەکەدا، خوێنەر ئاگادار بکرێتەوە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە چییە. هەروەها پێویستیشە بە وردی لەمەڕ ئەو پێوەرەوە بدوێ کە هەڵیدەبژێرێ بۆ ئەوەی یارمەتی بدات ماددەی باسەکەی پێ کۆ بکاتەوە. ئەم پێوەرە لە ئەنجامی چێژی تایبەتی باسکارەکەوە هاتۆتە کایەوە یا پێوەرێکە چێژی گشتی تەبایە لە سەری، یا ئەوەتە خۆمان ئەم پێوەرە هەڵدەبژێرین، بەڵگەکانمان چین بۆ ئەوەی توخمی پێکهاتەی پێوەری هەبێت؟

یا دەمانەوێ لە سەر کێشەی هیجرەتی کورد لێکۆڵینەوەیەک بکەین. وا پێویست دەکات، بە مێژووی ئەم کۆچکردنەدا ڕۆبچین و بزانین لە چ سەردەمێکەوە سەری هەڵداوە و لە چ سەردەمێکیشەوە گەیشتۆتە ترۆپک و، ئەو بوحرانانە چین کە کۆچبەری کوردی تیا ژیاوە و دەژێت؟ هەروەها پێویستیشە ئەم کۆچکردنە پۆلێن بکرێت: کۆچ لە بەر هۆی سیاسی، کۆچ لە بەر هۆی ئابووری، کۆچ لەبەر فشاری کۆمەلایەتی، کۆچ لە دوای گەڕان بە دوای کەش و ئاوهەوای نوێ. هەروەها هۆکارەکانی ئەو کۆچکردنانە چین؟

بۆ کۆکردنەوەی ئەم بابەتەش، پێویستمان بە بەڵگەنامەی نووسراو و گوتراو (تۆمارکراو)هەیە. پێشوەختیش دەبێ، ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشان کردبێت. ئایا لە پێناوی چی دەمانەوێ ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەین؟ ئایا لەو ڕووەوە چ شارەزاییەکمان هەیە، چ باگراوندێکی کولتووری و کۆمەلایەتی شک دەبەین بۆ ئەوەی ببێتە حافزی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

ئەنجامی هەموو لێکۆڵینەوەیەکیش پێویستە لە پێناوی ڕۆشنکردنەوەی هەندێ لایەن بێت، بۆ ئەوەی بوار نەدرێت کە «ئەحکامی موسبەق» ببێتە تاقەحوکم. ئەگەر باس لە کۆچی سیاسی دەکرێت، پێویستە لە پێناوی ئەوە بەکاربهێنرێت کە نێوەند و تاقم و ڕێکخراوە جیاجیاکانیش وەکوو بەڵگەیەک بەکار بهێنرێن بۆ ئەوەی فشار بخرێتە سەر ئەو حکوومەتەی کە سیاسەتی داپڵۆسین مومارەسە دەکات. بەکارتی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بخرێتە ڕوو.

### ٤- ئیستیشهاد و سەرچاوەکان

کاتێکیش ماددەی لێکۆڵینەوە ئامادە دەکرێت، بێگومان پێویستیمان بە بناغەیەکی تیۆری هەیە. لە کوێ ئەم بناغە تیۆرییە دروست دەکەین؟ ئایا خوێندنەوەیەکی زۆر گشتی کافی یە بۆ ئەم مەبەستە؟ ئەو سەرچاوانەی کە دەبنە بناغەی تیۆرییەکانمان ئایا سەرچاوەی کۆنن یان نوێن، چۆن ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام دەدرێت؟ بۆ ئەمەش هەڵبەتە پێویستیمان بە بیبلیۆگرافیا هەیە کە ئەویش وەختێکی زۆری دەوێ بۆ کۆکردنەوەی.

هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پێویستی بە بیبلیۆگرافیایەکی بنچینەیی و پیریفێریک (مەبەست لەو بازنەیە کە لە دەوری سەنتەر دایە و لە دەوری بیبلیۆگرافیای بنچینەیی دروست بووە) هەیە. بۆ یەکەمیان باسکار هەمیشە دەگەڕێتەوە سەری و، بۆ دووەمیشیان بە شێوەیەکی لاوەکی.

تەنها ئەمەش کافی نییە کە لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا لیستی چەندین کتێب بە زمانی جیاواز بنووسین بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ کتێبەکان، شوێنی چاپ، مێژووی چاپ و ژمارەی لاپەڕە کرابێت کە یەکێکە لە بنەما مێتۆدییەکان، بکەین. بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوانەی کە دەستنیشان کراون؛ نەک تەنها بۆ ئەوەی میسداقییەت پەیدا بکات، بەڵکوو ئەگەر خوێنەر ویستی زیاتر

**❑ لە ڕاستیدا، سەرچاوە یارمەتیمان دەدات لەوەی شارەزایی لەمەڕ بۆچوون و ڕوانگەی هیترانەوە لەمەڕ باسەکەمان پەیدا بکەین، یا ئەوەتا ڕۆشنایی بخەینە سەر هەندێ لایەنی شاراوە.**

زانیاری لەو بارەوە کۆبکاتەوە بتوانێ بگەڕێتەوە سەریان؛ دەبێ زەمینە بۆ خوێنەر خۆش بکرێت و بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوانە. بۆیە بە باش دەزانرێت ناوەکان بە پیتی کوردی و لاتینی بنووسرێن. چونکە واشی دادەنێین کە خوێنەر تەنها زمانی کوردی دەزانێ، ئەگەر زمانێکی دیکەی زانی و ویستی بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەکان، ئەوە بە پیتە لاتینییەکان یارمەتی دەدرێ لە دۆزینەوەی سەرچاوەکان.

هەروەها چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی ئیستیشهاد بکەین. ئایا ئیستیشهادی حەقیقەتە بەڵگەنەویستەکان دەکەین یا لەبەر ئەوەی پەنا دەبەینە بەر نووسەرێک کە لەمەڕ بابەتێک یا دیسیپلینێک لێکۆڵینەوەی کردووە کە ئێمە پسپۆڕ نین لەو بوارەدا و سوودی لێ دەبینین. چونکە ئێمەی باسکار ناتوانین لە گشت دیسیپلینەکان شارەزاییمان هەبێت. هەروەها چاکترە دوو جۆرە ئیستیشهاد بەرچاوبگرین: یەکەمیان تێهەڵکێشی باسەکە کراوە و دووەمیشیان بە جیا دانراوە، لە هەردوو حاڵەتیشدا، دەبێ بخرێنە نێوان جووتکەوانەی بچووکەوە و یا ئەوەتە لە پەراوێزدا، هەموو زانیارییە بیبلیۆگرافیایەکە دەستنیشان بکرێت یا ئەوەتا لە کۆتایی ئیستیشهادەکە ناوی نووسەر و مێژووی چاپ و ژمارەی لاپەڕە بنووسرێت (بۆنموونە: میشێل فۆکۆ، ١٩٦٥، ل ٥٤)، پاشان لە پەراوێزدا تەواو بکرێت، واتە ناوی سەرچاوەکە و لە چ دەزگایەک چاپ کراوە و شوێنی چاپ.

لە ڕاستیدا، سەرچاوە یارمەتیمان دەدات لەوەی شارەزایی لەمەڕ بۆچوون و ڕوانگەی هیترانەوە لەمەڕ باسەکەمان پەیدا بکەین، یا ئەوەتا ڕۆشنایی بخەینە سەر هەندێ لایەنی شاراوە. نابێ هەروا بە ئاسانی تیۆرییەک کە لە ڕۆژئاوا خەمڵابێت، بێین بە زۆری بیسەپێنینە سەر ڕۆژهەڵاتێکی جیواز. دەبێ پێشوەخت لە دوو چەمک بە تەواوی شارەزاییمان پەیدا کردبێت: لە چ هەلومەرجێکدا ئەم تیۆرییانە لە ڕۆژئاوا سەریان هەڵداوە و، دەمانەوێ بیسەپێنینە سەر چ واقیعێک و لە چ هەلومەرجێکدا؟ نە ڕۆژئاوا یەکێتییەکی موتەجانیسە، نە ڕۆژهەڵات. مێژووی فەرەنسا زۆر جوداوازە لە هی ئیسپانیا، وەکوو مێژووی ئێران لە هی کوردستان. دەبێ بە شێوەیەکی ورد تەماشای تایبەتمەندییەکان بکەین. ئەگینا بە دەوری چەمکە گشتییەکاندا خولدەخۆینەوە و لە دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی دووردەکەوینەوە کە تێز و ئەنتیتێز(دژەتێز)ی پێ دەگوترێت.

بێگومان بۆ ئەم دوو چەمکەش پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەی لەوەپێش

هەیە. بۆ نموونە تێزێک هەیە کە دەڵێ نازناوی مەلا خدر، نالی یە، نەک نالی و سالی ١٨٥٥یش مێژووی کۆچی دواییەتی.[2] بەڵام ئەنتیتێزێکمان هەیە کە دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە نازناوی مەلا خدر نالی یە و لە سالی ١٨٧٣دا کۆچی دوایی کردووە.[3] دەبێ بەڵگەی باسکاری پێشوو بخەینەڕوو و هەموو ئەو بەڵگانەش ڕوون بکەینەوە کە ئەو هێناویەتەوە و، پاشان بەڵگە و ئەنجامەکانی خۆمانا ڕوونبکەینەوە. بەهیچ جۆرێک نابێ شتێک بەبێ بەڵگە بسەپێنین، هەروەها ئەو بەڵگانەش دەبێ بەڵگەی باوەڕپێکراو و نووسراوبن. نەک فلانەکەس گوتی، یا لە نامەی برادەرێکدا باسکراوە. بۆیە، دەبێ ــ ئەگەرکرا، بەشێک بۆ گشت ئەو بەڵگانە تەرخان بکرێت و بەڵگەکان بڵاوبکرێنەوە بۆ ئەوەی خوێنەر زانیارییەکی تەواوی لە پێش چاودا بێت و باسەکە میسداقییەتی هەبێت.

### ٥- زمانی پەخشان و زمانی ئیستیعارە

ئەو زمانەی کە لێکۆڵینەوەی پێ دەنووسرێت دەبێ زمانێکی کۆنکرێت بێت، هەرچەندە زمانی کۆنکرێتی موتڵەقیش نییە (لێرە کۆنکرێت بەرانبەر بە زمانی موجەڕەد و ڕستەی قۆقز و میتافۆری زۆر بەکاردەهێنین). بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی چەواشە نەبێت و باس ولێکۆڵینەوەش نەبێتە گۆڕەپانێک بۆ ئەوەی توانا ئەدەبی و شیعرییەکانمانی تێدا تاقی بکەینەوە، بەڵکوو دەمانەوێ شتێکی ئاشکرا و ڕوون بڵێین، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە.

زمانی کۆنکرێتیش بە ڕستەی کورت و ڕوون و پەرەگراف پێکدێت کە یەک بە ئەویترەوە گرێ بدات و هەروەها پێویستە گشت ئەو کۆنێکتۆرانە(ئەداتی وەسڵ/ئامرازەکانی پەیوەندی) بەکاربهێنین کە دەبنە هۆی دروستکردنی خیتابێکی لۆژیک و عەقڵانی و سەر بە پڕۆسەیەکی محەکەم؛ تاکوو هێزی ئیقناعیان هەبێت، یا بە شێوەیەکی دیکە لە ڕێگای ئەم زمانەوە خوێنەر لە مەبەستی خۆمان حاڵی بکەین، نەک بە زمانێک کە هێزی ورووژاندنی تێدا بێت و ڕاستەوخۆش موخاتەبەی ویژدان و دونیای سۆز و عاتیفەی خوێنەر بکات. «زەحمەتە یەکێک بدرێتە پاڵ عەقڵانییەکان لە حاڵەتێکدا هەموو تێزێک ڕەتدەکاتەوە ئەگەر لەگەڵ تێزەکەی ئەو تەبا نەبن».[4] ئەم دیدەنیگایە لە بۆچوونی لەخۆبوردوویی و تەساموحەوە دروست نابێت، بەڵکوو لە ناواخنی بیروردی (rigueur)یەوە لە دایک دەبێت. هەر بۆ هەمان نووسەر، عەقڵانییەت و بیروردی دەبێ لە یەک بۆتەدا کۆبێتەوە بۆ ئەوەی میتۆدی زانستییانە ڕەچاوبکرێت. چونکە ئامانجی سەرەکیمان ئەوە نییە کە خوێنەر ببێتە نێچیر و «باسکار»یش وەکوو ڕاوچی لێبێت. زۆر ڕێشی تێدەچێ کە زمانی نووسین ببێتە زمانی پەخشان و ڕەنگیشە ببێتە پەخشانێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و بەهایەکی ئەدەبیی دەگمەنیشی هەبێت، بەڵام ئەو کات زیاتر دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ تەفسیر و لێکدانەوە و کۆخوێندنەوە.

دەشبێ زۆر بە وریاییەوە ئاگاداری بەکارهێنانی زاراوەکان بین. ڕەنگبێ ئیشکالی گەورەی لێکۆڵینەوە هەر زاراوە بێت و بەس

(بەتایبەت لە بواری نووسین بە زمانی کوردی، چونکە کێشەی زاراوە هێشتا چارەسەر نەکراوە و هەروا بە ئاسانیش چارەسەر ناکرێ). مەبەستمان زیاتر لەو زاراوانەیە کە لە زمانی بێگانەوە ئیستیعارە کراون ودەکرێن. جا چ عەرەبی بێت و چ زمانە ئەوروپییەکان: ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئیسپانی.

ئایا ئامانجی باسکار چییە کاتێک زاراوەی «ئیپۆک» دەئاخنێتە کارەکەیەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا لە زمانی کوردی وشەی (سەردەم) یا (چاخ)مان هەیە کە پڕ بە پێستی ئەم وشەیە، هەرچەند ئەم وشەیە زاراوەش نییە، بەڵکوو وشەیەکی ئاسایی یە! لە کاتی خوێندنەوەی بابەتی جیاوازدا چاومان بە گەلێ دیاردەی سەیر دەکەوێت و لەمەش زیاتر نامانەوێ لە سەری بدوێین. ئەمەش مانایا ئەوە نییە کە خۆمانا دوورەپەرێز بگرین لە بەکارهێنانی زاراوە ئەوروپییەکان، بەڵام بە پێی توانا لێکبدرێتەوەو ڕاڤە بکرێت. چونکە بەبێ تێگەیشتنی زاراوە، ناکرێ پەی ببرێتە ناو باسەکەوە.

چونکە ئەگەر هات و زاراوەیەکمان بە زمانی عەرەبی هەبێت، بەکارهێنانی گەلێ چاکترە لەوەی پەنابەرینە بەر زاراوەیەک لە زمانێکی دیکەوە، چونکە خوێنەری کوردی زیاتر بە زاراوە عەرەبییەکان ئاشناترن، تا ئەو کاتەی گرفتی زاراوە لە زمانی کوردی چارەسەر دەکرێت. خۆ ئەوەش ڕاستە هەندێک دەڵێن، کوردی لقێک لە زمانی هیندوئەوروپی یە و بەکارهێنانی زاراوە ئەوروپییەکان زیاتر لەگەڵ "خەسائیسی زمانی کوردی" دەگونجێن، بەڵام ئەم ئەنجەتە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە. هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێت کە زاراوەی لاتینی بەکاربهێنرێت بە مەرجێ پێشوەخت لێکدرابێتەوە تاکوو بە تێپەڕینی کات خوێنەر پێی ئاشنا بێت.

بۆ نموونە ئەو زمانانەی کە سەر بە هەمان ڕەچەڵەکی هیندوئەوروپی نین وەکوو: زمانی باسک، فینلەندی و هەنگاری، ئایا سوودیان لە زمانە هیندوئەوروپییەکانی دەوروپشتیان وەرنەگرتووە؟ ئیسپانی و فەڕەنسی بەنیسبەت باسکەوە، زمانە سلاڤییەکان بەنیسبەت هەنگارییەوە و زمانە ئەسکەندیناڤییەکان بەنیسبەت فینلەندییەوە؟

کەواتە زۆر شتێکی سروشتی یە کە زاراوە کوردییەکان لە سەرچاوە بەلاغییە عەرەبییەکانەوە وەربگیرێن، ئەگەر دەست نەکەوت، ئەوکات پەنابەرینە بەر زاراوەی دیکە. جگە لەوەی کە هەموو ئەدەبی کلاسیکی کوردیی لە هەمان سەرچاوە بەلاغییە عەرەبییەکان ئاوی خواردووەتەوە. بەمەش زیاتر لە ناو بەردەوامیی مێژوویی — ڕۆشنبیرییدا دەژین. هەرچەندە ئەم بابەتە دەکرێ بخرێتە ژێر تو ێژینەوە و باسەوە.

### ٦- منی تواوە لە ناو ئێمەی ،کۆمەڵەی زانستییان،

منی توژەرەوە دەبێ لەگەڵ (من)ەکانی (کۆمەڵەی زانستییان)دا تێکەڵ بێت، واتە بە (ئێمە)یەک دەبێ بنووسێ کە گوێمان لە دەنگی خاوەنەکەی نەبێت، ئەگینا دەبێتە زمانی خیتاب و ئێمەی ڕۆمانسی جێگەی دەگرێتەوە. یا ئەوەتا دەبێتە ئێمەی گرووپ و ئێمەی هاوڕێ و، فیکرەی پارتیزانی بە سەر خیتابدا زاڵ دەبێت. کەواتە دەبێ

> **☐ ئایا ئامانجی باسکار چییە کاتێک زاراوەی ،ئیپۆک، دەئاخنێتە کارەکەیەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا لە زمانی کوردی وشەی (سەردەم) یا (چاخ)مان هەیە کە پڕ بە پێستی ئەم وشەیە، هەرچەند ئەم وشەیە زاراوەش نییە، بەڵکوو وشەیەکی ئاسایی یە!**

ڕاناوی (ئێمە) زۆر بە وردی و وریاییەوە بەکاربهێنرێت.

هەموو خلیسکانێک لەم ڕووەوە دەبێتە خلیسکانێک کە زیان بە لێکۆڵینەوەکە دەگەیەنێ. زمانی زانست ئەو زمانەیە کە بە بێلایەنی خۆی ئاشکرا بکات، بێلایەنییەک کە بوار دەداتە خوێنەر کە کارامەیی بیربکاتەوە و فەزای بیرکردنەوەی فراوان بکات. ئەگینا دەبێتە هەوڵێک بۆ ئەوەی بە زۆر قەناعەتی پێ بهێنن، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە ئێمە توێژەرەوە، خۆمان گومان دەکەین لەو بەرهەمەی کە دەینووسین و هەروەها ڕەنگیشە ئەو گریمانەی کە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکە دامنابێت تووشی هەڵوەشانەوە بێت. لەم ڕووەوە «باشلار» دەڵێ: «مەعریفە پەیداکردن لەمەڕ واقیعەوە ڕووناکییەکە کە هەمیشە سێبەری لێ جودادەبێتەوە».[5] ئەم گومانە دەبێ لە ناوئاخنی کارەکەوە پەخەمان بگرێت نەک تەنها بە دوو پاتکردنەوەی وشەی گومان!

ئەو گومانە لە ڕێی بەکارهێنانی زمانەوە دروست دەبێت. گەلێ وشە هەن کە پرۆژەی گومان هەڵدەتەکێنن. چونکە نووسەر دەیەوێ پەیامێکمان پێ ڕابگەیەنێ نەک لێکۆڵینەوەیەک، دەیەوێ لە گەڵیدا تەبا بین نەک ناکۆک و موخالیف، دەیەوێ چەپڵەی بۆ لێدەین نەک گومانی لێ بکەین.

لە هەندێ نووسیندا چاومان بە ڕستەیەک دەکەوێ کە نیو لاپەڕەی خورشیدی داگیرکردووە، بیرم بۆ لای ڕستە درێژەکانی «پروست»دەبات کە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕۆمانی *(گەڕان بە دووی زەمەنی ونبوودا)*ی داگیر کردووە. ڕستەی ئەدەبیو ڕستەی باسی زانستی دەبێ جیاواز بن. هەموو وشەیەک دەبێ حسێبی بۆکرابێت، بۆ ئەوەی سێبەری واتای تر لە دەوری خۆی کۆنەکاتەوە. لە زمانێکی ڕەمزییانە دوور بکەوێتەوە. ئاوەڵناوی زۆر، زیاتر کەسێکی وەسفی دەداتە باسەکە. ئێمە لەمەڕ ڕاڤە و شیکردنەوەوە دەدوێین، واتە زمانی مەنتیق. ئەگینا لە زیهنییەتی زانستییانە خۆمان لادەدەین.

### ٧- زیهنییەتی زانستییانە

توژەرەوە سەرەتا سەرنجی ماددەی لێکۆڵینەوەکەی دەدات و دەبێ وردیی سەرنجدانی هەبێت و، لە دەرەوە تێی بڕوانێ و فەحسی بکات. ڕەنگبێ لە بواری زانستە ئینسانییەکاندا ئەم بوارە کەمێ تەسک بێتەوە. بەڵام دیسانەوە دەبێ لە دەرەوەی بابەتەکەوە ڕاوەستێت. وەکوو ماددەیەکی سەربەخۆ و لە هەموو سووچێکەوە پێویستە تێی بڕوانێ. نەک تەنها لەو سووچەی کە ویست و ئارەزووی ئەو داوای لێدەکات. لێرەدا دەبێ ویستو ئارەزوو بڕژێتە تێڕوانینێکەوە کە

**❑ ئەگەر ئیمڕۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئاستی خواستی ئێمەدا نەبێت، ئەمە مانای وانییە کە هێڵێکی ڕاست و چەپ بە سەر هەموو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بدرێت،**

خزمەتی لێکۆڵینەوە بکات. ئەمەش دەڵێین بەبێ ئەوەی خوێندنەوەی ئاراستەکراویش لەبیربکەین.
چونکە هەموو خۆسەپاندن و خۆتێکەڵکردنێک، تەزوویەکی ڕۆمانسییانە دەبەخشێتە بەرهەمەکە، با نووسەر زاراوەی زانستی و عەقڵانیش بەکاربهێنێ. ئەم زاراوانە بەس نین، دەبێ پرۆسەیەکی عەقڵانی و مەحکەم سەرتاپای لێکۆڵینەوەکە بەڕێوەبەرێت.
بۆ نموونە توێژەرەوەیەک دەیەوێ لەمەڕ ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە لێکۆڵینەوەیەک بکات. دەبێ سەرەتا بارودۆخی ڕۆژنامەگەریی بزانین چییە و لە چ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی ــ ڕۆشنبیرییەوە سەریهەڵداوە. نابێ بەراوردی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەگەڵ هی عەرەبی یا فەرەنسی بکەین و لەوێوە دەست بە نووسین بکەین. چونکە مێژووی ئەم سێ میللەتە جیاوازن. هەروەها ئەو هەلومەرجانەی کە ڕۆژنامەگەریی تیایا سەریهەڵداوە وگەشەی کردووە گەلێ جیاوازن. هەموو دیاردەیەک قابیل نییە بە بەراوردکردن. وەکوو دەزانین ڕۆژنامەگەریی کوردی بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی کوردستان سەریهەڵداوە، ئەمەش بێگومان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و، ئەو تایبەتمەندییە دەبێ ڕوونبکرێتەوە. بەکورتی، پێویستە بابەت تا بکرێ گرینگی بە پنتی بچووک و تایبەتمەند بدات بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەو گشتییەت بڕوات.
ئەگەر ئیمڕۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئاستی خواستی ئێمەدا نەبێت، ئەمە مانای وانییە کە هێڵێکی ڕاست و چەپ بە سەر هەموو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بدرێت، یا تەنها لەو پنتەوە تەماشای بکەین کە ئێمەی ڕۆژنامەنووس دەستمان بەکارکردووە! بەڵکوو دەبێ لەو زەمینەیە تێبگەین کە ئەم جۆرە چالاکییەی تێدا لەدایک بووە، دەبێ لە کارەکتەرەکانی بگەڕێین، دەبێ لە هەموو ئەو تۆخمانە بگەڕێین کە چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو چەمکەوە هەبێت کە ئێمە دەمانەوێ ئیشی لە سەر بکەین. بۆ ئەوەی هەمیشە لە دوو توێی بابەتەکەوە بگەینە ئەنجام نەک لە ڕێگەی ئیسقاتات و سەپاندنی دەرەکییەوە.
زیهنییەتی زانستییانە، ئەو زیهنییەتەیە کە وردەوردە هەنگاو دەنێت و بە وریاییەکی زۆرەوە دەبێ باس لە حەقیقەت بکات! چ حەقیقەتێک؟ بە گومانەوە دەبێ شتمان پێ بڵێت، بۆ ئەوەی ئێمەی خوێنەریش لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەودا بەرەو کێشەکان بڕۆین؛ نەک، توێژەرەوە وەکوو ئەوەی کە خۆی لە شوێنێکی دیکە هەندێ حەقیقەتی بەچنگ هێنابێت و لەو بوارەدا بە ئێمە ڕابگەیەنێ. ئەمە زیاتر لە زیهنییەتێکی میتافیزیکی دەوەشێتەوە. لە دوو توێی ئەم جۆرە نووسینانەدا ڕستەی (من ئەو شتە دەڵێم و ئێوە گوێبگرن) خۆی ئاشکرا دەکات.
باشە، چ جیاوازییەک لە نێو ئەم دوو زیهنییەتەدا هەیە؟ یەکەمان لە دووی حەقیقەت ناگەڕێ و دووەمیشیان دەیەوێ پەی بەرێتە نێو چەمکی حەقیقەتەوە و لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات.

## ٨- جەماوەر دروستکردن یا دیالۆگ کردنی لە گەڵی

ئەوەی لەمەڕ بابەتێکی دیاریکراوەوە ئیش دەکات، مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە خۆی وەکوو باسکار، بیەوێ هەندێ چەمک شیکاتەوە، هەندێ ڕۆشنایی بهاوێژێتە سەر هەندێ دیاردەوە. دەشبێ هەمیشە بەنیسبەتەوە تەماشای ئەو ئەنجامانە بکات کە پێیگەیشتوە، چونکە گریمانەکەی ئەو تەنها جۆرە ئیحتیمالییەکە و بەس. ڕەنگبێ هەر دوای ئەو باسکارێکی دی بێت و گریمانەکەی ئەو هەڵوەشێنێتەوە و لە سووچێکی دیکەوە سەیری ئەم دیاردەیە بکات. هەر ئەمەشە وزە شاراوەکانی باسی زانستی!
ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە سەیری دیاردەکان نەکەین، ئەوە خێرا نیازە شاراوەکانمان خۆیان ئاشکرا دەکەن: دەمانەوێ جەماوەر ئاگادار بکەینەوە، دەمانەوێ ئەو ڕچەیەی ئێمە پێی گەیشتووین، بە جەختەوە ئەوانی دیکەش هەمان ڕچە بگرن دەمانەوێ شوێن پێی ئێمە هەڵگرن؛ چونکە هەر ئێمە ئارەقەی تەواومان ڕشتووە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئاستەی کە گەیشتووینەتێ!
ڕاستە، پێدەچێ، گرووپ و جەماوەرێک دروست بکات، بەلام لە پێناو چی؟ لێکۆڵینەوە لە زریزەیەک دەکات کە تەنها هەڵقەیەک هیچ ناگەیەنێت، دەبێ لە سەرتاپای هەڵقەکان بڕوانین بۆ ئەوەی زریزەکە ببینین. ئەم بەردەوامی و تەواوکەرییە لە ڕێگای دیالۆگەوە دروست دەبێت. چونکە ئەوەی گرینگە، دیالۆگ دروستکردنە. دیالۆگی ڕاستەقینە نەک پشت بە ڕەوانبێژییەک ببەستێ تەنها خوێنەر تووشی حەپەسانێکی نیگەتێڤ بکات و ئامادەیان بکەین بۆ ئەوەی بە شان و باڵای ڕەوانبێژەکەماندا هەڵبشاخێین.
یا لەو پنتەوە دەست بە باس بکەین کە نەفی ئەوانەی پێشوو بکەین و تەنها بۆ دروستکردنی میسداقییەتێکی کورتخایەن، یا یەک دووانێک «گوڵبژێر» بکرێن بۆ ئەوەی خۆ لە «گوناهی نەفی موتڵەق» پاک بکەینەوە! چونکە نەفی کردنی ئەوی تر لە پێناوی خۆ هێنانەپێشەوە و خۆ خستنە سەر شانۆی خیتابی جۆراوجۆر، هەرگیز نابنە بنەما بۆ خیتابی زانستییانە!
دیالۆگیش تەنها لە یەک بواردا دەکرێ بخەملێنرێت. ئەویش ئەوەیە کە بە چاوێکی کەمەوە تەماشای خوێنەری ئیحتیمالی نەکەین، دەبێ گومان لە توانا و هەوڵ و تەقەلاکانی نەکەین، چونکە ئەویش بە بەشێکی ئۆرگانیزە دەژمێردرێت لەم بوارەدا. جا خوێنەری گشتی بێت یا خوێنەری پسپۆڕ و ئاگادار.
چونکە لە کۆتاییدا، هەموو چالاکییەکان چالاکیی مێژووین، بەو مەبەستەی کە دەبێ خۆ فڕێدەینە نێو بەردەوامی زەمەنەوە، نەک لە سووچێکی لاتەریکەوە سەیری ڕەوڕەوەی مێژوو بکەین.

## ٩- پەیوەندی لەگەڵ مێژوو و نەفی کردن

منی باسکار ئەو کات گرینگی خۆی پەیدا دەکات کاتێک کە دەچێتە نێو هێڵێکی بەردەوامییەوە. بەو واتایەی کە دەبێ تەنها وەکوو ئەو خاڵە تەماشا بکرێت کە هێڵ دروست دەکات. هەموو سڕینەوەیەکی ئەم بەردەوامییە خۆی لە خۆیدا بە نەفیی خود کۆتایی دێت. واتە نەفیی ئەویتر. تەنها نەفییەکی تری ئەستوورتری باسکارەکە خۆیەتی.

چونکە هیچ خاڵێکیش جەوهەری نییە، هەروەکوو چۆنیش هیچ ڕەچەڵەکێک جەوهەری نییە. هەموو چالاکییەکان لە ناو بەردەوامی و مێژوودا مانا دەقۆزنەوە. هەروەها هیچ زمانێک سەد لە سەد نوێ نییە، هیچ زمانێکیش سەد لە سەد کۆن نییە. لێرەش دیسانەوە دیدەنیگای نیسبییەت بارستایی خۆی پەیدا دەکات. هەموو شتێ نیسبی یە، تەنها نیسبەت نەبێ کە موتڵەقە. ئا لەم چەمکەوە دەبێ چالاکی بخوێندرێتەوە.

لە کتێبی (مێتۆدگەرایی لە ئەدەب و زانستە ئینسانییەکان)دا[٦]، عەبدوڵا ئەلعەروی کاتێک باسی خوێندنەوە دەکات سێ مەرج دەستنیشان دەکات، مەرجی یەکەم ئەوەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی مێژوویی، لە واتایا وشە بگەین. کاتێک وشەگەلێکی کوردی دەخوێنینەوە کە لە سەدەی حەڤدە یا هەژدە بەکارهاتوون، دەبێ لەو واتایانە بگەین کە لەو سەردەمە بەکارهاتوون نەک وەکوو ئەوەی کە ئیمڕۆ ئێمە لێی تێدەگەین.[٧]

کاتێکیش باسی نوێخوازی لە شیعری کوردی دەکرێ، پێویست دەکات لە مەنزوورێکی مێژووییەوە سەیری بکرێت. گۆران نوێ یە نیسبەت بە تەفعیلە لە شیعری کوردیدا (یا لە هەندێ چەمکێکی دیکەوە کە پێویستە باسبکرێن)، بەڵام نابێ بە نوێخوازێکی موتڵەق بخوێندرێتەوە، هەروەها نالی، خۆشی لە بەتاڵییەوە نەهاتە کایەوە،[٨] پێش ئەو شاعیرانی دیکە هەبوونە، نوێخوازییەکەی لە چەند خاڵێکدا دەبێ بکرێتە ناو لیکۆڵینەوەیەکی دیاریکراوەوە.

## ١٠- ئامانجی گشتی

هەموو لێکۆڵینەوەیەک پێشوەخت لە دەوری ئیشکالییەتێکەوە چەق دەبەستێت. گرفتێکە کە باسکار پێشنیاری دەکات و فەرزییەتێکی لەو ڕووەوە هەیە. فەرزییەتیش بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کە دەسەلمێنرێت، ڕەنگیشە پووچببێتەوە. مەرج نییە هەموو گریمانێک سەلماندن قەبوڵ بکات ئەمەش بۆ گەلێ هۆی جەدەلی و زانستی دەگەڕێتەوە.

سەرەتای هەموو باسێک بە پرسیارێک یا بە چەند پرسیارێک یەکئالادەبێتەوە. ئیتر وردە وردە زەمینە خۆش دەکرێت، دراو کۆدەکرێتەوە بۆ ئەوەی وەلامی پرسیارەکان بدرێتەوە، مەرج نییە وەلاممان بۆ هەموو پرسیارەکانیش هەبێت. ئەمە وادەکات کە خیتابی زانستی، ببێتە خیتابێکی کراوە.

واتە دەبێ ئەنجامی گشتیی هەموو لێکۆڵینەوەیەک بە کراوەیی بەجێ بهێڵدرێت. بەو مەبەستەی کە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، پرسیاری

**هیچ زمانێک سەد لە سەد نوێ نییە، هیچ زمانێکیش سەد لە سەد کۆن نییە. لێرەش دیسانەوە دیدەنیگای نیسبییەت بارستایی خۆی پەیدا دەکات. هەموو شتێ نیسبی یە، تەنها نیسبەت نەبێ کە موتڵەقە.**

دیکەی لێوە هەڵبهێنجرێت. بۆ ئەوەی باسکاری تر، چ خوێنەری دیکە لە کات و دوای خوێندنەوەی باسەکە پاڵی لێ نەداتەوە، چونکە ئەنجامی گشتیش، ئەویش دەروازەیەک بەرەو باسی دیکە دەکاتەوە. ڕەنگیشە، باسکار خۆی دوای ماوەیەکی دیکە، بەو بابەتەوە خۆی خەریک کاتەوە.

ئیسپانیا، ساڵی ٢٠٠١

### پەراوێزەکان

1- *La formation de l´esprit scientifique*, **G. Bachelard**, librairie philosophique, J. 1 Vrin. p. 35.

٢) **عەلادین سەجادی**، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، نەغدا، ١٩٧١، لاپەڕەی ٢٤٠.

٣) *لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی باشوور، لە نێوان ساڵانی ١٨٢٠-١٩٢٠دا*، **عەبدوڵا محەمەد ئەحمەد**، نامەی دکتۆرا، ١٩٨٧، سۆربۆنی ٣، لاپەڕەی ١٤٩.

٤) دێکارت، خیتاب *لەمەڕ* مێتۆدەوە، **ژان فرانسوا ڕێڤێل** پێشەکی بۆ نووسیوە و **ژان ماری بەیسادۆ** پەراوێزی بۆ داناوە و ڕاڤەی کردووە، کتێبخانەی گشتی فەرانسی ١٩٧٣، ل ٩. ئیستیشهادی ناوبراو لە پێشەکییەکە وەرگیراوە.

5- *La formation de l´esprit scientifique*, **G. Bachelard**, librairie philosophique, J. 1 Vrin. p. 17.

٦) **«ع. العروی»، «ع.کیلیطو» «ع. الفاسی»، ع. الجابری»**، *المنهجیە فی الادب و لاعلوم الانسانیە*، دار التوبقال، ١٩٨٤، دارالبیضاء، ل ١٢.

٧) ئا لێرەوە کێشەیەکی گەورە بەرەو ڕوومان دەتەقێتەوە، ئەویش سەبارەت بە مێژووی وشەی کوردی و مێژوووی سەرهەڵدانێتی... هتد. چونکە هەموو ئەو فەرهەنگانەی کە تاکوو ئێستا بۆ زمانی کوردی تەرخان کراون، بە شێوەیەکی مێتۆدی دروست نەکراون و ئەمەش گرفتێک بۆ باسکار دروست دەکات.

٨) بۆ نموونە: عەلی بەردەشانی یا ئیبنولحاج کە ١٥٧ چوارینەی بە شێوەی زمانی سلێمانی نووسیوە. هەروەها دەرسی زمانی کوردی بە قوتابیان گوتووە و هانی داون کە بە زمانی کوردی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

بڕوانە: *لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی باشوور، لە نێوان ساڵانی ١٨٢٠-١٩٢٠دا*، **عەبدوڵا محەمەد ئەحمەد**، نامەی دکتۆرا، ١٩٨٧، سۆربۆنی ٣، لاپەڕەی ١٢٧.

# سابلاغ دە بیرەوەرییەکانی «لیتن» دا

وەرگێرانەوە: ئەحمەد شەریفی

«ویلهم لیتن»، له سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سەرکۆنسوولی ئاڵمان له تەورێز بووه. له ترسی ڕووسان ڕادەکا و بەرەو سابلاغ دێ. دوای سەردانی سابلاغ و دیتنی گەلێک له مەزنه پیاوان و لەوانه شەهید قازی فەتاح، به ناوچەی پەسوێ و لاجان و پیران دا دەچێته ڕەواندز و، لەوێ ڕا دەچێته موسڵ و پاشان دەڕواته بەغدا و به ڕێگەی کرماشاندا دەگەڕێتەوه تاران.

بیرەوەرییەکانی لیتن (خاطرات لیتن) له لایەن دوکتور «پەرویزی صەدری»یەوه کراوەته فارسی و له ساڵی ١٣٦٨ له تاران چاپ و بڵاوبووەتەوه. ئەوەی لێرەدا پێشکێش دەکرێ، وەرگێڕاوی لاپەڕەکانی ١٤٠ تا ١٥ی ئەو کتێبەیه که نووسەر، تێیدا باسی بیرەوەرییەکانی خۆی له مەهاباد دەکا.

لیتن، له بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆیدا باسی کوشت و کوشتاری بێ بەزەییانەی هەرمەنییەکان به دەستی تورکان دەکا و ئەوەش جەخت دەکاتەوه که چلۆن تورکان، کوردیان به بیانووی جیهاد (شەڕ له دژی ڕووسان) فریوداوه.

با ئەوەش بڵێم، ساڵی ١٦-١٩١٥ ڕووسان ناوچەی مەهاباد دەگرن که قازی فەتاح و دەیان کەسی دیکه له جەنگەی بەرگری له شاری مەهاباد به دەست ڕووسان شەهید دەکرێن. گڵکۆی شەهید قازی فەتاح له مزگەوتی شادەرویشی مەهاباد هەڵکەوتووه.

ڕووسان پاش گرتنی سابلاغ، خەڵکێکی زۆر دەکوژن و به سەدان ژن و پیاویش به دیل دەگرن و بەرە ڕووسیایان دەبەن.[١] خودا لێخۆشبوو حەزرەتی شێخ عەبدوڵلای گەیلانی(ئەفەندی)، ئەوکات له ڕەواندز دەبێ، له نامەیەکدا باسی گیراوان و دەربەدەربوونی کوردی مەهابادی دەکا.[٢] هەروەها خودا لێ خۆشبووان دوکتور مستەفا شەوقی و عەلی بەگی حەیدەری (سالار سەعید)یش بەم بۆنەوه دوو پارچه شێعریان داناوه.[٣]

شەریفی: زستانی ١٣٨٠

***

سەعات نیزیکەی دوازده و پەنجا خولەکی شەوی (٣٠ ژانڤییەی ١٩١٥) له قەراغ چۆمی، لاوێکی جوان و ئاڕاسته که تازه تیغی دابوو و مووی له سەر لێوان ڕوابوو، به جلوبەرگێکی جوان و پاکیزەی کوردییەوه، پێشوازی لێکردین. ئەو گەنجه شۆخ و شەنگه کوڕی «قازی فەتاح» مەزنه پیاوی کوردان بوو، که له لایەن تورکانەوه کرابوو به حاکم و فەرمانڕەوای میاندوواوێ. ناوی ئەوم ده پەروەندەکانی باڵوێزخانەی ئەڵمانیدا دیبوو. بەم هۆیەوه نەدیده دەمناسی. چەند ساڵ پێش گوندەکانی (حاجی ئاوا) و (کوول ئاوا) که بەشه میراتی گرین فیلد Green Field بوون و چەند ئاڵمانی لەوێ دەژیان، له لایەن پیاوەکانی قازی فەتاح داگیرکران. «شووغمان» پێسپێراوی کۆنسوولگەریی ئاڵمان، بۆ ئەوەی بەشه میراتی ئاڵمانییەکان خوردکاتەوه، بەشه مڵکی ئاڵمانییەکان به کابرایەکی ڕووسی دەفرۆشێ. کابرای ڕووس به کۆمەگی قەزاقان، کوردان له وان گوندان وەدەردەنێ.

کاتێک گەیشتمه ماڵی قازی فەتاح ئەوەم وەبیر هاتەوه که (مەئموور ئاڵمانی، کوردەکانی سەر به قازی فەتاحیان له گوندان دەرکردبوو). ئەو کارەم زۆر پێناخۆش بوو و شڵەژام. بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت قازی فەتاح ئەو کارەی له بیر خۆی بردۆتەوه. چونکه کاتێک ڕووسان لەو ناوچەیه وەدەردەنێ، دەستبەجێ گوندەکان دەگرێتەوه.

چەکمەیان له پێ داکەندین و «ئیبراهیم فەوضی» هاوڕێم تەنانەت گۆرەوی و شەڵوارەکەشی دەرهێنا و له قەراغ ئاگری گەرمی سۆبه ڕۆنیشت و خەریکی خۆگەرمکردنەوه بوودەوه. ئەو فەرماندە تورکە، به کڵاوی ژەنەڕاڵییەوه وه شتێکی سەیروسەمەره و مەسخەره دەچوو. سەرەڕای ئەوەش کەس کاری پێی نەبوو.

قازی فەتاح، پیاوێکی به ساڵاچووی له سەر دڵان بوو. ژیری و وشیاریی له چاوانیدا دەباری. گوتی فارسی له تورکی باشتر دەزانێ. وتووێژێکی گەرم و دۆستانەمان دەست پێکرد. هەتا ڕادەیەکی زۆر شڵەژا و دەستپاچه بوو. سەبارەت به شکانی تورکان زۆر دڵمەند و دڕدۆنگ بوو. هەقی بوو، چونکه یارمەتییەکی زۆری دابوون. بۆ خۆی بووبووه فەرمانڕەوای میاندوواوێ و قازی عەلی خزمێکی نزیکی، بووبووه فەرمانڕەوای سابلاغ و خزمێکی دیکەی پێشنوێژ و ئیمام جومعەی مەهاباد.

بەمجۆره بنەماڵەی قازی فەتاح ئەم شانازییەیان هەبوو که ببنه سەرۆک و مەزنی کوردان و باوەڕپێکراوی تورکان له ناوچەی میاندوواو هەتا سابلاغێ و هێز و دەسەڵاتێکی بێ سنووریان هەبێ.

سەرەوەت و سامانی وی، بەتایبەتی گاڕان ومێگەل و مڵک و ماشی، پاش پێشڕەوی تورکان فرەتر بوون. بەم هۆیەوه ئەگەر هاتبا و ڕووسان جارێکی تر به سەر ناوچەکەدا زاڵ ببانەوه، ده چاوترووکانێکدا له حاکمێکی زلهێزەوه دەبوو به قەلەندرێکی لێ قەوماوی هەڵاتوو. هەر بۆیەش له شکانی تورکان زۆر دەترسا. دەیگوت پێمگوتبوون (مەبەست به

تورکانی گوتبوو ) کار بەم شێوەیە نالوێ. ئەگەر بە قسەی منیان کردبا، ئێستا لە میاندوواوێ دەبوون و پێوەندییان لە گەڵ بەرەکانی پشتەوەش دەبوو. ئەوان دەبوایە هێزێکی زۆریان کۆکردباوە، حەماقەتیان کرد کە پاشەکشەیان کرد، ئەو چەند کوردەش کە لەگەڵ تورکان ڕۆیشتبوون، هێندەیان تەوهین و سووکایەتی پێکرابوو، لە نێوەی ڕێگایەدا گەڕابوونەوە.

وەڵامم داوە و گوتم تێکشکاو نابێ هێندە سەرزەنشت و لۆمە بکرێ. وەڵامی دامەوە و گوتی ئێستاش بە تورکان وەفادارە و بەڵام واباش بوو ئەوان گوێیان بۆ نەسیحەت و ئاموچیاری سەرۆکەکانی کورد شل کردبایە و وڵاتی ئێمەیان باشتر ناسیبا.

لە پڕێک خەبەرمان پێگەیی کە لەوبەری جەغەتوو دەنگی تەقە و تیرەندازی دێ. پێمان وابوو کە ڕووسان گەیشتوونەتە ئێرە. کوردان دەستیان دایە تفەنگ و ڕەخت و فیشەکدانیان لە خۆ بەست و بۆ بەرگری چوونەدەرێ. کوڕە گەورەکەی قازی فەتاح کە گەنجێکی جوان و لە سەردڵان و قەڵافەتێکی زۆر پیاوانەی هەبوو، لەگەڵ باوکی هاتەدەرێ. کوڕە گچکەکەی، کە پێشوازی لە ئێمە کردبوو، گەڕاوە و بە فیزەوە چەکەکەی کە تفەنگێکی پێنجتیر بوو نیشاندایین. کاتێ کە کوردەکان (چونکە ئارییاین بێگومان لە ئێمە نزیکترن) چەک و تفەنگیان دەست دەدایە دیمەنێکی زۆر جوان و دڵگریان هەبوو. قازی فەتاح بۆخۆی بە هەموو لایەک ڕادەگەیی. پاشان بەرەو بەرەی جەنگ و دەرگیری ڕۆیی و شەوێ گەڕاوە. لە بەرەوە بۆمان ڕوونبووەوە کە، تیرەندازی و تەقەکە پێوەندییەکی بە ڕووسانەوە نەبووە، بەڵکوو پیاوەکانی صەمەدخانی صەمصامولسەڵتەنە(صمصام السلطنه) بوون کە تیرەندازیان کردبوو. ئەو پیاوە یەکێک لە باوەڕپێکراوانی شوجاعودەولە بوو کە بە سەر گوند و دێهاتەکانی ناوچەی بناو و مەراغە و میاندوواوێ ڕادەگەیشت. کاتێ تورکان هاتنە هەرێمەکە، ئەو کابرایە نەخشی خۆی گۆڕی و وای نیشاندا کە پەشیمان بووەتەوە و سەرەنجامیش تورکان بەخشیان و لێی خۆش بوون و، لە سەر کارو باری خۆی مایەوە. بەڵام کە ئێستا بیستبووی ڕووسان لە بەرەکاندا سەرکەوتوون، بۆ خۆشخزمەتی، پەلاماری دەستەیەکی چکۆڵەی لە تورکان و کوردان دابوو.

پاش ماوەیەک، حیلمی بەگ سەرۆکی ستاد و موختاربەگی فەرماندەی سوارەنیزام گەیشتنە ئەوێ. موختاربەگ بریندار بووبوو. گوللەیەکیان لە سینگی دابوو لە پشتی هاتبووەدەرێ. شەو درەنگانێک، لەپڕ ئەبولفەتح میرزا، میرزای نەجیبی کۆنسوولەگەریی ئاڵمانیش پەیدا بوو. ئەمن کاتێ تەورێزم بەجێدەهێشت، ئەسپێکی ئامادەی زینکراوم بۆ نارد و پەیامم دایە هەرکات خۆی دە خەتەردا دی، دەستبەجێ شاری بە جێبێڵێ و بێتە لای من. ئیدی خەبەرم لێی نەبوو.

بەهەرحاڵ، ئەویش دانیشت و نەقڵ و نەزیلەی هاتنەدەری تەورێزێی بۆ گێڕامەوە و گوتی ڕۆژی پێنجشەممەیە لای ئێوارێ، لەگەڵ شێخونیسلام و سەد کوردی تر لە تەورێز هاتینەدەرێ.

ماینەکەی منیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. شەوی شەممە کاتێ دەگەنە نزیک چۆمی جغەتوو، پیاوەکانی سەمسامولسەڵتەنە دەسڕێژیان لێدەکەن. ئەو لەگەڵ شێخولئیسلام بە قەراغ چۆمیدا، خۆ دەربازدەکەن. بەڵام لە پیاوەکانی تر و کەلەوپەلیان خەبەرێک نەبوو. لە کاتی پاشەکشەدا، حیلمی بەگ و شێخولئیسلام سیمی تێلگرافی تەورێز ـ سابلاغیان قرتاندبوو. دیاربوو ئەبولفەتح میرزا زۆر بە پەلە دەرپەڕیوە. چونکە جلوبەرگی نەگۆڕیبوو. هەر هەمان لیباسی تایبەتی دە بەردابوو کە لە جێژنی لەدایکبوونی قەڕاڵ (قەیسەر)دا، دە بەریدابوو. هەر بەو لیباسانەشەوە هەتا شاری موسڵم دەگەڵ هات. هۆگرییەکی زۆری بەو لیباسانەوە هەبوو.

قازی فەتاح دەیگوت کوردان دەکارن لە میاندوواوێ بەرخودان بکەن و بی پارێزن، بە مەرجێ فەرماندە تورکەکان لە وێندەرێ بن و سەرکردایەتی وە ئەستۆ بگرن. فەوضی بەگ قەول و بڕیاریدا و گوتی حیلمی بەگ و موختار بەگ هاوکاریتان دەکەن، بەڵام ئەمن بۆخۆم دەبێ لەگەڵ کۆنسوولی ئاڵمان بچمە سابلاغێ. ئەگەرچی حیلمی بەگ قەولی مانەوەی دا، بەڵام دوابەدوای ڕۆیشتنی ئێمە ئەویش کەلوپەلی بە کۆڵیدادابوو و وە شوێن ئێمە کەوتبوو.

شەوێکی زۆر ناخۆش بوو. ئێمە لە وەتاغێکی چکۆڵەدا، لە سەر عەرزی نوستین و لە سەرمان پاڵتۆ و پەتوو(بەتانی)مان بە سەر خۆدادابوو. لەو وەتاغەدا جگە لە من، فەوضی بەگ و موختاربەگ و دوو ئەفسەری تر کە لەگەڵ هێزەکانیان پاشەکشەیان کردبوو و خۆیان گەیاندبوە میاندوواوێ، نوستبوون. لای نیوەشەو فەوضی بەگم لە خەو هەستاند هەتا ئەسپان زین بکا و لە واگۆنی فایتوون(گالیسکە)یان ببەستێ. ئەم کارە ماوەیەکی زۆری خایاند. کاتێ ئەمن سواری فایتوون بووم، زانرا کە ماینی فەوضی بەگ دیار نییە. وە بیر قسەی سەرکردەی کورد کەوتمەوە کە گوتی کۆنسوول دەتوانێ لێرە بڕوا بەڵام فەرماندەکانی تورک دەبێ لەم هەرێمە بمێننەوە.

**ڕۆژی چوارەمی سەفەر، بەرەو سابلاغ**

سەرەڕای هات و هاوارێکی زۆر، ماین نەدۆزرایەوە. سەرەنجام سەعاتی سێ و نیوی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٣١ ژانڤییەی ١٩١٥، بێ ئەوەی ماین بدۆزرێتەوە، ناچار حەرەکەتمان کرد و بەرەو تەتەهوو کە پردێکی بۆ پەڕینەوە لە سەرە، ڕۆیشتین.

ئەمە هەمان پردە کە دیسامبری ساڵی ١٩١٤ کوردان پەلاماریان دایە و ڕووسان بەرگرییان لێ کرد. زۆر زوو گەیشتینە ناوچەیەکی کوێستانی و، بۆمان دەرکەوت گەیشتووینەتە کوردستانی حەقیقی. خەڵکی تەواوی گوند و ناوچەکە جلوبەرگی کوردییان دەبەردابوو. هەڵبەت لە میاندوواویش، کوردان دە ئەکسەریەت(زۆرینە)دان و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی کوردە، بەڵام هێندێ ئێرانیی تری کۆچەریش لەوێ دەژین کە کوردان پێیان دەڵێن عەجەم. ئەوانە (عەجەمەکان) لە کاتی ڕاگەیاندنی جیهادا، نەتەنیا بەشداریان نەکرد، بەڵکوو کاتێک هێزەکانی جیهادگەر (تورکەکان و کوردەکان) پاشەکشەیان کرد، هێرشیان کردنە سەریان. سەیریش نەبوو کاتێک کە ئێمە گەیشتینە میاندوواوێ، شارەوانییەکەیان ئاگردابوو. بەڵام ئێستا گەیشتووینە ناوچەیەک کە خەڵکەکەی بە گشتی کوردن. کاتێ ئینسان لە تەورێز ڕا دێ، کە شارێکە هەموو جۆرە گەل و میللەت و نەژادێکی تێدا دەژی، کە دەگەیە ئێرە هەمووی وەک یەکن، دیمەنێکی دڵخوازت دێتە پێش چاوان و لێرە هەموو شتێ پەیڕەوی لە ژیانی کۆمەڵگایەکی کوردی دەکا.

پێش نێوەڕۆیە، لە گوندێکی چیایی، بۆ تیمارکردنی ئەسپان و پشوودانێک ڕاوەستاین. پیاوێکی پیری دونیادیدە بانگی کردین و بردینیە مزگەوتێ و بە نان و ماستێکی زۆر باش میوانداری لێکردین. مزگەوت کە جێگەی نیایش و ستایشی یەزدان بوو، بریتی بوو لە خانوویەکی خشتیی گەورە، سۆبەیەکی لە ناوڕاستدا دانیسا و پیاوان لە

سەر چۆکان لە دەوریدا دانیشتبوون. کاتێ واوە دەهاتین لە نێو ڕێگادا دیمەنی سەیر و دڵتەزێنم دی. دەمدی کە ژنە کورد لە ترسی ڕووسان ڕادەکەن و دار و نەداریان لە سەر گوێدرێژان داناوە و بەرەو سابلاغ داژۆین. غەم و پەژارە لە سەر و چاویان دەباری (لە کوردستان ژنان چارشێو بە خۆ دانادەن). کاتێ گەیشتینە نزیک سابلاغێ، چەندین چەکداری کوردمان دی کە بەرەو میاندوواوێ دەچوون. یەکێک لەو سەرکردانەی کە لە ڕێگادا فایتوونی ئێمەی ڕاگرت، کوڕێکی دیکەی قازی فەتاحی بوو. گوتی بابم نامەی نووسیوە کە تورکان لە تەورێزێ تێکشکاون و داوای کردووە بە هەموو هێزەوە بچینە میاندوواوێ و لەو شارە بەرگری بکەین.

گوتی ئایا بۆ میوانداری لە گەڵمان بگەڕێتەوە سابلاغێ یان بە دەستووری باوکی بەرەو میاندوواوێ باژۆێ؟ گوتم بە قسەی بابت بکە. چەند کوردێکی ڕەگەڵ خستین و ئێمە بەرەو سابلاغ و ئەوان بۆ جەنگ لەگەڵ ڕووسان، بەرەو میاندوواو، ملی ڕێگامان گرت.

ئەمن و ئیبراهیم فەوضی بەگ، سەعاتی دەونیوی سەر لە بەیانی گەیشتینە سابلاغێ و یەکراست چووینە کۆشکی دارولمەحکەمە. لەوێ چەکمەیان لە پێ داکەندین و بردیانینە دیوەخانێکی گەورە، کە نزیکەی بیست کوردی تێدا دانیشتبوون. ئێمەش لەوێ دانیشتین. هەروا کورد بوون دەهاتنە ژوورەوە و دیوەخان پڕتر دەبوو. یەکێک لە داب و نەریتەکانی کوردان ئەوەیە کە قەت میوانی بە تەنێ جێناهێڵن و دەست و پێوەند بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و فەرمان هەمیشە ئامادەن.

جگە لەو سەرکردە کوردانەی کە لە کەناری دیواری دانیشتبوون، تاقمێکی زۆریش بە پێوە ڕاوەستابوون و چاویان دە ئێمە بڕیبوو. بە گشتی هەموویان جلوبەرگی کوردیان دەبەردابوو.

جلوبەرگی ئەو کوردانە بریتی بوو لە دەسرەیەکی ئاوریشم کە ڕیشۆڵەکەی دەهاتەخوارێ. سەڵتەیەکی کورت کە قۆڵێکی درێژی هەبوو. هەروا کراسی قۆڵدار و نزیکەی ٣٢ میتر پشتێند کە لە پشتیان دەبەستێ و شەڵوار یا پاتۆڵێکی گوشاد. هەمووشیان خەنجەریان دە بەر پشتێندا بوو. سەرۆکانی کوردی سابلاغێ بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین. ئەوانەی لەوێ بوون بریتی بوون لە: قازی عەلی حاکم و فەرمانڕەوای سابلاغ و ئامۆزای قازی فەتاح، قازی قاسم برای قازی فەتاح، ئیمام جومعەی شار کە ئامۆزای قازی فەتاح و چەند کەسی تر.[٤] پاش ماندوونەبوون ومنخۆش و تۆخۆش، گوتم حاڵم باش نییە و ناساغم، دەستبەجێ هۆدەیەکی تایبەتیان بۆ ئامادەکردم و چووم پشوو بدەم.

پاش پشوودان و هاتنەوەسەر خۆ، ئیمامی جومعە هاتە لام گوتی: براکەم میرزا جەوادخانی قازی[٥] لە بەرلین ـ شارلۆتنبۆرگ، خەیابانی مومزن ژمارە ١٤دا دەژی و ئێستا دەبیری باڵوێزخانەی ئێرانە و دەبێ نامەیەکم بۆ بەری و بیدەیەی. بەڵێنیم پێدا و گوتم پێش تاوهەڵاتێ دەبێ بڕۆم. پاشان ئەو باسی خواست و داخوازییەکانی کوردانی بۆ کردم و گوتی ئەوانە بە براکەم بڵێ هەتا لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمان باسیان لێوە بکا. گوتم هێندێک کەلوپەلم بۆ سەفەر پێویستە. دوو سواری بۆری نیشان دان، ئاوێنەیەکی دەستی و چەند خورجێن پووڵی عوسمانی. هێندەی پێنەچوو سەڕافێک هات و قڕانی بە لیرەی تورک بۆ گۆڕینەوە و بە خەیاڵی ڕاحەت دە تەنگەی گیرفانم نان. خورجێن و ئاوێنەشیان بۆ هێنام.

پاش نیوەڕۆیە موختاربەگیش گەیشتە سابلاغێ. ڕاغیب بەگ کە تەنیا یەک شەو سەرکۆنسوولی عوسمانی لە تەورێز بوو، ئەویش خۆی گەیاندە سابلاغێ. فایتوونمان بۆ ناردبوو هەتا لەگەڵ خێزانی واوەبێن. دیاربوو سەفەرەکەی زۆر ناخۆش ببوو. لە ناو ڕێگادا پەلاماریان دەدەن، ژنەکەی زۆر ترسابوو. چی وای پێنەچوو کە تەحسین بەگ کۆنسوولی عوسمانی لە سابلاغیش هاتە لامان. ڕاغیب بەگ لە پێشدا کۆنسوولی عوسمانی لە سابلاغ بوو. کوردی زۆر باش دەناسی. پێی وابوو بەم زووانە هێزێکی مەزنی نیزامی لەم هەرێمە بۆ تورکان چێ دەبێ و دەکارن لێرە ڕا پەلاماری تەورێز بدەن. ئەمنیش هەر وای بۆ دەچووم، چونکە هێزێکی زۆر لە میاندوواوێ کۆبووەوە و ئەم هێزە لەو هەرێمە کوێستانییەدا، دەیتوانی تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر بۆ ڕووسان سازبکا. بەڵام پێموانەبوو دەرەقەتی هێزەکانی ڕووسان بێن و شڕیان بکەن. تەنانەت سەرۆکە کوردەکانیش لەوە دڕدۆنگ بوون کە دەرەقەتی ڕووسان بێن. هەر بەم هۆیەشەوە، گوێم بۆ قسەی ڕاغیب بەگ شل نەکرد کە، لە سابلاغ بمێنمەوە و خەڵکی دژی ڕووسان هان بدەم. پێم وابوو، باشترین کار ئەوەیە بچمە شاری موسڵ و لەوێڕا گوزارشت بە دەوڵەتی خۆم بدەم.

حیلمی بەگ و موختار بەگ کە زانیان نەخشەی من چییە ئەوانیش بڕیاریان دا ڕەگەڵم کەون. شەوێ شازادە ئەبولفەتح میرزا هاتە لام و گوتی: خەڵک زۆریان پێ سەیرە کە فەرماندە تورکەکان دەیانەوێ هەڵێن و بۆی دەرچن. ئێستا ماڵە ئێمەیان گەمارۆ داوە و ناهێڵن بڕۆین. جگە لەوەش شێخولئیسلام بانگهێشتنی منی کردبوو هەتا میوانی بم، بەڵام چووبوە سەردانی مڵک و ماش لە دەوروبەری سابلاغ و لە ماڵ نەبوو. بڕیارمان دا بۆ ئەوەی خەڵک هێورببنەوە، ئێوە چەند ڕۆژی دیکەش لێرە بمێننەوە. گوتم ئەمن هەتا ڕۆژی سێشەممە لێرە دەبم. ئەبولفەتح میرزا هەستا ڕۆیشت هەتا ئەو خەبەرەی بە خەڵک بدا.

پێش ئەوەی بنووین چەند سەرکردەیەکی کورد هاتنە لامان هەتا بزانن قسەکانی ئەبولفەتح میرزا ڕاستن و بە ڕاستی ئێمە چەند ڕۆژێکی تر لێرە دەبین یان نا؟ کوردان زۆر پەشۆکابوون. لەوە دەترسان کە تورک و ڕووس پێکەوە خەریکی وتووێژان بن. کوردان نەدەکارین باش بیروبۆچوونەکانی خۆیان بە تورکان بڵێن. چونکە ئەوان فارسییان لە تورکی باشتر دەزانی. تەنیا ڕێگای هێورکردنەوەی بارودۆخ، ناووناوبانگی دەوڵەتی ئاڵمان بوو. دەبوو ئەمن بۆ هێمنکردنەوەی ئەو شڵەژاوییە بە فارسی بۆ خەڵکی قسە بکەم و هیوا و هومێدیان وەبەرنێم. سەرکردە کوردەکان دەیانگوت ئەگەر وانەبێ، ئێمە دەیدۆڕێنین و دە دەست ڕووسانمان دەنێن.

**ڕۆژی پێنجەم، دە شوڕای جەنگی سەرۆکانی کورددا**

ئەمڕۆ دووشەممە، ئەوەڵی فوریەی ساڵی ١٩١٥یە. قەیرانێکی سەیر لە ئارادایە. دوێنێ شەوێ دیسان بەیانییەی جیهاد دەرکرابوو. پەیک و تەتەری سوارە، ئەو خەبەرەیان بە هەموو سەرۆکە کوردەکان ڕاگەیاندبوو. ئێستا بەشێکی هەرە زۆری سەرکردەکانی کورد لێرە کۆبوونەوە. لە دیوەخانی دارولمەحکەمەی ئێرە دانیشتوون. لە لای سەرەوە، سەرۆکەکانی تورک و کورد و پیاوانی تر ڕۆنیشتوون. لە لای خوارەوە کوردگەلی چەکدار ڕاوەستاون. کاتێک ئەمن چوومە وێندەرێ، بەڕێزەوە بردیانمە لای سەرووی دیوەخان. بێدەنگییەکی سەیر بە سەر دیوەخاندا زاڵ بوو. پاش ئەوەی دانیشتم، کوڕێکی دە ساڵانە دەستی بە قسان کرد و گوتی:

هەرچەند منداڵم بەڵام ئیجازەم پێبدەن هەتا شانبەشانی ئەنگۆ بجەنگم و لە ڕێگای کوردستاندا، با بکوژرێم. ژیانی دووروودرێژم نە گەرەکە. تفەنگ و فیشەنگم بۆ جەنگ و خەبات ئامادەیە. یەکێک لە پیاوانی ئایینی، بەرەو لای ژووری ساڵۆنەکەی هێنا و دە باوەشی گرت و ماچی کرد.

پاشان یەکێک لە سەرۆکەکانی کورد، دەستی بە قسان کرد و ئاماژەی بۆ ئەو مێرمنداڵە کرد و گوتی: ئایا کەسێک لێرەدایە وەڵامی ئەم مێرمنداڵە بداتەوە و شەرمەزار وسەرشۆڕی نەکا؟ کوردان بە گشتی و بە دەنگی بەرز، ڕایانگەیاند ئێمە بۆ خەبات و بەربەرەکانی ئامادەین. پاشان لە ئەفسەرانی تورکیان ویست، بیروبۆچوونی خۆیان لەم بارەوە دەربڕن.
حیلمی بەگ بە زمانی تورکی گوتی، ئەوان هەرچی لە دەستیان هاتووە ئەنجامیان داوە و کۆتاییان نەکردووە. گیروگرفتێکی کە هاتووەتەپێش، پێوەندی بە بارودۆخی جەنگییەوە هەیە و لەم بارەشەوە کۆنسوولی ئاڵمان دەدوێ و قسان دەکا. پاشان ئاماژەی بە من کرد کە قسان بکەم. ئەمن پاش هێندێک ڕووبینی و قسەی ڕاهاتیی گوتم ئەمن هەرچی لە دەستم بێ دەیکەم. ئێوە پێکەوە ڕاوێژ بکەن و پێم ڕابگەیێنن و ئەرزشی هەرچی بتانەوێ دەیکەم.
پاش ئەو قسانە کەلوپەلم کۆکردەوە و لەگەڵ ئەبولفەتح میرزا، چووینە ماڵی سەید جامی برای شێخولئیسلام[٦]. لە وێ بوو کە، دوکتۆر «فاسۆم» میسیۆنێری ئەمریکایی و دوێتا «سۆلنبۆرگ» کە مامۆستای قوتابخانەکانی شار بوون، هاتنە دیدەنیم. ئەوان ساغ و سلامەت بوون و گەزەندێکیان پێ نەگەیبوو.
حیلمی بەگ و فەوضی بەگ، هەروەسا لە دارولەحکەمە بوون، بەڵام کوردان چەکیان کردبوون.
کوردان دەیانزانی کە، چەکوچۆڵێکی زۆر گەیوەتە تەورێزێ، هەروا ئاگادار بوون کە تورکان سەربازە ئێرانییەکانیان چەک کردووە. کوردان دەیانویست بەشێک لەو چەکوچۆڵانە بەوانیش بگات و تەنانەت وایان بە باش دەزانی کە ئەو چەکوچۆڵانە، بە شێوەیەکی بەرانبەر و یەکسان دە ناو خێڵاتی کورددا دابەشبکرێ. سەرەنجام حیلمی بەگ ناچار ما، پێ لەوە بنێ کە هەڵاتووە و ئاگای لە کارەساتی تەورێز نییە.

**ڕۆژی شەشەم، درێژەی وتووێژ لە گەڵ کوردانی سابڵاغ**

ئەمڕۆ سێشەممە ٢ی فوریەی ١٩١٥یە. ئەمن لە شوێنی نیشتگەی خۆم میواندارییەکم پێکهێناوە، فەرمانڕەوایانی شار، کارگێڕانی شار، سەرۆکی ئیدارەی گومرک و تێلگرافخانە و چەندین کەس لە پیاوانی ئایینی و سەرۆکە کوردەکانم بانگهێشتن کردووە.
تورکان، ئاگایی و زانیاری کوردانیان سەبارەت بە چەکوچۆڵ، بە کەم گرتووە. وەدەزانن کوردان چەک ناناسن. بەڵام کوردگەل چەک و تفەنگ زۆر باش دەناسن و زۆر زوو زانیان کە تورکەیل تەنیا تفەنگی موزری قەدیمیان هەیە (کۆنە تفەنگێکی سەرپڕ کە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ هەتا پڕ دەکرێتەوە).
ئەوەش شتێکی ئەوتۆ بۆ سەرکردەکانی کورد نەبوو کە باسی بکەی. چونکە سەرۆکانی کورد، تفەنگی پێنجتیریان دابوو بە کەسانی خۆیان. لە کاتێکدا تورکان دەیانویست تفەنگی تەکتیر(یەکتیر) بدەن بە کوردان. تفەنگێک کە ژاندارمی تورک دە شانیان دا بوو. بەڵام کوردان بە جەفەنگ بە تورکانیان دەگوت ئەو تفەنگە شایستە و بایستەی خۆتانە.
خێڵاتی کورد هۆگری ڕەشاش و موسەلسەل و پیادە نیزامی بە ئینزیبات بوون. بەڵام تورکان ئەوەیان نەبوو. کەچی ڕووسان ئەوەیان هەبوو. کورد لەوە ناڕەحەت بوون، بۆ دەبێ تورکان شتی وایان نەبێ. جگە لەوەش، کوردان کاتێ دەیاندی کە هێزەکانی تورک خاوەنی هیچ چەشنە تەنزیمات و تابوور و ڕێکوپێکییەک نین و کەس بە کەس نییە، بەڵام لەبەرانبەردا، ڕووسان خاوەنی تەنزیمات و تەداروکات و بەرپرسیارەتین، ناڕەحەت دەبوون. سپای تورک بێ سەرەوبەرە بوو، کەس قسەی کەسی دە گوێ نەدەگرت. جلوبەرگی شڕ و وڕ، تفەنگی کۆن و قەدیمی و کەس نەبوو سپای تورک ڕابێنێ. ئەوانە هەمووی دەبوونە هۆی دڵساردی کوردان و سەرۆکانی کورد. سەرکردەکانی سپای تورک، ئەسڵەن نەیاندەزانی سەربازەکانیان لە کوێن ولە کوێ نین. سەرەڕای ئەوەش بە کەیفی خۆیان خەڵکیان تاڵان دەکرد و کەس نەبوو لێیان بپرسێ بۆ وا دەکەن. لە کاتی جەنگدا، ئەگەر سەربازێکی تورک بریندار دەبوو، جێگایەک بۆ تیمارکردنی نەبوو. ئەگەر هاتبا و لە جێگایەک کەوتبا، کەس نەبوو لێی بپرسێ چۆنی و کەرت بە چەندی. تەنانەت حیلمی بەگی سەرکردەش حازر نەبوو، حاڵ و ئەحواڵێ لە سەربازی زامدار بپرسێ. پێوەندی تەلەفۆنییش لە گەڵ تورکیادا دە ئارادا نەبوو. تورکان تەنانەت لە ناوچەگەلی وەک پەسوێ و سابڵاغیش، نەیان توانیبوو، سیمی تێلگراف دابنێن و لە کاتی تەنگانەدا کەڵکی لێ وەرگرن. باسی کۆمەگ و یارمەتیش هەر ناکرێ بکەی کە، شتێکی وا هەر نەبوو.
شەو درەنگانێ، فەوضی بەگ و حیلمی بەگ هاتن خودا حافیزیم لێ بکەن. بەجیس ئاغا[٧]، کە نموونەیەکی هەڵکەوتە لە جوانی و پیاوەتی بوو، لەگەڵ وان هاتبوو. ئەو کوڕی حاجی ئێلخانی، یەکێک لە سەرۆکەکانی کورد بوو، کە پتر لە ٥ هەزار سوارەی تفەنگچی هەبوو. پاش چاک و خۆشی، سڵاوی باوکی ڕاگەیاند و گوتی باوکم عەرزتان دەکا ئەگەر بگونجێ ئێمە دەبینە لایەنگری ئاڵمان و نوێنەری کۆنسوولگەریی ئاڵمان لە سابڵاغ. تەواوی خێڵ و عەشیرەی ئێمەی دێبۆکری ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ئاڵمانن. هەروا باسی چەک و ئەسلەحەی کرد و گوتی ئێمە هەزاران تفەنگمان دە دەست دایە و پێویستیمان بە تەقەمەنی و موهیمات هەیە. ئەگەر تەقەمەنیمان هەبێ، خێڵی دێبۆکری دەکارێ هەزاران کەس چەکدار بکا و ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی بکات. بەڵێنیم پێدا هەرچی لە دەستم بێ کۆتایی نەکەم و لایەنگری و پشتیوانی لە داخوازییەکانی بکەم.
سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٣ی فوریەی ١٩١٥، سەعات ٩ی بەیانی لەگەڵ ئەبولفەتح میرزا و دوو سوارەی کورد بە ناوی مستەفا و حەمەدەمین و دوو سەربازی تورک بە ناوەکانی سەعید و ڕەشید سازبووین هەتا بچینە ڕەواندزێ. سەید جامی هەتا سەر پردێ لەگەڵمان هات. دەوروبەری ئەو پردە مڵکی سەید جامی یە. پردەکە لە باشووری ڕۆژئاوای سابڵاغ هەڵکەتووە. لەوێ لە سەید جامیمان خودا حافیزی کرد و بەرەو ڕۆژئاوای سابڵاغ ملی ڕێگامان گرت و بەرەو ڕەواندز ئاژواین...

تەواو

**تێبینی گزینگ:**

١) زۆربەی بە دیلگیراوەکان لە بنەماڵەی قازییەکان دەبن (سێ کوڕی قازی فەتاح، کوڕەکانی قازی وەهاب، قازی لەتیف باوکی دوکتور مستەفا شەوقی ـ قازی زادە). شیاوی سەرنجە هەر ئەو قازی لەتیفە لە کاتی هاتنی هێزەکانی سمایل خانی شکاک(سمکۆ) بۆ گرتنی سەربازخانەی مەهاباد، بە دەست تفەنگچییەکانی سمایل ئاغا دەکوژرێ.
٢) بڕوانە: گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ١٤، ل ٢٣ و ٢٤.
٣) بڕوانە: گزینگ، ژمارە ١٣، سەرهەڵدانی شێعری سیاسی و نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا....

٤) نووسەر لێرەدا کە دەڵێ: قازی عەلی و ئیمام جومعە ئامۆزای قازی فەتاح بوون، بە هەڵەدا چووە. گەلێک لەو کەسانەی کە سەبارەت بە بنەماڵەی قازییەکانی مەهاباد، مێژوو یان بیۆگرافیان نووسیوە تووشی هەڵە هاتوون. میرزا ئەحمەد یان شێخولەشایخ کە قازی و گەورەپیاوی ئەوسەردەمەی شاری مەهاباد بووە، حەوت کوڕی لە پاش بە جێ ماوە کە بریتی بوون لە: قازی قاسم، قازی وەهاب، شێخ جەلال، قازی فەتاح، قازی لەتیف، میرزا رەزاق و میرزا مەجید.

قازی عەلی (باوکی قازی محەمەد ـ پێشەوای کۆماری کوردستان و ئەبولقاسمی سەدری قازی) کوڕی قازی قاسم، برازای قازی فەتاح بووە نەک ئامۆزا و، هەروەها ئیمام جومعە کە نووسەر نێوی دەبا و دەڵێ برای د. جەوادی قازی یە، هەمان عەبدولخالەق (باوکی نووسەر و وەرگێری ناودارمحەمەدی قازی)ی ئیمام جومعەیە کە دەبێتە کوڕی شێخ جەلال و برازای قازی فەتاح.

قازی فەتاح کە خۆی لە ساڵی ١٩١٦ لە کاتی بەرگریی لە شاری مەهاباد بە دەست رووسان شەهید کراوە، ٧ کوڕی لە پاش بە جێ ماوە کە بریتی بوون لە: عەبدولرەحمانی سالاری موکری ـ قازی، قازی محەمەدی حاجیاوا (باوکی ئەمیری قازی)، میرزا عەبدوڵلا، میرزا مەحموود(منصور السلطان)، میرزا ئەحمەد و موحسین ئاغا موجاهیدی (دایکی تارانی بووە).

میرزا حەسەنی سەیفولقوزات(شاعیری بەناوبانگ)کوڕی قازی قاسم بووە کە ئەویش دەبێتە برازای قازی فەتاح کە سێ کوڕی هەبووە: محەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی (وەزیری جەنگی کۆماری کوردستان)، د. رەحیمی قازی (باوکی حەسەنی قازی) و میرزا عەبدوڵلا سەیفی قازی.

٥) د. جەواد قازی، کوڕی شێخ جەلال و برازای قازی فەتاح بووە. لە سەردەمی لاوێتیدا کە لە مزگەوتی شادەروێش فەقێ دەبێ، لەگەڵ «ئۆسکارمان»ی ئاڵمانی ئاشنا دەبێ و لە کۆکردنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکانی کوردیدا زۆری یارمەتی دەدا. پاشان هەر ئەو ئاشنایەتییە دەبێتە هۆی ئەوە کە میرزا جوادی قازی بچێتە ئاڵمان و درێژە بە خوێندن بدا، کە دوای وەرگرتنی دوکتۆرا دەگەڕێتەوە و لات و لە ساڵی ١٩٤٩ لە تاران کۆچی دوایی دەکا.

٦) ئەو «شێخولئیسلام»ی کە نووسەر باسی دەکا و دەڵێ برای سەید جامی یە، باوکی سەید حەسەنی موکری شێخولئیسلامی(باوکی مامۆستا هێمن)بووە.

٧) نووسەر بە هۆی ڕاوێژ یان شێوەزاری خۆی ئەو نێوەی بۆ نەهاتووە و بە هەڵە وای نووسیوە. بەجیس ئاغا هەمان «بایەزید ئاغا» کوڕی حاجی ئێلخانی یە. هەروەک دەزانین بە کوژرانی «هەباس ئاغا»ی دێبۆکری لە لایەن «عەبدوڵلا خانی موکری»حاکمی شاری ساباڵغ و لاوازبوونی بنەماڵەی قادرئاغا (دێبۆکرییەکانی ئیندرقاش و قونقەڵا)، وردەوردە سەرۆکایەتی عەشیرەی دێبۆکری دەکەوێتە دەست حاجی محەمەدی ئێلخانی و لە پاش ئەویش عەلیاغای حاجی ئێلخانی ئەرکی سەرۆکایەتی ئەو بنەماڵەیە وە ئەستۆ دەگرێ. حاجی محەمەدی ئێلخانی سێ کوڕی لە پاش بە جێ ماوە کە بریتی بوون لە: مەحموود ئاغا، بایەزید ئاغا (حاجی بایزاغا) و عەلی ئاغا (ئەمیرئەسعەد ـ دوازدە کوڕی هەبووە کە نێوی بنەماڵەییان «عەلیار»ە). بایەزید ئاغا، سێ کوڕی هەبووە: حاجی کاکە رحمان ـ موهتەدی (ئەندامی ژ.ک)، ئەحمەد ئاغا (باوکی کاکە سواری شاعیر) و قاسم ئاغا.

# با مێژووی ڕۆشنبیریمان
# بە ڕاست و دروستی بنووسینەوە

جووتیار

گومانی تێدا نییە کە هەر زمانێکی زیندوو، بەپێی پێویستی کۆمەڵایەتی و کولتووری، بەردەوام وشە و دەستەواژەی نوێ بەرهەمدێنێ و وشە و دەستەواژەی کۆن و ناپێویستیش لادەبات، یان دەیخاتە خانەی بیرچوونەوە. کاتێک کۆمەڵگایەک لە ئاستێکی کولتووریی بەرز و گەشەسەندوودا بێت، پەیوەندییەکۆمەلایەتییەکانیش تیایدا چڕ و پڕ و ئاڵۆز دەبن، ئەمەش وادەکات کە وشە و دەستەواژەی نوێ لە نێو زمانەکەدا سەرهەڵبدات.

زمانی کوردی، سەرباری ئەو هەموو نەخشە و پلانانەی کە داگیرکەرانی کوردستان، ساڵەهایە بۆ لەناوبردن و لاوازکردنی کێشاویانە، ئێستە لە هەر کاتێکی دیکە زیندووترە و بەردەوام ڕوو لە گەشەسەندن و پێشکەوتنیشە. ئەگەرچی نەتەوەی کورد تائێستا خاوەنی دامودەزگای زمانەوانی ئەوتۆ نییە کە بە پێی نەخشەو پرۆگرام کار بۆ بوژانەوە و گەشەپێدانی زمانی کوردی بکات. هەروەها کاری جیددیش بۆ سازکردن و داهێنانی زمانی ستانداردی کوردی نەکراوە. جیا لەوەش تا ئێستا زمانی کوردی بە یەک شێوە «پیت» نانووسرێت؛ لە باکووری کوردستان بە پیتی لاتینی و لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەلات و هەندێک شوێنی دیکە بە پیتی عەرەبی و و لە ئەرمینیا و چەند جێیەکی دیکە بە پیتی ڕووسی — سلاڤی (سریلیک) دەنووسرێت. هاکات زمانی کوردی بەردەوام لە ژێر فشاری زمانی تورکی و عەرەبی و فارسیدا بووە و نەخشە و پلانی لە دژ سازکراوە. بەلام بەو حاڵەشەوە ئەم زمانە وەکوو نەتەوەکەی بە زیندوویی ماوەتەوە و لە هەندێک ڕووەوە گەشەی سەندووە و پێشکەوتووە. تاڕادەیەک نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی، زۆروکەم کەڵکی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و ئەو ئامێر و دەزگایانە بینیوە کە بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری نەتەوەیەک پێویستن.

هەموو زمانێک پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە «یادی گشتی» (الذاکرە الجماعیە)ی ئەو کەسانەوە هەیە کە پێی دەپەیڤن. هەر ئەوەشە وایکردووە کە نووسەرێک یان دەزگایەک نەتوانێت بە ئاسانی وشە و دەستەواژەیەک کە خۆی پێی باش و جوان بێت بە زۆر بە سەر زمانێکدا بیسەپێنێت. بە هەمان شێوەش ناتوانرێت وشەیەک یان دەستەواژەیەک کە لە نێو زمانێکدا چەسپیبێت و بڵاوبووبێتەوە، بە ئاسانی لاببرێت یان لەو زمانەدا بسڕێتەوە. هەر وشە و دەستەواژەیەک کە پێویستییەکی بابەتییانەی هێنابێتەکایەوە، ئەوا

**ئێمــه لێـرەدا لە ئاست وشــەی «بەرواری» رادەوەســتین و لێی دەکـۆڵینەوە. لە پێـشـدا بابزانین لە فـــەرهەنـگ (قـــامــــووس)ە کـــوردییـــەکـــاندا، چی دەربارەی «بەرواری» یا «بەروار» نووسراوە:**

بەبێ هیچ زەحــمــەت و نەخــشــەبۆدانانێک لە یادی گــشــتیی هاوزمانەکانیدا جێی خۆی دەکاتەوە و دەچەسپێت و لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و لە نووسینیشدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ناکرێت نەخشەبۆداهێنان و داتاشینی وشە و دەستەواژەی نوێ بکیشرێت. بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە کە «بە زۆر» ناتوانرێت وشەیەک یان دەستەواژەیەک بە سەر زمانێکدا بسەپێنرێت.. نموونەش بۆ ئەمە یەکجار زۆرە. ئەگەر زمانی عەرەبی بە نموونە وەربگرین، ساڵەهایە چەند دامودەزگایەک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا خەریکی وشەزیندووکردنەوە و داهێنانی وشەی نوێی عەرەبین، بەڵام چونکە کارەکەیان جۆرێکە لە دەمارگیری نەتەوەیی و فەرزکردنی تێدایە ــ بە قەولی شارەزایانی زمانی عەرەبی ــ کارەکەیان ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەبووە. لەم چەشنە دامودەزگایانە لە تورکیا و ئێران و گەلێک وڵاتی دیکەش هەن. گومانی تێدا نییە کە ئێمەی کوردیش کەسانی وامان زۆرن کە دەمارگیری نەتەوەیی یان هەستی خۆ بە گەورە و زمانزان وای لێکردوون بە زۆر وشە و دەسەواژە دابهێنن و بە سەر زمانی کوردیدا بیسەپێنن. هەندێک نووسەر و ئەدیب و لێکۆڵەری وامان هەن کە زۆر خۆیان بە وشەداهێنان و داتاشینەوە خەریک دەکەن و، وشە و دەستەواژەی وایان داهێناوەکە وشە و دەستەواژە «باوەکان»، ئەگەرچی لە بنچینەدا لە زمانێکی بێگانەشەوە وەرگیرابن، سەد ئەوەندەی ئەوان دایانهێناون باشترن. هی وایان هەیە وشەی وای داهێناوە لە خۆی بەولاوە هیچ کەسێکی دیکە بەکاری ناهێنێت!

لێرەدا کە باس لە پەیوەندیی زمان بە یادی گشتی و مەسەلەی داسەپاندنی وشە لە زمانێکدا دەکەین، خراپ نییە نوکتەیەک بگێڕمەوە کە پەیوەندی بەم باسەوە هەیە:

ساڵی ١٩٨٧ لە زانکۆی بەغداد ــ کۆلیژی ئاداب ــ بەشی دەروونزانی (سایکۆلۆژی) دەمخوێند و ساڵی سێهەمی خوێندنم بوو، وانەیەکمان بە ناوی «سایکۆلۆژیی زمان»هەبوو کە مامۆستای لێهاتوو»د. موەفەق حەمدانی» پێی دەگوتین و خۆشی کتێبەکەی نووسی بوو. لە یەکێک لە وانەکاندا باسی پەیوەندیی نێوان زمان و «یاد»(الذاکرە)ی مرۆڤی کرد و باسی ئەوەی بۆ کردین کە ناتوانرێت بە زۆر وشەیەک یان دەستەواژەیەک بە سەر زمانێکدا بسەپێنرێت. هەروەها ناشتوانرێت بە زۆر وشەیەک لە زمانێکدا لاببرێت یان ڕێ لە بەکارهێنانی بگیرێت. ئینجا وەکوو هەموو جارێکی دیکە، نموونەیەکی زیندووی هێنایەوە کە لە واقیعدا نوکتەیەکە، گوتی:

«ساڵی ...[1] لە یەکێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی بەغداد دەمخوێند. ئەودەم ئێمە بە مامۆستامان دەگوت ئەفەندی. ڕۆژێک لە حەوشی قوتابخانە کۆکراینەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانە و کاربەدەستێکی ناسراوی وەزارەتی مەعاریف ــ وەزارەتی پەروەردە ــ کەوتنە قسەکردن بۆمان و باسی ئەوەیان کرد کە زۆر وشەی بێگانە پەڕیونەتە نێو زمانەکەمان و دەبێ هەموویان فڕێ بدەین و وشەی جوانی عەرەبی لە جێیان بەکاربهێنین.. پاشان بەڕێوەبەر بە دەنگێکی زۆر بەرز و بە شێوەیەکی توند، وەکوو ئەو ئەفسەر بێت و ئێمە سەرباز، بڕیارێکی ڕەسمیی وەزارەتی مەعاریفی بۆ خوێندینەوە کە تێیدا هاتبوو: لەمەولا قوتابی نابێت وشەی "ئەفەندی" بەکاربێنێت، چونکە ئەفەندی وشەیەکی بێگانەیە و وشەیەکی جوانیش نییە؛ لە ئێستە بە دواوە دەبێت لە جێی ئەفەندی بڵێین : «معلم». هەر بە دوای ئەوەدا بە دەنگێکی بەرز گوتی تێگەیشتن..؟! ئێمەش کە بە تەواوی کەوتبووینە ژێر کاریگەریی دەنگە بەرز و حەماسییەکەی بەڕێوەبەرەوە.. هەموومان پێکەوە بە دەنگێکی بەرز گوتمان: بەڵێ.. ئەفەندی!».

لە زمانی کوردیدا گەلێک وشە و دەستەواژەی ئەوتۆمان هەن کە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا و لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهاتێکدا سەریان هەڵداوە و بڵاوبوونەتەوە و، هەندێکیان چیرۆکی سەیرو سەمەرەشیان هەیە. بۆ نموونە وشەی «پێشمەرگە» بۆ یەکەمجار لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا داهێنراوە و لە نێو زمانی کوردیدا بڵاوبووتەوە و چیرۆکی تایبەتیی خۆی هەیە.[2] هەروەها وشەی «گۆڤار» و «ڕۆژنامە»[3] و «پارت»و «خەبات»[4] و «کۆمەڵە» و «هانی هانی» و «بەرواری»و گەلێک وشەی دیکەش.. بڵاوبوونەوەیان لە زمانی کوردیدا مێژوو و بەسەرهاتی خۆیان هەیە.

ئێمە لێرەدا لە ئاست وشەی «بەرواری» ڕادەوەستین و لێی دەکۆڵینەوە. لە پێشدا بابزانین لە فەرهەنگ (قامووس)ە کوردییەکاندا، چی دەربارەی «بەرواری» یا «بەروار» نووسراوە:

شێخ محەمەدی خاڵ لە (فەرهەنگی خاڵ)دا نووسیویەتی: «بەروار: با، کوێستان. ناوە بۆ ناوچەیەک لە عەمادیە». هەروەها نووسیویەتی: «بەروال: ز. ڕێگای خواروخێچی سەختی ناوشاخ و داخ».[5]

گیوی موکریانی لە (فەرهەنگی کوردستان)دا نووسیویەتی: «بەرواری بالا: نێوی هۆزێکی کوردە لە باکووری مووسڵ، بەرواری بالا و بەرواری ژێری دوو پارچەیە، نێوی دێیەکیشە، ناوی کێوێکیشە».[6] هەژار لە (هەنبانە بۆرینە)دا نووسیویەتی: «بەروار: گەوە، ناوقەدی کێو». بەروال: بەروار».[7]

فاضل نظام الدین لە فەرهەنگی ئەستێرە گەشەدا نووسیویەتی: «بەروار: تاریخ».[8]

وەکوو خۆشم لێم کۆڵیوەتەوە «بەرواری» ناوی عەشیرەتێکی کوردە، لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری دهۆک نیشتەجێن. بەشی زۆری ئەم

عەشیرەتە لە باشووری کوردستان و بەشێکی کەمیشیان لە باکووری کوردستان دەژین. بەو ناوچەیەش کە لێی نیشتەجێن دەگوترێت: هەرێما بەرواریا. عەشیرەتی بەرواری دووبەشن: بەرواری ژووریو بەرواری ژێری. ئەم عەشیرەتە گەلێک مرۆڤی تێکۆشەر و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی تێدا هەڵکەوتووە. لە شاڵاوی دڕندانەی ڕژێمی بەعس بۆ سەر خەڵکی کوردستان کە ناوی نابوو «ئەنفال»، ناوچەی بەرواری وەکوو ناوچەی گەرمیان زیانێکی یەکجار زۆری پێکەوت و سوپای وەحشیی ڕژێمی بەعس هەزاران کەسیان لە گوندەکانی خۆیاندا بە دڕندانەترین شێوە کوشت و هەزارانی دیکەشیان لێ سەنگوم کردن.

ئێستا لە زمانی کوردیدا، چ لە نامەی شەخسی و چ لە نووسراوەی حیزبی و دەوڵەتیشدا زۆرجار وشەی «بەرواری» یان «بەروار» لە جێی وشەی (تاریخ ـ المصادف)ی عەرەبی و dateی ئینگلیسی و، datum ی سویدی بەکاردەهێنرێت. ئەمەش ڕیرۆکێکی تایبەتی و بەرسەرهاتی خۆی هەیە.

کاک حامیدی گەوهەری سەبارەت بەم وشەیە نووسیویەتی:

«<u>دەڵێن ڕۆژێک</u> مامۆستا <u>«عەبدولڕەحمانی زەبیحی»</u> کە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرە سەرەکی یەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، چاوی بە نامەیەکی سەرۆک بارزانی کەوتووە کە ناوبراو لە <u>گوندی «برواری»ـەوە</u> بۆ ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی ناردووە. بارزانی بە پێی ڕەسمی نامەنووسین، شوێن و مێژووی لە سەر نامەکەی نووسیوە، بۆ وێنە نووسیویەتی «برواری ۱۹٤٤/۳/۱۲». مامۆستا زەبیحی لەم ڕوانگەوە کە ڕەنگە ووشەی برواری مانای مێژوو بدات ئەوی بە هەڵە وەرگرتووە و ئەمجارە کاتی نووسینی نامە، بە جێی نووسینی مێژوو لە سەر نامەکانی ژ.ک، دەنووسێ برواری پاشان ڕۆژ و مانگ و ساڵەکەی لە ڕووبەڕوویدا نووسیوە. بە تێپەڕبوونی زەمان مامۆستا زەبیحی بە هەڵەی خۆی دەزانێ و بۆ ئەوەی خەڵکی تر هەڵەی ئەو دوویات نەکەنەوە، <u>لە چەند وتاراندا رادەگەیەنێ</u>: برواری گوندێکە لە ناوچەی بادینانی گەرمێن و مانای تاریخ نادات و ئەو لە نووسینی ئەو ووشەیەدا بە هەڵە چووە و ئەوی لە جیاتی تاریخ وەرگرتووە. ئەمڕۆکە، پتر لە پەنجا ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێ، کەچی ئەو نووسینە هەڵەیە لە فەرهەنگی زمانەوانی کوردی پاک نەبۆتەوە و ئێستاش زۆرجاران لە ووشەی برواری بە جێی مێژوو کەڵک وەردەگیرێ.».[9]

(نووسینەکەم وەکوو خۆی نووسیوەتەوە، بەڵام من هێڵەکانم بە ژێر وشەکاندا هێناوە ــ جووتیار)

دەربارەی ئەم گێڕانەوەیەی نووسەر، ئەم سەرنجامەم هەیە:

١. نووسەر نەینووسیوە ئەم بەسەرهاتەی لە کێ بیستووە.

٢. بەوەدا کە لە سەرەتای گێڕانەوەکەدا نووسیویەتی: «دەڵێن»، وادیارە کە لە کەسێکی بیستووە و دەماودەم بەوجۆرە گەیشتووەتە گوێی ئەو!

٣. نووسەر، ڕاستەوخۆ پاش ئەو گێڕانەوەیە نووسیویەتی: «مەبەستم لە ئاماژەکردن بەو ڕووداوە ئەوەیە، کەسانێک ڕووداوی مێژوویی دەنووسن، دەبێ لە نووسینەکانیاندا بێلایەنی خۆیان بپارێزن و بەبێ زانیاری ڕووداوی مێژوویی تۆمار نەکەن. ئەگەر ڕووداوێک لە زمانی خەڵک دەبیسن و دەیانەوێ تۆماری بکەن، پێویستە سەرچاوەکەشی بە خوێنەر رابگەیەنن.»[10]

دەبوا کاک حامیدی گەوهەری لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەر لە هەرکەس، خۆی پەیڕەوی ئەو فەرمایشتەی بکردایە کە ئەو بەسەرهاتەی لێ بێستووە یان خوێندووەتەوە!

٤. وەک پێشتریش ڕوونمکردەوە، بەرواری ناوی گوند نییە، بەڵکوو ناوی عەشیرەتێک و ناوچەیەکە.

٥. کاک حامید لە گێڕانەوەکەیدا ئەو ڕاستییەی پاراستووە کە ئەو ڕووداوە بە سەر مامۆستا «عەبدولڕەحمانی زەبیحی» هاتووە. دەبا ئێستە بزانین مامۆستا زەبیحی خۆی چۆن ئەو بەسەرهاتەی خۆی گێڕاوتەوە:

«ساڵی ١٩٤٣ بو لە شاری تەورێز، خەریکی چاپ کردنی گۆڤاری «نیشتمان» بوم، لە سوریارا ڕۆژنامەی (ڕوژانو )م بۆ هاتبو، وتارێکی تێدا بو کە لە دواییەکەیدا نوسرابو: "بەرواری ـــ ر ـــ ر ١٩٤٣" و پاشانیش ناوی (نوسەری ووتارەکە)، لەو سەردەمەشدا ڕەسم وابو نوسەرانی ئێران یا شاعیرەکان لە دوایی نوسینەکانیاندا ووشەی (بتاریخ) و پاش ئەویش ڕۆژ و مانگ و ساڵی نوسینی ووتار و شیعرەکانی خۆیان دادەنا. کاتێ ئەم دوانەم پێکەوە بەراوەردکردن، ووشەی (بەرواری) دەگەڵ (بتاریخ) بەرامبەر دەوەستان، من بێ خەبەر لەوەی (بەرواری ناوی مەڵبەندێکە)، (کەو)م لێبو بە (زرەکەو) و (بەروار) بە (تاریخ)، ئیتر لەو سەعاتەوە هەروەک دو (ڕێوی)م دە کونێکدا دۆزیبێتەوە وابو، هەرچی بە دەستی من چاپ دەکرا، پێویست با یان نەبا وام ڕێک دەخست ئەم ووشە نایابەی خۆم دۆزیبومەوە جێگایەکی دەست کەوێ خۆی تێ پەستێوێت. وەکو دەبینن، ئەم ووشە بێ دایک و بابە، دایکی (جەهل و نەزانین) و باوکی (تعصبی کوێرانە) یە و خۆم لەو ڕۆژەوە کە هەستم پێکردووە، وازم لە بەکارهێنانی هێناوە و ئەم چیرۆکەشم بۆ گەلێ کەس گێڕاوتەوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا خەڵک هەن دەست بەرداری نەبون".[11]

مامۆستا زەبیحی ئەم بیرەوەرییەی لە بەرگی یەکەمی قامووسەکەیدا نووسیوە، ئەو بەرگەش لە ساڵی ١٩٧٧ چاپکراوە. دیارە ئەودەمیش ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی (ڕوژا نو)ی لە بەردەستدا نەبووە و تەنها پشتی بە «یاد» ی خۆی بەستووە، کە نزیکەی ٣٤ ساڵی بە سەردا تێپەڕیوە. بۆیە هەر ئەوەندەی لە بیر بووە. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە ناوی ڕۆژنامەکەی لە یاد بووە و ڕێگای کردنەوەی ئەم گرێیەی ئاسان کردووە.

بۆ ساغکردنەوەی ئەم باسە، بە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی Roja Nu دا چوومەوە.[12] پاش گەڕان و وردبوونەوە لە بابەتەکانی نێو ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، بۆم دەرکەوت ئەو بابەتەی مامۆستا زەبیحی وشەی (بەرواری)یەکەی لێ وەرگرتووە و ئەم بەسەرهاتەی لێکەوتووەتەوە. شیعرێکە بە ناوی (نەجات) و کەسێک بە ناوی «ت. ئیلهۆ بێدڤهی» نووسیویەتی و لە ژمارە ٤٥ی ساڵی دووەم، ڕۆژی دووشەممە ١٧ی نیسانی ١٩٤٤(لاپەڕە٢)ی (ڕوژا نو)دا بڵاوکراوەتەوە.[13]

**NEJAD**

Nifşê me tev dizanin ko em kurd in bêdirew
Îş û kar, zor me hene, xebatê b'keyn roj û şev.
Jiyana pak cema keyn, serbestî ye şola me.
Paqij bibît xın, goşt aza bibît canê me.
Kurdên delal binêrin, evî cihê ha şirîn
Li b n nîrê neyara, j'brîna der diçît xûn.
Ser-bi-xo bûn hûn hemî din, ji bijlî qewmê kurda
Rebma mezin ji Xudê ye, Yezdan verêke merda
Menale to ey welat, îro em în rewşa te
Xurt, xebatker em în, guh bideyne dengê te.
Jinê dê gorî te keyn me nîne hîç çu sistî
Em în çeper ji bo te da to bijî bi bestî.
Ya hat bo te hewar e, hewara xûnfiroşa
Tixûban dê dirênîn û dê girîn çasgoşa.
Ilho, to nêçîr bike û zaxê her diyar ke
Da to bi qencî bijî welatî bê- neyar ke.
Berwarî: 5—2—1944 T. ILHO BÊDVHÎ

جێی سەرنجە مامۆستا زەبیحی لە بەرگی دووەمی قامووسەکەیدا وشەی (بەرواری) لێک نەداوەتەوە و هیچی دەربارە نەنووسیوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو بەرگەی تایبەت کردووە بۆ پیتی (ب) و لەو بەرگەدا لە بەرامبەر (بەرواری)دا، ناوی چەند عەشیرەتی کورد و چەند ناوچەی کوردستانی لێکداوەتەوە.

## ئەنجام

پاش ئەم ئاماژە بۆکردن و ڕوونکردنەوانە، دەمەوێت بە کورتی بڵێم وشەی (بەروار)یان (بەرواری) کە ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا، چ لە نامەی شەخسی و چ لە نووسراوەی حیزبی و دەوڵەتیدا، زۆر جار لە جێی وشەی (تاریخ ــ المصادف)ی عەرەبی و dateی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، لە بنەڕەتدا لە بەکارهێنانێکی هەڵەی مامۆستا زەبیحی یەوە کەوتووەتەوە و وردەوردە لە نێو زمانی کوردیدا بڵاوبووەتەوە و بە هیچ جۆرێک مانای (التاریخ) و (المصادف)ی عەرەبی و dateی ئینگلیزی نادات. جا هەر کەسێک ئەم ڕاستییە دەزانێت، باشتر وایە خۆ لە بەکارهێنانی بپارێزێت و لە بری ئەم وشەیە چەند وشەی ڕاست و دروستی دیکەمان هەیە و دەتوانرێت یەکێک لەوانە بە کاربهێنرێت، وەک: «ڕێکەوتی...»، «ڕۆژی...» یان «مێژووی...» کە ئەم وشانە تەواو مانای «التاریخ» و «المصادف»ی عەرەبی و dateی ئینگلیزی دەبەخشن.

مەبەستێکی دیکەشم لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە ئەو ڕووداوەی بە سەر مامۆستا زەبیحی هاتووە، وەکوو خۆی چۆن ڕوویداوە، ئاوا بێ زیاد و کەم بنووسرێتەوە و، کەس لە خۆیەوە چیرۆکی هەڵبەستراوی لێ دروست نەکات، هەروەک کراوە..! چونکە لە مێژووی ڕۆشنبیریماندا گەلێک ڕووداو و بەسەرهات بە هەڵە و بە شێوێنراوی تۆمار کراون و پاشان کەسانی دیکەش بێ لێکدانەوە هاتوون هەمان هەڵەیان دووبارە و چەند بارە کردووەتەوە. تەنانەت هەندێک ڕووداو و بەسەرهات، گێڕانەوەچەوت و بێ بناغەکەیان زیاتر لە گێڕانەوە ڕاستییەکەیان چەسپیوە و بڵاوبوونەتەوە.

## پەراوێزەکان

١- بەداخەوە ساڵەکەم لە یاد نەماوە.
٢- بڕوانە: پێشمەرگە، **دوکتور ڕەحیمی قازی**، بنکەی تیشک، چاپی دووەم، ١٩٨٠(لاپەڕەی ١٠٩-١١٠). هەروەها: ڕۆژنامەی ***کوردستان***، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە١، ژانویەی ١٩٧١.
٣- دەربارەی وشەی «گۆڤار» و «ڕۆژنامە»، بڕوانە: کورد تعاون و ترقی غزتەسی، **جەمال خەزنەدار**، گۆڤاری ***هاڤیبون***، ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٠١. هەروەها: هاواری کوردی عێراق، دوکتۆر **کەمال مەزهەر**، گۆڤاری ***بەیان***، ژمارە ١٨٣، ساڵی ١٩٩٩.
٤- بڕوانە: گۆڤاری ***خاک***، ژمارە ٥٥ (لاپەڕەی ٤وە).
٥- *فەرهەنگی خاڵ*، **شێخ محەمەدی خاڵ**، جزمی یەکەم (ل ١٦٠).
٦- فەرهەنگی کوردستان، **گیوی موکریانی**، هەولێر، ١٩٩٩(ل ٨٣).
٧- هەنبانە بۆرینە، **هەژار**، سروش، تهران ١٣٦٩ (ل٧٧).
٨- ئەستێرە گەشە، **فاضل نظام الدین**، بەغداد، ١٩٧٧، ل٧٢.
٩- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوەیەک بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی دا، **حامیدی گەوهەری**، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ، سوید، ١٩٩٦(ل٣ و ٤).
١٠- سەرچاوەی پێشوو (ل٤).
١١- قامووسی زمانی کوردی، **عەبدولڕەحمانی زەبیحی**، بەرگی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٧(ل٦١-٦٢).
١٢- ***ڕوژا نو*** ـ Roja Nu ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بووە، دوکتۆر کامەران عالی بەدرخان (١٨٩٥-١٩٧٨)، بە زمانی کوردی بە دیالکێتی کرمانجی ژووروو و بە پیتی لاتینی لە بەیرووت دەری کردووە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دووشەممە ١٩٤٣/٤/٣دا دەرچووە. ژمارە ٧٣ کە لە ١٩٤٦/٤/١٣ دا دەرچووە ئاخرین ژمارەی بووە. پێوانەکەی ٤٦/٣٠ سم بووە و هەر ژمارەیەکیشی ٤ لاپەڕە بووە. زیاتر تایبەت بووە بە هەواڵ و دەنگوباسەکانی جەنگی دووەمی جیهانییەوە. گەلێک بابەتی مێژوویی، سیاسی، ئەدەبی و فۆلکلۆری کوردی لە ژمارەکانیدا بڵاوکراوەتەوە. کامەران بەدرخان، قەدری جان، جگەرخوێن، عوسمان سەبری و چەند نووسەر و شاعیری کورد بابەتیان تێدا بڵاوکردووەتەوە.
١٣- وا لە خوارەوە دەقی شیعرەکە بە پیتی عەرەبی دەنووسمەوە:

**نەجات**

نفسێ مە تەڤ دەزانن کو ئەم کوردین بێدرەڤ
ئیش و کار، زۆر مە هەنە، خەبات بکەین ڕۆژ و شەڤ
ژیانا پاک جما کەین، سەربەستی یە شولا مە
پاکژ ببیت خون، گۆشت ئازا ببیت جانێ مە
کوردێن دەلال بنێرین، ئەڤی جهێ ها شیرین
ل بن نیرێ نەیارا، ژ برینا دەردەچیت خون
سەرب خۆ بون هون هەمی دن، ژ بژتی قەومێ کوردا
رەبما مەزن ژ خودێ یە، یەزدان ڤەرێکە مەردا
مەناڵە تۆ ئەی وەلات، ئیرۆ ئەم ئین ڕەوشا تە
خورت، خەباتکەر ئەم ئین، گوهـ بدەینە دەنگێ تە
ژینێ دێ گۆرێ تە کەین مە نینە هیچ چو سستی
ئەم ئین چەپەر ژ بۆ تە دا تۆ بژی ب بەستی
یا هات بۆ تە هەوارە، هەوارا خونفرۆشا
تخوبان دێ درێنین، دێ گرین چاس گۆشا
ئیلهۆ، تۆ نێچیر بکە و زاخێ هەر دیارکە
دا تۆ بق نجی بژی وەلاتێ بێ نەیار کە
بەرواری: ٥-٢-١٩٤٤ ت. ئیلهۆ بێدڤهی

دوو پارچە هۆنراوە:

*مەهاباد قەرەداغی*

## ماچی نەمر

بەرووت و قووتی،
لەبەر ئەم ئاوێنە تەڵخەی بێ یار و هاودەمییە،
چی دەکەی، خوا؟
بۆ نایەیتە باوەشی من،
تا هەردووکمان لە نێو گەردیلەکانی
ئاونگی ئەڤین
وەکو دوو تیشکەمرواری،
لە جۆلانێی ئاوێزانێکی نەمردا
تێکەڵ بین و
ببین بە پەنجەرەیەک لە زووری هەتاو.
بە تاقی تەنیا لەنێو رووناکی زبری
ئەم گەرمەسێری دۆزەخە،
چی دەکەی تۆ؟
بۆ نایەیتە نێو بەهەشتی ماچەکانم،
تا لە شەپۆلانی جەستەی تیشکئاسامان
ئاوهەڵدێرێ دروست ببێ و،
نەرمەبارانی هەناسەی ئاوێتەمان
ببێ بە سەرچاوەی سەوزی عەشقەلافاو
بە ماتی لە بەر دەروازەی سەرابئاسای بەختەوەری، چی دەکەی یار؟
بۆ نایەیتە نێو گەردوونی ئەندێشە گەشەکانی من،
تا بە پەنجەنەرمە گەرمەکانی جەستە
دەنک، دەنک، زەنگیانەی واژەجوانەکان
بۆ گەردنی ئاوریشمئاسای ئەوین بهۆنینەوە،
تا بە سەمایەکی سادە،
ببین بە نەوایەکی شل،
بۆ سترانی دەروێشانەی حەز و، هەژان
وەرە بە ئاوێتەبوونێکی شێتانە،
لە ئامێزی رۆشن و سپی هەورێکدا
خاوبینەوە، خاوبینەوە، خاو
بە هەڵزنینێکی هێمن بەرەو لووتکەی ئاگراوی بەهەشتی سۆز
لاو بینەوە، لاو بینەوە، لاو
وەرە با بە تووانەوە قەوارەمان لەدەست بدەین
تا دەبینە دڵۆپێ تیشکی نەگیراو
وەرە با بە ئەڤین و ئازادبوون رووبەری رۆحمان بەرینکەین
تا، هێدی هێدی
لە ناو بەهەشتی ئاگراوی ماچدا
دەبین بە دەریایەک لەنێو یەک دڵۆپ ئاو.

٢٠٠١/٣/١٩

## خۆشەویستی لە دەڤەری گوناهدا

تەزییوە چوون ژێرخانەکانی گومانی ناخ،
داغە، وەک بۆرکانەکانی ئەندێشە و ئاخ
لێوالێوە لە لاسەنگی،
لە هاژەی سامناکی هاواری بێدەنگی
تژییە لە سترانی پەلوپۆبڕاو،
غەرقە لە مەرگی شاراوە،
بە تەوژمی تیژی لافاو
ئەم دۆزەخە، ئەم سروشتە شێتەی کە دەیبینی
لە پەلوپۆی نەمامەکان،
چەتری ژووان هەڵدەدا بۆ مەم و زینی داستانەکان
کە دەیبینی دەبێتە سەیوانی تاسە و حەزی شیرین،
دەبێتە سایاتی ماچ و گەرمی هەناسەی عاشق و
زرییوەی جوانی ئاوێزان
ئەم دۆزەخەی لە تۆڵەی گوناهی سپی درا پێمان
ئەو خوایەی نزای لێکردین.. لەم زەوییە درک و داڵی تاوان بڕوێ
ئەو خوایەی نزای لێکردین.. ژن دەبێ هەتاکو ماوە
بە ئازاری منداڵبوونەوە بناڵێ و،
پەلوپۆی ژن، بە داوی توند
بە پەراسوەکانی خواداوە بئاڵێ
پێم ناڵێی چی بوو گوناهمان.. خۆشەویستم
خۆشەویستی؟
خۆشەویستی، ئەی پاراوترینی هەموو هەستەکان و،
ئەی سپیترینی هەموو نەستەکان و
هێزاترین گوناهی جوان
خۆشەویستی.. سەرچاوەی دڵفراوانی، مەڵبەندی مەشقی ماچکردن
دەڤەری پاکبوونەوە لە کشت گوناهێ
خۆشەویشتی.. پەیامی گەورەی لێبووردن
خۆشەویستی، تاقە ژووری حەسانەوە لە زەمینی پڕ لە ئاژاوە
تاقە رووگەی باوەڕ و سۆز.. بۆ دەروێشانی نوقمبوو
لە سێڵاوی پاکیی و رۆشنایی و هۆنراوە
خۆشەویستی، تاقگەی زەمزەمی بەهەشتی گەرمی جەستە
هەرووەک هەمیشە داگیرسێ
ببە بە گۆرانی و بەستە
هەرووەک هەمیشە پریشکت بکە بە پەیامی پاکیی خۆشەویستی،
تۆ هەمیشە پەیامی کراوەی ژنی
تۆ تاقە باوەڕێکی نەگۆڕی منی.

ستۆکهۆڵم: ٢٠٠٢/٣/٩

## بەرزەخی چاوڕوانی

ڕەسووڵ سەفەریانی

من تەنیاییم دەڕژێتە نێو چۆمی وشە
چرکەکانم ئەدووڕێنم بە پیتەوە
ئازیزەکەم
لەم بەرزەخە
جل و بەری دەسەڵاتت پێ دەردێنن
ڕووتی
ڕووتی
ڕووت
هەڵتئەواسن بە سەلیبی چاوەڕوانی و
چرکەکانت
دانە دانە
یەک
دوو
سێ..
تۆ کە ڕۆڵەی شەوەزەنگیت
لە دۆزەخدا لە دایکبووی
خازمەهریر گۆجی کردی
بە ڕەورەوەی چارەڕەشی
بۆ پێم دەڵێی دەرزی دووریت
دەزووی سپی
دووری لە سەر شەوی قژم؟
تۆ ئەزانی
ئەسپی تووشی خەم ڕابێنێ و
لە شەقامی تەنیاییدا بیغارێنێ
ئەبێ دەرگای کام خوا لێدەم
گوڵ ئەستێرەی باخچەی هیوای شەوار گەستەم
لە بەستەڵەک بپارێزێ
تۆ ئەتوانی زۆر بژمێری
دڵت وەکوو نیشتمانە و
تەنیاییشت، سەبووریشت...
من ئەزانم زۆر ئەژمێری
بەڵام خۆ تۆ بە تەنیا نیت
شەویش تەنیا هەر ئەتوانێ چاو کەڕ بکا
دەنگ هەڵێنە با بتبینم
کازیوە زۆر نزیکترە هەتاکوو شەو
دۆێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێمان
پەلکە دەکەین
سەر پەلکەی گوڵی خەندە..

## ماڵئاوایی لە گەڵ ئەوینێکی مردوو

ڕوئیا

کە شەو دادێ
ڕەشایی دەپڕژێنێتە سەر ئاسمانی شار و
بەرچاوی خوای پێدەگرێ
تەنیاییش دێت و داری بێداد دادەمەزرێنێ
شەو کە دادێ
شاریش پڕ دەبێ لە بێدەنگی..
بێدەنگیش تۆزی تەمێکی قورس دەپڕژێنێتە سەر شار
شەو کە دادێ
تەنیایی دێتە پشت دەرگای دڵم و پەنجەی پێدا دەکێشێ
ناوێرم درەگای لێ بکەمەوە،
ناوێرم پەنا بەرمە باوەشی ئاوەڵای
ناوێرم سەر بنێمە سەر سینگی گەرمی
ناوێرم.. چون تەنیایی پڕە لە تاسەی تۆ..
لە بۆنی تۆ..
لە ناوی تۆ..
لە دەنگی تۆ..
ناوێرم دەرگای دڵمی لێ بکەمەوە،
هەر کە هات.. دەمباتە خەمخانەی خەیاڵت
ــ تا بەیانی دەبێ جامی پڕ لە بادەی خەمی تۆ بخۆمەوە ــ
ناوێرم دەرگای دڵمی لێ بکەمەوە،
چون کە هات..
ئەشێ لە سەر تەرمی شەوگرتووی شەقامەکانی شارا
بە دوایا بڕۆم و بە دووتا بگەڕێم،
ئەشێ لە ئاسمانی تەمگرتووی شارا باڵ بگرم و
ئەستێرەی چاوەکانت بدۆزمەوە!
ناوێرم دەرگای دڵمی لێ بکەمەوە،
چون هەر کە هات..
مانی تۆم پێدەگرێ و خەمێک کشت گیانم دادەگرێ
ناوێرم دەرگای دڵمی لێ بکەمەوە،
چون هەر کە هات..
فرمێسکیش دێ، هەناسەش دێ،
ئێش و ئازار ئۆقرەم لێ هەڵدەگرێ
کەوابوو خۆشەویستی جارانم
ئێستا کاتی ماڵئاوایی یە
دڵم بۆ تۆ..
دڵێک کە تۆی دەوێ..
دڵم بۆ تۆ..
پڕ لە یادت پڕ لە سۆ..
من لەمڕۆ ڕا
بێدڵ دەژیم بە یادی تۆ..

## نیسێی شێعر

ئەسعەد رەشیدی (زاگرۆس)



هەموو شت لە بادا تێدەپەڕێ
هەموو شت لە زەینی گەڵاکاندا
لە قووڵایی دەریاکان و
ئۆقیانوسێک کە چۆک دادەدا...
تەواوی ئەو شتەی کە بە ڕەنگە بێ کۆتاییەکان
خۆڵەمێشی هەرمان
لە ئاسماندا
بڵاودەکاتەوە
ئەفسانە و خەیاڵەکان
ئەو گوڵانەی کە نایانناسم و
هیچکات بیریان ناکەمەوە
نە لەو جێیەی کە لە سەر تەرمێک ژاکاون
نە لەو شوێنەی کە فریوێکی خەیاڵاوییان
دووپاتکردبێتەوە،
هیچکام لە ڕەنگەکان ناناسم
بێژگە لە عابی
مانگ عابی، دەریا و ئەستێرەکان عابی
چیاکان و
ئەو دەشتانەی کە ڕەنگی هەرمانیان
لە هەتاودا لە دەست داوە...

هەموو شت لە بادا
شاخەکان بە خەنەتیفکە مەندەکانیان
بۆقە عابییەکان
کە لە شەودا دەردەکەون
مارە عابییەکان
بە تەلیسمی سامناکی چاوەکانیان...
هەموو شت لە بادا
شەو عابی، چراکان عابی
نیسێی کێردێکی شکاو لە سینگەکاندا...

هەموو شت لە بادا
سروە عابی، ڕۆبار عابی
وە ڕوحی هەڵوەدای چرکە عابییەکان
کە لە داڵانی شەداری ساڵەکاندا
تێدەپەڕێ...
ساتەکان عابی
عیشق عابی
خوازە بێڕەنگەکان
کە لە تەک چاوەڕوانییە عابییەکان بێگانەن...

هەموو شت لە بادا
هەموو شت لە ڕەنگدا
هەموو شت لە نیسێ دا
هەموو شت لە هاواری ناهومێدانەی دەنگێکی عابیدا،
درەختەکان، مێرگەکان، جادەکان و گۆلاوەکان
ڕۆژئەژمێرێکی دڕاون
کە بە ئەنگوستی تەڕی سروە
وەرەق وەرەق
هەڵدەدرێنەوە.
هەموو شت لە ڕەنگدا
هەموو شت لە نیسێ دا
هەموو شت لە بادا تێدەپەڕێ...

٢٠٠٢/٤/١٩

دوو پارچە هۆنراوە:

هیوا شەمسی بورهان

## یاری شەو

دووری شەوێکی تارایک و سارده
دەنگت لە نێو زەینم دا
ڕووتی نارامی نەو چۆمەی قەراغە
بیرەوەریت بەرانبەرم داییسێ
گەرما دەداتە پەنجەکانم،
دەم و چاوم.
خۆشەویستیت نەستێرەیە
تەواوی شەو لە لامە.

## ون بوون

چاوەکانم وەبیریان نایە کەنگێ
وەک چۆم لە ڕێبازی نیگات
چوونە پێشێ و لە دواییدا
لە گێژاوی ڕەشدا ون بوون.

لێوەکانم وەبیریان نایە کەنگێ
بە نێو تەمی هەناسەدا
پردی ماچیان تێپەڕاند و
لە خاکێکی سووردا ون بوون.

قامکەکانم وەبیریان نایە کەنگێ
دانە دانە چوونەوە پاڵ قامکەکانت
وەکوو خونچە خڕبوونەوە و
لە دەشتێکی سپی ون بوون.

من بۆ خۆشم دەگەڵ تۆ
هەر ڕەنگەکان دەناسم و
زمانم لێ ون بووە.

تاران ٢٠٠١

دوو پارچە هۆنراوە:

ر. پ چەکۆ

## ڕەمەند

ئەمڕۆ گەڵای دارستان و
گوارەکانت لەرەدیانە
ئەویان بۆ پێکەنینی «با» و
ئەمیان بە قاقای جێژوانێ

ئەمشەو فرمێسکی ئەستێرە و
ئەسرینی چاوەکانی من دێنە خوارێ
ئەو بۆ ناوابوونی خۆر و
ئەم بۆ سەختڵەتی و ژیواری

زەماوەندە
من و گریان و پێکەنین هەڵدەپەڕین
تاکوو ساز بکەین دیواری
تا خەمی شارم وەشارێ.

## ئەوین

ئەستێرەکان
زەردە گەڵای داری خۆرن
لە شەوەپاییزاندا دادەبارن
لە ڕۆژەبەهارانیشدا
دەست لە بەژنی خۆر وەردێنن

سەد مەخابن
خەمە رووزەردەکانی من
قەت لە داری ڕوحم نابن
بەڵام تا دێ
خۆشم دەوێن
چون ڕەوەرەوەی
دارە دارەی
درەختی شێعرن.

کورتە چیرۆک:

# بریا

مەرزە

دایکم و پوورم سەریان لێشواندبووم، دایکم دەیگوت:

ــ لە پیاو قەڵەندەرتر و بێدەسەڵاتتر خودا خەڵقی نەکردووە، لە تولحی بەیانی لەگەڵ مەلابانگدانێ، هەتا بانگی شێوان، هەروەک دارەهەلووک لە سەر پێیان هەڵدەسووڕێ. بۆ پارووە نانێک دەست لە زاری سەد سەگ و گورگان ڕادەکا. کەم یان زۆر، هەرچی خودا بیدا، ماندوو و هیلاک دێتەوە ماڵ و چاو لە دەستی کەرەمی ژن دادەنیشێ. ژنیش خۆی و ئیمانی خۆی چۆنی لە گەڵ بدوێ و چی لە پێش دابنێ.

هەڵوێستی پوورم سەبارەت بە پیاوان بەپێچەوانەی بیروبۆچوونی دایکم بوو. پوورم دەیگوت:

ــ ڕەببی هەر بە کەم بێ! خوێنت لەگەڵ خوێنیان تێکەڵ بێ، حەفتا و دوو کوڕت لێیان بێ و حەفتا و دوو میللەتیشیان بۆ پێک بێنی هەر پێ نازانن. کێو(داشامەجید)یان بۆ لەسەر (خەزایی) دانێی پێیان هیچە! بۆخۆشیان هەر شتێکی دەزانن، هەر ئەوەندەی ساحێبی دوو قرانە پووڵ بوون، ئاویان دەگونان دەگەڕێ، نە قەت دیتوویانی و نە قەت دەتناسن. لە سایەی شەرع و عورف دا، دەسەڵاتی عەرش و قورشیان لە دەست دایە، دنیا بە کەیفی خۆیانە! ڕۆڵە، پیاو دوژمنی سەر و دۆستی قونی ژنە!

دایکم لێی وەدەنگ دەهات و دەیگوت:

ــ خوشکێ، ئەوە دەڵێی چی؟ مێرد چارشێوی سەری ژنە، دوژمن کۆتێرکەرەیە...

پوورم ئەوەندەی تر بە تووڕەیی و پێش ئەوەیکە قسەکانی دایکم تەواو بێ، وەدەنگ دەهات و لە دەڵەوە دەیگوت:

ــ تکاکارم لە خوای تەبارەک و تەعالا، ئەو چارشێوەت با بیبا! دوایی رووی لە من دەکرد و دەیگوت:

ــ ڕۆڵە! با کورت و کرمانجی پێت بڵێم، پیاو بە غەڵەت خولقاون، دەنا چۆن دەبێ کلکیان لە پێشەوە بێ! هەر ژنێکی پشتیان پێ ببەستێ پشتی دەشکێ.

هەرچەند دایکم خوشکی گەورە بوو، بەڵام ئەوەی راست بێ بە پوورم نەدەوێرا و لە لای ئەو زۆری لەسەر نەدەڕۆیشت. کەچی بە دزی پوورم تەواو هەوڵی خۆی دەدا کە من وەدوای خەتی پوورم نەکەوم و هەر بۆیە بە تکا و ڕەجا داوای لێدەکردم و دەیگوت:

ــ ڕۆڵە گوێ بۆ قسەی خوشکم ڕامەگرە، نەکەی بە قسەی وی بکەی و پەکی خۆت بخەی! چۆن دەرزی بێ کون دەسێنێتەوە؟ ئەوە بە دوو قرانە پووڵی گیرفانی غەڕرە بووە. تۆ ئەوی ناناسی، ئەستەغفیرەڵا، بە سیراتەلموستەقیمی دەڵێ "خوار"!

لە بەر ئەوە من ئازادیخواز بووم، پشتیوانیکردن لە هەژاران و رزگار کردنیان رێگا و ئاواتی من بوو. سەر باقی هەمووشتێک من کچی دایکم بووم و دایکم دەیویست ئەمن لە سەر پنچکی وی شین بم. هەرەها من بە چاوی خۆم دەمدیت چۆن پیاوەکانمان لە ماڵ بەدەست ژنەکانیانەوە بە هەزار و یەک شێوە دەچەوسانەوە، لە دەرەوەی ماڵێش ئەو پیاوە چارە ڕەشانەمان بگرە لە بنکە دەوڵەتییەکان و تەنانەت لە کووچە و کۆڵانانیش ملکەچی مەئموورەکانی دەوڵەتی بوون و بێ حورمەتیان پێدەکرا. لە هیچ شوێنێک نەیاندەتوانی پڕ بە پێستی خۆیان بجووڵێنەوە، لە ماڵێ لە ترسی ژنیان و لە دەرەوەش لە ترسی کاربەدەستان! بەڵام من لەوە تێنەدەگەیشتم ئاخۆ، زوڵم و زۆری دوژمنی دەرەوە، یان توند و تیژی و ناوچاوان گرژیی ژن لە ماڵەوە، پیاوی بێ دەسەڵات کردووە.

ئەوەیکە جێی گومان نەبوو، ئەوە بوو کە ئەوان چاوەڕوانی کەرەمی دەست ژن و دوژمن بوون و هیچکام لەم دووانە ڕوحمیان بەم پیاوە داماوانەی کورددا نەدەهات. هەر بۆیە ڕوونکردنەوە و پشتیوانی لێکردنیان گەڵێک پێویست بوو، تابتوانن مافی خۆیان بستێنن. هەروەها بۆ لەناو بردنی ئەم کۆیلەتییە شۆڕشێک پێویست بوو. منی تازە لاوی ئازادیخواز، لەگەڵ خۆم شەرتم کرد تا رووحم لە سەر یەخەی کراسم بێ، بۆ مافی خوراوی تەواوی پیاوانی جیهان بەتایبەت پیاوی کورد کە دوو هێندەی پیاوی گەلانی تر دەچەوسێنەوە تێبکۆشم.

بە تەواوی، دژی تیۆری و ئەزموونەکانی پوورم سەبارەت بە پیاو ڕاوەستابووم. لەوەیکە پوورم ئەو نازەنینانەی ناوا بە "دەعبایەکی بێ ڕەزا" دادەنا زۆری پێ تێکدەچووم. ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەچوومە بەحری ڕزگارکردنی ئەو چینە مەزڵوومە، هەتا واهای لێهات سوێندم خوارد دەبێ پەتکی قەنارەم لێ ببێتە ملوانکە بۆ ئەم ڕێگایە. کاتێک وەبیرم دەهاتەوە پیاوی وا هەیە دوو ژن و سێ ژن گەمارۆیان داون، کوڵی گریانم هەڵدەستا و فرمێسکم دەهاتنە خوارێ.

ماڵەکەمان لەسەر جادە بوو، هەر بۆیە هەرکەس ڕێی لێ تێکچووبایە، یان ئەم شوێنەی کە لێی دەگەڕا نەیدیتباوە، لە دەرگای ئێمەی دەدا و پرسیاری دەکرد "ماڵی فلانی لە کوێ یە؟ "یان "فلان جێگا لە کوێ یە؟"

ڕۆژێک دیسان لە دەرگایان دا، کە چووم دەرگام کردەوە،کوڕە جحێڵێکی قیت و قۆزی جوانچاکەی گوندی بوو بە جلوبەرگێکی کۆن و دڕاوێن. ماندوو دیاری دەکرد، پرێسکەیەکی لە بن هەنگڵیدا بوو و کیتەڵە ماستێکیشی پێ بوو، گوتی:

ــ دادە، ئێرە ماڵی میرزا ساڵەی کورەخانەچی یە؟

ــ نەخێر، ئێرە هەو نییە، بەڵام من بە ماڵیان دەزانم و دەتوانم پێتی نیشان بدەم.

تا گەیشتینە ماڵە میرزا ساڵە بە پرسیاران هەموو شتێکم سەبارەت بەم لاوە گوندییە هاتەدەست، کە ناوی چییە، خەڵکی کام گوندە، کارداری ماڵی کام ئاغایە، هەروەها ئەوەشم زانی کە پێنج کلاسی خوێندەواری هەیە. لە قسەکانی را زانیم ئەوە یەکێک لەو قەرەبەشانەیە کە من دەبێ ڕزگاری کەم.

سەرو بەندی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەڵ بوو، ڕۆژ هەتاکوو ئێوارە لە ناو جەرگەی خەباتدا خەریکی ڕوونکردنەوە ی تاریکییەکان و وەخەبەر هێنانی نوستووەکان بووم. هەڵبەت زۆرتری هەوڵی من بۆ نەجاتی پیاوان بوو. هەر ئەوانیش بوون گوێیان بۆ ڕادەگرتم، هەرکە دەچوومە ناو ژنان بەر لەوە دەم بکەمەوە بە تانە و تەشەران شپرزەیان دەکردم: ئەرێ تۆ چت بە پیاوان داوە؟ بۆ ناچی مێردێکی بکەی؟ ئەرێ ئەو هەڵبەز دابەزەت لە چییە؟ خودا بۆ خۆی دەزانێ بۆ باڵی بە گامێش و شاخی بە پشیلە

نەداوە...

پرسیار و ڕێنوێنییەکانیان هەر جنێودان بوو بە خۆم و بە ڕێبازەکەم. بەڵام من کۆڵم نەدەدا لە سەر هەڵوێستەکانم و لە پێناو مافی ئەو چەوساوانە هەر سوور بووم.

ڕۆژێک لە یەکێک لە میتینگەکانم لەگۆڕەپانی نێوان چوارگوندا خەریکی نوتق کردن و هاندانی توێژی چەوساوە بووم، تەنیا پیاو و منداڵە وردکە، لەدەورم کۆ ببوونەوە. ناوەڕۆکی وتارەکەم وەک هەمیشە لە سەر ڕۆژی ڕەشی پیاوان ساغ ببۆوە:

ـ ئەی برایان، تاکەی بە نیوە شەو جێگەوبانە گەرم و گوڕەکانتان بە ئیجبار بە جێ دێڵن و هەتا بانگی شەوان بۆ پێدا کردنی دوو قڕانە پوولێک نایەنەوە ماڵ و ئەوەی پەیداشتان کرد دەبێ لە دەست خانمەکانتانی کەن و ئەوانیش بە کەیفی خۆیان بیدەن بە ئاڵا و واڵا و بە ڕەنگ و ئاورەنگ و خۆیانی پێ برازێننەوە و وە کووچە وکۆڵانان کەون. ئایا ئەوان بێجگە لە بەخۆ ڕاگەیشتن هیچ کارێکی دیکەیان هەیە؟ لە دوو منداڵ زیاتر نایهێننە سەر دنیا و ئەویش دەبێ هەدووکی کچ بێ! فەلسەفەی ژیانیان لە سەر حازر خۆری بەر سێبەری دامەزراوە.

هەر دروشمەی کە لە زارم دەردەهات، لە سەر داوای حازران چەند پاتم دەکردەوە و ئەوسا شەقشەقەی دەخستە ناو گیان و دڵیان. هەرچەند لەبەر ڕوونی و گەرموگوڕی وتارەکەم جێگەی هیچ پرسیارێکم نەهێشتبۆوە، بەڵام لەناو جەماوەردا دەستێک بۆ پرسیار بەرزکرا.

گوتم: بەڵێ، فەرموو.

گوتی: دادە شەمێ، تۆ، خۆتی؟ ئەوەی دوو ساڵ لەمەوبەر ماڵە میرزا ساڵەت پێ نیشاندام؟

کە جوانی لێ خورد بوومەوە، ناسیمەوە خۆی بوو، حەمە! وەڵامم داوە و گوتم: بەڵێ، هاوڕێ، بۆخۆمم!

حەمە خۆی گەیاندە من، بڵیندگۆکەی بەدەستەوە گەرت و هاواری کرد: ئەو هاوڕێیە، بەرلە شۆڕشیش هەر شۆڕشگێڕ بووە، پشتیوانیکردن لە ئەو، پشتیوانیکردن لە خۆمانە، بژی سەرۆک شەمێ!

بژی، بژی، مەیدانی داگرت، لەپڕ خۆم لەسەر شانی جەماوەر دیتەوە و لەسەر بەرزترین قەلاغی دێ دایانبەزاندم. لە سەر قەلاغ دیسان پەیمانم تازە کردەوە. زۆری نەخایاند ئەو گوندەی حەمە لێی دەژیا، بوو بە بنکەی ناوەندی. لە بەر ناونووسی لایەنگران و هاتوچۆیان، ناوی خۆمان لەبیرچووبۆوە. هەرکە چاوت بەو هەمووە پیاوە چوار شانە سمێڵ فشانە و ورگنانە دەکەوت کە لە ترسی خاتوونی ماڵێ چۆن بە نهێنی دێن و داوای ئەندام بوون دەکەن، ئاورت تێبەر دەبوو و تەواو بێدەسەڵاتی و بێزاری ئەوانت بۆ دەردەکەوت.

کاتێکی زۆری تێوەرنەسووڕا کە حەمە لەژێر چاوەدێری خۆم و نان بە قەرزدان بە یەکتر، بوو بە هاوشانی حیزبیم و هاوسەری ژینم. خاتوونە دەسەڵاتدارەکانی ماڵێ هەر وا بە سووک و هاسانی ئامادە نەبوون واز لە دەسەڵاتی خۆیان بێنن. بەر لە هەموو شتێک بە نەحلەتیان کردم و فتوای قەتڵمیان دا.

دوای ماوەیەک ژیانی نهێنی، من و حەمە لە ترسی گیانمان بە نابەدڵی ڕێگەی ئورووپامان گرتەبەر. ژیانی ئورووپا ڕێگەی لە خەبات و تێکوشانمان نەگرت. من هەر بە یازدە مانگان جارێک کوڕێکم دەبوو. هەر وەک ژنی ئورووپی بە دوو گیانی، منداڵێکم لە سەر پشتی تەرکی دووچەرخەکەم و ئەویدیکەم لە پێشەوە دادەنا و جووتە کوڕەکەی دیکەشم بە سواری دووچەرخەی خۆیان بە دوای یەکتردا لە پێشم دەڕۆیشتن.

ڕۆژێ هەشت سەعات لە کارخانە کارم دەکرد و زۆر جار کاری زیدەشم دەکرد و دووسەعاتانیش لە ڕێ و باناندا دەبووم. هیچ ئەرکێکی ژنانە و پیاوانە و دایکانە نەبوو کە بێ منەت بە جێی نەگەیەنم، هەڵبەت بەنازکێشانی حەمەش ڕادەگەیشتم.

ڕۆژانی شەمۆ و یەکشەمۆش لە دوکان و بازاران ڕا هەر کێشەودم دەکرد بۆ ماڵێ، هەتا خواردنەمەنی هەرزان و خۆشی خۆماڵی بۆ حەمە گیان سازکەم.

بە شانازییەوە سەیری حەمەم دەکرد، حەمەکەم خوێندکاری زانکۆ و لە لقی مافەکانی مرۆڤ دەیخوێند. شێوەی گفت و لفت و هەستان و دانیشتنی تەواو پێشکەوتووانە ببوو. لە بەر سەرقاڵیی کۆڕ وکۆبوونەوان کەمتر چاومان بە یەک دەکەوت. هەروەخت کە دەهاتەوە و دەیگوت ماندوم، باڵندەم لە سەر داران دەر دەکرد تا جیوەجیو نەکەن و خەوی حەمەم تاڵ نەکەن. دایم دڵخۆشیم دەداوە، سپاسم دەکرد کە تۆڵەی منیش دەکاتەوە.

ڕۆژێک حەمە دوای چەند ڕۆژان هاتەوە ماڵ، ویستم بچم باڵندەکان لە سەر داران دەرکەم تا جریوەیان نەیا و حەمەکەم خەوی لێبکەوێ و ماندووی بحەسێتەوە. بەڵام حەمە نەیهێشت، ڕایگرتم و گوتی:

ـ شەمێ، تۆ خۆت دەزانی ئێرە ئورووپایە، دنیای ئازادە، لێرە ئینسان گیاش بخوا، لە شتێک شتێک هەر فێر دەبێ. چاو و گوێی دەکرێتەوە. من لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ژیانمان لە ئورووپادا بە کەماڵ گەیشتووم و هەر ئەم پێگەیشتنە وای لێکردووم بزانم ژن چۆنە و مافی ژن چییە و چۆن دەبێ لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەی! هیوادارم تۆش پێبگەی، ئەگەر تا ئێستا پێنەگەیشتووی! دوێنێ لە لایەن بنکەی لێکۆڵینەوەی مافی مرۆڤی لقی ژن ناسین خەڵات کرام و نازناوی "بابی ژنان" یان پێدام...

سەرم سوڕما بوو، هیچ تێنەدەگەیشتم، بە چاوی زەق و زاری ئاوەڵەوە تێی ڕامابووم. پێش ئەوەیکە دەنگم لێ بێتەدەر گوتی:

ـ دەبێ ئەتۆ ئەوەی قەبوڵ کەی بیر و باوەڕ عەنتیکە نییە! بیرو باوەڕ وەک مۆدی لیباس ئاڵوگۆڕی پێویستە! ئێستاش «کلارا»ی هاوبیرم لە ناو ماشێن لەسەرم مەحتەلە، دەبێ بڕۆم. گەر ناونیشانی بارەگاکەمانت پێویست بوو، لە کاتالۆکدا هەیە، هیوادارم بتوانی بیدۆزیەوە!

منی کاڵە دڕاوی هیچ پێ نەبڕاو، قسەی پوورم کە لە گوێمدا دەزرینگایەوە هاتەوەبیر کە دەیگوت:

ـ ڕۆڵە، خودا بەو ڕۆژەی نەکا ئاویان دە گونان گەڕێ، نە قەت دیتوویانی و نە قەت دەتناسن، ڕۆڵە ئەوانە بە غەڵەت خوڵقاون...

❖❖❖

# کچێکی وەنەوشەیی

مەهاباد قەرەداغی

هۆڵەکە تاریک و نوتەک بوو، هەر دەتگوت پارچە ڕەشاییەکە و لە سامناکترین زستانەوە بەربووەتەوە. دەتگوت قەترانەو لەشەو هەڵکێشراوە. نەتزانی کەی و چۆن هاتیە ئەو هۆڵە، بەڵام دەتزانی چاوەڕێی شتێکی یان چاوەڕێی کەسێکی بێت و لەم تاریکییەت ڕزگارکات. هیچ نەبێ بێت و قسەیەکت لەگەڵ بکا تا ئەم هەستی کوشندەی ترسەت لابەرێ و بتکاتە هاودەمی بەسەرهاتێکی نامۆ، گوێت لە هیچ هەناسەیەکیش نەبوو، هەندێ جار گومانت دەکرد ئەو هۆڵە هیچ کەسێکی تری تیا بێ جگە لەتۆ، بشێ وابێ، گومان خەریک بوو زراوت بتۆقێنێ، هەستت بە هەناسەدانی کەس نەدەکرد، بەڵام گوێت لە ترپەی هەزاران دڵ بوو، ساتێ هەناسەت لە خۆت دەبڕی و ترپەی دڵی خۆت دەوەستاند تا باشتر گوێ بگری لەترپەکانی تر، تا دڵنیابی ئەو دەنگانە ترپەی دڵن و مارشی سەربازی نین. دوودڵ بووی، موسیقاکە لە ترپەی هەزاران دڵ دەچوو، ترپەکان لە سەدای مارشێکی سەربازی لە کاتێکدا کە تەرمی پاشایاک بەڕێدەخەن. جارو بار وەک سەدای تەپڵی خێڵێکی هیندییە سوورەکان دەهاتە بەر گوێت. ترس نزیکی دەکردییەوە لە گومان، بشێ لە جەنگەڵ نەبم و خێڵی هیندییە سوورەکان ئابلۆقەیان نەدابم؟ شێوەیانت دەهاتە بەرچاو، دەم و چاوی سوور، دوو هێڵی سپی بە سەر گۆنادا کێشراو، پەڕێک بەسەر سەریانەوە، ڕووت و قووت، ڕمێکی درێژیش بە دەستیانەوەیەو، لە جەنگەڵستانێکی نوتەکدا لە پشت دارەکانەوە وەستاون چاوەڕێن بجۆڵێی و تیربارانت کەن. چونکە لە خێڵی ئەوان نیت و هاتوویتەتە سنووری ژینگەی ئەوان. دەترسن نوێنەری داگیرکەرێ بیت و هاتبی نەخشەی هێرشێ بکێشی. ڕمەکانیان ئامادەن هاوکات بەرەو سنگت و پشتت و هەموو جەستەت بهاوێژرێن، پاشان بتبەن بۆلای سەرەک خێڵ و لەبەر چاوی ئەودا بە ئاگر بتسووتێنن. خۆت دەزانی گەر پێت بزانن لەم جەنگەڵەدای ئەوە چارەنووستە، ئەوان لە دێر زەمانەوە ئێرەیان کردۆتە زێد و ئەو دارانە مێژوویانن. ئەوان بەوە نی یە کە نازانن بە شێوەی ئێمەومانان بژین، یان بە زمانی ئێمەومانان بدوێن، ئەوان زمانی تایبەتییان هەیە. بە سەرنج یەکتری دەدوێن، بە هێما کارەکانیان جێ بەجێ دەکەن. هەرکە یەکێک لە ئێمە دەبینن گومانمان لێ دەکەن و وا دەزانن ئەوەی لە شێوەی ئێمە بێت و دەم و چاوێکی وەک ئەوەی ئێمەی هەبێ جگە لە داگیر کردن هیچ شتێکی تر نازانێ. لە هیچ ئاژەڵێکی تر ناترسن هێندەی ترسیان لە مرۆڤە، چونکە زۆرجار لە کاتی تەپڵ لێدان و بەدەوری ئاگردا سەما کردنیان و لەو ئاهەنگە شادانەیاندا لەناکاو یەکێکی وەکوو منیان دیوە هاتووەتە نێو سنووریانەوە و نەخشەی تێکدانی ئەو زێدە ئازیزەیانی کێشاوە، شارستانێتییەکی دڕدۆنگیان پێ بنیات ناوە. دارەکان کە مێژووی ئەوانن بڕیویانەتەوەو کورسی و بێشکە و قۆناغە تفەنگ و تابووتیان لێ دروست کردووە. دەترسای ئێستا هەرچی کورسی ئەو هۆڵەیە لە سەر تۆیدا بشکێنن و لەت و پەتت بکەن. تەپڵەکانیان جار جار بەرزو جار جار نزم دەبووەوە، بەڵام تاریکییەکە هەمان تاریکی بوو، نە ڕوون دەبووەوە و نەتاریکتر. لەوە تاریکتر هەر بوونی نەبوو، هەر دەتگوت قەترانە و لەشەوی زستان هەڵکێشراوە. هەر دەتگوت ئاڵایەکی ڕەشە و لە سامناکترین وڵاتی ترسەوە بەر بووەتەوە. گوێت لە هەموو ترپەی دڵەکان بوو، هی خۆت نەبێ. ڕێک وەکوو تەپڵ، ڕێک وەک ئەو ئاهەنگە قەرەباڵغەی کە لە ناکاو دەبێتە شیوەن.

دەستەکانت توند لە کۆشی خۆت قایمکردبوو، تا زیاتر دەترسای زیاتر و توندتر بە لاقەکانتەوەت دەنووساندن، توندتر لەسەر کورسییەکە دادەنیشتی و دەترسای لە ناکاو بەربیتەوە. هەستت دەکرد کورسییەکە دوو پێی باریکی هەیە و بەقەد ئاسمانێ بەرزی کردوویتەتەوە. وەک بترسی لەو بەرزاییەوە سەیری خوارەوە بکەی ملت ڕەپ بەرەو پێشەوە وەستاند. دەتویست تێر جنێو بە خۆت بدەی کە بەو شەوە بۆ هاتیتە ئەم شوێنە سامناکە، بەڵام بیرت دەکەوتەوە تۆ نەهاتووی بەڵکوو خۆت هەر لێرە بوویت، بەڵام پێشتر بۆ هێندە

تاریک نەبوو؟ بۆ هەستت بەو هەموو ترس و خەتەرە نەدەکرد؟ وا دیارە پێشتر کوێر بوویت و تاریکیت نەبینی بوو، تەنها ئێستا کە چاوت کراوەتەوە هەست بە سامناکی ئەو نوتەکستانە دەکەی، بەڵام تۆ هیچت نەدی جگە لە تاریکی، بەڵێ، مەملەکەتی هیندییە سوورەکانت بینی و مێژووی ئەو خێڵەت خوێندەوە، خودی تاریکیشت بینی، ئاڵایەکی ڕەشەو لەقەتران و شەو هەڵکێشراوە. کورسییە بەرزە دوولاق لەرزۆکەت بینی، هەستت کرد ئەمە هۆڵێکی گەورەیە، ئێجگار گەورە پڕە لە مرۆڤ و مێرووله و سەگ و پشیلە و مشک و فیل و کەر و شێر و کەروێشک و هەڵۆ و پەپوو. پڕە، سیخناخە لە زیندووی مردوو، مردووی زیندوو، بەڵام خۆر کوژاوەتەوە و چاو چاوی تیا نابینێ. هەستت کرد دەنگی تەپڵەکە وردە وردە دوور دەکەوێتەوە و کورسییەکەی ژێرت هێدی هێدی دادەبەزێ و دادەبەزێ تا لاقەکانی بە ئێجگاری ون دەبێ و لەسەر زەوی دادەنیشی. ڕووناکییەکی کزکزی وەنەوشەیی لە شێوەی ئەستێرەیەک دەبێتە هاودەمت، ترسەکەت دەنیشێتەوە، وەک ئەوەی ئەو ڕووناکییە وەنەوشەییە پەیامی ئاشتی بێ و لە نێوانی مرۆڤ و جەنگەڵنشینەکان مۆر کرابێ. وەک ئەوەی ئەو ئەستێرە وەنەوشەییە تروسکەی ئازادی بێ و لە ئاڵا لەقەتران و شەو هەڵکێشراوەکەی زەوی درابێت. ئاوڕت دایەوە، هۆڵەکە سیخناخ بوو لە زیندوەوەری مردوو، لە مردوەوەری زیندوو، هەمووشیان تیشکێکی وەنەوشەیی کز ترسەکەیانی دەخوێندەوە. خێرا ڕووت لە ئەستێرە وەنەوشەییەکە کردەوە و لەو کڵاوڕۆژنەیە ورد بوویتەوە، ئەمە شانۆیە یان گۆڕستان؟ یەک، دوو، سێ، چوار... ئەم هەموو گڵکۆیانە چین؟ بشێ ئێرە گۆڕستان نەبێ و تۆش نەمردبی، خێرا دەستت لە کورسیەکەی ژێرت دا تا دڵنیابی ئەوەی کە لە سەریا دانیشتووی کورسی یە و، گۆڕ نییە! خۆ ئەوە چاڵە! چاڵێکی قووڵ قووڵ، دەستت بە لێواری چاڵەکە داهێنا، من کەی مردم؟ لە کوێ؟ بەچی؟ لەبیرم نایەت! کە واتە نەمردووم، نا، ئێرە گۆڕستان نییە و شانۆیە، ئێرە یەکەمجارە شانۆیی تیا نومایش دەکرێ، جاران ئێرە قەسابخانە بوو، بەرخ و مەڕ و گا و گوێلکیان تیا سەر دەبڕی، قسەی خۆشمان بێ، هەندێ جار گورگ و سەگ و ڕێوی و ئەسپیشیان سەردە بڕی و بە نرخی گا و گوێلک دەیانفرۆشت. جارێکیان شێریشیان سەر بڕی. زەمانێکی دوورودرێژ قەسابخانە بوو، دواجار هاتن و ئەم بۆیە ڕەشەیان کرد و کردیان بە شانۆ، ناویان نا شانۆی میللی، دەڵێن ئەو شانۆنامانەی لێرە نومایش دەکرێن هەموویان واقعین و ئەکتەرەکانیش خودی ئەوکەسانەن کە لە واقیعدا نومایشیان کردووە، حەزم دەکرد جارێک دەم و چاوی ڕاستەقینەی ئەکتەر ببینم، هەر بۆیەشە بێباکانە ڕێگەی ئێرەم گرتەبەر و هاتمە ناو ئەم هۆڵە ترسناکەوە.

ڕووناکییە وەنەوشەییەکە کەوتە سەر گڵکۆیەکی لاکێشەیی باریک، گڵکۆکە قرچە قرچێکی تێ کەوت، وەک قرچە قرچی دارێکی ئەستوور کە لقێکی گەورەی لێ بشکێ و وردە وردە بێتە خوارەوە. شەقی برد، وەک هێلکەیەک لە کاتی تروکانیدا. ڕووخا، وەک شارێک بوومەلەرزە ڕووخاندبێتی و شوێنەوارێکی ترسناکی تیا بە جێ هێشتبێ. لە ناو خۆڵ و بەردەکانەوە هەستت بە جوڵەیەک کرد، چاوەکانت سەد هێندەی تر زەق بوونەوە و چاوت بڕیە جووڵە هێواشەکە. هێدی هێدی بڵند بووەوە، کراسێکی وەنەوشەیی ئاو دامانی لەبەردا بوو، ڕەنگبێ ئەویش سپی بوو بێ و تیشکەکە ڕەنگی گۆڕی بێ. دەم و چاوی وەنەوشەیی بوو، قژێکی درێژ درێژی وەنەوشەیی، چاوی وەنەوشەیی، یەکەم جار بوو کچێکی وەنەوشەیی ببینی. چاوە وەنەوشەییەکانی تێ بڕیت و نەیدەتروکاند، سامت لێ نیشت و خۆت گرمۆڵە کرد، بە پەنجە وەنەوشەییەکانی هێمای بۆ کردی، وردە وردە هاتەوە پێشەوە، ویستت هەڵسی و تا هێزت تیایە ڕاکەی، وات زانی ئەوە هێمای تاوانبار کردنتە، ئەو هەر دەهاتە پێشەوە، تا گەیشتە بەردەمت پرسی:

ـ تۆ من دەناسیت ؟

چاوت بەسەرتاپایدا خشاند دەتویست بیناسیتەوە یان نەیناسیتەوە، تەنها وەڵامی بدەیتەوە و بڕوات، لێت دووربکەوێتەوە، کچی وەنەوشەییت قەت نەدیبوو، دیمەنەکە بۆ تۆ سامهێنەر بوو. هەزار نەفرەتت لە خۆت کرد، بۆ هاتم بۆ ئێرە، چیم دابوو لە دیتنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەکتەر، بە من چی؟ ئەوپەڕی ژیانێکی بێ باکانە دەژیام، نیوسەدە بوو بەم شێوەیە دەژیام و هیچ کێشەیەکم نەبوو، بە ناوبانگیش و دارا و خۆش گوزەرانیش بووم. شەوی کچێک میوانی جەستەم بوون و لەسەر داوێنیان داوەت بووم. ئەو کچانەی دۆستی من بوون هەموو سپی بوون وەک شووشە، هەر لەو کاغەزە بێگەردانە دەچوون کە پڕم دەکرد لە گەردی وشە و بەخەڵکم دەفرۆشت، بازاڕم گەرم و دڵم سارد بوو، هەزاران جار دەمنووسی خۆشەویستی و یەک جاریشم خۆشەویستی نەکرد، کێم خۆش ویستبا، ئافرەت؟ بێ خۆشەویستیش دەمتوانی ئارەزووی خۆمیان پێ دامرکێنم، ئیدی بۆ خۆشم بوێن؟ خوا؟ بێ خواپەرستیش وەک شاهەنشا دەژیم، خۆم! تەنها بەبێ خۆم نەمدەتوانی بژیم، تەنها لەبەردەم خۆما دەمتوانی عاشق بم و ڕووت بمەوە، تەنها لە دەریای ئەوینی خۆما دەمتوانی بێ ماندوو بوون مەلە بکەم و نەخنکێم.

نەتناسییەوە، سیمای نە کچ بوو نەکچ نەبوو، جەستەی نە ماسی بوو نەماسی نەبوو، قژی نە شۆڕەبی بوو، نەشۆڕەبی نەبوو، هەرگیز لە نیوسەدەی ڕابردووی تەمەنتدا شێوەیەکی وات نەدیبوو نە کچ بێ و نەکچ نەبێ و، نە ماسی بێ و نەماسی نەبێ و، نە شۆڕەبی بێ و نەشۆڕەبی نەبێ. هەرگیز وێنەیەکی وات نەدیبوو نە لە شیعردا، نە لەچیرۆکدا، نە لە ئەفسانەشدا، هەموو جەستەت ببوو بە چاوێکی گومان و سەیرت دەکرد، بە بچڕ بچڕی وتت:

ـ نا... ناتناسم، تۆ کێی؟

پشتی تێکردی و گەڕایەوە، هەنگاوی هێمن هێمن وەکوو مێرووله، تەنانەت لە ساتێکدا واتزانی ناڕوات و وەکوو شۆڕەبییەک لە بەردەمتدا چەقیوە. هێمن هێمن، دەتگوت درەختێکە و شەماڵ دەی لەرێنێتەوە، بەرەو شانۆکە هەنگاوی دەنا، ورد ورد، دەتگوت قاچەکانی قاچ نین و ڕەگی بەڕوون و بەناو جەستەی زەویدا شۆڕ

بوونەتەوە. قژی شۆڕ ببووەوە دەتگوت چلە ئەرخەوانێکی تەریکە. لە بەردەم گلکۆکە ڕاوەستا و سوڕایەوە تا ڕووی کەوتە بەرامبەر ڕووی تۆ، چاوەکانی تەریب بوون بە چاوەکانت، بزەیەکی بە مانا کەوتە سەر لێوەکانی و وتی:

ـ دەتەوێ بمناسیت؟

لە ساتێکدا گومانەکەت ڕەوییەوە. دیارە حەز دەکات بیناسم و وەکوو کچانی دی شەوێک لەسەر داوێنی خۆی داوەتم کا! بزەیەکی بێ مانا کەوتە سەر لێوەکانت، یادگارییەکی قەشەنگە، شەوێک لەگەڵ کچێکی وەنەوشەیی دا بە سەر دەبەم ئاخۆ تام و چێژی ئامێزی ئەمیش وەک ئەوانی دی یە، بەڵام ئەم لەوان ناچێ، نە کچە و نەکچ نییە، نە ماسی یەو نەماسی نییە، ڕەنگە ئەمە شاکچی زەوی بێ، نا، نا، ڕەنگە حۆری بێ، بەڵام خۆ من لە بەهەشت نیم، من لە شانۆی میللیم و هاتووم بۆ بینینی ڕووی ڕاستەقینەی ئەکتەر، ئەی باشە ناوی شانۆگەرییەکە چی بوو؟ لەبیرم چووەتەوە، کە هاتم نیوسەعات لە بەردەرگا وەستام و لەوێنەکان ڕامام و ناونیشانەکەم دەخوێندەوە، بەڵام لە بیرم چووەتەوە، دەمەوێ بزانم ئەم ئەکتەرە جوانە کێ یە، تا منیش خۆمی پێ بناسێنم و بیکەم بە دۆستی خۆم، هیچ نەبێ شەوێک لەگەڵیدا بنووم و بزانم تامی ئەمیش وەک ئەوانی ترە؟ تا ئێستا ئەو دەیان ژنەی لەگەڵیاندا نووستووم هیچیان تامێکی جیاوازتر لەویدییان نەبووە، پێم خۆشە تا هەمماڵەکەی خۆم بکەم بە تاقیگە و تام و بۆنی ژنی تێدا تاقیبکەمەوە، بەڵکوو ڕۆژێ شتێکی جیاوازم دی! ڕەنگە ئەمەیان جیاواز بێت، ئەمەیان بە ڕواڵەت زۆر جیاوازە، تێڕوانینەکەی جیاوازە، جوانییەکەی جیاوازە، ترسناک جیاوازە، کچێکی وەنەوشەیی یە، قەت کچی وام نەدیوە.

ڕووت هاوتەریبی ڕووی ئەو بوو، زەردەخەنەیەکی بێ مانا بە سەر لێوە ڕەش هەڵگەڕاوەکانتا پان بووەوە، ددانە زەردە دووکەڵ خواردووەکانت بە ئاستەم دەرکەوتن. سەرت بۆ لەقاند و گوتت:

ـ بەڵێ، دەمەوێ بتناسم، تۆ کێیت و خەڵکی کۆیی؟

شێوەی گۆڕا، زەردەخەنە ماناداەرکەی کوژایەوە، دانەوییەوەو داوێنی کراسەکەی بەرز کردەوە، بەرزی کردەوە و هێدی هێدی کراسە وەنەوشەییەکەی داکەند، ڕووت بووەوە، لە سەرەتادا سەرنجت بزێوانە تەنها بەدوای ئەو پارچە چێژەدا دەگەڕا کە لە نێوان هەردوو ڕانیدا بوو، بەڵام هیچت نەدەدی، چاوت بەرز کردەوە تا هیچ نەبێ بە بینینی قوویەی مەمکە قوتە وەنەوشەییەکانی دامرکێیتەوە، تۆ لە بەردەم مەمکی کچاندا وەکوو کێوێکی سەهۆڵ دەتوایتەوە، تا ئەوانت زیاتر گوشیبا خۆت زیاتر دەتوایتەوە. بەڵام قوبەی مەمکی ئەم کچە لە قوبەی هیچ مەمکێکی تر ناچێ، ئەبێ نهێنی ئەم فریشتە وەنەوشەییە چی بێ، لە جیاتی چێژ دەمترسێنێ، لە جیاتی دامرکاندنەوەی ئارەزووم کڵپەی گومانم تیا دادەگیرسێنێ.

تیشکەکە کەوتە سەر سکی، ناو قەدێکی باریک، بەڵام نەخشەیەکی ترسناکی سووری لەسەر کێشرا بوو، دەتگوت جێ زامی کۆنە و خۆش نەبووتەوە، دەتگوت ناسۆری هەوکردووە، تیشکەکە نەخشەکەی تەواو پێشان دای، هێندە ڕوون نەخشەکەت بینی وات دەزانی بەو دەستانەی خۆت کێشاوتە، ئینجا تیشکەکە کەوتە سەر دەم و چاوی و چاوەکانی وەک ئاسمان کرابوونەوە و دەتگوت سەد حیکایەتت لە ساتێکا بۆ باس دەکات، بەدەنگێکی بەرز کە لە ناو هۆڵە چۆڵ و بە مرۆڤ و مێروولە و بەرخ و گورگ و زیندەوەری مردوو، مردەوەری زیندوو سیخناخەدا دەنگی دەدایەوە، هاواری کرد، هاوارێک لەشێوەی بێدەنگی کە تۆ واتزانی تەنهاو تەنها تۆ بیستت گوتی:

ـ من وەنەوشەم .

ـ وەنەوشە!؟

دەتویست ئەو ناوە لە بیر خۆت بەریتەوە، وەکوو ئەو ڕەنگەت هەرگیز نەدیبێ و ئەو وشەیەت هەرگیز نەبیستبێ. دەمێک ساڵە مامەڵە لەگەڵ ڕەنگدا دەکەیت بێ ئەوەی ڕەنگی وەنەوشەییت بەکار هێنابێ، دەمێک ساڵە وشەسازیی دەکەی بێ ئەوەی ئەو وشەیەت لە چیرۆکێکدا دارشتبێ، وەک ئەوەی بترسی ئەو ڕەنگە یان ئەو وشەیە تاوانەکەت بخاتە ڕوو، کەچی ئەمشەو وەکوو چارەنووس خۆی بەسەردا سەپاندی و بەڕووت و قووتی هاتە ناو چاوتەوە. دووبارە هاتە پێشەوە، ئەمجارە بە بەردەمتا تێپەڕی و بە ناو هۆڵەکەدا ڕۆیی و لە بەردەمی هەموو زیندەوەرە مردووەکانا هەڵوێستەیەکی دەکرد و نەخشەکەی سەر سکی پێشان دەدان، مردەوەرە زیندووەکان دەتگوت یەکەم جارە نەخشەیەکی ئاوا بینراو ببینن و تێی ڕادەمان. دەتگوت خۆیان قەت ڕۆژێ نەخشەیەکی وایان نەکێشاوە، بەڵام دوای ورد بوونەوە، دوای ئەوەی تیشکەکە تەواو نەخشەکەی پێشان دەدان، بەڕوونی دەیانبینی و وایان دەزانی خۆیان ئەو نەخشەیان کێشاوە. هۆڵەکە گەورە بوو، دانیشتووانی هۆڵەکەش بێ ئەژمار، سەراپا هۆڵەکە گەڕا، هەر هەموو نەخشەکەیان دی، هاتەوە سەر شانۆ و ڕووی لە تۆ کرد، تۆ لەرزێکی شاراوە جەستەتی هێنایە سەما، دەتگوت لە دادگادا و لە ناو قەفەسی تاوانباریدا دانراوی، هەرگیز لەدادگا نەترسابووی، خۆت زۆرجار عەبا ڕەشەکەت دەخستە سەر شانت و دەچووی لەدادگادا داوەریت لە مافی تاوانباران دەکرد و بە عەبایەکەت تاوانەکەت بۆ دەپۆشین. ئەی ئێستا بۆ وا دەلەرزی و دەڵێی لە کێشەیەک دای هەرگیز بە یاسا چارەسەر ناکرێ، تۆ مرۆڤێکی مێژوویێت و کێ هەیە تۆ نەناسێ، پارێزەرێکی یاساناس و سەرکەوتوو، چیرۆکنووسێکی تازەگەر، هونەرمەندێکی تەشکیلی و ڕابەری سەدان هونەرمەندی لاو کە نموونەی باڵای ئەوانی و چاوت لێ دەکەن، ئەی ئیتر بۆ لە بەرامبەر ئەم تیشکەدا زراوت تۆقیوە و سەما کەوتۆتە جەستەت، چاوەکانی لە چاوت چەقاند و بە هێمنییەوە وتی:

ـ بەڵێ وەنەوشە... قەت لەبیرت نایە کچێک هەبووبێ لە دنیای ئێوە بەناوی "وەنەوشە"؟! من ئەوم بەڵام چارەکە سەدەیەکە لە خزمەتی ئێوە مەرەخەس بووم و هەڵفڕیووم. بیر بکەرەوە! چارەکە سەدەیەک پێش ئێستا کە تۆ لاوێکی بیست و پێنج ساڵی بووی، تازە پارێزەر بووی، تازە عەبای یاسات نابوە سەرشان و دەتویست سەرکەوتنی خۆت بەسەر زیندەوەرە مردووەکاندا بسەپێنی، دەچوویتە هۆڵی دادگا، ئەوێش هۆڵێکی لەم چەشنە بوو، پێشتر قەسابخانە بوو، مەڕ و بەرخ و گورگ و سەگ و گا و گوێلکیان تیا سەردەبڕی، زۆر جار

شێریشیان تیا سەر دەبڕی، دوایی بۆیەیەکی سپییان کرد و کردیان بە دادگا، لە جیاتی چەقۆ هەڵواسراوەکان تەرازوویەکیان دانا و قەسابەکانیشیان گۆڕی بە دادگەر و پارێزەر و پارێزەری گشتی. تۆ پارێزەری تایبەتی بووی، هاتەوە بیرت؟! لاوێکی قۆز، دەیانووت هونەرمەندیشە و پارێزەریشە! ئەو هەموو بەهرەیەی تیا کۆ بووەتەوە، پەنجەکانی گەوهەری وشە دەڕێژێ، چیرۆک دەنووسێ، ڕۆمان دەنووسێ، تابلۆ دەکێشێ، لە یاساناسیشدا بێ هاوتایە، هیچ تاوانبارێ نەهاتووەتە بەردەستی وەکوو موویەک لە ماست دەرکا لە تاوانەکەی دەری نەکردبێ. هاتەوەبیرت؟! چونکە من ئەوکاتە لەوێ نەبووم. با زیاتر بیرت خەمەوە، ڕۆژێکی هاوین بوو، تۆ کراسێکی سپی و بۆینباخێکی سوور و قاتێکی ڕەشت لەبەردابوو، لاوێکی قۆز بووی، ئەوەی ئامادە بوو لە هۆڵی دادگادا نیوەیان بۆ دیتنی ئەو دیمەنە جوانەت و نیوەشیان بۆ گوێ گرتن لەو وتە نەرم و نیانەت بوو کە هەر زوو دادگەرت پێ ڕازی دەکرد. ژنان دەیانووت دەڵێی نوشتەی چەور و شیرینی پێ یە.

ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، پێم وایە دووشەممەش بوو، نا پێم وانییە بەڵکوو دڵنیام دوو شەممە بوو، چونکە من ڕۆژانی دووشەممە لەگەڵ فەرهاد دا ژوانم هەبوو، لە ڕێی قوتابخانە دەمدی و چەند قسەیەکمان دەکرد، ئەوکاتە من چواردە ساڵ بووم و فەرهاد شانزە، یەکترمان خۆش دەویست، وەک چۆن دوو چۆلەکە یەکتریان خۆش دەوێ، وەک چۆن دوو پەپوولە یەکتریان خۆش دەوێ، لە ڕێگای قوتابخانە تۆزێ دەوەستاین و دڵدارییمان دەکرد، ئەگەر کەس دیار نەبووایە بەخێرایی دەممان تێکەڵ دەکرد و ماچێکی بروسکە ئاساشمان دەکرد. کۆڵانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو دەتگوت سەدەیەکە چۆڵ کراوە و قەد کەسی تیا ناژی، نازانم چۆن و لە کوێوە! ڕێک لە ساتی ئەو بروسکە ماچەدا ئامادە بوو، وابزانم هێشتا ماچەکەشمان نەکردبوو، قژی ڕاکێشام و بردمییە ماڵەوە، خۆی و باوکم تێریان کوتام، براکەم گوتی:

ــ بەچاوی خۆم بینیم ئابڕوومانی تکاند.

باوکیشم فەرمانی دا پیاوانە بمکوژێ، براکەم پیاوانە کوشتمی.

من کوژرام، هەر ئەوساتە مردم، دەتگوت بە مردنی من تنۆکە ئابڕووەکانیان دەست دەکەوێتەوە، ئەوئابڕووەی کە بە خۆشەویستی تکا، بە بروسکە ماچێکی پەپوولەیی.

بەڕێزان، دیوتانە ئابڕوو بە بروسکە ماچێکی پەپوولەیی بتکێ؟ ئەی دیوتانە ئەو ئابڕووە وەهمییە بە کوشتنی کچێک هەڵگیرێتەوە؟! بەڵێ بینیوتانە، هەمووتان بینیوتانە، هەمووتان بە وەهم ئابڕووی خۆتان تکاندووە و بە تاوان هەڵتان گرتۆتەوە. هەمووتان من ئاسایەکتان کوشتووە، نەشتان کوشتبێ دیلتان کردووە، کەستان نییە لە قەفەسی ماڵەکانتانا چەند دانەیەکتان ماڵیی نەکرد بێ، بۆ هێلکە کردن و بۆ شەو ئاهەنگی شەهوەت. کەستان حەز بە بینینی دوو پەپوولەی حەز لەیەککردوو ناکەن، کەستان توانای بینینی ماچێکی ڕاستەقینەتان نییە، بەڵام ڕۆژی دەیان ماچی درۆیینی فڕوفێڵاویی دەکەن.

به هێمنییەوە بە درێژایی شانۆکە دەهات و دەچوو، دیسان چاوی لە چاوی تۆ بڕی، وەک ئەوەی تۆ تاوانبارترین تاوانبار بیت، سەرنجەکانی هاوتەریب دەچەقینە چاوت، بە هێمنییەوە وتی:

ــ هاتەوە بیرت بەڕێز، ڕاستە تۆ منت هەرگیز نەبینیوە، چونکە ئەوکاتەی لە دادگادا داوەریت لە مافی تاوانبار دەکرد من مانگێ بوو لە ناو ئەم گڵکۆیەدا بووم، دیسان ڕۆژی دووشەممە بوو، مردبووم و ئاگادار بووم، یاساکانت تاوتوێ دەکرد تا درزێ بدۆزیتەوە و بێ تاوانی براکەم بسەلمێنی، "بۆ پاراستنی ئابڕووی خێزان، شەرەفی میللەت، ناموسی نەتەوە"، ئیدی هەموو ئەو وشانەی لەیاسادا درەوشانەوەیان هەبوو، یاساکان لە خزمەتت دابوون و تۆش لە خزمەتی ئەواندا، وەک ئاسانترین مەسەلە براکەمت لە سزا ڕزگار کرد، هاتەوە بیرت؟ ئەوەی کە کوژرابوو، تەنها ناوی لە مەلەفەکاندا مابوو، من بووم. دوایش ناوی و ملەفەکان توور دڕانە دۆلابەکەی تۆ، تا ئێستاش تۆز و گەردی چارەکە سەدەیەکی هەڵگرتووە. تەنانەت نەتویست وەکوو ڕەنگیش لە تابلۆیەکدا بە کاری بێنی یان وەک وشەیەکی جوان لە چیرۆکێ، شیعرێ، ڕۆمانێک دا بینووسی.

ڕووی کردەوە دانیشتووانی هۆڵەکەو بەتووڕەبوونێکی نائاساییەوە وتی:

ــ بەڕێزان ئێوە... چاوتان لێ یە، چۆن پێتان دەڵێم بەڕێزان لە کاتێکدا ئێوە قەت ڕۆژێ ڕێزتان نەگرتم، قەت لەم هونەرمەندەتان پرسیوە بۆچی ڕەنگی وەنەوشەیی لە تابلۆیەکیدا بە کار ناهێنێ؟ ئەی وەنەوشەیی ڕەنگێکی جوان نییە؟ بشێ کەستان حەزتان لێ نەبێ، بڕوا ناکەم، هەمووتان حەزتان لێ یە بەڵام ڕانەهاتوون پرسیار بکەن، هەرگیز سۆراخی حەزە نادیار و شاراوەکانتان ناکەن، ئێوە هونەرمەند بە خوا دەزانن هەرچی وت باوەڕ دەکەن، ئەم هونەرمەندە دەیان جار نووسیویەتی ماف، بەڵام مافی منی پێشێل کرد، سەدان جار دەڵێ ئازادی بەڵام داوەری لەو کەسانە دەکا کە ئازادی سەر دەبڕن.

دیسانەوە چاوەکانی بڕییەوە ناو چاوت، تۆ خەریک بوو لە شەرما ببی بە تنۆکێ ئاو، گیانت بەوە بوو هۆڵەکە زۆر تاریک بوو و کەس بە ئاسانی شێوەی دەم و چاوتی نەدەدی. زەردەخەنە مانادارەکە دیسانەوە هاتەوە سەر لێوەکانی و گوتی:

ــ بەڕێز، نەتزانی گۆڕستانیش شانۆیەکە و هەزاران شانۆی تیا نومایش دەکرێ، من دەڕۆمەوە ماڵەکەی خۆم بەڵام لە بیرت نەچێ تابلۆکانت بێ ڕەنگی وەنەوشە هیچ مانایەک نابەخشن، گەر توانیت وەنەوشەیان تیا بەرجەستەکەی لە ئاوێنەشدا دەبی بە هونەرمەند، لە ڕوانگەی خۆشتا دەبی بەو مەزنەی کە خەڵک پێیان وایە.

پشتی لە تۆ و هەمووان کرد، بەهێمنییەوە دەڕۆیشت، هەنگاوی هێمن هێمن، وەکو مێرووله، تەنانەت لە ساتێکدا وات دەزانی ناجووڵێ، ئەرخەوانێکە و با دەیلەرێنێتەوە، وردە وردە ون بوو، تیشکە وەنەوشەییەکە کزبوو، کزتر بوو، تا تەواو کوژایەوە، تیشکێکی زەرد، زەرد، وەکو خۆر هۆڵەکەی ڕووناک کردەوە.

١٩٩٣/٩/١

# تیاتری خێر و شەڕ

ئیدواردۆ گالێئانۆ Edvardo Galeano

(نووسەری ئورۆگۆڤایی)

وەرگێڕانەوە: ئەڕژەنگ

لە ململانێی نێوان خێر و شەڕدا هەمیشە خەڵکن تێدا دەچن.

تیرۆریستەکان کرێکارانی ٥٠ وڵاتیان لە شاری نیۆیۆرک و ناوچەی کلۆمبیا بە نێوی خێر لە دژی شەڕ کوشت. سەرکۆمار بووش بە نێوی خێر لە دژی شەڕ بەڵێنی دا کە تۆڵە بستێنێتەوە. بووش ڕایگەیاند: «ئێمە شەڕ لە سەر گۆڕەپانی زەوی مفح دەکەینەوە».

مفحکردنەوەی شەڕ؟ ئەوکاتە خێری بێ شەڕ چ مانایەکی دەبێ؟ تەنیا دەمارگیرانی خاوەنمەسلەک نین کە بۆ پاساودانی شێتێتی خۆیان پێویستیان بە دوژمن هەیە. سەنەعەتی چەک و تەقەمەنی و ماشێنی جەنگیی ئاماڵ غولی وڵاتە یەککگرتووەکانیش بۆ پاساودانی وجودی خۆی پێویستی بە دوژمن هەیە. خێر و شەڕ، شەڕ و خێر: گەمەوانە ئیشکەڕنەکان دەگۆڕن، قارەمانەکان دەکەن بە دێو و دێوەکان بە قارەمان و هەمووی پێوەندی بەوەوە هەیە کە ویستی شانۆنووسانی تیاتر چی بێ.

لەو ماجەرایەدا هیچ شتێکی تازە بە دی ناکرێ. زانای ئاڵمانی «وێرنێر ڤان براون» کاتێک بۆمبهاوێژەکانی (ڤی ٢ی) دروست کرد کە هیتلێر لە دژی لەندەن دەکاری هێنا، شەڕ بوو، بەڵام کاتێک داهێنانەکانی کەوتە ژێر خزمەتی وڵاتەیەککگرتووەکان بوو بە خێر. ستالین لە تەواوی ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی خێر بوو و دوای ئەوە، کاتێک بوو بە ڕێبەری ئیمپراتۆری شەڕ، شێوەی شەڕی لێ دەرهات. لە ماوەی ساڵەکانی شەڕی سارددا «جان شتاین بەک» نووسی: ڕەنگە سەرانسەری جیهان پێویستی بە رووسان هەبێ. پێمڤایە لە ڕووسیاش پێویستییان بە ڕووسان هەیە. ڕەنگە ڕووسەکانی ڕووسیاش بە ئەمریکایی بزانن». تەنانەت ڕووسەکان دوای ئەوە بوون بە خێر. ئەورۆ پوتین گیف لە خۆی دەدا و دەڵێ: «شەڕ دەبێ سزا بدرێ».

سەددام حوسێن خێر بوو و، هەروەها چەکە شیمیاییەکانی کە دژی ئێرانییەکان و کوردەکان دەکاری هێنا. پاشان بوو بە شەڕ. کاتێک وڵاتە یەککگرتووەکان هەڵمەتی خۆی بۆ سەر پاناما کۆتایی هێنا هەتا خاکی عێراق بە تورەکان بکێشێ چونکە عێراق پەلاماری کوێتی دابوو سەددام حوسێن بوو بە شەیتان حوسێن. بووشی باوک جەنگی تایبەت لە دژی شەڕی بە ئەرکی خۆی دەزانی. بووشی باوک بە خولقێکی مرۆڤدۆستانە و دلۆڤانانە کە تایبەتی بنەماڵەی ئەوە زیاتر لە ١٠٠ هەزار عێراقی کوشت کە بەشی زۆریان غەیرە نیزامی(سیڤیل) بوون.

شەیتان حوسێن هەر لەو شوێنە کە بوو مایەوە، بەڵام ئەو دوژمنە ژمارە یەکەی بەشەریەت دەبوو بەلاوە بخرێ و پلەی دوژمنی ژمارەی دووی بەشەریەتی وەرگرتبا. بەڵای جیهان ئێستاکێ «ئۆسامە بن لادین»ە. ڕێکخراوی سیا هەموو ئەو شتانەی کە ئەو سەبارەت بە تیرۆریزم دەیزانێ فێری کردووە: وڵاتە یەککگرتووەکان عاشقانە بن لادینی خۆشدەویست و تەیاری کرد، ئەو یەکێک لە «خەباتکەرانی ئازادی»ی ئەسڵی دژ بە کومۆنیزم لە ئەفغانستان بوو. ئەوکاتەی کە سەرکۆمار ڕیگان ئەو قارەمانانەی بە «هاوسەنگ و هاوتای ڕەوشتیی ئەندامانی لێژنەی دامەزرێنەرانی قانوونی بنەڕەتی ئەمریکا» دادەنا، بووشی باوک لە پۆستی جێنشینی سەرکۆمار ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند. هالیوودیش لە گەڵ قسەکانی ڕیگان دا بوو. هالیوودییەکان ڕێمبۆی ٣ یان سازکرد. موسوڵمانەکانی ئەفغانی کوڕی باش بوون. ئێستە، ١٣ ساڵ پاش، لە ڕۆژگاری بووشی کوڕ، ئەفغانییەکان پیسترین کوڕە خراپەکانی دنیان.

هێنری کیسنجێر یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە ئاست ئەو کارەساتەی دوایی دژکردەوەی نیشان دا. ئەو ڕایگەیاند کە: «کەسانێک کە لە تیرۆریستەکان پشتیوانی دەکەن و یارمەتی ماڵییان دەدەن و ئیلهامپێدەری ئەوانن بە ئەندازەی خودی تیرۆریستەکان تاوانبارن». چەند سەعات دواتر بووشی کوڕ ئەو قسانەی دووپاتکردەوە.

ئەگەر وا بێ، نیازی فەوری ئەوەیە کە هەرئێستە کیسنجێر دەبێ بومباران بکرێ. ئەو لە بواری گەلێک جینایەتی زۆر گەورەتر لە هی بن لادین یان هەر تیرۆریستێکی دیکە لە جیهاندا و لە وڵاتانی زۆرتریش تاوانبارە. ئەو، «حیمایەت، پشتیوانی ماڵیی و ئیلهام و کارتێکەری» لە پێناو حکوومەتی وحشەت و تیرۆر لە ئەندەنۆزیا و کامبۆج، ئێران، ئەفریقای جنووبی و بێنگلادێش و تەواوی وڵاتانی

ئەمـریکای جنووبی پێکهـێنا کـــە لە جـــەنگی پیـــسی تەرحی کۆندۆر(Condor) زەرەریان دیبوو.

لە ١١ی سێپتامبری ١٩٧٣، دروست ٢٨ ساڵ بەر لە ئاورپژانەکانی حەوتووی پێش، کۆشکی سەرۆک کۆماریی شیلی کەوتە بەر هەڵمەت. کیسنجێر زۆر پێشتر لەوە کاتێک کە سەبارەت بە ئاکامەکانی هەڵبـژاردن نەزەری خـۆی دەربڕیبـوو، بەردەنووسی گـۆڕی ئالەندە و دیمۆکراسیی شیلی تیفتیفەدابوو: «ئەمن نازانم بۆچی دەبێ ئێمە بێــدەنگ دانیـــشین و چاوروانی ئەوەبین کـــە ولاتێک بە دەلیلی بێئەمەگداریی خەڵکەکەی بەرەو کومۆنیزم بڕوا».

بەکەمگرتنی خەڵک یەکێک لەو شتە جۆراوجۆرانەیە کە هەم دەوڵەت و هەم تیرۆری تایبەتی تێیدا شەریکن. بۆ نموونە ETA، رێکخراوێک کە بە نێوی سەربەخۆیی ولاتی باسک خەڵکی دەکوژێ، لە زمانی یەکێک لە وێژەرانیەوە دەڵێ: «ماف هیچ پێوەندی بە زۆرینە و کەمینەوە نییە».

زۆر بواری هاوبەش لە نێوان تیرۆریزمی خاوەن تێکنۆلۆژیی بەرز و نەزم، لە نێوان تیرۆریزمی دەمارگیرانی مەزهەبی و تیرۆریزمی دەمارگیرانی بازاڕی ئازاد، تیرۆریزمی ناهومێدان و تیرۆریزمی دەسەڵاتداران، تیرۆریزمی نەخۆشانی دژەکۆمەڵی هەوسارپساو و تیرۆریزمی کارامەکانی ئونیفۆرمپۆشی خوێنسارد، کەلێک خاڵی هاوبەش هەیە. هەموویان لە بێحورمەتی و ئەتک و جنێو بە ژیانی ئینسان شەریکن: بکوژانی ٥٥٠٠ هاوولاتی ژێر بورجەدووانەکان کە وەک قەلای رەڵمی قەراخ دەریا داتەپین ـــ هەروەها بکوژانی ٢٠٠ هەزار گواتمالایی کە زۆربەیان خۆجێیی بوون و بێ ئەوەی کە تەلەڤیزیۆن و رۆژنامەکان کەمترین سەرنجیان بدەنێ لە سەر گۆڕەپانی زەوی مەحـبوونەوە. ئەو گواتمالییانە بە دەست هیچ موسوڵمانێکی دەمارگیر قەتلوعام نەکران بەڵکە بە دەست جۆخەکەلێکی تیرۆریستی هاتنە کوژران کە لەلایەن دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «پشتیوانی، یارمەتی ماڵیی و ئیلهام»یان وەردەگرت.

زێدە لەوەش،، هەمووی ئەو پێداهەڵدەرانەی مەرگ بە پێی پێویست بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و نەتەوایەتی بە شێوەگەلی نیزامی هاوعەقیدەن. ئەوان بە نێوی خێر لە دژی شەڕ، بە نێوی حەقیقەتێک کە هەموو شتێک سەرەتا بە کوشتن و پاشان پرسیارکردن چارەسەر دەکەن. وە بەم شێوەیە دوژمنێک کە لە گەڵیدا دەجەنگن بەهێزی دەکەن. بێرەحمی و دڵرەقییەکانی رێگای دەرەوشاو[1] بوو کە بە سەرۆک کۆمار «فوجیموری» ئەو پشتیوانییە گشتییەی بەخشی کە ئەو دەیهەویست ببێ، هەتا بە پشتیوانی رێژیم، وەحشەت و تیرۆر وەرێبخا و ولاتی پێرۆ بە نرخی مۆزێک بفرۆشێ. بێرەحمی و درندەیی و جیناتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست بوو کە بواری شەڕی پیرۆزی تیرۆریزمی بە نێوی ئەللا(خودا)، پێکهێنا.

ئەگەرچی رێبەری جیهانی خاوەنشارستانییەت خەریکە جەنگێکی سەلیبیی نوێ وەرێبخا، خودا هیچ گوناحێکی لە بابەت ئەو جینایەتانەی کە بە نێوی ئەوەوە دەکرێ، نییە. لە رۆژەکانی ئاخر خودا فەرمانی کوشتاری بە کۆمەڵی[2] پێڕەوانی یەهوەی نەدا، هەروا کە یەهوەش دەستووری قەتلوعامی سەبرا و شەتیلا، یان دەرکردنی فەلەستینییەکانی لە ولاتی خۆیان نەدا. ئایا هەرچۆنێک بێ ئەللا، خودا و یەهوە سێ نێو بۆ پەروەرندەیەک نین؟

ترازێدیی هەڵەکان: هیچکەس نازانێ کێ بە کێ یە. دووکەڵی تەقینەوەکان بەشێک لە پەردەگەلی زۆر مەزن پێکدێنن کە هەموومان لە دیتنی روون و راستەوخۆ بێبەری دەکا. لە تۆڵەوە بۆ تۆڵە، تیرۆریزم ناچارمان دەکا بەرەو گۆڕەکانمان هەنگاو بنێین. من ئەم دواییانە لە دیوارنووسێکی نیۆیۆرک وێنەیەکم بینی کە تازە بلاوبووەتەوە «چاو لە بەرانبەر چاودا هەموو جیهان کوێر دەکا».

ماریێچی زەبروزەنگ، زەبرو زەنگ و شێواوی دەخولقێنێ: دەرد، ترس، ناتابوشتی، نیفرەت، شێتی. لە پۆرتۆ ئالێگرە[3]، لە سەرەتای ئەو ساڵ، ئەحمەد بن بێلا وشیاریی دا: ئەو سیستیمە کە هەرئێستا گاکەلی بە جنوون کێشاوە، وا خەریکە مرۆکەلیش بە جنوون بکێشێ.» وە ئەو دێوانانە، دێوانەکانی نیفرەت، هەر ئەم شێوە عەمەل دەکەن کە ئافرێنەرانیان عەمەل دەکەن.

منداڵێکی سێ ساڵە بە نێوی لۆکا پێی گوتم: دنیا نازانێ ماڵی لە کوێ یە. ئەو چاوی لە نەخشە(خەریتە)یەک دەکرد. دەیتوانی هەواڵنێرێک چاو لێبکا و ئەو قسەیە بکا.

◆◆◆

١) رێگای دەرەوشاو Sendero Luminoso، گرووپێکی مایۆئیستی پێرۆیی یە کە لە دژی دەوڵەتی پێرۆ خەباتی چەکداری دەکا.

٢) Holocaust کوشتاری یەهوودییەکان لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی بە دەستی نازییەکان.

٣) Porto Alegre شارێک لە بەرازیل کە دەستەیەک لە گرینگترین ئابووروانانی رادیکاڵ و تێکۆشەرانی کۆمەلایەتی و سیاسی تێیدا کۆبوونەوە تا لە بەرانبەر گلۆبالیزاسیۆن رێگاچارەیەک بدۆزنەوە.

**سەرچاوە:**

یازده سپتامبر ـ آغاز عصری نو در سیاست جهانی، مجموعه مقاله، گروه نویسندگان و مترجمان، چاپ اول: پاییز ١٣٨٠.

ناساندنی کتێب:

## چەپ لە ئێران بە ڕیوایەتی ساواک




چپ در ایران به روایت اسناد ساواک

حزب دمکرات کردستان ایران

جلد اول

مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اطلاعات

تهران ۱۳۷۸

له سالّی ۱۹۹۹(۱۳۷۸) وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆمەڵە کتێبێکی لە ژێر عینوانی (چەپ لە ئێران بە ڕیوایەتی ساواک)دا چاپ و بڵاوکردووەتەوە کە بەرگی یەکەمی بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان تەرخان کراوە. بە پێی گرینگییەکی کە ئەو بەرگە لە باری مێژووییەوە هەیەتی و، ئەوەیکە گەلی کورد و شەخسیەتە سیاسییەکانی لە چاو بەڕێوەبەرانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر بە چاوی دوژمنێی (ڕێژیمی تاغووت) و بەڵگەنامەکانی ساواک سەیری دەکرێ، بۆ ئاگاداریی زۆرکەس کە لەوانەیە ئەو کتێبەیان دەست نەکەوتبێ بە پێویست زاندرا، لەو ژمارەیەڕا، هەموو جارێ کۆمەڵە بەڵگەیەک (وێڕای کلێشەکەیان) بەبخرێتە ڕوو، تا خودی خوێنەرەوان و پسپۆڕانی ئەو بوارە، مەبەستی سەرەکیی بڵاوکەرەوانی ئەو کتێبەیان بۆ ڕوون بێتەوە. هەروەها ئەوەشیان بۆ دەربکەوێ کە ئێستاش سیاسەتی جاسووسی و ڕاپۆرتچێتی، ئینکاری نەتەوەیی، دەسیسە و سووکایەتی پێکردن، تێچاندن و خیچاندن، گێرەشێوێنی و دڕدۆنگی، ڕاونان و تیرۆر دەرهەق بە گەلی کورد و بەتایبەت سیاسەتمەدارەکانی هەروا بەردەوامە.

شیاوی سەرنجە کە بڵاوکەرەوەکانی کتێبەکە، (پێشەکی)یەکیشیان بۆ کتێبەکە نووسیوە کە ئەویش لێرەدا (جگە لە حەوت خاڵی بەرنامەی حیزب کە لە کتێبی د. قاسملوو وەریان گرتووە ـ ل شەش) وەک خۆی بڵاودەکرێتەوە.

ئەوەش بگوترێ کە دەقی بەڵگەکان لە زۆر شوێن هەڵەیان تێدایە و بۆ ئەوەی خوێنەرەوە لارێ نەبێ، هەوڵ دراوە لە پەنا هەڵەکان یان لە پەنا بۆچوونە چەوتەکان وشەی دروست و کورتە شیکردنەوە، بەو نیشانەیە: {...} دەستنیشان بکرێ. هەروەها ئەگەر شوێنێک حەوجێی بە شیکردنەوە هەبوو، ئەویش بە نیشانەی دوو قولاپی ژمارەدار [...]لە سەرووی دێڕەکاندا دیاریدەکرێ و لە کۆتایی بەڵگەکاندا (وەک تێبینی گزینگ)سەرنجیان لە بارەیەوە دەدرێ. لە هەمووی بەڵگەکاندا ژمارەی سەرووی وشە و دێڕەکان و نیشانەی ئەستێرە (*) ئی خودی کتێبەکەیە و بە هی (گزینگی) مەزانە. ژمارەدانانی بەڵگەکان لە لایەن گزینگەوەیە.

گزینگ

**پێشەکی**

لە لێکدانەوەی گرووپەگەلی سەر بە جووڵانەوەی چەپ لە ئێراندا دەگەینە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە ئەو حیزبە، لە لایەن ماکەگەلی هەڵاتووی حیزبی توودە، پاش کەوتنە ژێر زەربە لە لایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە لە ساڵی ۱۳۲٦ پێکهات. هەڵبەت ڕیشەی شکڵگرتنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە ساڵەکانی ۱۳۲۰ و لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ شەڕی جیهانیی دووهەم نوختە وەرسووڕانێک لە مەسەلەگەلی کوردستانی ئێران بە حیساب دێ.

هەرچەند بەر لەویش گەلێک ڕاپەڕین و تێکهەڵچوون لە ناوچە جۆراوجۆرە کوردنشینەکانی کوردستان هەبووە بەڵام تا ئەوکاتە مەسەلەی خودموختاری و دامەزراندنی حکوومەتی کوردی لە ئارادا نەبوو.

بە دەستپێکرانی شەڕی جیهانیی دووهەم لە ساڵی ۱۳۲۰، هێزەکانی ئەمریکا و ئینگلیس باشووری ئێران و هێزەکانی حکوومەتی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالین، باکووری ئێران و لەوانە باکووری کوردستان [موکریان] بە ناوەندێتی مەهاباد و سەربازخانەی ئەوێیان لە ژێر چنگی هێزەکانی خۆیان خست و تا کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم بە ماوەی پێنج ساڵ ناوچەیان لە ژێر دەسەڵاتدابوو.

لەوکاتەدا یەکەمین ڕێکخراوی سیاسیی کوردی بە نێوی «کۆمەڵەی ژ ـ ک» یا «کۆمەڵەی ژیانی کورد» لە شاری مەهاباد بەدیهات.

دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری پێشووی حیزبی دیمۆکرات سەبارەت بە پێکهاتنی ڕێکخراوی «کۆمەڵەی ژ ـ ک» ئاوادەڵێ:

"دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، پازدە کەس بوون کە لە ڕۆژی ۲۵ی خەرمانانی ۱۳۲۱ لە مەهاباد کۆبوونەوە و «کۆمەڵەی ژ ـ ک»یان بە مەبەستی ڕزگارکردنی میللەتی کورد پێکهێنا."[۱]

لە ساڵی ۱۳۲۳ سۆڤیەتییەکان چالاکییەکی توندی پروپاگەندەی فەرهەنگییان لە کوردستان دەستپێکرد کە بوو بە هۆی پێکهاتنی ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان. بنکەی ئەو ئەنجومەنە مەکۆی کۆبوونەوە و هاتوچۆی کوردان و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ ـ ک بوو.

کاربەدەستانی سۆڤیەت هەستیان بەوەکردبوو کە بەبێ هەبوونی ڕێبەرێکی ڕووحانی، کۆمەڵەی ژ ـ ک لە پشتیوانی سەرۆک عەشیرەتەکان و خەڵک بێبەری بووە، بەو پێیە بە ئەندامانی کۆمەڵەیان پێشنیارکرد شەخسی

قازی محەمەد بۆ ناو حیزب، بانگ بکەن.[2]

بە هاتنی قازی محەمەد بۆ ناو «کۆمەڵەی ژ ـ ک» ئەو دەرفەتە بۆ سۆڤیەتییەکان پێکهات کە کۆمەڵە بەرەو هێڵی سیاسی خۆیان ڕاکێشن و لە جەنگەی سەفەری قازی محەمەد بۆ سۆڤیەت و دیدار لەگەڵ باقرۆف صەدری سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی سۆڤیەت خوازەری پشتیوانی سۆڤیەتییەکان بۆ پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی و بەدەستهێنانی خودموختاری بوو و، باقرۆف قەولی یارمەتی و پشتیوانیی هەمەلایانەی پێدا و قازی محەمەد پاش گەڕانەوە لە سۆڤیەت بەپێی دانیشتنێک لەگەڵ ئەندامانی «کۆمەڵەی ژ ـ ک» بیروڕای ئەوانی لە پێناو پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی بە ناوی "حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران»جەڵب کرد.

لە کۆنفرانسی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، قازی محەمەد دامەزرانی حیزبی تازەی ڕاگەیاند.

...

دوای دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، لە سەرەتای خەرمانانی ١٣٢٤، قازی محەمەد سەفەری دووهەمی بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت ئەنجامدا. قاسملوو لەوبارەیەوە دەڵێ: سەفەری جاری دووهەم، سەفەرێکی تەواو سیاسی بوو، چونکە قازی محەمەد بە عینوانی سەرۆکی حیزبی دیمۆکرات و ئەندامانی دیکەی لێژنە بە عینوانی ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکرات ڕۆیشتنە باکۆ.

بەو دەلیلەیە کە ئەوجار داواکان گەڵاڵەکراو بوون.

لە یەکیێتی سۆڤیەت داواکرابوو کە لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان پشتیوانی بکا؛ حکوومەتێک کە لە حاڵی دامەزراندندا بوو، لە ڕووسەکانیان ویستبوو کە یارمەتیی ماڵی و نیزامی بەو حکوومەتە بکەن و کەرەسە پێویستییەکانیان بۆ پێکهێنانی سپای میللی و هێزەکانی چەکدار لە ئیختیاردا بنێن...[3]

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم و شکستی ئاڵمان، بە گوێرەی بڕیارنامەی دوولایەنە، ئەمریکا، ئینگلیس، سۆڤیەت، بەڕێز دەبوو خاکی ئێرانیان چۆڵ کردبا، بە چوونەدەری هێزەکانی سۆڤیەت لە خاکی ئێران، ئەرتەشی ئێران لە زستانی ١٣٢٥ بەبێ شەڕ هاتەوە ناو مەهاباد و دوای سێ ڕۆژان قازی محەمەد و سەرانی حیزبی دیمۆکرات دەستبەسەر کران.

«پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد و ئیعدامی قازییەکان و گیرانی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دەربازبوونی ئەندامەکانی دیکە بەرەو عێراق، جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد بەکردەوە کۆتایی پێهات.

بەڵام لە سەرەتای ١٩٤٧(١٣٢٧)[١٣٢٦] بە مەبەستی بووژانەوەی ڕێکخراوی حیزبی شاهیدی هەوڵێک هەین، لە لایەن کۆمیتەی کۆمونیستی کوردستان بە ڕێبەرایەتی ڕەحیمی سوڵتانیان، بەتایبەت حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، جێگر و درێژەدەری ڕێگای حیزبی دیمۆکراتی قازی محەمەد، هەوڵگەلێک لەوبارەیەوە ئەنجام دەدرێ.

حیزبی دیمۆکرات لە ساڵەکانی ١٩٤٨(١٣٢٧) لە ڕاستیدا لقێک لە حیزبی توودە لە کوردستان بوو. ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان (مەهاباد)کە لە تاران نیشتەجێ دەبن خۆی لە خۆیدا دەبنە ئەندامی حیزبی توودە و بەپێچەوانەش. بەڵام خەفەقان توندوتیژە. تێکۆشەرانی حیزبی تازە لە بارەی خەباتی نهێنی تەجرەبەیەکیان نییە و، پۆلیس بە زوویی ڕێبەرانی حیزب لەوانە، عەزیزی یۆسفی دەستبەسەر دەکا، ئەو لە ساڵی ١٩٤٨ (١٣٢٧) تا ١٩٥٢(١٣٥٢) زیندانی بوو».[4]

ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات کە بۆ عێراق هەڵاتبوون دەگەڕێنەوە ئێران و خۆیان تەسلیمی دەوڵەت دەکەنەوە و ژمارەیەکیش بە کەڵکوەرگرتن لە یارمەتی ماڵیی ڕێژیمی عێراق لە چاوەڕوانی هەلێکی ڕەخساو بۆ تێکۆشانی سەرلەنوێ لە ئێران دەمێننەوە.

تا ئەوەیکە لە ڕەوتی حاکمیەتی دەوڵەتی موسەددیق دا لە ساڵەکانی ١٣٢٨-١٣٢٢ {١٣٣٢} لە شاری مەهاباد ژمارەیەک لە لاوان وەک غەنی بلووریان، عەبدوڵڵا ئیسحاقی و سولەیمانی موعینی کۆمەڵە چالاکییەک دەستپێدەکەن کە لە ڕەوتی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ئەو حەرەکەتانەش دادەمرکێنەوە.[5]

لەو دەورەیەی خەفەقانی توندوتیژ [ساڵەکانی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ] ئیدی ڕێکخراوێکی یەکگرتوو بۆ تەواوی کوردستانی ئێران لە گۆڕێدا نەبوو، بەڵکە لە کۆمیتەکانی هەرێمیدا بوون کە لە مەهاباد لەلایەن عەزیزی یۆسفی و غەنی بلووریان و عەبدولڕەحمانی قاسملوو و ڕەحیمی سوڵتانیان و کەریمی نووەیسی[؟] و عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) و لە سنە لەلایەن شەریعەتی و ئیدیکە بەڕێوەدەبران.

لە ساڵەکانی ١٩٥٤ (١٣٣٣) هەر دوو کۆمیتەی مەهاباد و سنە تێکەڵ دەبن و کۆمیتەی ناوەندیی پێکهاتوو لە هەردوو کۆمیتە دادەمەزرێن. لە مەی ١٩٥٥ (١٣٣٤) کۆمیتەی ناوەندی یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرگوزاردەکا و نزیکەی بیست کەس لە چالاکانی حیزب لە چەند کیلۆمیتری مەهاباد کۆدەکاتەوە، لەو دەورەیەدا زۆربەی چالاکانی حیزب لە دێهاتەکان بە شێوەی نهێنی دەژیان.

ژمارەی ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە مەڵبەندگەلێکیان لە شارە گەورەکانی وەک سنە و بەتایبەت کرماشان هەبوو ئێستا دەگەیشتە چەند هەزار کەس.[6]

لە ساڵی ١٣٣٦ ئەندامانی شورای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دیسان بە کۆمەگی حیزبی توودە چالاکی دەستپێدەکەنەوە و عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) هەوڵدەدا لە دەرەوەی وڵات ڕێکخراوی حیزب سەروسامان بدا بەڵام سەبارەت بە ڕێبازی خەبات، لە تەک حیزبی توودە دەگەنە ناکۆکی و هیچ حەرەکەتێکی بەرچاو ناتوانن ئەنجام بدەن.[7]

لەوکاتەدا عەبدولڕەحمانی قاسملوو و غەنی بلووریان لە ئەندامانی سەرەکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەستبەسەر دەبن کە قاسملوو بە هۆی هاوکاری و دانی نێوی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب ئازاد دەبێ {ئەوە دروست نییە} بەڵام غەنی بلووریان تا ساڵی ١٣٥٧ لە زیندان دەمێنێتەوە.

لە ساڵی ١٣٤٣ کونگرەی دووهەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیسنجاقی عێراق پێکدێ و ئەحمەد تۆفیق بە سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێ و هەر لەوێ پێشنیاری دەرکردنی قاسملوو بە هۆی خیانەت بە جووڵانەوەی گەلی کورد و هاوکاری لە تەک ساواک دەدا کە بڕیاری

پەسند دەدرێ و قاسملوو لە عێراق دەردەکرێ و دەچێتە چێکوسلۆڤاکی(پراگ).٨

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دوای شۆڕشی ١٩٥٨ (١٣٣٧)ی عێراق و گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق، دەورانێکی درێژ لە شڵەژاوی تێپەڕ دەکا و، ئەو شڵەژاوییەش هەڵقولاوی فشار و سەرکوتی "ساواک" و... سیاسەتی ژەنەڕاڵ بارزانی یە! لە واقیعدا دەستاوبەجێ دوای گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت لە ئۆکتۆبری ١٩٥٨ (١٣٣٧) ژمارەیەک لە ڕێبەرانی کوردی ئێران بۆ "هاوئاهەنگ"کردنی سیاسەتی خۆیان چوونە بەغدا. لە سەرەتادا هەموو شت باش و خۆش بوو و، بارزانی تەنانەت پێشنیاری کرد یەکێک لەوان سکرتێری گشتی حیزبێکی یەکگرتوو بۆ ئێران و عێراق بێ {شتی وا هەر قەت نەبووە}. بەڵام لەوکاتەدا لە ئێران ساواک ژمارەیەکی لە ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەستبەسەر کرد.

دوای ئەوە یانی لە ساڵی ١٩٥٩ (١٣٣٨) ساواک داوێکی بەربڵاوی بە مەبەستی وەدەستهێنانی ڕاوێکی گونجاو و درشت نایەوە، ئەو کارە کە واوێدەچێ لە ڕووی خیانەتێک ئەنجامی گرتبێ، ٢٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات، لەوانە شەریعەتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دە داوی ساواک دەکەوێ، کەوابوو لە کۆتایی ١٩٥٩ (١٣٣٨) حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەکردەوە تووشی بێ ڕێبەری دێ، وەک حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق کە ئەویش لە ساڵی ١٩٥٩ (١٣٣٨) لە دوو لایان تووشی کێشەی چەپەکانی خوازیاری کۆمونیزم و ڕاستەکانی ئەوپەڕی میللی بوو؛ دوای دەورانێک لە ڕووهێنانی توند بەرەو چەپ، لە ژێر کاریگەریی ژەنەڕاڵ بارزانی بەرەو ڕاست ڕۆیی و ئاخرسەر لە ١٩٦٠ (١٩٣٩) لە ژێر تەنسیری عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) سوورێکی بۆ لای ڕاست لێدا.

عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی مەهاباد و لە ئەندامانی لاوی وی بوو دەگەڵ بارزانی تێکەڵ بوو و لە ساڵی ١٩٦٢ (١٣٤١) بەرپرسی تۆڕێ پشتیوانیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بزووتنەوەیەک بوو کە بارزانی لەو لای سنوورەوە دەستی پێکردبوو. عەبدوڵڵا ئیسحاقی کە ببوو بە سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ١٩٦٤ (١٣٤٣) لە گوندی سونێ هەڵکەوتوو لە نزیکی قەڵادزەی عێراق، کۆنگرەی دووهەمی حیزبی بۆ دانیشتن بانگێشت کرد، کۆنگرە لە بارودۆخێکی تاڕادەیەک گرینگ بەڕێوەچوو بەشێک لە نوێنەران بە زۆرەملی لە بەشدارێتی کۆنگرە بێبەش کران.

بەڵام ڕێبەرانێک وەک سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی، کە لە ١٩٦٧ (١٣٤٦) دەبنە بەشێک لە کۆمیتەی ئینقلابی، لە کۆنگرەدا بەشدار بوون.

کۆنگرە بە هەوڵی عەبدوڵڵا ئیسحاقی، قازی محەمەدی بە تاوانی «خیانەت» و پێشکەوتنخوازانی کۆمیتەی ناوەندی ١٩٥٤ی بە تاوانی «لارێیی» مەحکووم کرد.٩

عەبدوڵڵا ئیسحاقی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا زۆر لاخۆشەویستی شەخسی مەلا مستەفای بارزانی بوو، هۆی ئەو خۆشەویستییەی بە بۆنەی حیمایەت و پشتیوانی وی لە ناردنی یارمەتەی نەغدی و جنسیی کۆکراوە لەلایەن هەوادارانی حیزبی دیمۆکرات بۆ خاکی عێراق بوو.

بەڵام بوحرانی واقیعی دوای ١٩٦٤ (١٣٤٣) و لە زەمانێک ڕوویدا کە ژەنەڕاڵ بارزانی پاش کەڵکوەرگرتن لە یارمەتی تایبەتی خەڵکی کوردستانی ئێران، لەگەڵ دەوڵەتی ئێران پێوەندی بەرقەرارکرد و دەوڵەتی ئێران گەلێک کۆمەگی گرینگی لە ئیختیار نا.

وە ئەرکی بەرانبەری وی لە ئاست ئەو یارمەتییانە ئەوە بوو کە هێمنایەتی موتڵەق لە کوردستاندا حاکم بێ.

ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە لەلایەن ژەنەڕاڵ بارزانی زیاتر لەم ڕووەوە بوو کە ئەو کاتە بە هۆی عەبدوڵڵا ئیسحاقی بەسەرڕاگەیشتنێکی تەواوی لە سەر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەدەبرد.

بەڵام لە ١٩٦٦ (١٣٤٥) بارزانی متمانەی بە عەبدوڵڵا ئیسحاقی نەما (بەعسییەکان عەبدوڵڵا ئیسحاقییان گرت و دوای ماوەیەک ئازادیان کرد) و ئەوی لە خۆی دوورکردەوە و بەرەو بادینانی نارد.

ماوەیەک پاش، لە ١٩٦٧ (١٣٤٦)، چەند کەسێک لە کادێر و چالاکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لەگەڵ سیاسەتی «هاوکاری»ی عەبدوڵڵا ئیسحاقی دژ بوون «کۆمیتەی ئینقلابی»یان دامەزراند، کە ئەندامە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە: سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی (کوڕەکانی وەزیری ناوخۆی کۆماری مەهاباد) و محەمەد ئەمین ڕەوەند و عەبدولڕەحمانی قاسملوو(کە ئەوکاتە لە ئورووپا بوو).

لە مەی ١٩٦٧ (١٣٤٦) ژەنەڕاڵ بارزانی چون لە بوونی ئەو گرووپە کە سیاسەتێکی سەربەخۆیان لە پێش گرتووە ئاگاداربوو بە هۆی «سامی» پێشنیاری ئەو دواقسەیەی بە وان کرد: "یان لە بەغدا دەمێننەوە و بە تەواوی چالاکییەکانتان دوایی پێدێنن، یان دەچنەوە کوردستانی ئێران و هەموو پێوەندییەکانتان دە گەڵ ئێمە دەپچڕن."١٠

لەو ساڵانەدا(١٣٢٦-١٣٤٦)، زۆربەی چالاکییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەو بوارانەی کە باسیان لێوەکرا پوخت دەکرێتەوە.

هەڵبەت کرگاری دیکەش لە بەستێنی پێوەندی دە گەڵ هێندێک لە ڕێژیمەکانی هەرێم و یا حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەم وڵاتانە و یان کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانە لەلایەن ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتەوە هەبووە، کە زۆربەی ئەو پێوەندییانە بۆ پێوەندی حیزب دەگەڵ دەوڵەتی میسر، عێراق، حیزبە دەستە چەپییەکانی سیاسی وەک، حیزبی کۆمونیست یا کاژیک و... دەگەڕێتەوە.

لە بەڵگەکانی ئەو بەرگەدا، بوارە بەرچاو و سەلماوەکانی ئەو پێوەندییە و چۆنیەتی و ڕادەی کارتێکەریی وی لە سەر لایەنی بیروباوەڕ و ڕەفتاری حیزب و ماکە بڕیاردەرەکانی وی، هێنراوەتەوە.

ئەوەی کە لە تەرحی ئەو بەڵگانەدا شیاوی مەبەست بووە ئەوەیە کە، بە شێوەی دیاریکراو ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وابەستەبوون بە بێگانەیان لە دەستووری کاری حیزبی خۆیاندا داناوە و بە درێژایی ئەو دوو دەیە، هەمیشە حیزب بە ڕووهێنانی بەرەو چەپ خوازیاری سۆڤیەت بووە و لە قۆناغێک کە دەکەوێتە داوێنی مەلا مستەفای بارزانی بە پێڕەوی لە سیاسەتی ڕووهێنان بەرەو ڕاستی مەلا مستەفا بۆ لای ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا و ئینگلیس وەرسووڕاوە.

هیچکات سیاسەتی سەربەخۆیی حیزبی لە دەستووری کاری ڕێبەرانی ئەو حیزبەدا نەبووە و سەربەخۆیی فکری و ڕەفتاری شتێکە کە حیزب لە تەواوی تەمەنی خۆیدا لێی بێبەش بووە کە بەڵگە وەرووخراوەکان لە پاڵەوە ئەو قسەیە دەسەلمێنن.

وە بەڵام چەند خاڵ:

١- بەڵگەکانی ئەو بەرهەمە ساڵەکانی ١٣٢٦- ١٣٤٦ دەگرێتەوە کە بە شێوەی چینبەندی مێژوویی {یەک لە دوای یەک/کرۆنۆلۆژی} ڕێکخراون.

٢- لە سەرجەمی بەڵگەکانی بەردەستدا، بەڵگەکانی دووپاتکراو قەرتکراون و لە نێوان بەڵگەکانی دەستنووس و تایپکراودا سەرەکیتر بەڵگە تایپکراوەکان، کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

٣- پیتچنینی بەڵگەکان بە گوێرەی نووسینی ئەسڵ بووە و هیچ گۆڕانێک لە ڕێنووس و داڕشتنی ئەواندا نەکراوە، بەڵکە لە قەراغ هەڵەی ئیملاییدا دروستەکەی لە ناو قولاپدا هێنراوەتەوە و هەروەها بۆ هاسانی لە خوێندنەوەی مەتڵەبەکان، زۆرجار نوکتەگەلی خاڵبەندی لەبەرچاو گیراوە.

٤- بە هۆی هەبوونی کلیشەی بەڵگەکان لە لاپەرەکانی گۆڕین، لە پیتچنینی سەربەرگی بەڵگەکان و هێنانەوەی جۆری تەبەقەبەندی پاراستنەی ئەوان وەک: نهێنی، زۆر نهێنی و... خۆبواردراوە و تەنیا بە تۆمارکردنی بابەتی بەڵگە کیفایەت کراوە.

٥- ماکەگەلی گرینگ و کاریکەر لە ژێرنووسی هەر بەڵگەیەک شیکراوەتەوە و یا لە بەرگەکانی داهاتوودا شیدەکرێتەوە.

٦- لە ژێر هێندێک لە ڕاپۆرتەکانی ساواکدا بیر و بۆچوونێک دەربراوە و لە بیبردەربرەکان بە وشەگەلی ڕەمز یادکراوە ئەو وشە ڕەمزانە، ناسایی نێوی ڕۆژەکانی حەفتەیە و مەبەستی ئەوان ئەوەیە:

شەممە: سەرچاوەی خۆتێخزێنی ساواک و ڕاپۆرتچییەکە کە بە گوێرەی بینینی ڕاستەوخۆ و یان لە ڕێگاکانی دیکەوە هەواڵی بە دەست هێناوە.

یەکشەممە: ڕێبەری عەمەلیاتە کە دوای ڕاپۆرت سەرچاوەکەی دەسەلمێنێ یا شیدەکاتەوە.

دووشەممە: ڕەئیسی ئیدارەی عەمەلیاتە.

سێشەممە: ڕەئیسی ئەمنیەتی ناوەوەیە.

چوارشەممە: ڕەئیسی سازمانی زیانیاری و ئەمنیەتی ناوچەیە.

٧- لە کۆتاییدا بەشێک وەک پاشکۆکان هاتووە و دەبەرگری بەڵگەگەلێکی گرینگن کە یا لە دەقی کتێبەکەدا کەڵکیان لێوەرنەگیراوە و یان لە ناوەرۆکی ئەواندا لە ژێرنووس بەهرەیان لێ وەرگیراوە.

مەرکەزی بەررەسی ئەسنادی تاریخی وەزارەتی ئیتلاعات


١- قاسملو، عبدالرحمن، چهل سال مبارزه در راه آزادی، انتشارات حزب دمکرات کردستان، ص١٧ و ١٨.

٢- بولتن حزب دمکرات از بدو تاسیس تا کنون، نشر معاونت اطلاعات ناجا، ص١٣.

٣- قاسملو، ... ص٤٢

٤ - کوچرا، کریس، جنبش ملی کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، نشر نگاه، ص ص ٢٢٩ و ٢٣٠.

٥- جەلایی پور، کردستان علل تداوم بحران آن پس از انقلاب اسلامی، صص٥٦-٥٧.

٦- سەرچاوەی پێشوو، صص ٥٦-٥٧.

٧- سەرچاوەی پێشوو، صص ٥٦-٥٧.

٨- بولتن ناجا، ص٨٥.

٩ - کوچرا، کریس، جنبش ملی کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، نشر نگاه، صص ٤٢٧ و ٤٢٨.

١٠ - سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٢٨ و ٤٢٩.


***

## بەڵگەی ژمارە ١

ڕێکەوت: ١٣٢٦/٨/٦[1]

ژمارە: ٢٤١١٣

ستادی ئەرتەش ـ بەگوێرەی زانیاریی دەستکەوتوو ئەو دواییانە حیزبێکی تازە بە نێوی ژرگا یا زرکا١ لە عێراق پێکهاتووە و لە شارەکانی سنووری ئێران یش دەستی بە چالاکی کردووە، چەند خاڵی مەرامنامەی حیزبی گۆڕین بە شەرحی ژێرەوەیە:



١- دژایەتی لەگەڵ حکووتی ئێستای عێراق

٢- یەکێتی کوردەکانی عێراق و ئێران و تورکیا

٣- پاراستنی پێوەندییەکان لەگەڵ حیزبە دراوسێیەکان و نەتەوەکانی دیکە

٤- فێرکردنی زمانی کوردی لە مەدرەسەکان

٥- دژایەتی لە گەڵ نوێکردنەوەی پەیمانی سەعداباد٢ و نموونەی لەم چەشنە

٦- ڕەخنە لە شێوەی ڕەفتاری حکوومەتی عێراق لەگەڵ کرێکارانی کەرکووک

٧- ناساندنی نەتەوەی کورد بە میللەکانی دیکە بە شێوەی ڕەسمی

لەگەڵ ئەوەش حیزبی ناوبراو ڕۆژنامەی *السلاح* ی دەرکردووە و بە گوێرەی زانیاری بۆ کوردەکانی ئێرانیشی ڕەوانە دەکەن، بە لەشکری ٤ فەرمان درا سەبارەت بە زانیارییەکانی سەرەوە لێکۆڵینەوەی تەواو بکرێ و نەتیجەکەی گوزارشت بدەنەوە.

سپەهبود شاهبەختی

١) حیزبی ڕزگار یا ڕژگار وجوودی دەرەوەی نییە و بە ئیحتیمالی قەوی مەبەستی ڕاپۆرتنێری ساواک حیزبی ڕزگاری بووە کە بیۆگرافییەکەی بە

شەرحی ژێرەوەیە. «بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە شۆڕش، دەستکەوتی تەنیا یەکێک لە لقەکانی باڵی چەپڕەوی هیوا و تەسککراو بە ناوچەگەلی گچکە و تەنگەبەر و قەڵەمڕەوی سنووردار بوو و نەیدەتوانی بە مەبەستە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی بەتایبەت لە سەرووی نێودەرکردنی مەلا مستەفای بارزانیدا تارای کردەوە بپۆشێ (تەنانەت شۆڕش خۆشی بەم ڕاستییە گەیشتبوو)؛ کەوابوو ئەو حیزبە لێبڕا لەگەڵ پاراستنی هەبوونی خۆی و وەلەو بەنهێنی بەرەیەکی پێکهاتوو لە ماکەگەلی چەپ دابمەزرێنێ. شۆڕش بە پێی ڕاگەیاندراوێک لە ژێر عینوانی: "لە پێناو دامەزراندنی حیزبی ڕزگاریی کورد و بنەبڕکردنی ئیستیعمار و کۆنەپەرست خەبات بکەن" هەمووانی بۆ بەشداری دەنگدا. کادێری ڕێبەرایەتی ڕزگاری بە هەوڵی شۆڕش و جەزبی کەسایەتییە بەناوبانگە قەومییەکان و حیزبگەل و کۆمەڵە کوردییەکان ئاخرسەر لە فێبروواری ١٣٢٤-١٩٤٥ دامەزرا. کادری ڕێبەرایەتی ڕزگاری بە شەرحی ژێرەوە بوو: ١- صەلاح [ساڵح] ئەلحەیدەری(ئەندامی شۆڕش) نافع یۆنس (ئەندامی شۆڕش) ٣- دوکتۆر جەعفەر محەممەد کەریم (ئەندامی شۆڕش) ٤- نووری شاوەیس (ئەندامی شۆڕش) ٥- نووری محەممەد ئەمین (ئەندامی شۆڕش) ٦- طەها محێدین مەعرووف (دواتر بە لایەنی جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبـژێردرا و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن پاراستی) ٧- مەلا حەکیم (ڕووحانیی خەڵکی خانەقین). ڕێبەرانی ڕزگاری بە تەمای بەدەستگرتنی ڕێبەرایەتی حەرەکەتێکی ڕێک و سازماندراوی حیزبێکی کوردی بوون. ئەو حیزبە پێڕەوی ڕاگەیێندراوی نەبوو، بەڵام ئامانجی دوایی بە پێی قسەی بەرپرسانی حیزب، تێکخستنەوەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، عێراق و تورکیا و ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە و گەیشتن بە ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. گرینگیی سەرەکی ئەو حیزبە لەو لایەنەوەیە کە دواتر کاکڵی ئەسڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی عێراقی پێکهێنا. ئۆرگانی ڕەسمیی وی بڵاوکراوەی ڕزگاری بوو و تا ساڵی ١٩٤٦(١٣٢٥) درێژەی بە چالاکی دا و لە جەریانی کۆنگرەی گشتی لە بەغداد (و لەو ڕێکەوتەدا) بە زۆرینەی دەنگ نەمانی خۆی و لکانی بە حیزبی تازەپێکهاتووی دێمۆکرات ڕاگەیاند.

ـ *اسناد ساواک*، بولتن ویژە بررسی تاریخچە احزاب کردی.

٢) ١٧ ی پووشپەڕی ١٣١٦ (٨ی ژوئیەیی ١٩٣٧) پەیمانی سەعداباد لە لایەن وەزیرەکانی کاروباری دەرەوەی ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان لە کۆشکی سەعدابادی تاران بە ئیمزا گەیشت.

[لە بەر ئەوەی زۆربەی خوێنەرەوان ئاگاداری ناوەرۆکی پەیمانی سەعدابادن، درێژەی ئەو پەراوێزە بە پێویست نەزاندرا].

**تێبینی گزینگ:**

[١]: هەروەک لە بەڵگەدا دەردەکەوێ و زۆرجاریش وابووە، کاربەدەستان و ڕاسپێراوان و جاسووس و ڕاپۆرتچییەکانی سەر بە ڕێژیم، بۆ زۆرتر خۆ شیرین کردن و بەراییکردن و گیرفان ئاخنین و ڕاوەڕووت و، هەروەها بە ڕاستنیشاندانی قسەو باسی سەر زاران و دەنگۆی جۆراوجۆر، گەلێک جار یان کێچیان لێ بووە بە گایەک و، یان هەر هەواڵەکەیان بە هەڵە گوزارشت کردووە. ئەوەی ڕاستی بێ لەو کاتەدا هێشتا حیزبی ڕزگاری پێک نەهاتووە و ئەگەریش پێکهاتبێ پێوەندییەکی ئەوتۆی بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە نەبووە. ڕاپۆرتچی و شێکەرەوەی ڕاپۆرت ئەو هەواڵەیان لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری (ڕێگا) کە لەلایەن غەنی بلوریان و حەسەنی قزڵجی و... بڵاوکراوەتەوە، لێ تێکچووە و، بەمجۆرە دۆو دۆشاوییان تێکەڵ کردووە. لە بەڵگەی دواتر، دەردەکەوێ کە ئەو هەواڵە درۆ بووە.

***

## بەڵگەی ژمارە ٢

ڕێکەوت: ١٣٢٦/٩/٣

ژمارە: ١٠٦٧٩

### ڕیاسەتی ستادی ئەرتەش

پێڕەوی ٢٥٥٦- ٢٦/٨/٥


ستـــاد ارتش

وزارت جنگ

تاریخ: ۲۶/۹/۳

شماره: ۱۰۶۷۹

یکی محرمانه مستقیم

ریاست ستاد ارتش

پیرو ۲۵۵۶– ۵/ ۸/ ۲۶ طبق گزارش شهربانی آذربایجان درنتیجه تحقیقات وتجسساتیکه ّدرا طراف حزب رزگاری عراق بعمل آمده معلوم شده ازحزب رزگاری فعالیتی درحوالی مهاباد نیست ولی حزب کومله شروع به تشکیل جلسات محرمانه نموده وباعراق تبریز وطهران ارتباط پیدا کرده است فعالیت کنندگان حزب حسین داوری است که پدرش حاجی مصطفی داوری ازطرف دادگاه زمان جنگ محکومیت پیدا کرده ودرتبریز زندانی است دیگری عزیز مشیری که رابط حزب باروسها وعبدالرحمن ذبیحی که رابط باینداد اسمعلی ریحانی تاجر ـ صالح خردمند کارمند غله مهاباد ـ سیدعبدالله دوا فروش محمود صدیقی وچند نفردیگرند ضمنا برای خریدن طپانچه واسلحه های دیگر ازطرف اکراد عراقی و ایرانی فعالیت زیاد میشود پس ازوصول گزارش مزبور به لشکر ۴ دستورات اکیدی داير به تعقيب جدی موضوع به شهربانی دستورات بیشتری برای کشف جلسات محرمانه مذکور داده شد نتیجه متعاقبا اعلام خواهد شد ـ

بازرس نظامی ناحیه ۲ ـ سپهبد

۵۸۰۹۴

بە گوێرەی ڕاپۆرتی شارەوانی ئازەربایجان لە ئاکامی لیکۆڵینەوە و پرس وجۆیەک کە سەبارەت بە حیزبی زرگاری[ڕزگاری] عێراق کراوە دەرکەوتووە لە حیزبی زرکاری[ڕزگاری] چالاکییەک لە دەوروبەری مەهاباد نییە بەڵام حیزبی کۆمەڵە [حیزبی دێمۆکرات] دەستی بە پێکهێنانی جەلەساتێکی نهێنی کردووە و لەگەڵ عێراق ـ تەورێز و ـ تاران ـ پێوەندی دامەزراندووە چالاکینوێنەکانی حیزب حوسێنی داوەری[١] یە کە باوکی حاجی مستەفای داوەری لە لایەن دادگای زەمانی شەڕ سزای دراوەتێ و لە تەورێز زیندانی یە، ئەویدیکە عەزیزی مشیری کە ڕابیتی حیزب لەگەڵ ڕووسان و عەبدولڕەحمانی زەبیحی[٢] کە ڕابیتە لەگەڵ بەغدایە، عەلی ڕیحانی تاجر ـ ساڵحی خردەمەند کارمەندی غەڵلەی مەهاباد ـ سەید عەبدوڵڵای دەوافرۆش، مەحموودی سیدقی و چەند کەسی دیکەن، لەگەڵ ئەوەش بۆ کڕینی دەمانچە و ئەسلەحەی دیکە لە لایەن کوردەکانی عێراقی و ئێرانی چالاکییەکی فرە دەکرێ، دوای گەیشتنی ڕاپۆرتی گۆڕین بە لەشکری ٤، دەستووراتێکی توند سەبارەت بە پرسوجۆی ڕووڕاستی بابەت و بە شارەوانی دەستووراتێکی فرەتر بۆ دۆزینەوەی جەلەساتە نهێنییەکانی

گۆڕین درا، ئەتیجە دوابەدوا ڕادەگەیێندرێ.
چاودێری نیزامی ناحیەی ۲ ــ سپەهبود (ئیمزا: شاهبەختی)

**تێبینی گزینگ:**

[۱]: حوسێنی داودی دروستە، نەک داوەری، بەڵام ناوبراو کوڕی حاجی مستەفا نییە. حاجی مستەفا کە خۆی هاوتەمەنی حوسێنی داودی بووە، کوڕی حاجی مام وسووی داودی یە.

[۲]: هەر ئەو ڕۆژانەی کە هێزەکانی دەوڵەت دەگەڕێنەوە مەهاباد، زەبیحی بەرەو گەرمێن دەڕوا و، مێژوو نایسەلمێنێ کە لەوکاتەدا بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی گەڕابێتەوە مەهاباد.

***

## بەڵگەی ژمارە ۳

ڕێکەوت ۸/ ۲٦/۱۰

لە ڕێکەوتی ۲۷ و ۲۸ی خەزەڵوەری ڕابردووی ئەوساڵ دوو کەس بە نێوی (زەبیحی[۱] ــ ئەفشار (دلشاد) ڕەسوولی هاتوونە مەهاباد و کاتی مانەوەیان لە مەهاباد لە گەڕەکی ڕەزگەیان جێگیر بوون، چالاکی ئەوان بەم جۆرە بووە لە تەواوی لێژنەی لاوانی مەهاباد و بەشێک لەو کەسانەی کە ناسیار و جێی متمانەیان بووە بەڵگەگەلێکیان وەرگرتووە ناوەرۆکی کاغەز بە عینوانی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، شەرحێک کە تێیدا نووسراوە بەم جۆرەیە کە محەممەد عەلی نیکنام کە لە عەینی حالدا لە سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکاندایە لە لایەن ئێمە و میللەتی کورد نوێنەری ڕاستەقینەیە و ئەگەر گریمان دژی وی تێلگرافاتێک کراوە وەڵلا لە لایەن ئێمە ئازادیخوازان نەبووە و ئەگەر ڕاستیش بێ هەڵقولاوی ڕۆژە، نێوبراوان دوای وەرگرتنی ئەو کاغەزە لە مەهاباد دەرکەتوون و بابەتێکی دیکەش کە وەپاڵ ئەو دووکەسەی دەدەن دەڵێن بۆخۆیان وایان گوتووە کە ئێمە ئەو چالاکی و کۆششەی کە دەیکەن لە لایەن دەوڵەتی بریتانیا پشتەستوور دەکرێین و لەگەڵ وەش چەردەیەک (پارە) یش لەوانەوە بە ئێمە دراوە، فەقەت ئەو جۆرەی دەکەوێتە بەرچاو بێگومان لە لایەن کۆمیتەی ئێستاکێی عێراق بڕێک بەو دوو کەسە بە عینوانی مەخاریجی سەفەر بە ستایس (ئەو وشەیە هیچ مانایەک نادا و وادیارە بە هەڵە نووسراوە) دراوە و ئەوانە کەسانێکن کە دامەزرێنەری حیزبی کۆمەڵەی پێشوو و پێکهێنەری بوون و لە ڕێکەوتی ۱۳۲٤ کە بەڵگەگەلێکی زۆریان پێبووە و دەیانویست بڕۆنە تورکیا[۲] لە لایەن مەئموورەکانی لەشکری ٤ی ڕەزائیە (ورمێ) دەستبەسەر و ڕەوانەی تاران دەکرێن، ماوەیەک لە تاران دەگیرێن تا دواتر لە زەمانی دەسەڵاتی دیمۆکراتەکان ئازاد و هاتنەوە مەهاباد، دیسان لە کاتی هاتنەوەی هێزی شاهەنشایی بۆ مەهاباد هەڵاتنە عێراق بەڵام بە حەتمی لەگەڵ کۆنسوولگەریی سۆڤیەت پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە، کەسێکی دیکە بە نێوی قاضی محەممەدی خزری کە پێش ماوەیەک بەکورتی وەزعی ئەوم بۆ تیمساری مەزن شەرحی بەربڵاوداوە نادیار و ون بووە و لە قەراری زانراو چووەتە ناو شکاکان و یا ڕەنگە تورکیا بە لانی تەبلیغات و ڕێخۆشکردن و ئەنجامدانی دەستوورات، هێندێک گوتوویانە کە ڕاستەوخۆ ڕۆیشتووەتە ڕووسیا و هێژ نەگەڕاوەتەوە و هەواڵێکی دیکەش کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە تائێستا دوو سێ جار کوردەکانی تورکیا لە سنوور و لە نێوان شکاکانەوە هاتوونەتە ئێران و دوای وەرگرتنی دەستوورات لە کۆمیتەی مەهاباد و کونسوولگەریی سۆڤیەت کە هەر لە شوێنی خۆیان بۆ تورکیایان گەڕاندوونەوە، لە لایەن ئەوان لەگەڵ کوردەکانی ئێرانی شێوەیەکی ناشکرایە ــ قازی کاکە صەمەد(حەمە) ــ کە لە ڕێکەوتی مانگی خاکەلێوەی ئەوساڵ هەڵاتووەتە شارەزوور کە مەڵبەندێکە لە عێراق، لە قەرارێک دوعاگۆ زانیاری پەیداکردووە گۆیا بە هۆی عەشایرێک کە لە زەمانی قازی محەمەدیش لە گەڵیدا بوون دەستووراتێکی لە کونسوولگەریی سۆڤیەت وەرگرتووە و بە قازی کاکە صەمەد (حەمە) پەیام دەدرێ، نێوبراو جگە لە ناوچەکانی هەورامان، مەریوان خەریکی تەبلیغات و ئاڵۆزکردنی زەینی خەڵکی و دەستەبەندی یە و ئەو کەسە کە بە قازی بۆکان مەشهوورە لە زەمانی دەسەڵاتی دیمۆکراتەکان ڕەئیسی حیزبی بۆکان بووە و لە عەین(ی وەخت) ژن و منداڵ، ماڵ و ئیرسییەکەی لە بۆکانن.



۱) عیسا زەبیحی لایەنگری باڵی چەپی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق و ڕەواڵەتی لەگەڵ گرووپی مەلا مستەفا بارزانی دژ بوو. لە ساڵی ۱۳۲۰ هاتە ناو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە ئەوکاتە بە (ژ. ک) نێودەبرا و لە ساڵی ۱۳۲۵ (لە ئێران بەرەو عێراق هەڵاتووە) دوای ٤ ساڵ نیشتەجێ بوون لە عێراق چووەتە سوریا و دووساڵ و نیو لەوێ دەمێنێتەوە، لە ساڵی۱۹۵۸ (۱۳۳۷) دیسان بەرەو عێراق دەگەڕێتەوە و لە هەموو چالاکییەکانی حیزبیدا بەشداری دەکا، نێوبراو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بووە کاروباری حیزبی لە بەغدایەش سەرپەرستی و چاودێری کردووە، ئەو کەسە دەبیری کۆمیتەی حیزبی لە بەغدا و بەرپرسی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و ڕاگەیێندراوەکانی ئەوان لە بەغدا بووە. نێوبراو لە سەرەتای هاتنی بەختیار بۆ عێراق هاوکارییەکانی پێویستی لەگەڵ ویدا بەڕێوەبردووە و پەیتاپەیتا لەگەڵ هەڵاتووەیٔ ئێرانییەکانی نیشتەجێ لە هەڵەبجە و سەید سادق لە پێوەندیدا بووە.

ـ *اسناد ساواک*، پروەندەهای انفرادی.

٢) ڕاپۆرتی شـارەوانییی وەخت لە بارەی کەسـانی ناماژەپێکراوی بەڵگە بەم جۆرەیە:

ڕوونووس: گوزارشتی نیهایی، ڕەزائییە

ڕێکەوتی: ٢٦/١٢/٥، ژمارە ٣٧١٠

شـــارەوانیی کـــوللی کـــیـــشـــوەر ٢٦٨٥٢- ٢٦/١١/٢٦ بە چاوپێداخشاندنەوەی دەفتەرگەلی پێوەندیدار لەم شارەوانییە لە زەبیحی و نەفشار [دڵشاد] ڕەسوولی پێشینەیەک دەست نەکەوت، بە پێی نامەی ستـادی لەشکری ٤ لە بارەی گیـرانی نێوبراوان لە ـ سـاڵی ١٣٢٤ لە سنووری تورکیا پێشینە وجوودی نییە بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٤ دوای قەتڵ و غارەتی شارەوانی مەهاباد دوو نەفەری نێوبراو لەگەڵ برزو [ڕێزۆ] بەهادوری و سـەرۆک عـەشـیـرەکـانی دەوروبەری ڕەزائیـیـە و ڕاگەیاندنی دەستـووراتی قـازی مـحەمـەد و گەیاندنی چەند پاکەت بە عینوانی چەکدارانە لە مەهاباد ڕا بەرەو دەوروبەری ڕەزائییە هاتوون، لە گەڕانەوەدا لە نێوان ڕێگا لە لایەن مەئموورەکانی ژاندارمەری دەستبەسەر و لە خـەتی تەورێزەوە بەرەو تاران ڕەوانە و مـاوەیەک ڕادەگـیـرێن لە نەتیجەی هەوڵەکانی صەدری قازی ئازاد دەکرێن و بە گوێرەی زانیاری، زەبیحی لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥ لە کاتی هاتنی هێزی شاهەنشایی بەرەو خاکی عێراق هەڵدێ و ئێستا لەوێ نیشەجێ یە بەڵام لە شوێنی ئێسـتـای نەفـشـار [دڵـشـاد] ڕەسـوولی بەڵگەیەک دەست نەکـەوتووە: ڕوونووس هەمبەری ماکەیە.

***

## بەڵگەی ژمارە ٤

نێرەر: ٢ ئەلف ٣

ڕێکەوت: ٢٨/٦/٢٣[١]

ڕاپۆرت

بە پێی زانیـاریی بەردەست لە سنوورەکـانی ئێـران و عێـراق و تورکـیـا هەوڵـگەلێک بۆ پێکـهـێنانی کـوردسـتـانی ئازاد بە شـێـوەی نهـێنی لە گۆڕێدایە و زیادکراوە وەها دەستگەلێک پێوەن کارگەلێک لە ئاپادان ئەنجام بدەن.

بابەت بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاسـتـی و درۆ بە ڕێکخـراوەکـانی ڕۆژئاوا ڕاگەیێندرا، ڕێکخراوە شەرحکراوەکانی ژێرەوەو گوزارشت دەدەن.

١- ساواکی تەورێز سەبارەت بە مەبەستی سەرەوە گوزارشت دەدا کە سێ کەس لە سەرانی عەشایر کە شکی کارێکی وایان لێکراوە بە پێشنیاری لەشکر و پێکهاتنی کۆمیسیۆنی هێمنێتی بۆ کرمان و یەزد دوورخراونەوە و کەسێکیش بە نێوی ئیسماعیلی ئەبوطالبی[١] لە کەسانی نارەحەت و پێشـینـەدار بوو بە هۆی پێـوەندی بەردەوام لەگـەڵ نێـوبراوان بۆ مـەلایر دوورخراوەتەوە و لەگەڵ وەش لە سەری دەڕوا کە چاودێری بارودۆخ بووە و دەبن.

٢- سازمانی مەهاباد مەبەستی سەرەوە دەسەلمێنێ و گوزارشت دەدا کە هەوڵگەلێک لە لایـەن حیزبی پارت بـــــۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئـــازاد بـــە لانـــــــی ریاســـەتی جمـهـووریی مــــــەلا مـــســـتـەفـا ئەنجـــــام دەدرێ و لـــە سەری دەڕوا کـــــــە


نخست وزیری
سازمان اطلاعات و امنیت کشور
گزارش
موضوع

ناکۆکیگەلێک لە نێوان مـەلا مسـتـەفا و عـەبدولکەریم بەدیهاتووە کە بووەتە هۆی پێکهاتنی دڵنێشان لە نێوانیاندا.

٣- سازمانی ڕەزائییە سەبارەت بە چۆنیەتی ئەو مەبەستە گوزارشت دەدا کە بە پێشهاتنی ناکۆکی و دڵنێشان لە نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفا بارزانی، حیزبی پارت بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئازاد بە لانی ریاسـەتی جـمـهـووریی مـەلا مـسـتـەفـا هەوڵێکی زۆر دەدا کـە دوای دوورخـرانەوەی حـەوت کـەس لە سـەرۆک عـەشـایر و گـەڕاندنەوەی پەنابەرەکـان بەرەو عـێـراق و بەڵێنی عـەبدولکەریم قـاسم لە بارەی داخوازییەکانی تەواوی عەشایری عێراقی لە چالاکیی حیزبی گۆڕین کەم کـراوەتەوە بە جـۆرێک کـە تا ئەو ڕێکەوتە هەواڵێک لەو بارەوە بەم سازمانە نەگەیشتووە.

٤- گـوزارشـتی سـازمـانی کرمـاشـان وادەڵێ کـە چالاکی سـەبارەت بە سەربەخۆیی کورد ڕوو لە زیادی یە بەتایبەت بە چوونی مەلا مستەفا بۆ بارزان ئەو هەوڵانە لە زیادی داوە و بە گـۆڕانی سـیـاسـەتی دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق دەوڵەتی سۆڤیەت سەرنجێکی زۆرتر دەداتە سەربەخۆیی کورد و کارگێڕەکانی یارمەتی دەدا.

نەزەرییە: بە سـەرنجـدانی ئەوەیکە سەربەخۆیی کورد لە سێ کومیتەدا گەڵاڵە و لە سورەتجەلەسەدا تۆمارکراوە کە کارگێڕانی پێوەندیدار ڕێچارەی پێویست بگرنەبەر و سازمانە پێوەندیدارەکانیش چاوەنوارِ بن دانی هەر چەشنە فەرمانێک پێوەندی بە فەرمانگەلی سەرووەیە.

نیمزا ٣٨/٦/١٣

ـ ڕاپۆرتی کوردستان لە کوێ یە و نەزەری بەشی ئێران چییە؟

بەرێزەوە لە ڕاپەڕاندنی ژێرنووسی مودیریەتی کولل بە عەرز دەگەیێندرێ سەبارەت بە بەندی یەک گوزارشتی ساواکی سنە داواکراوە و سەبارەت بە نەزەری بەشی عێلات بەجودا پێشکێش کرا.

نیمزا ٣٨/٦/١٧

١) ئیسماعیلی ئەبوطالبی دواتر جوزوی هاوکارانی ساواک بوو و بە پێی گوزارشتەکانی بەردەست ناوبراو داوای دامەزرانی بۆ ساواک ناردووە کە بە هۆی نەبوونی گـەواهینامـەی شـەشی سـەرەتایی بە دامـەزرانی وی دژایەتی کراوە.

ـ *اسناد ساواک*، پروندەهای انفرادی.

**تێبینی گزینگ:**

[١]: ڕێکخەران و بلاوکەرەوەکانی کتێبەکە، ڕێکەوت و مێژووی ئەو بەلگەیان لێ تێکچووە. لە ڕاستیدا لەبری ٢٨/٦/٢٣ دەبێ ٣٨/٦/ ٢٣ بێ کە بە سالی زایینی دەکاتە ١٩٥٩. لە ناوەڕۆکی بەلگەنامەکەدا دەردەکەوێ کە عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هاتووەتە سەر حوکم و، مـەلا مـسـتـەفـای بارزانیش هەر ئەوساڵە لە سـۆڤـیـەت ڕا دەگەڕێتەوە عێراق. کەوابوو ئەو بەلگەیە دەبوو بکەوێتە ڕیزی کۆمەلە بەلگەکـانی سـالانی ١٩٥٨ بە دواوە . بێ لەوەش هەروەک لە ئارمی سەرووی کلیشەی بەلگەکە دەردەکەوێ ساواک (سازمانی ئیتلاعات و ئەمـنیـیـەتی کـیـشـوەر) لە دوا سـالەکـانی کـودەتای دژ بە دوکـتـور موسەددیق(١٩٥٣) واتە لە سالی ١٩٥٥(١٣٣٤) دامەزراوە. هەروەها ئەگـەر بڕوانینە بەلگەکـانی نێـوان سـالانی ١٣٢٦(١٩٤٧) تا سـالی دامـەزرانی سـاواک، کـە لەو کـتـێـبـەدا لە چەند دەنک زیاتر تێناپەڕن، دیسان بۆمان دەردەکەوێ کە هیچکامیان ئارمی ساواکیان بە سەرەوە نییە و ئەوکاتە زیاتر ستادی ئەرتەش و ڕوکنی دوو ئەو ئەرکەیان بە ئەستۆوە بووە.

***

## بەلگەی ژمارە ٥

ژمارە: ١٦٧٠

ڕێکەوت: ٣٠/٥/٢٨

### وەزعیەتی ئیدارەکانی دەولەتیی مەهاباد

لە مەهاباد کارمەندگەلی ئیدارەکانی دەولەتی تێکڕای لە غەللە، دارایی، دوخانیات، دادگوسـتـەری، سەبت و سەبتی ئەحوال بەگشـتی لە زەمانی قـازی محەمـەد* ڕاپەڕێنەری کارێک بوون کە ئێسـتـاش هەر ئەو کارەیان هەیە، تەواوی ئەوان ناواتەخوازن کە کوردستان سەربەخۆ بێ لەوانە سەید محەمەدی سەیدی ڕەئیسی دوخانیاتی قازی محەمەد کە ئێستاکێ لە بۆکـان کارناس و قـەبلـێنەری دەولەتی یە، شەو و ڕۆژ بە ئەفعی حیـزبی کۆمەلە تێدەکۆشێ.

بابەتی سەرنجڕاکێش وەزعیەتی فەرهەنگی کوردستانە تەواوی مامۆستا و دەبیـران لە مـەهاباد و بۆکـان و سـەردەشت بەبێ ئاوارتە لە دەست و پێوەندانی قازی محەمەدن و بە ئاشکرا لە نێوان قوتابییەکان تەبلیغ و قـسـەوێژیی دەکـەن و تەنانەت بە زمـانی کـوردی لە کـلاسـەکـان دەرس دەلێنەوە و ئەغـلـەب هەلدەکـەوێ کە لە ئەسلدا بە فارسی نادوێن و ئەو بابەتە بووەتە هۆی بگر و هەللایەکی زۆر لە مەهاباد و بێتوو ئەو کەسانە لە مەلبەند ڕانەگوێزرێن زیانێکی قەرەبوونەکراوە دەخولقێنێ.

(پیدوور) ئێـوێـک خەلکی یۆنان کە کۆمـونیـسـتێکی توخە ماوەی پێنج مـانگە بە عـینوانی کارناسی دوخـانیـات هاتووەتە مـەهاباد، ئەو کـەسـە تەواوی چالاکییەکانی حیزبی کۆمەلە لە دوخانیات و شار بەڕێوەدەبا و ئەغـلـەب جـەلەسـاتێک بە عـینوانی مـیـوانی پێکدێنێ و بڕیارگـەلێکی پێـویست وەردەگـرن. بیـست ڕۆژ لـەوەپێـش ئێـوبراو لە لایـــەن دوخانیـات مـەئمـووری کـــڕین و وەرگـرتنی کـــالا بە دەولـەتـی سـۆڤـیـەت بـووە و لـەم



ڕێگەیەوە بە چوونی شارەکـانی تەورێز، ڕەزائیـیـە، مـەهاباد، جـولفـا و پروپاگەندە و غەیرە ڕاسپێرییەکانی خۆی بە ئەنجام دەگەیێنێ، لە لایەن کارگێڕانی سۆڤیەت بە تەواوی کارمەندانی سەروو بەلێنی دراوە بەزوویی دوای سەربەخۆیی و بە دەستگرتنی کوردستـان هەموو زیانەکـانی ئەوان قـەرەبووەکرێتەوە و دووپاتیـشیـان کردووەتەوە کە ئەو کـەسانە لە هیچ هەوالێک باکیان نەبێ.

کـوردسـتـانی سـەربەخـۆ   ش٤/ نوسـخـەیەک هەوالی ڕۆژانە سـبەی پێشکێش بکرێ

* قـازی محـەمـەد کوڕی قازی عەلی لە بنەمالـەیەکی سوننی مـەزهەبی شاری مەهاباد، خوێندەوار و بە فارسییەکی ئەدیبانە و بە لەهجەی کوردی قسەدەکا، تێکۆشانی سیاسی خۆی بە هاتنەناوەوەی حیزبی کۆمەلە ژ ـ ک لە سالی ١٣٢٤ دا دەستپێکرد و پاش سەفەری سۆڤیەت و کەسبی پشتیوانی لەوان و بە یارمەتی مالیی و نیزامی ئەوان لە گەلاوێژی سالی ١٣٢٤ حـیـزبی دێمۆکـراتی کـوردسـتــانی دامـەزراند و دوای دیداری سەرلەنوێیی سۆڤیەت و وەرگرتنی بەلێنیی هەمەلایانەی ئەوان لە سێهەم (دووهەم)ی ڕێبـەندانی ١٣٢٤ حکوومـەتی کـۆمـاری مـەهابادی لە چوارچرای ئەو شـارە ڕاگـەیاند و ئەو حکوومـەتە نزیکەی یەکـسـال بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ڕووسیا دەوامی هێنا و بە کشانەوەی هێزەکانی نیـزامی سۆڤـیـەت لە ئێران بۆ مـاوەیەکی ڕۆژان لەلایەن ئەرتەشی ئێران ڕووخێندرا و قـازی مـحـەمـەد دەگـەل برا(ئەبولقاسمی سەدری قـازی) و ئامۆزاکەی (محەمەد حوسێنخانی سەیفی قـازی) لە هەمـان چوارچرادا ئیعدام کران.

ـ *اسناد ساواک*، پروندەهای انفرادی.

# نەخشەیەکی کوردستان
# و
# چەند تێبینییەک

مەهاباد کوردی

لەوەتی لە دوورەوڵاتی و غەریبایەتی گیرساومەتەوە، هەتا بۆم چوویێتە سەر، ئامادەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنانە بوومە، کە سەبارەت بە پرسی کورد و خاکی کوردستان و زۆر مەسەلەی دیکەی تایبەت بەم نەتەوە ئەنجام دراون. بە بۆچوونی من هەر تەنیا بەیەکەوە دانیشتن و دەگەڵ یەکتر کۆبوونەوەی کوردان، لەم ئاوارەیی و تاراوگەدا، بە قازانج بۆ ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات و، بێگومان دۆزی ڕەوای نەتەوەکەشمان دەگەڕێتەوە.

کۆمەڵەی هیوای کوردستان (پێشتر کوردستان ئاوارە ) هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە گەلێ کار و خەبات هەڵساوە، کە ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لە ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتییانی کورد لە سوێد، لەمەڕ دۆزی کورد و پرسە جۆراوجۆرەکانی گەلەکەیان. هەر بۆ نموونە یادکردنەوەکانی کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و، زۆر جاریش کەسانێکی سوێدی و بێگانەش تێیاندا بەشدار دەبن. ئەوە بێجگە لە کۆڕ و سمیناری ئەدەبی و هونەری و چالاکی تریش کە تاکوو ئێستا ئەنجام دراون. هیوادارین خەباتکارانی کۆمەڵەی هیوای کوردستان، بە خۆ دوورگرتن لە هەر بیر و ڕایەکی حیزبییانە، لەسەر تێکۆشانی کوردانەی خۆیان هەمیشە بەردەوام بن و خزمەتکاری بەوەفای ئەم نەتەوەیەش بن.

هەر لە درێژەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کۆمەڵەی هیوای کوردستان لە ڕێکەوتی٩-٢-٢٠٠٢، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ شاعیری ناسراوی نەتەوەکەمان کاک عەبدوڵلا پەشێو سازدا. هەڵبەت خوێنەرەوانی گزینگ سەبارەت بە کۆڕەکە پێشتر بابەت و نووسراویان خوێندۆتەوە. هەر لەبەر هەندێ من لێرەدا باس لە کۆڕەکە ناکەم. دیارە مەبەستی وتارەکەی منیش شتێکی دیکەیە کە دواتر دێمە سەری.

وەشانخانە کوردییەکان و کەسانێک کە خەریکی کاری کتێبفرۆشی و شتی لەم جۆرەن، لە کاتی بەستنی ئەو کۆڕ و ئاهەنگ و یاد و بیرەوەرییانەدا، بەرهەم و بڵاوکراوە و پەڕتووکەکانیان دێنن و لەوێندەرێ دەیانفرۆشن. بێگومان ئامادەبووانیش بە بینینی ئەم جۆرە بەرهەمانە چاویان دەکرێتەوە و، کەم تا زۆر، دەبن بە کڕیاری شتەکانیش. لە کۆڕەکەی تایبەت بە پەشێوی شاعیریش هەر هەمان کار ئەنجام درابوو. لە دوو سێ لاوە کتێب و گۆڤار و کاسێت و سی دی کوردی لەسەر مێز دانرابوون و دەفرۆشران. گومان لەوەدا نییە مرۆڤی کوردی دوورەوڵات و بێ دەوڵەت، هەر کە شتی نوێ و بەرهەمی تازە و ڕەنگین و ڕەسەنی کوردی ببینێت، بە تایبەتیش لە تاراوگەدا، گەر تۆزێک هەستی نەتەوەیی شک ببات، دەبێ دڵی خۆش بێت و هەست بە شانازی و کوردایەتی خۆشی بکات. ئەمە لە لایەک و، لە لایەکی تریشەوە هەندێ جار، هەندێ شت و بڵاوکراوەت وەبەر چاو دەکەوێ، کە پێت ناکرێ قورقەپی لێ بکەیت و خۆتی لێ بێدەنگ بکەیت. دیارە هەر ئەمەش مەبەستی سەرەکیی نووسینەکەی منە.

لە کۆڕی شیعر خوێندنەوەکەی مامۆستا پەشێودا، براکوردێکی کەرکووکی، نەخشەیەکی کوردستانی لە سلێمانی چێکراوی دەفرۆشت. من هەر کە نەخشەکەم بینی دەم و دەست تێبینی و سەرنجەکانی خۆم لە دەست برای کەرکووکی نا. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: «بە خوا کاک مەهاباد، ئەم نەخشەیەی کوردستانم لە سلێمانییەوە بۆ هاتووە و من تەنیا دەیفرۆشمەوە». دەبا لێرەدا زیاتر سەرتان نەیەشێنم و بچمە نێو کرۆکی باسەکەش.

هەروەک دەزانین تا ئێستا لە گەلێ شوێن و کات و بۆنەی جیاجیادا نەخشەی کوردستان چێکراوە و بڵاو کراوەتەوە. ئەگەر سەرنجی تەنیا هەندێکی ئەو نەخشانەش بدەین، لە زۆر شتدا، بە ئاسانی هەست بە جیاوازییەکانی نێوانیان دەکەین. بە بڕوای من ئەمە مەسەلەیەکی تا بڵێی گرینگە و کوردیش، هەرچەند دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆشی نییە، بەڵام دیسانیش دەبێ لەسەر تەنیا یەک نەخشەی کوردستان ڕێک بکەوێت و پێ دابگرێت و بە نیشتمان و خاکی خۆشی بزانێت. گەلانێک هەن تا ئێستا خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان نین، لێ هەمیشە داکۆکی لە تەنیا یەک نەخشەی ئەو وڵاتانە دەکەن کە بە هی خۆیانیان دەزانن. قەتیش ئامادەیی خۆیان نیشان

نادەن تا سازش لەسەر بستەخاکێکی وڵاتەکانیان بکەن. ئێمەی کورد لە هەر گەلێکی بندەستی دیکەی دنیا زیاتر پێویستمان بە وەها هەڵوێستێکی یەکگرتوو و ناسازشکارانە هەیە.

جا، ئەوەی کە لە نەخشەی باس لێکراو زێدەتر سەرنجی ڕاکێشام مەسەلەی ناوە. ناوی ئەو شار و شارۆچکە کوردستانییانەی کە ئێمەی دانیشتووانی کوردستان چیان پێ دەڵێین و داگیرکەرانیش چ ناوێکیان لەبری ناوە کوردییەکان بەسەردا سەپاندوون. دەبێ چ ڕەواییەک لەوەدا بێ تا ئێمەی کوردیش هەر هەمان ئەو ناوانە بەکار بێنین کە کۆلۆنیالیستان بەسەریاندا سەپاندووین؟ لێرەدا هەر بەتەنێ مەبەستم لە ناوی شار و شارۆچکە و گوند و هەرێم و دەڤەرەکان نییە، بەڵکوو مەبەستم تەنانەت لەو ناوانەشە کە پەیوەندییان بە تاکەکەسی کوردەوە هەیە. هەر بۆ نموونە ناوە کوردییەکانی تایبەت بە نەتەوەی کورد و دابونەریت و فەرهەنگ و کار و پیشە و هەر شتێکی تر کە وابەستە بن بە کورد و نیشتمانەکەی. ئەگەر من بێم هەر هەمان ناوی داسەپێنراو بەسەر خۆم و نەتەوە و خاکەکەمدا بەکار بێنم، کە داگیرکەران بە داری زۆر پرۆسەکەیان بەرەو پێش بردووە، کەواتە منیش بە وەها کارێکی خۆم، بمەوێ و نەمەوێ، پێم زانیبێ یان نا، هەر هەمان کاری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەم ئەنجام دەدەم. ئەوجا، با وەها کارێک تەنانەت لە پێناو چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نەخشەیەکی کوردستانیشەوە بێت. لەوانەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای کەسانێک مایەی گاڵتەجاڕی بێت، بەڵام من بە تەواوی هۆش و باوەڕمەوە ئەمە بیرکردنەوە و لێکدانەوەمە بۆ مەسەلەکە. ئەگەر عەرەبێکی ڕەگەزپەرست و تورکێکی کەمالیست و فارسێکی دڵڕەق بەرامبەر بە کورد بێن ناوێکی بە دڵی خۆیان لە شارێکی کوردی بنێن و، منیش مینا وان، هەر هەمان بنشێت بجوومەوە، ئەوا بەم شێوەیە منیش دەستخۆشی و دەمخۆشییان لێ دەکەم و گوڵی کەسک و سوور و زەردی کوردستانیشیان لە بەرۆک دەدەم. ئێوە دەڵێن چی؟!

لەم نەخشەیەی کوردستاندا کە لە سلێمانی چاپ کراوە، کەسانێکی ئامادەکاری نەخشەکە هاتوون هەر هەمان ناوە غەیرە کوردییەکانی، ناوە فەرمییەکانی، سەر بە دەوڵەتانی داگیرکەر و دابەشکەری کوردستانیان بەکار بردووە. ئەمەش زیاتر باکووری کوردستان، کە نیوەی خاکی کوردستانی گەورەیە، دەگرێتەوە. کەسانی ئامادەکار هاتوون دەقاودەق، لە زۆر جێگەدا، هەر هەمان ئەو ناوانەیان بە هەردوو جۆر پیتی لاتینی و عەرەبی نووسیوەتەوە، کە تورکی نەتەوەی سەردەست لەم بەشەی کوردستاندا بەسەر شار و شارۆچکە کوردییەکانیدا سەپاندووە. فەرموون تەماشای ئەم چەند نموونانەی خوارەوە بکەن:

١- (ئامەد) کە یەک لە مەزنترین شارەکانی سەرووی کوردستان و پایتەختی ئەم بەشەی نیشتمانە، وەها نووسراوەتەوە: دیاربکر (ئەوی ڕاستی بێ عەرەب بەم شێوەیە ناوی ئامەد دەنووسن). تۆ بڵێی کەسانی ئامادەکار بیریان لەم شتە نەکردبێتەوە؟ دەکرێ ئەمە ناو بنێین هەڵەی چاپ؟ لەژێر (دیاربکر)یش ناوە تورکییە فەرمییەکەی نووسراوەتەوە (Diyarbakir)

٢- (جۆلامێرگ) کە ناوی پارێزگا(ویلایەت)ێکی ئەم بەشەی کوردستانە بە (هەکاری) و (Hakari) وازی لێ هێنراوە.

٣- (ڕحا) یان (ڕوحا) کە شارێکی گەورە و بەرچاوی سەرووی کوردستانە (ئورفە) و (Orva)ی پێ ڕەوا بینراوە.

٤- (بازید) یان (بایەزید)ی مەزاری خانی کە کورد و دانیشتووانی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر بەم ناوە دەیناسێن، بە (دۆغۆبایەزید) و (Dokhobyazid) وازی لێ هێنراوە. تورک خۆشیان ناوە تورکی(لاتینی)یەکەی بەم شێوەیە نانووسن. شایانی باسە بایەزید هەمیشە مەڵبەندی کوردایەتی و بەرخۆدان بووە. ڕۆنیشتڤانانی ئەو دەڤەرە هەردەم شانازییان بە کوردبوونی خۆیان کردووە و چقڵی چاوی دوژمنانیش بوونە. لە هەشتاکاندا، لە دەمەدەمی کودەتا سەربازییە فاشیستییەکەی «کەنعان ئەڤرین»دا، خەڵکی بایەزید لە دەروازەی شارەکەیاندا تابلۆیەکیان هەڵواسیبوو کە بە درشتی لەسەری نووسرابوو: بەخێر بێن بۆ کوردستان! ئەمە ڕاستییەکە و درۆ نییە. کەسانێک لە دانیشتووانی ئەو شارە بۆ نووسەری ئەم چەند دێڕانەیان گێڕاوەتەوە. هەر لە هەمان شاردا خەڵک بوێرانە، کاتی خۆی، هاریکارییەکی بێ وێنەیان بەرامبەر بە هونەرمەندی گەورەی کورد «شڤان پەروەر» نواندووە.

٥- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، (ورمێ) ناوێکی زۆر خۆش و لەبەر دڵانە. (ئورومیە) لەسەر زاری کوردان گرانە و ئەوەندەش بەکار ناهێنرێ، تا لەسەر نەخشەی کوردستانی لە لایەن کوردان چێکراو نێوی بکەوێتە نێو نێوان!

ئەمانەی سەرەوە تەنیا چەند نموونەیەک بوون و بەس! خۆ ئەگەر لە زۆربەی ئەو ناوانە ورد بینەوە کە لە نەخشەی باس لێکراودا هاتوون، ئەوا نەک بە کورتەنووسینێکی وەها، بگرە بە چەند وتاریش مەسەلەکە تەواو نابێت. پێم باشە گەر بە کورتیش بێ هەندێ تێبینی دیکە لەسەر ئەم نەخشەیە، هەروا سەرپێییانە، بخەمە بەر دیدەی خوێنەرەوان:

١- لە گۆشەیەکی نەخشەکەدا نووسراوە: سوود وەرگیراوە لە: -١ جوگرافیای کوردستان: م عەبدوڵلا غەفوور، -٢ جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق: کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ دایانناوە، -٣ هەندێ سەرچاوەی ئەنتەرنێت. من خۆم لە کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا، بۆ دڵنیابوون لە مەسەلەکە، تەماشایەکی پەڕتووکی (جوگرافیای کوردستان)ی عەبدوڵلا غەفوورم کرد. لە کاتی تەماشاکردنەکەدا دوو شتی زۆر سەرەکیم بەدی کرد کە پەیوەندییان بەو نەخشەیەوە هەیە کە لە سلێمانی ئامادە کراوە. یەکەم، ئەو نەخشەیەی کە لە سلێمانی دروست کراوە هەمان نەخشە نییە کە لە کتێبی (جوگرافیای کوردستان)دا هاتووە. دووەم، ڕاستە عەبدوڵلا غەفوور ناوە فەرمییەکانی شار و شارۆچکە کوردستانییەکانی لە کتێبەکەی خۆیدا بەکار بردووە، بەڵام هەر لە کۆتایی هەمان کتێبدا پاشکۆیەکی دوازدە لاپەڕەیی بە ناوی نافەرمی (ناڕەسمی) تەواوی شار و شارۆچکە کوردستانییەکان بڵاو کردۆتەوە، کە دەبوو

ئامادەکارانی نەخشەکە زۆر بە گرینگییەوە لێی بڕوانن. بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: جوگرافیای کوردستان، عەبدوڵڵا غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک (APEK)، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، لاپەڕەکانی: ٢٧٨، ٤٠١، ٤٤٧ـ٤٥٨.

٢- ناوە غەیرەکوردییەکان زیاتر تایبەتن بە بەشێکی دیاریکراوی کوردستان: باکووری کوردستان. لە گەلێ شوێندا تێکەڵ و پێکەڵییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت. تەنانەت ناوە تورکییە لاتینییەکانیش بەڕاستی نەنووسراونەتەوە.

٣- لەم ناوە ناخۆش و قەڵپ و ناکوردییانە بڕوانن: قۆزلوک، عەینول عەرەب، ئۆغزەلی، شیرناق، ئۆزالپ، عومەرلی، عوسمانیە، تەلئەبیەز، حساویە فەقانی، یەشیل یورت و تاد... لیستەکەش کۆتایی نایەت!

٤- کاتێ کە سەیری نەخشەکە و ناوە کوردییەکانیشم کرد، تێگەیشتم کە ئامادەکارانی ئەم نەخشەیە، زیاتر جەختی خۆیان خستۆتە سەر بەشێکی تایبەتی کوردستان: باشووری کوردستان. زانیارییەکانیشیان لەمەڕ ناوە کوردییەکانی شار و شارۆچکەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم پارچەیەی کوردستان دەگرێتەوە. بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو شتە دەگەڕێتەوە کە پێی دەڵێن: دابەشکردن و لەت لەتکردن و لێکدابڕاندنی نەتەوە و نیشتمانێک کە ناویان کورد و کوردستانە. دوژمنان بە بەردەوامی سیاسەتیان ئەوە بووە ڕۆڵەکانی ئەم گەل و خاکە، هەتا دەکرێ، لێکتر دوور بخرێنەوە و لە یەکتر جیا بکرێنەوە و لە کۆتاییشدا تەنانەت یەکتر و وڵاتی خۆشیان نەناسنەوە!

٥- خاڵێکی تر کە لێی دڵنیام سەرنجی جوگرافیاناسانی کورد بۆ خۆی ڕابکێشێت مەسەلەی سنووری خاکی کوردستانە. من پێم وایە کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕی جوگرافیای کوردستان، بە بینینی نەخشەکە، کۆمەڵێ بیر و ڕایان لا پەیدا دەبێ، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئامادەکارانی ئەم نەخشەیەی کوردستاندا هاوکوف نابن. ئەم بیر و بۆچوونە جیاوازانەش، جگە لە مەسەلەی ناوەکان، پەیوەندییان بە خودی سنوور و پانتایی خاکی کوردستانەوە دەبێت.

ئەگەر زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەیەک و سیما و ناسنامەی بێت، خۆ بە چ شێوەیەک نابێ چاو لە ناوە ڕەسەن و شیرینەکانی ئەو نەتەوەیە بپۆشرێت، کە پێکهێنەری هەرە گرینگی خودی زمانەکەیە. کاتێکیش باس لە نەتەوەیەکی بندەست بکەین، ئەوا هەر مەپرسە مەسەلەی زمان و ناو چ گرینگییەکیان دەبێت لە بە زیندوویی مانەوەی ئەو نەتەوەیە و پاراستنی فەرهەنگە دێرین و ڕەسەنەکەیدا.

کەواتە ناو یەک لە شتە هەرە سەرەکییەکانی مانەوەی ئەو گەل و نەتەوانەن کە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی داگیرکەران و دوژمناندا دەناڵێنن. هەر لەبەر هەندێ، زۆر پێویستە ئێمەی ئەندامانی نەتەوەی کوردی پارچە پارچەکراو و بندەست، بوێرانە داکۆکی لە ناوە کوردییەکانی تەواوی شار و شارۆچکە و گوند و دەڤەرەکانی کوردستان و، هەر شتێکی دیکەش بکەین کە پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەبێت!

# یادی دەساڵەی کۆچی دوایی «هاوار» و شێعری (جەللاد)

هێرش

بەرلەوەی یەکەم ژمارەی گزینگ لە پاییزی ساڵی ١٩٩٣دەربچێ، دروست ساڵێک لە کۆچی دوایی «هاوار» شاعیری خۆشینەدیوی مەهابادی تێپەڕیبوو. ئەو شاعیرەی کە بە شێعری «جەللاد» شوێنێکی شایانی سەرنجی لە ناو ڕەوتی شێعر و ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر ستەمی ڕێژیمی پەهلەویدا بۆخۆی کردەوە و، گریمان ئەگەر هیچ بەرهەمی دیکەشی نەبووبایە، تەنیا ئەو تاکە هۆنراوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی نێوی لە مێژووی شێعری هاوچەرخی کوردیدا بدرەوشێتەوە.

«هاوار» لە ساڵی ١٩٧٤، کە وەکیل(پارێزەر/مەحامی)ی پایە یەکی دادگوستەری دەبێ و لە شاری میاندوواو ژیان ڕادەبوێرێ، لە نامەیەکیدا (بە فارسی) کە بۆ بەڕێز کاک «ئەحمەدی شەریفی» دنێرێ و ئەویش ڕەوانەی ئارشیوی گزینگی دەکا؛ خۆی ئاوا دەناسێنێ:

"نێوم «عەلی حەسەنیانی» یە لە ساڵی ١٣١٨[١٩٣٩] لە تاران چاوم بە ژیان هەڵێناوە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە شاری مەهاباد تەواوکردووە و پاشان لە زانکۆی حقووق، دانیشگای تاران لیسانسی حقووقم وەرگرتووە. دوای چەند ساڵ کارمەندی بە هۆی گیروگرفتی بنەماڵەیی لە کاروباری ئیداری دەستم کێشاوەتەوە و، لە ساڵی ١٣٥٢[١٩٧٢] بە وەرگرتنی ئیجازەی وەکالەت (پارێزەری)ی پایە یەکی دادگوستەری لە میاندوواو خەریکی کاروباری پارێزەری بووم. لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە هەست و تەبعی خۆم لە بواری شێعردا تاقیکردەوە، بەڵام بەر لەوەی ئەمامی ئیستیعدادم بە سەمەر بگا، گوڵپەڕی هەست و خەیاڵم لەپڕ هەڵوەری.. مێژووی مەرگی ئیحساسم چەند ساڵ پێش بوو، مێژووی ئەمانی خۆشم خودا دەزانێ...".

ساڵی ١٣٥٠(١٩٧١) بۆ یەکەم جار «هاوار»ی شاعیرم لە شاری تەورێز چاو پێکەوت، لە ماڵی کاک «ڕەحمانی فازلی» کە ئەوکات لە زانستگای تەورێز لە بەشی شەوانەدا دەرسی دەخوێند. «هاوار»، لە پێشدا نەیدەویست خۆی وەک خاوەنی شێعری «جەللاد» بناسێنێ، بەڵام پاشان کە زانی ناتوانێ لەو داوەی کە کاکەڕەحمان بۆی ناوەتەوە دەرباز بێ، وردەوردە پەردەی تەقیە و حاشا و ڕووبینی دڕاند و، دانیشتنەکەمان حاڵ و هەوایەکی دیکەی پەیدا کرد، دەتگوت لەمێژساڵە دەیناسم. لە ڕاستیدا ئەو سەروبەندی کە کورد گوتەنی (کەڵ بە موو بەند بوو)، «هاوار» نەیدەویست خۆی وەک دانەری ئەو شێعرە بە خەڵک بناسێنێ و ناهەقیشی نەبوو. بە هەر حاڵ، شێعری «جەللاد» کە شار بە شار و کۆڵان بە کۆڵان و زار بە زار کوردستانی تەنیبۆوە، ڕەنگدەرەوەی باری ڕوحی و مەعنەویی بەربەرەکانی و بەرەنگاربوونەوەیەک بوو کە بە زمانی شێعر لە



عەلی حەسەنیانی (هاوار)

دژی جەللادانی ساواک و سیاسەتی خەفەقانی ڕێژیمی پەهلەوی دەهاتە گۆ و کۆڕوکۆمەلانی خەلک و بەتایبەت ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕی لە پێناو خۆڕاگری و ئامانجی پیرۆز هان دەدا:

وەرە جەللاد!
وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکوو بزانی چۆنە ئیمانم
ئەتۆ جەللاد!
ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،
ئەگەر بێنی لە بەرچاوم بکوژی گشت عەزیزانم
بە وەللاهی،
بە خاکی پاکی کوردستان
ئەمن کوردم قەتیش نالێم پەشیمانم..

وەرە جەللاد!
وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار!
دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار
ئەوە شانازییە بۆ من،
بەوە ناکوژی ئیمانم، ئەوە سەربەرزییە بۆ من..

وەرە جەللاد!
وەرە ئەی دوژمن، ئەی بێداد!
لەبەرچی مەعتەلی، ئەی بۆچی نامکوژی؟
بە زیندوویی لە گۆڕرا بۆچی نامنێژی؟
قسەم بەم کۆت و زنجیرە
بە هەرچی دیل و یەخسیرە،
بە ئاواتم، بە ئیمانم، بە ئامانجم، بە پەیمانم
بە خوێنی پاکی ئەو کوردەی لە ڕێی ئاواتی کوژراوە،
قسەم بەم خاکە خوێنینە،
قسەم بەم ژینە شێواوە،
ئەگەر دەربێنی چاوانم،
ئەگەر بشکێنی ئێسکانم،
بە وەللاهی،
بە خاکی پاکی کوردستان،
ئەمن کوردم، قەتیش نالێم پەشیمانم..

تاران ۱۳۳۸(۱۹۵۹)

هەرچەند دەکرێ زۆر لەوە زیاتر لە سەر ژیانی «هاوار» و شێعرەکانی قسە بکرێ، بەلام لەبەر ئەوە کە هاوکار و شاعیری بەڕێز «جەعفەری حوسێنپوور ـ هێدی»، پێشتر ئەو ئەرکەی بە ئەنجام گەیاندووە[1]، ئێمە لێرەدا تەنیا بەرهەمەکانی شاعیر بە خوێنەروان دەناسێنین:

ـ *شاری وێران*، کۆمەلە وتار، ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ـ ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ١٣٦٤، ورمێ.

ـ *بزەی زەمەند*، دیوانی شێعرەکانی [شاعیر]، جەعفەری حوسێنپوور (هێدی) لە سالی ۱۳۷۳ (۱۹۹۳)دا، لە ئالمان چاپی کردووە.

ـ *کارمامز* ـ ڕۆمان، بلاوکەرەوە: جەعفەری حوسێنپوور (هێدی)، چاپی هولەندە، چاپەمەنی گلارا، ۱۳۷۸ (۱۹۹۹).

ـ *دەروێش* ـ ڕۆمان، چاپ نەکراوە.

ـ *بزەی ژیان* ـ ڕۆمان، چاپ نەکراوە.

ـ *بێدەنگیی دەریا* ـ ڕۆمان [نووسینی: فێرکۆر]، دەگەل «سەلاحی عەرەبی»، لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی، چاپ نەکراوە.

ـ *هەنگاو* ـ کۆمەلێک شێعری نوێی شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەلات، دەگەل «سەلاحی عەرەبی» ئامادەی کردووە؛ چاپ نەکراوە.

ـ کۆمەلێک کورتە چیرۆک و بابەتی ئەدەبی، چاپ نەکراون.[2]

لە کۆتاییدا، پێویستە چەند وردە سەرنجێکیش بدرێتە سەر چەند هەلەی سووکەلە لە بزەی زەمەند:

ـ ڕێکەوت و مێژووی دانانی پارچە هۆنراوەی (جەللاد) کە لە دیوانی *بزەی زەمەند*، سالی ۱۳۳۸ی لە ژێرەوەی نووسراوە، پێموایە هەلەیە و سالی دانانی دەبێ ئەوسالە بێ کە شاعیر خۆی لە زیندانی (قزل قەلا) واتە سالی ۱۳٤۳(۱۹٦٤) زیندانی بووە.[3]

ـ لە لاپەڕەی ۱۳۰ی دیوانی بزەی زەمەند، چوارینەیەک چاپ کراوە، کە هی مامۆستا «هێمن»ە:

لە سەر دوندی چیای سەربەرزی هەلگورد
ڕەوەی هەورم لە ژێر پێمدا بەدی کرد
تەماشای دیمەنی سەوزی ولاتم
منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد[4]

ـ لە دیوانی بزەی زەمەند (ل ۱۷۸)، چەند چوارینەیەک چاپ کراوە کە سەرەتاکەی بە دێڕێکی مامۆستا هێمن دەستپێدەکا و، دیارە کاک «هاوار» مەبەستی تێهەلکێش بووە، کە دەبوو ئاماژەی پێکرابا:

ساقیا کوشتمی خەم و مەینەت
دە وەرە لەو شەرابە مەستم کە
نامەوێ جام و ساغەر و پیالە
بەشی خۆم بۆ لە لوێچی دەستم کە[5]

«هاوار» لە سالی ۱۹۹۲ بە هۆی سەکتەی دل کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە ولاتی دانمارک (کۆپێنهاگ) بە خاک ئەسپێردراوە. یادی بە خێر بێ و گلکۆی پڕ لە گول.

۱) کێ ڕچەی کوتا؟ هێدی، خەرمانە، ژمارە۳، سپتێمبەر ۱۹۹۱؛ هەروەها بڕوانە: بزەی زەمەند و کارمامز (ل ۱۲۸ و ۱۲۹).
۲) کارمامز، ل ۱۳۰.
۳) کارمامز، ل ۱۲۸.
٤) تاریک و ڕوون، هێمن، چاپەمەنی سیدیان، ل ۱۹۳.
٥) تاریک و ڕوون، هێمن، چاپەمەنی سیدیان، ل ۱۳۱.

# گەشتێک بە ناو دۆزەخدا بۆ کوردستان

سیامەند

ڕۆژی هەینی ۲۰۰۲/۰٦/۱٤ خۆم و هاوسەرەکەم و، منداڵە نۆ ساڵەکەمان، بە نیازی سەفەر بۆ کوردستان، بەرە فڕۆکەخانەی «ئارلاندا»ی ستۆکهۆلم چووین. بە گەیشتنمان، ئەو سێ جانتایەمان کە جلوبەرگ و هەندێک دیاری و کۆمەڵێک گۆڤار و نووسراوەی کوردیی خۆمیان تیابوو شەحن کرد. جانتایەکی سووکەڵەش کە هەندێک پێویستی منداڵەکەمان و دوو سێ گۆڤاری کوردی و چەند نووسراوێکی خۆمی لە بندا بوو، بە دەستمانەوە مایەوە، هەتاکوو لە ناو فڕۆکەدا لای خۆمان بێت.

دەبوا کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ فڕۆکەکەمان لە ستۆکهۆڵمەوە بەرەو ئەمستردام بفڕێت و لەوێشەوە سواری فڕۆکەیەکی دیکە بین بەرەو دیمەشق. بە هەر هۆیەکەوە بوو، فڕۆکەکە لە ستۆکهۆلمەوە نزیکەی کاتژمێرێک دەرەنگتر لە کاتی خۆی فڕی. کە گەیشتینە فڕۆکەخانەی ئامستردام، فڕۆکەکەی دیمەشق بە جێی هێشتبووین. پاش ئەملا و ئەولا پرسین، پێیان گوتین: دەبێت هەتا سبەینێ ئەو وەختە بێیننەوە، ئینجا سواری فڕۆکەیەک دەبن بۆ ئەستەمبووڵ و لەوێشەوە سواری فڕۆکەیەکی دیکە دەبن بەرەو دیمەشق. هەرکە ناوی ئەستەمبوولم بیست ڕامام و یەکسەر پرسیم:

ـ ئەی فڕۆکەیەکی تر نییە ڕاستەوخۆ بەرەو دیمەشق بمانبات؟

ـ نەخێر.

ـ ئەی فڕۆکەی تر نییە بچێتە «ئەسینا» یان جێیەکی دیکە جگە لە ئەستەمبوول و ئینجا لە وێوە سواری فڕۆکەی دیمەشق بین؟

ـ نەخێر، جگە لەو فڕۆکەیەی سبەینێ کە کاتژمێر حەوتی ئێوارە لێرەوە دەردەچێت بەرەو ئەستەمبوول، وا زوو فڕۆکەی تر پەیدا نابێت و زۆر دوا دەکەون.

ئیدی بە ناچاری بەرەو شوێنی حەوانەی ناو فڕۆکەخانەکە ڕۆیشتین.

لە دەرفەتێکدا بە تەنها خۆم چووم و گوتم:

ـ ڕێگای ئەستەمبوول بۆ ئێمە باش نییە و دەترسین تووشی کێشەیەک بین!

ـ بۆچی؟

ـ ئاخر ئێمە کوردین و هەندێک کتێب و نووسراوەی کوردیم پێیە و ئەوانەش لە تورکیا قەدەغەن و خەڵک لە سەر ئەوانە دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە..

یەکێک لەو دووکچە هۆڵەندییەی لەوێ بوون گوتی:

ـ ئێوە لە بەشی ترانزێتدا دەمێننەوە و کەس جانتاتان ناپشکنێت!

ـ لەو باوەڕەدام کە سەیری پاسپۆرتەکانمان بکەن دەزانن کوردین و ئەوسا هەرچیمان پێیە دەیپشکنن و تووشی زەحمەت دەبین.

کچەکەی تریان کە گوێبیستی ئەم وتووێژە بوو، هەڵیدایە:

ـ باشە بوەستە ئێستا من لەو بارەوە پرسیار دەکەم.

تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و لەگەڵ کەسێکی تردا کەوتە قسە.

پاش کەمێک تەلەفۆنەکەی داخستەوە و گوتی:

ـ هەر وەکوو پێمان گوتی ئێوە لە بەشی ترانزێتدا دەمێننەوە و تووشی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەک نابن، ئەمە یاسای نێو دەوڵەتی یە.

من کە تا ئەو دەم بە هێمنی لە گەڵیان دەدوام، بە تووڕەییەوە گوتم:

ـ ئەوەی ئێوە دەیڵێن بۆ وەلاتێک ڕاستە کە حکوومەتێکی دیمۆکراتی هەبێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت.. حکوومەتی تورکیا کەی گوێی بە یاسای نێودەوڵەتی داوە!

ڕۆژی دوایی لە کاتی خۆیدا سواری فڕۆکە بووین بەرەو ئەستەمبوول. هەرکە فڕۆکە لە سەر خاکی تورکیا نیشتەوە، بە خێرایی دای بە زەویدا و گرمەیەکی نائاسایی لێ بەرز بووەوە. لە ناخی مێشکمدا گرمەیەک هات و تووشی دڵەڕاوکێی کردم. فڕۆکەکە وەستا و خەڵک یەک لە دوای یەک چوونە دەر. هاوسەرەکەم گوتی:

ئەوە بۆ حەپەساویت؟ دە جانتاکەت داگرە و با ئێمەش بڕۆین!

کاتێک لە بەشی ترانزێت دانیشتبووین و چاوەڕێی فڕۆکەکەی دیمەشق بووین، بانگیان کردین. چوومە پێشەوە، بە تورکی پرسیاریان لێکردم، گوتم:

ـ تورکی نازانم، دەتوانی بە ئینگلیزی قسە بکەیت؟

ـ کوا پاسپۆرت و بلیتەکانت؟

پاسپۆرت و بلیتەکانم دایە دەست یەکێکیان. بە ئیشارەت گوتی بڕۆ دانیشە. لە جێی پێشوو دانیشتمەوە. پاش نزیکی کاتژمێرێک دیسان بانگیان کردم.

ـ چەند جانتاتان پێیە؟

ـ سێ جانتا.

ـ هیچ جانتای ترتان پێ نییە؟

ـ جانتایەکی بچووکیشمان پێیە و بە دەستمانەوەیە، خواردن و پێویستی منداڵەکانمانی تیایە.

بە ڕەقی و شێوازێکی ناشیرین گوتی:

ـ بڕۆ بیهێنە.

ئەو شوێنەی لێی دانیشتبووین، لەوانەوە دوور نەبوو، کە چووم جانتاکە بێنم، دیتم وا یەکێکیان بە خۆی و جیهازەکەی دەستییەوە شوێنم کەوتووە. کاتێک جانتاکەم هەڵگرت، ئەو بە وردی سەیری ژێر کورسییەکە و دەوروپشتمانی کرد تا بزانێت جانتای ترمان پێ نییە!

کچێکیان دانەوییەوە و جانتاکەی کردەوە، لە

سەروو هەموو شتەکانەوە ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط» کە لە ستۆکهۆلم کڕیبووم دانرابوو، دەریهێنا و بە شێوەیەکی سادە و ئاسایی لێی وردبۆوە، وادیار بوو بە لایەوە غەریب نەبێت و بزانێت چییە و بە چ زمانێک نووسراوە. پاشان دەستێکی بە ناو شتەکاندا گێڕا و هەستایە سەرپێ و بە تورکی و بە دەم ئیشارەتەوە گوتی: برۆ دانیشە.

کات زۆر بە خاوی تێدەپەڕی و میلی کاتژمێرەکەی دەستم خاو و خلیچکانە دەخولایەوە. جارجار لە سەرخۆ و بە بیانووی جوولەی کەسێکەوە، سەیرێکی شوێنەکەیانم دەکرد، کەسیان لەوێ نەمابوون. جگە لە ئێمە، چەند کەسێک لەو لامانەوە دانیشتبوون. سەرو چاویان لە هیندی و پاکستانی دەکرد. نقەیان لە خۆیان بڕیبوو، هەر وەکوو ئەوانیش بزانن ئەمانە چەند دڕندەن!

لە پڕێکدا بە بڵندگۆ گوتیان ئەوانەی بۆ دیمەشق سەفەر دەکەن بەرەودەرگای ١١ بچن. لە دوو شوێن جانتاکەمانیان پشکنی. لەو دووانەش ڕزگاریان بوو. بەر لەوەی بچینە ناو فڕۆکەکە، ژنێک بە تورکی گوتی: جانتاکانتان دەناسنەوە؟

لە بەر ئەوەی من جانتاکەم بە شانەوە بوو و دەستی منالەکەشم گرتبوو، هاوسەرەکەم لە گەڵیدا چوە خوارێ. هێندەی پێنەچوو ئەویش هات و بە ئەسپایی پێی گوتم وادیارە یەکێک لە جانتاکان دڕێنراوە و زۆربەی شتەکانی ناوی دەرهێنراوە و بە تێپ پێچراوەتەوە.

دەمەوبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٦/٠٦/٢٠٠٢ لە فڕۆکەخانەی دیمەشق دابەزین. ئیش و کاری پاساپۆرتەکانمان تەواو کرد و بەرەو شوێنی جانتا وەرگرتنەوە چووین. دیتم ئەو جانتایەی گۆڤار و نووسراوە کوردییەکانی تێدایە، زۆر بچووک بووەتەوە و هەر وەک هاوسەرەکەم گوتی بە تێپ پێچراوەتەوە. لە دیمەشق بەرەو قامیشلی دەرچووین. پاش هەشت کاتژمێر ڕێ گەیشتینە شاری قامیشلی و ڕاستەوخۆ چووینە ئوتێلێک. بە پەلە جانتاکەم کردەوە، دیتم وا لە لە ٢٨ دانە گۆڤاری «گزینگ» تەنها یەک دانە و، لە ٨ دانە گۆڤاری «کوردستانی ئیمرۆ»ش تاقە یەک دانەیان ماوە و هەرچی نووسراو و بابەتەکانی خۆشمە هەموویان بردووە!

ستۆکهۆلم ـ سەرەتای تەمووزی ٢٠٠٢



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ڕێواس ئەحمەد، مەهاباد قەرەداغی، مەرزە جەوانمەرد

# «خرمەی بارانی وشە و هەناسەکانی ژن»

شیرین

ڕۆژی ١١ی مانگی مەی، لە هۆڵی (ABF)ی شاری ستۆکهۆلم، کۆڕێکی شێعر و چیرۆک لە ژێر ناوی «لە نێوان ئاسمانی شێعر و زەمینی چیرۆکدا، ئاوێتەیەک لە خرمەی بارانی وشە و هەناسەکانی ژن» پێشکێش کرا، بەڕێوەبەران و بەشدارانی ئەم کۆڕە بەڕێزان: «مەهاباد قەرەداغی»، «ڕێواس ئەحمەد» و «مەرزە جەوانمەرد» بوون.

لە بەشی یەکەمی کۆڕەکەدا بەڕێزان مەهاباد قەرەداغی بە خوێندنەوەی کورتە چیرۆکی (کچە وەنەوشەیی)، ڕێواس ئەحمەد بە خوێندنەوەی چەند کورتە چیرۆک بە ناوەکانی (سێبەر)،(خۆشەویستی) و (کچی خەم) و، مەرزە جەوانمەرد بە پێشکێشکردنی کورتە چیرۆکی (بریا) کۆڕەکەیان ڕازاندەوە.

لە بەشی دووهەم، هەوڵ درا بارودۆخی نووسین و گیروگرفتەکانی سەرەڕێ بۆ ژنانی نووسەر بخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە.

ئەم کۆڕە هەوەڵ هەنگاو بوو لە هەوڵی ڕادیۆ «زرێبار» بە هاوکاری یەکێتی ژنانی کورد لە ستۆکهۆلم بۆ پێکهێنانی زنجیرە پرۆگرامێک بۆ ژنانی نووسەر، تا هەلێک بێتە دەست بۆ ناساندنی بەرهەمەکانیان و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆتر لە نێوان نووسەران و خوێنەران و، هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتێک بۆ ئەوەی بەرهەمی ژنانی نووسەر بخرێتە بەرچاوی ڕەخنەگران تا بە شێوەیەکی لێزانانە لە سەر زمان و فۆرم و ناوەرۆکی کارەکانیان باس بکردرێت.

بە بڕوای پێکهێنەرانی ئەم کۆڕە، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و خستنە بەرچاوی کەم وکووڕییەکان و جوانی و تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی هەر نووسەرێک ڕێ خۆشکەرە بۆ بەهێز بوونی پێنووس و دەوڵەمەندبوونی ناوەرۆکی بەرهەمەکانی داهاتوو، کە هیوادارین بە گێڕانی بەردەوامی کۆڕی ئەدەبیی لەم چەشنە، بەم ئامانجە بگەین. کوڕەکە سەرەڕای کەمبوونی ژمارەی بەشداران، کۆڕێکی سەرکەوتوو بوو.

**تێبینی گزینگ:** ئەو دوو کورتە چیرۆکەی وا بەڕێزان مەهاباد قەرەداغی و مەرزە جەوانمەرد، لە کۆڕەکەدا خوێندبوویانەوە، لەم ژمارەیەدا چاپکراون.




**نێوی کتێب:** دووربین
**بابەت:** کورتە چیرۆک، نۆرێبرو ٢٠٠٢ (٦٤ لاپەڕەی قەوارە بچووک)
**نووسەر:** ئینگڤی بێرگێر
**وەرگێرانی لە سوێدییەوە:** سیروان کاروانی
لە سەر ئەرکی کۆمەڵگای کوردیی گرینج/لەندەن چاپکراوە
**ئەدرێسی داواکردن:**

Woolwich common community center
16 Leslie Smith Square
London SE 18 4DW, UK




**نێوی کتێب:** تاریخ معاصر کرد (فارسی، ٤٠٦ لاپەڕەی وەزیری)
**نووسەر:** دیوید مک داول
**ترجمە:** ابراهیم یونسی
**چاپ:** نشر پائیز ١٣٨٠
**ئەدرێسی داواکردن:**

Kitab i Arzan
Helsingfors g 15
164 758 Kista - Sweden




**نێوی کتێب:** باکووری کوردستان:
دوای ڕفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان
**بابەت:** لێکۆڵینەوە
**نووسەر:** مەهاباد کوردی
**چاپی یەکەم:** سوێد ٢٠٠٢
**قەوارە:** ١٢٢ لاپەڕەی مام ناونجی




**نێوی کتێب:** شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەم بنەماڵەیە
**بابەت:** لێکۆڵینەوەی مێژوویی
**نووسەر:** دکتۆر نوری تاڵەبانی
**چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٢
**قەوارە:** ٨٢ لاپەڕەی وەزیری

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326 / 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1



No. 35 Summer 2002 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine
**NO 35 Summer 2002**


**Adminstrator & Editor**
Solaiman Chireh (Herish)

**Address**
GZING / S. Chireh
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070742 4326 / 070-2359687